# له مێژووی ئیسلامیەوە

# 250

## بەسەرهاتی نێو مێژووی ئیسلامی



نوسینی
نهاد جلال حبیب اللّٰه

# لە مێژووی ئیسلامیەوە

## 250 بەسەرهاتی ناو مێژووی ئیسلامی

نووسینی

نهاد جلال حبیب الله

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: له مێژووی ئیسلامیەوە

نووسەر: نهاد جلال حبيب الله

بابەت: مێژوویی

چاپخانه: زانا

شوێن و ساڵی چاپ: سلێمانی - 2016

تیراژ:

ژمارەی سپاردن:

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، صەلات و سەلام بۆ ەر پێغەمبەر و ئالوبەیتی، ئەم بەرهەمەی بەردەستتان هەوڵێکی سەرەتاییە سەبارەت بە خستنەڕووی چەند هەڵوێستێکی جیاوازی ناو مێژووی ئیسلامی، رووداوگەلێك کە تەنها پەیوەست نەبن بە مەیدانی سیاسی و سەربازیەوە، بەو چەشنەی زۆرێك لە نووسینەکانی تایبەت بە مێژووی ئیسلامی تەنها دیمەنەکانی مەیدانی جەنگ و ململانیٚ سیاسیەکانیان باسکردووەو چاویان داخستووە لەو کۆمەڵگە بەرفراوانەی ناو مێژووی ئیسلامی کە هەزاران زانا و سەرکردەی بوارەکانی تری لەخۆ گرتووەو دیمەنێکی تری مێژوویان نیشانداوە.

ئێمەش لێرەدا هەوڵمانداوە نزیکەی (250) بەسەرهاتی راستەقینەی ناو مێژووی ئیسلامی بخەینە بەرچاو کە بۆ کەسیٚ جوان لێیان رامێنیٚ پەند و وانەی زۆری تێدایە، چونکە ئەم رووداوانە و هەزاران رووداوی تر، ئەگەرەکانی بەردەم ژیانی هەرکاممانن، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە، کەسێك کە بەسەرهاتی ژیانی کەسێکی تر دەبینێت یان دەبیستێت، لە دەرەوەی رووداوەکەوە دەڕوانێت و دەتوانێت جوان هەموو لایەنەکانی ببینێت و لێك بداتەوەو دواتر لە هەڵوێستی هاوچەشندا زیاتر بەرچاوی روون دەبێت.

بە کورتی لەم نووسینەدا:

❖ سەرەتا نموونەی هاوەڵانی پێغەمبەرمان (ﷺ) هێناوەو دواتر بە تێکەڵی گوڵبژێرێکی بەسەرهاتەکانی ناو مێژووی ئیسلامیمان کردووە.

❖ سەرەباسی تایبەتمان بۆ بەسەرهاتەکان دیاری نەکردووەو بەپێی ئەو سەرەباسە دایانبنێین، لەوانەشە ئەمە رەخنەیەك بێت، بەڵام ئامانجەکەی ئێمە ئەوەبوو، کەسانێك کە توانای خوێندنەوەیان کەمە، یان هەندێ کەس پێش خەو، یان لە دەرفەتێکی کورتدا بەسەرهاتێك بخوێننەوەو هەر جارەو لەگەڵ بەسەرهاتێکی جیاوازدا بژین، نەوەك چەند جارێ لەسەر یەك جۆرە بەسەرهات بخوێننەوە، واتە هەمەچەشنیەك کە هەر جارەو بوارێك بگرێتەخۆ.

❖ هەوڵمانداوە زانیاریەکان لە سەرچاوە سەرەکیەکانی ناو مێژووی ئیسلامیەوە بن، واتە لە مەصادیرەوە نەوەك لە مەرجەعەکانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر بێخەم بێت لە راستی و دروستی سەرچاوەی بەسەرهاتەکان.

❖ لەوانەیە کەسێك کە رەخنەی لە مێژووی ئیسلامی هەبێت، خێرا بڵێت خۆ زۆرینەی ئەم بەسەرهاتانە گوڵبژێری هەڵوێستە جوانەکانن و ناشیرینی و هەڵەو پەڵەکان زۆرن، ئیتر بۆچی باس نەکراون، لێرە مەبەستم نیە مشتومڕ لەسەر ئەم بۆچوونە بکەم، بەڵام ئەوەی مەبەستمە ئەمە دیوێکی تری مێژووی ئیسلامیە جیا لەو رووەی کە ماوەیەکە لە بڕێ سەرچاوەوە تاکە خاڵێکی سپیش رەوا نابینن بە مێووی ئیسلامی، هەتا هیچ نەبێت خوێنەر بڕێ لە نموونەکانی

دیوەکەی تری مێژووی ئیسلامیشیان لەبەرچاو بێت، هەروەها بۆ ئەوەی مێژوو تەنها لە بوارە سیاسیەکەیدا کورت نەکەنەوەو چاوپۆشی بکەن لەو کەشە فراوانەی زانایان و جەماوەر تیایدا ژیاون.

هیوادارم خوێنەر لەم بەسەرهاتانەوە بڕیاری کۆتایی نەدات لەسەر ئەکتەرەکانی ناو رووداوەکان و لێرەوە ئافەرین و زۆر باشە دانەنێت بۆیان، بەڵکو تەنها بڕیار لەسەر ئەم هەڵوێستەیان بدات، ئەوی تر جێبهێڵێت بۆ توێژینەوەی ورد لەسەر ژیانی ئەو کەسە.

داواکارم لە خوای گەورە ئەم هەوڵە جێی رەزامەندی خۆی بێت و سوودێکی هەبێت بۆ خوێنەر.

نهاد جلال حبیب الله

سلێمانی

1

ئابی لەحم کە یەکێك بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، لەگەڵ عومەیرو چەند کەسێکی تردا پێکەوە کۆچیانکرد بۆ مەدینە، عومەیر دەڵێت کاتێك نزیك بووینەوە لە مەدینە گەورەکەم و هاوڕێکانم جێیانهێشتم، تووشی برسێتیەکی زۆر بووم، چوومە باخێکو دوو هێشوو خورمام لێکردەوە، خاوەن باخەکە هات و بردمی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) پرسیاری لێکردم چیم و چی ئەکەم و بۆچی وامکرد؟ منیش حاڵ و مەسەلەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم کام لەو دوو هێشووە خورمایەت لا باشترە؟ منیش وتم ئەوەیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە خاوەن باخەکە ئەو هێشووە خورماکەی تریان ببات و دەستبەرداری من بێت.[1]

2

جارێك ئەسعەدی کوڕی زورارە موصعەبی کوڕی عومەیری برد بۆ لای بەنی عەبدولئەشهەل تا لەسەر ئیسلام قسەیان بۆ بکات، گەیشتنە ناو باخێکی بنی ظفر و لای بیرێ دانیشتن، برێ لە خەڵکی هۆزی ئەسلەم لە دەوریان کۆبوونەوە، هێشتا سەعدی کوڕی موعاذو ئوسەیدی کوڕی حوضەیر کە گەورەی هۆزەکانیان بوون موسڵمان نەبووبوون، کاتێ قسەکانی ئەسعەدو

1 - معجم الصحابة ج2ص228.

موصعەبیان بیست سەعد بە ئوسەیدی وت هەی بێباوك بڕۆ بۆیان، سەیركە چۆن هاتوونەتە خاكمان تا هەرزەكارەكانمان لەخشتەبەرن، بڕۆ بەریان پێ بگرەو مەهێڵە بێنە ناوچەی ئێمە، ئوسەیدیش بە خەنجەرێكەوە هات، ئەسعەد بە موصعەبی وت ئەمە گەورەی هۆزەكەیەتی، دێت بۆ لات، راست پەیامی خوای پێ بڵێ، موصعەب وتی ئەگەر دابنیشێ قسەی لەگەڵ ئەكەم، ئوسەید بە قسەوتنەوە هاتەبەردەمیان، وتی بۆچی هاتون بۆ لامان تا هەرزەكارەكانمان لەخشتەبەرن، ئەگەر گیانی خۆتانتان لا خۆشەویستە دووربگرن لێمان، موصعەب پێی وت بۆچی دانانیشیت تا گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت نەبوو وازدێنین، ئەویش وتی قسەكەت جوانە، خەنجەرەكەی دەستی داچەقاند بەناو زەویداو لەبەردەمیاندا دانیشت، موصعەب باسی ئیسلامی بۆ كردو قورئانی بۆ خوێندەوە، خێرا ئومێدی موسڵمانبوونیان لە روخساریدا بەدیكرد، ئوسەید وتی چەند جوانو چاك ئەڵێن، باشە ئەگەر بتانەوێ بچنە ناوئەم ئاینە چی دەكەن؟ ئەوانیش پێیان وت خۆت بشۆو جلەكانت بشۆو دواتر شایەتومانی حەق بهێنەو دواتر نوێژ بكە، ئەویش وایكرد، دواتر ئوسەید وتی من كەسێكم لەدوای خۆم جێهێشتووە ئەگەر ئەویش شوێنتان بكەوێ چی كەسی ناو هۆزەكەی هەیە شوێنتان ئەكەون، ئێستا ئەینێرم بۆ لاتان، ئەویش سەعدی كوڕی موعاذە، ئینجا ئوسەید خەنجەرەكەی هەڵگرتو چوو بۆ لای سەعدو هۆزەكەشی چاوەڕوان بوون، سەعد پێی وت چیت كرد؟ ئوسەید وتی من قسەم لەگەڵ كردن بەخوا وای نابینم خراپ بن، رێم لێگرتن، ئەوانیش وتیان چیت پێ خۆشە

وادەکەین، بەنی حارثە ویستیان بچن ئەسعەدی کوڕی زورارە بکوژن، ئەشزانن پوورزای تۆیە، وادەکەن وەك سووکایەتی بە تۆ، سەعد بە توورەییو خێرایی هەستاو چوو بۆ لایان، کە چوو بینی هەردووکیان بێخەم دانیشتون زانی ئوسەید ویستوویەتی گوێیان لێ بگرێ، بە قسەوتنەوە (جنێودانەوە) لەبەردەمیاندا راوەستا، بە ئەسعەدی کوڕی زرارەی وت بەخوا لەبەر خزمایەتی نێوانمان نەبوایە ئەمەت بەسەردا تێنەئەپەڕی، موصعەب پێی وت بۆچی دانانیشیت گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت بوو باشە، ئەگەر بەدڵت نەبوو لێت دووردەکەوینەوە، سەعد وتی قسەکەت جوانە، دانیشتو خەنجەرەکەی داچەقاند بە زەویداو گوێی لێگرتن، هەمان شتیش بۆ ئەم روویدا، کە سەعد گەڕایەوە، هۆزەکەی وتیان بەوخوایە سەعد بەدەموچاوێکی ترەوە هاتوەتەوە، کاتێ سەعد گەیشتە لایان وتی ئەی بەنی عەبدولئەشهەل منتان لا چۆنە؟ وتیان گەورەو شارەازو بەڕێزترینی ئێمەیت، ئەویش وتی دەی دەنگم لە ژنو پیاوتان هەڵدەگرم تا کاتێ باوەر دێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی، بەوە هەرهەموو بەنی عەبدولئەشهەل موسڵمان بوون جگە لە چەند کەسێ، پاشان ئەسعەد موصعەبی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان.[1]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص152-153.

3

ئەسوەدی حەبەشی کاری شوانەیی دەکرد بۆ خاوەنە جوولەکەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) کە گەمارۆی خەیبەری دا، ئەسوەد پاش گەڕانەوەی لە لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی وت دەکرێ باسی ئیسلامم بۆ بکەیت و پێم بڵێیت ئیسلام چیە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) تێیگەیاند کە ئیسلام چیە، ئەویش موسڵمان بوو، ئینجا وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەم مەڕو ئاژەڵانە هی ئەو کابرایەن من چییان لێ بکەم، فەرمووی (اضرب في وجوهها فإنها سترجع إلى ربها) (بەڕێیان بکە خۆیان دەچنەوە بۆ لای خاوەنەکانیان)، ئەویش مشتێ خۆڵی هەڵگرت و وەشاندی بەرووی ئاژەڵەکانداو وتی بڕۆنەوە بۆ لای خاوەنەکانتان سوێند بەخوا خۆم ناتانبەمەوە، هەموویان چوون تا گەیشتنەوە ناو قەڵاکە، ئینجا ئەسلەم لێنەوی تا لەگەڵ موسڵمانان بەشداری جیهادی خەیبەر بکات، بەردێکی بەرکەوتو شەهید بوو، هاوەڵان تەرمەکەیان هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)و لە پشت پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە داپۆشراوی دایاننا، هەندێ لە هاوەڵانیش لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوون، پێغەمبەر (ﷺ) لایەکی کردەوە تا سەیری بکات، خێرا رووی وەرگێڕا، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا رووت لێ وەرگێڕا؟![1] پێغەمبەر (ﷺ) تێیگەیاندن کە روووەرگێڕانەکە لە

1 - أسدالغابة، ج1، ص118.

رقەوە نیەو پێی فەرموون (إن معه الآن زوجته من الحور العين) ئێستا ژنە حۆریەکەی بەهەشتی لەگەڵیدایە.[1]

4

ئەبوورافیع بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە کە کاتێ جەنگی بەدر روویدا، ئەو لە مەککە بوو، دەڵێت من کەسێکی لاواز بوومو سەرقاڵی چاککردنی پەرداخو قاپو قاچاخ بووم، کە هەواڵی سەرکەوتنی موسڵمانان هات ئێمە ورەمان بەرزبوویەوەو دڵخۆش بووین، ئەبوولەهەب نەچووبوو و لەبری خۆیدا عاصی کوڕی هیشامی ناردبوو، من لای ئاوی زەمزەم لەگەڵ ئوممولفەضل بووم سەرقاڵی ئەو کارەم بووم، ئەبووجەهل هاتو قاچی راکێشاو پشتی تێکردمو دانیشت، ئەوەندەم بیست وتیان ئەوە ئەبووسوفیان هاتەوە، ئەبوولەهەب وتی ئادەی برازام سوێند بەتەمەنم تۆ هەواڵت لایە، چوو بۆ لای ئەبوسوفیانو خەڵکی لە دەوری وەستابوون، پرسیاری کرد لە ئەبووسوفیان، ئەبووسوفیانیش وتی بەخوا هیچ نەبوو، تەنها ئەوەی بەرنگاری خەڵکێ بووینەوەو گەردنی خۆمانمان پێدان تا چۆن بیانەوێ بمانکوژنو بمانگرن، بەخوا لەگەڵ ئەوەشدا سەرکۆنەی خەڵکەکەمان ناکەم، بەرنگاری پیاوانێکی سپی بووینەوە بەسەر ئەسپەوە کە لەنێوان ئاسمانو زەویدا بوون، ئەبوو رافیع

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص63.

هاواری کرد وتی بەخوا ئەوانە فریشتەی خوا بون، ئەبوولەهەبیش تا توانی دای بەناو دەممدا، منیش ئەوەنەی تر وررووژاندم، هات بۆم و دامی بە زەویداو کەوتە لێدانم، منیش کەسێکی لاواز بووم، ئوممولفەضلیش هەستاو دارێکی هەڵگرتو دای بە سەریداو سەرکۆنەی کرد چۆن دەدات لە مەولای کەسێك کە خۆی ئامادە نیە، ئەبوولەهەبیش بە سەرشۆڕیەوە ملی ڕێی گرتەبەرو چوو، سوێند بەخوا حەوت شەوی بەسەردا نەچوو تا خوا تووشی نەخۆشیەکی کرد کە بەهۆیەوە مردو دوو کوڕەکەشی دووریان دەگرت لێیو دوو سێ شەو تەرمەکەیان لەماڵەوە جێهێشت ئەسپەردەیان نەدەکرد تا بۆنی کرد، خەڵکێ لە قورەیش سەرکۆنەیان کردن و وتیان بەسەرینە، ئەرێ شەرم ناکەن ناچن باوکتان ئەسپەردە بکەن لەکاتێکدا وا لە ماڵەوە بۆنی کردووە، وتیان دەترسین تووش بین، یەکێك وتی وەرن منیش دێم لەگەڵتانا، بەو حاڵەشەوە دەستیان بەری نەکەوت، بەڵکو هەر لە دوورەوە ئاویان کرد بە سەریدا، دوایی بردیان لە سەرووی مەککەوە ئەسپەردەیان کردو بەردیان لەسەری دانا.[1]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص73- 74، البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص308- 309.

5

کەعبی کوڕی مالیك باسی ئەو سەفەرەیان دەکات کە بۆ بەیعەتدان چون بۆ مەککە، دەڵێت بۆ ساڵی دواتر کە وادەمان هەبوو لە مەککە پێغەمبەر (ﷺ) ببینین، حەفتا پیاو دەبووین، لە دەوروبەری بەیتدا بووین کە بەرائی کوڕی مەعروور (کە گەورە و رێبەرمان بوو) وتی بەخوا بۆچوونێکم هەیە ئیتر نازانم ئێوە لەگەڵمن یان نا؟ پێم وایە رووەو کەعبە نوێژ بکەم، ئێمەش وتمان وامەکە ئێمە بیستوومانە پێغەمبەر (ﷺ) رووەو شام نوێژ دەکات، بۆیە ئێمەش رووەو قیبلەکەی ئەو نوێژ دەکەین، هەرچەند هەوڵی دا ئێمە رازی نەبووین و ئەویش بە راکەی ئێمە رازی نەبوو، کە کاتی نوێژ هات بەرائی کوڕی مەعروور رووەو قیبلە نوێژی کرد، ئێمەش رووەو شام نوێژمان کرد، تا چووینە مەککە، بەرائی کوڕی مەعروور پێی وتم برازاگیان بەزمو حاڵی ئەم سەفەرەم دڵەخورپەی بۆ دروست کردوم، جا ئەوکات ئێمە پێغەمبەری خوامان نەدەناسی، بەڵام عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبمان دەناسی، چونکە بەهۆی بازرگانیەوە دەهات بۆ لامان و دەمانبینی، لە مەککە کەوتینە پرسیارکردن لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) تا بزانین لە کوێیە، لە ناوچەی بەطحا گەیشتین بە کەسێك هەواڵی پێغەمبەرمان (ﷺ) لێ پرسی؟ وتی دەیناسن؟ وتمان ناوەڵا، وتی دەی کە چوونە ژوورەوە ئەو پیاوەی لەگەڵ عەبباسدا دانیشتووە ئەوە موحەممەدە، چونکە ئێستا لای ئەوانەوە هاتم پێکەوە دانیشتبوون، ئێمەش چووین تا گەیشتینە لای پێغەمبەر (ﷺ) و بینیمان لەگەڵ عەبباسە، سەلامامان کرد لە هەردووکیان و لەلایان

دانیشتین، پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبباسی فەرموو ئەی عەبباس ئەو دوو پیاوە دەناسیت؟ عەبباسیش وتی بەڵێ، ئەو دوانە خەزرەجین-ئەوکات پشتیوانان بە ئەوسی و خەزرەجی دەناسران نەك بە ئەنصار، چونکە دواتر ناوی ئەنصاریان لێنرا- ئەوەیان بەرائی کوڕی مەعروورەو گەورە پیاوێکی ناو هۆزەکەیەتی، ئەوەش کەعبی کوڕی مالیکە، سوێند بەخوا قسەکەی پێغەمبەرم (ﷺ) بیر ناچێتەوە کە فەرمووی (شاعیرەکە؟) وتی بەڵێ، ئینجا بەرائی کوڕی مەعروور وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە سەفەرەکەمدا شتێکم کردووەو حەز دەکەم پێم بڵێیت ئەو کارەم چۆنە؟-راستە یان هەڵەیە- چونکە تووشی رارایی‌و دوودڵی بوم، من رووەو قیبلە نوێژم کرد و هاورێکانیشم ناڕازی بوون و ئەوان رووەو شام نوێژیان کرد، ئیتر تووشی دوودڵی بووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما إنك قد كنت على قبلة لو صبرت عليها)، (ئەگەر خۆڕاگر بوویتایە لەسەری رووەو قیبلە دەبوویت)، ئیتر زیاتر لەوەی نەفەرموو، دواتر چووین بۆ مینا و حەجمان کرد تا لە رۆژانی تەشریقدا- ئێمەو پێغەمبەر (ﷺ) وادەی عەقەبەمان دانا و لە تاریکی شەودا بە دزی بێباوەڕانەوە چووین و لە عەقەبە کۆبووینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە عەبباسی مامی هات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئانی خوێندەوە بەسەرماندا و ئێمەش لامان خۆشەویست بوو و بەراستمان زانی و باوەڕمان پێ هێنا و بە فەرمایشتەکانی رازی بووین، پاشان عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب قسەی کرد...ئینجا بەرائی کوڕی مەعروور قسەی کرد و دەستی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرت و وتی بەیعەتمان لێ

وەربگرە، ئەویش فەرمووی (أبايعكم على أن تمنعوني مما تمنعون منه أنفسكم ونساءكم وأبناءكم)، (بەیعەتتان لێ وەردەگرم لەسەر ئەوەی چۆن خۆتان و ژن و منالّتان دەپارێزن وا بمپارێزن)، بەرائیش وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە وادەکەین.[1]

## 6

شەوێك پێش جەنگی حونەین پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو کێ ئەمشەو پاسەوانیمان دەکات، ئەنەسی کوڕی ئەبی مەرثەد وتی من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش فەرموی دەی سەرکەوە، ئەنەسیش سواری ئەسپێکی خۆی بوو، دواتر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (استقبل هذا الشعب حتى تكون في أعلاه ولا تَغُرَّنَّ من قبلك الليلة)، (بڕۆ بۆ ئەو شیوە تا دەچیتە بەرزاییەکەی، ئەمشەویش ئەوەی لەپێشتەوەیە هەڵتنەخڵەتێنێت و تەمات نەبات)، بۆ بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی نوێژدا بە هاوەڵانی فەرموو (أحسستم فارسكم)، (ئەرێ ئەوە سوارچاکەکەتان نەبینیوە؟)، وتیان نا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بە نوێژو لەکاتی نوێژەکەشدا لای دەکردەوە بە لای شیوەکەدا، کە نوێژی تەواو کرد فەرمووی ( أبشروا فقد جاء فارسكم)،

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7121، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15493، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15921، حسنه الألباني في التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان، الرقم 6972.

(موژدەتان لێ بێت وا سوارچاکەکەتان هات)، سەیرمان کرد دەبینین هات تا لای پێغەمبەر (ﷺ) وەستا، وتی ئەمشەو لەبەرزایی ئەو شیوەوە بووم تا بەیانی، بۆ بەیانی سەیری هەردوو لای شیوەکەم کرد و کەسم نەدی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئایا ئەمشەو دابەزیت؟) وتی نا مەگەر بەس بۆ نوێژ یان پێویستی (دەست بەئاو گەیاندن)، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (فقد أوجبت فلا عليك أن لا تعمل بعدها)،[1] (بەهەشتت بۆ خۆت واجب کرد ئیتر لەسەرت نیە دوای ئەمە کار بکەیت).

7

ئەنەسی کوڕی نەضر نەیتوانی لە جەنگی بەدردا بەشدار بێت، بۆیە دوای جەنگی بەدر چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە یەکەم جەنگدا کە دژ بە بێباوەڕان ئەنجامت دا من ئامادە نەبووم، سوێند بەخوا ئەگەر ئەمجار خوا دەرفەتم بدات جەنگی بێباوەڕان ببینم و بەشدار بم تیایدا خوای گەورە دەبینێت چی دەکەم، ئەوەبوو جەنگی ئوحود هات و تیایدا ئەنەسی کوڕی نەضریش بەشداری کرد، کاتێ موسڵمانان شکانو بڵاوەیان تێکەوت ئەنەس وتی خوایە من پۆزش دێنمەوە لەوەی ئەوانە کردیان– واتە موسڵمانەکان– وە لەبەردەم تۆدا دوورەپەرێز دەبم و تەبەرا دەکەم لەوەی

1 - سنن أبي داود، الرقم 2153، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2371، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17147، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 409، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود، الرقم2501.

ئەوانە بۆی هاتون و دەیکەن–واتە بێباوەڕان–، دواتر لێنەوی، سەعدی کوڕی موعاذی بینی وتی ئەی سەعد ئەوە بەهەشتە لە خوارووی ئوحودەوە سوێند بەخوا بۆنی دەکەم، سەعد دەڵێت ئەوەی ئەنەس کردی من نەمتوانی بیکەم، ئەوەبوو ئەنەس لەو جەنگەدا شەهید بوو، ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت ئەنەسی مامم نزیکەی هەشتاو ئەوەندە جار بەرکەوتبوو و تیر و شمشێر و ڕم بەر جەستەی کەوتبوو، دواتر چوون بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەی، وا تەرمی شێوێنرا بوو کە نەدەناسرایەوە، روبەیعی خوشکی دەڵێت تەنها بە سەرەپەنجەکەیدا زانیم ئەوە ئەنەسی برامە، ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: ئێمە وا دەمانڕوانی ئەم ئایەتە لەسەر ئەنەسی کوڕی نەضر و هاوشێوەکانی دابەزیوە (من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه).[1]

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2670، صحيح مسلم، الرقم 3614، صحيح ابن حبان، الرقم 4845، سنن الترمذي، الرقم 3206، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13391، مسند الطيالسي، الرقم 2143، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص132، أسد الغابة، ج1، ص199.
الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص642.

8

ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر وڵاخێ بوو، دەچوو بۆ سەردانی سەعدی کوڕی عوبادە، ئوسامەی کوڕی زەیدیش لەدوایەوە لەگەڵیدا سەرکەوتبوو، ئەمەش لەپێش جەنگی بەدردا بوو، دای بەلای کۆڕێکدا کە موسڵمانو جوولەکەو بتپەرستیشی تێدابوو، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولیش لەوێ بوو، هەروەها عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەش لەوێ بوو، کاتێ تەپوتۆزی وڵاخەکە بەر کۆڕەکە کەوت، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لووتی خۆی بە عەباکەی داپۆشی، ئینجا وتی تۆزمان بەسەردا مەکەن، پێغەمبەر (ﷺ) سەلامی بۆ کردنو دواتر وەستاو بانگی کردن بۆ لای خواو قورئانی بەسەریاندا خوێندەوە، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول وتی هۆ کابرا، ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەگەر حەق بێت لەوە باشتر نیە، دەی ئیتر لە مەجلیسەکانماندا بێزارمان مەکەو بڕۆرەوە بۆ شوێنی خۆت، هەرکامان هات بۆ لات بۆی بخوێنەرەوەو قسەی خۆتی بۆ بکە، عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرە مەجلیسمان ئێمە دڵخۆشین بەوە، موسڵمانو بێباوەڕو جوولەکەکان بەینیان شلۆق بوو، خەریك بوو بدەن بە یەکدا، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئارامی کردنەوە، ئینجا سواری وڵاخەکەی بوویەوەو چوو بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە.[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 5924، صحيح مسلم، الرقم 3460، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21301، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6296.

9

خوەیلە دەڵێت ئەوسی کوڕی صامت کەسێکی بە تەمەن بوو و کەسێکی تووڕەو ئازاربەخش بوو، ڕۆژێك هاتەوە ماڵو منیش لەسەر شتێك قسەم لەگەڵ کرد، ئەویش تووڕە بوو و وتی تۆ وەك پشتی دایکم بیت بۆم، ئینجا چوویە دەرەوە، پاشان لەوێ لەگەڵ خەڵکیدا ماوەیەك دانیشت و دواتر هاتەوە ماڵەوە، دەیویست سەرجێم لەگەڵ بکات، منیش وتم نا سوێند بەوەی گیانی خوەیلەی بەدەستە دەستت پێم ناگات، قسەش هەر ئەوەیە کە وتم تا ئەو کاتەی خواو پێغەمبەری خوا بڕیارمان لەسەر دەدەن، بەڵام ئەو هەر هەڵمەتی بۆ بردم، بەڵام من ڕێم پێ نەدەدا تا چۆن ژنێك زاڵ دەبێت بەسەر پیرەپیاوێکدا خستمەژێرەوەو چوومە دەرەوە بۆ لای دراوسێیەکمان و داوای جلێکم لێ کردو چوومەدەرەوە تا چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، مەسەلەکەم بۆ باس کرد و سکاڵام کرد لەسەر خراپی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئەوس لەگەڵمدا، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەیفەرموو:(یا خویلة ابن عمك شیخ کبیر فاتقي الله فیه)، (ئەی خوەیلە ئامۆزاکەت پیرێکی بەتەمەنە، دەی لە ئاستیدا لەخوا بترسە)، خوەیلە دەڵێت سوێند بەخوا نەچووم تا سروش دابەزیو پێغەمبەر (ﷺ) ئەو بارەی بەسەریدا هات کە لە کاتی سروشدا بەسەریدا دەهات، پاشان باری ئاسایی بوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی خوەیلە خوای گەورە لەسەر تۆ و هاوەڵەکەت ئایەتی دابەزاند، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە بەسەرمدا (قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها وتشتكي إلى الله.....

وللكافرين عذاب أليم)، پاشان فەرمووی بڵێ بە مێردەكەت با كۆیلەیەك رزگار بكات، وتم ئەی پێغەمبەری خوا هێندەی نیە بتوانێت كۆیلەیەك ئازاد بكات، فەرمووی دەی با دوو مانگ بەسەر یەكەوە رۆژوو بگرێت، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو پیرێكی بەتەمەنەو توانای رۆژووگرتنی نیە، فەرمووی دەی با كۆڵێك خورما ببەخشێت بە شەست هەژار، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەشی نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی ئێمە یارمەتی دەدەین بە كۆڵە خورمایەك، خوەیلە وتی دەی منیش كۆڵە خورمایەكی پێ دەدەم بۆ ئەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (أصبت و أحسنت، فاذهبي فتصدقي به عنه، ثم استوصي بابن عمك خيرا)، (پێكات و چاكت كرد، دەی برۆ و بەوە صەدەقەكەی بۆ بدە، دواتر لەگەڵ ئامۆزاكەت چاك بەو چاكە بنوێنە)، خوەیلە دەڵێت منیش چووم‌و وامكرد.[1]

لە ریوایەتی ئەبوو داوودا هاتووە لەو كاتەدا كۆڵە خورمایەك(عرق)– شەست صاع دەكات– هات بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش ئەوەی دانا بۆ یارمەتی ئەوس.[2]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4341، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14255، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26694، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 615، و أخرجه مختصرا أبي داوود في سننه، الرقم 1906، و حسنة الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 2214.

2 - سنن أبي داوود، الرقم 1906.

10

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت جوولەکەکان کاتێ ئافرەتیان دەکەوتە حەیزەوە نانیان لەگەڵ نەدەخواردن‌و لە ماڵدا لەگەڵیان دانەدەنیشتن، هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەو بارەوە پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەبوو خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند(ويسألونك عن المحيض قل هو أذى فاعتزلوا النساء في المحيض...)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ( اصنعوا كل شيء إلا النكاح)،(هەموو شتێك بکەن جگە لە جووتبوون)، جوولەکەکان ئەمەیان بیست، وتیان ئەم کابرایە چیەتی، هەرچی ئێمە بیکەین پێچەوانەی ئێمە دەکات، ئوسەیدی کوڕی حوضەیرو عەببادی کوڕی بیشر هاتن‌و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا جوولەکە ئاواو ئاوا دەڵێن بۆیە ئێمە لەگەڵ ئافرەتان کۆنابینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) رەنگی گۆڕا تا ئاستێ وتمان رقی لەو دوانە هەڵگرتووەو لێیان تووڕە دەبێت، ئەو دوانە چوونە دەرەوەو لەو کاتەدا بڕێ شیر بە دیاری هات بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێنیانداو ئەوانیش گەڕانەوەو پێغەمبەر (ﷺ) لە شیرەکەی پێدان تا بیخۆنەوە، ئیتر بەوەدا زانییان رقی لێ هەڵنەگرتون.[1]

1 - صحيح مسلم، الرقم 481، سنن الترمذي، الرقم 2986، صحيح ابن جبان، الرقم 1378، مسند أحمد بن حنبل، الرقم، 12110، سنن أبي داود228، الرقم 274، سنن الدارمي، الرقم 1087، سنن ابن ماجة، الرقم 641، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 272، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1393، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3437، مسند الطيالسي، الرقم 2151.

11

جارێك ئوسەید هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و باسی هەژاری ماڵێکی پشتیوانانی بۆ کرد، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) چی خواردنی لابوو دابەشی کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (ترکتنا حتى ذهب ما في أيدينا، فإذا سمعت بشيء قد جاءنا فاذكر لي أهل البيت)، (پێت نەوتین تا چی لە دەستماندا هەبوو نەما، ئەمجار بیستت شتێکمان بۆ هاتووە وەرەو ئەو ماڵەم بیربخەرەوە)، دوای ماوەیەك بڕێ خواردن هات بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە گەنمو خورما بوو لە خەیبەرەوە بۆی هاتبوو، زۆربەی کەسەکانی ئەو ماڵە هەژارەش ئافرەت بوون، پێغەمبەر (ﷺ) خواردنەکەی بەسەر خەڵکدا دابەش کردو بەشی زۆر باشی بۆ ئەو ماڵە دانا، ئوسەید سوپاسی پێغەمبەری (ﷺ) کرد و وتی (ئەی پێغەمبەری خوا خوای گەورە لەبری ئێمە چاکترین–یان پاکترین– پاداشتت بداتەوە)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (وأنتم معشر الأنصار فجزاكم الله أطيب الجزاء – أو قال : خيرا – ما علمتكم أعفة صبر، وسترون بعدي أثرة في الأمر والعيش، فاصبروا حتى تلقوني على الحوض)، (ئێوەش ئەی کۆمەڵی پشتیوانان خوای گەورە چاکترین–یان پاکترین– پاداشتتان بداتەوە، هێندەی من لەسەر ئێوەی بزانم زۆر پاكو خۆڕاگرن، جا دوای من لە دەسەڵات و ژیاندا

خۆکاریو بێبەشکردن دەبینن، دەی خۆڕاگر بن تا لەسەر حەوز– حەوزی کەوثەر– پێم دەگەنەوە) .[1]

## 12

شەوێك ئوسەیدی کوڕی حوضەیر لە ماڵەوە بوو قورئانی دەخوێند، سەرقاڵ بوو بە خوێندنی سوورەتی بەقەرەوە، ئەسپەکەشی لەنزیکیەوە بەسترابوویەوە، کاتێ قورئانی دەخوێند ئەسپەکەی حیلاندیو بەرز بوویەوە، ئوسەید دەڵێت منیش لە قورئان خوێندنەکە وەستام، ئەویش بێدەنگ بوو، دووبارە ئوسەید دەستی کردەوە بە قورئان خوێندنەکەی و ئەسپەکەش هەمدی حیلاندیو بەرز بوویەوە، هەمدی ئوسەید بێدەنگ بوو و ئەسپەکەش دامرکایەوەو بێدەنگ بوو، بۆ جاری سێیەم کە قورئانی خوێند ئەسپەکە هەمدی حیلاندیو بەرز بوویەوەو بڕێ جووڵا، یەحیای کوڕی ئوسەیدیش لە نزیك ئەسپەکەوە بوو، ئوسەید ترسا ئەسپەکە یەحیا بشێلێ، کاتێ ئەسپەکەی هیورکردەوە سەری بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و شتێکی بینی، بۆ بەیانی ئوسەید چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و باسوخواسەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7384، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7080، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7038، صححه الذهبي في التلخيص، حسنه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في السلسلة الصحيحة، الرقم 3096.

(ﷺ) پێی فەرموو (اقرأ يا ابن حضير، اقرأ يا ابن حضير)، (بتخوێندایە ئەی ئیبن حوضەیر، بتخوێندایە ئەی ئیبن حوضەیر)، ئوسەید وتی ئەی پێغەمبەری خوا ترسام یەحیا بشێلێ، چونکە یەحیا نزیك بوو لە ئەسپەکەوە، کاتێ سەرم بەرز کردەوەو چووم بۆ لای، سەرم بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە دەبینم وەك بڵێی سێبەرێ هەبێ شتانێ وەك چراخان دیاربوون، منیش چوومەدەر تا نەیبینم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەشتزانی ئەوە چیە؟)، ئوسەید وتی نا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تلك الملائكة دنت لصوتك، ولو قرأت لأصبحت ينظر الناس إليها لا تتوارى منهم)، (ئەوانە فریشتەکان بوون نزیك بووبوونەوە بۆ بیستنی دەنگی تۆ، ئەگەر لە قورئان خوێندنەکەت بەردەوام بوویتایە بەیانیت دەکردەوەو خەڵکی سەیری فریشتەکەیان دەکردو لەبەرچاویان ون نەدەبوون).[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 4733 واللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 1368، صحيح ابن حبان، الرقم 779، مسند أحمد بن حنبل، الرقم، 11543، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7748، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 1916.

13

پێش ئەوەی پەردە لەسەر خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرز بێت، ئوصەیل لە مەککەوە هات بەرەو مەدینە و موسڵمانیش بووبوو، کاتێ هات دایکی باوەڕداران عائیشە هەواڵی مەککەی لێ پرسی و وتی ئەی ئوصەیل کە هاتیت مەککە چۆن بوو؟ ئوصەیلیش باسی مەککەی بۆ کرد، عائیشەش وتی هەستە تا پێغەمبەر (ﷺ) دێتەوە، هێندەی نەبرد پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەو هەمان پرسیاری کرد لە ئوصەیل، ئەویش لە وەڵامی پێغەمبەردا (ﷺ) وەسفو باسی مەککەی بۆ دەگێڕایەوە، لە نێوەندی قسەکانیدا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (حسبك يا أصيل لا تحزنا)،[1] (بەسە ئیتر ئەی ئوصەیل، دڵتەنگمان مەکە)، لە ریوایەتێکی تردا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ويها يا أصيل دع القلوب تقر)،[2] (ئیتر بەسە ئەی ئوصەیل وازبێنە دڵان ئارام بگرن)،[3] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا تشوقنا)،[4] (تاسەمان مەورووژێنە)، واتە بە بیستنی باس و وەسفی مەککە پێغەمبەر (ﷺ) بیری مەککەی کرد.

1 أسدالغابة، ج1، ص155-156.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص92.

3 - أخبار مكة للأزرقي، دار الأندلس، بيروت 1996، ج2، ص155.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج 1، ص137.

خۆشەویستی خاك و شوێنی لەدایكبوون بەشێكی نەبڕاوەیە لە ناخی مرۆڤ، ئیسلامیش رەچاوی ئەو بارەی كردووەو نەك بەری پێ نەگرتووە بەڵكو رێی پێداوەو پێغەمبەریش (ﷺ) لە پێش هەموانەوە ئاماژەی پێداوە، وەك چۆن لەكاتی كۆچكردنی بۆ مەدینە تاسەی خۆی بۆ مەككە نیشاندا و رووی كردە مەككە و فەرمووی (علمت أنك خير أرض الله، وأحب الأرض إلى الله عز وجل، ولولا أن أهلك أخرجوني منك ما خرجت)،[1] (دەزانم چاكترین زەوی خوایتو لای خوا خۆشەویستترین زەویت، وە ئەگەر خەڵكەكەت منیان لەناو تۆدا دەرنەكردایە دەرنەدەچووم)، كاتێكیش چوونە مەككە بە نەخۆشكەوتنی ئیمامی ئەبووبەكر ئاماژەی بەوەدا تاو گەرمی لەشی لەبەر دووریەتی لە مەككە، هەروەها لێرەشدا دەبینین هەر بە بینینی هاتنی كەسێك لە مەككەوە خێرا هەواڵی مەككە دەپرسێتو كاتێكیش هەواڵی مەككە دەبیستێت خێرا پێی دڵتەنگ دەبێتو بیری دەكات، هاوكات ئەمە ئاماژەیەكی گەورەیە بەو راستیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە دەفەرموێت (لو سلك الناس واديا وسلكت الأنصار واديا – أو شعبا – لسلكت وادي الأنصار،– أو شعب الأنصار)،[2] (ئەگەر خەڵكی دۆڵێ یان شیوێ بگرنەبەرو پشتیوانانیش دۆڵێ یان شیوێ بگرنەبەر بەدڵنیاییەوە من دۆڵ یان شیوی پشتیوانان دەگرمەبەر)، چونكە بەم هەموو

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18339، سنن النسائي، الرقم 4125، مسند أبويعلى الموصلي، الرقم 5817، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3926.

2 - صحيح البخاري، الرقم 6837، صحيح مسلم، الرقم 1822، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12101، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12701 و 13310، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6508.

خۆشەویستیەی بۆ مەککە و بیرکردنی، کەچی کاتێ فەتحی مەککە کرا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ پشتیوانان گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ نیشتەجێ بوو تا هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد.

## 14

ئەسمائی کچی ئەبووبەکر دەڵێت سکم پڕ بوو بە خەدیجەوە، دراوسێیەکی جوولەکەمان گۆشتی لێنابوو، تەواو بێزووم پێوە کرد و خۆم پێ ڕانەگیرا و چووم بۆ لای ژنە جوولەکەکەو بە بیانووی هێنانی ئاگرەوە چووم بۆ لای، وتم بەڵکو خۆی تۆزێکم بەش بدات، کە چوومە ئەوێ و بۆنم کرد و گۆشتەکەم بینی زیاتر حەزم لێکرد، ئەوەبوو ئاگرەکەم برد و ژنەکە بەشی نەدام، ئاگرەکەم کوژاندەوەو هەمدی چوومەوە بۆ ئاگرەکە، سێ جار وامکرد، کەچی هیچی بەش نەدام، منیش دانیشتم و دەستم کرد بە گریان و نزاکردن، مێردی ژنە جوولەکەکە هاتەوە ماڵەوەو بە ژنەکەی وت کەس نەهاتووە بۆ لات. ژنەکە وتی ئافرەتێکی عەرەب هات داوای ئاگری کرد، کابرای جوولەکە وتی تا بەشی ئەو ژنە نەنێریت لێی ناخۆم، ئەوەبوو قاپێك گۆشتی بۆ ناردم، تا ئێستاش شتێکم نەخواردووە هێندەی ئەو خواردنە چێژی پێدابم.[1]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 605.

15

عائیشە دەڵێت دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، زەیدی کوڕی حارثەی نارد بۆ لامان و ئەبوورافیعی مەولاشی لەگەڵدا نارد، دوو وشتر و پێنج سەد درهەمی پێدان تا بۆ کۆچەکە چی وشتریان پێویستە بیکڕن، ئەبووبەکریش عەبدوڵای کوڕی ئورەیقیطی بە دوو یان سێ وشترەوە نارد و نامەیەکی نووسی بۆ عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر و فەرمانی پێدەکرد دایکی و من و ئەسمائی خوشکم بەودا بنێرێت بۆ مەدینە، ئەوەبوو کەوتنەڕێ، لەنیوەی رێدا زەید بە پارەکە سێ وشتری کڕی، دواتر هەموویان هاتنە مەککەو رێیان کەوتە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا کە دەیویست خێزانی ئەبووبەکر ببات بۆ مەدینە، ئەوەبوو هەموومان کەوتینەڕێ، زەید و ئەبوورافیع فاطیمە و ئوممولکلثوم و سەودەی کچی زەمعەیان هێنان، هەروەها زەید ئومموئەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەیدی هێنا، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکریش دایکم و من و ئەسمائی هێنا، طەلحەش هاودەم بە ئێمە هات و هەموو پێکەوە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە مەدینە، ئەو کات موسڵمانان خەریکی دروستکردنی مزگەوتی مەدینە بوون.[1]

[1] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6755.

16

ئەسمائی کچی ئەبووبەکر دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چووین بۆ حەج تا گەیشتینە عەرج، پێغەمبەر (ﷺ) دابەزی و عائیشە لەکەنار پێغەمبەرەوە (ﷺ) دانیشت، منیش لەپاڵ باوکمەوە دانیشتم، کۆڵ و توێشووی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر یەکێك بوو و بە خزمەتکارێکی ئەبووبەکر بوو، ئەبووبەکر دانیشت و چاوەڕێی ئەو خزمەتکارە بوو بگات، ئەوەبوو خزمەتکارەکە دەرکەوت و وشترەکەی پێ نەبوو، ئەبووبەکر وتی کوا وشترەکەت؟ خزمەتکارەکە وتی دوێنێ شەو ونم کرد، ئەبووبەکر وتی یەك وشترت پێ بوو و ئەویشت ونکرد؟ ئیتر کەوتە لێدانی، پێغەمبەر (ﷺ) بزەی دەکرد و دەیفەرموو (انظروا إلى هذا المحرم وما يصنع)،[1] (تەماشای ئەم ئیحرام بەستووە بکەن چی دەکات).

17

کاتێ کۆچەرانی حەبەشە هاتنەوە بۆ مەدینە، خەڵکێ لە کۆچەران پێیان دەوتن ئێمە پێش ئێوە کۆچمان کردووە بۆ مەدینە، ئەسمائی کچی عومەیسیش کە لەو کۆچەرانەی حەبەشە بوو بە سەردان چوو بۆ لای حەفصەی ژنی پێغەمبەر (ﷺ)، عومەر چوویە ژوورەوە بۆ لای حەفصەو ئەسمائی لەوێ بینی،

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 26314، صحيح ابن خزيمة، الرقم 2500، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1606، سنن أبي داود، الرقم 1565، سنن ابن ماجة، الرقم 2930، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 8612، ضعفه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1818.

به حەفصەی وت ئەو ئافرەتە کێیە؟ وتی: ئەسمائی کچی عومەیسە، عومەر وتی ئەمە حەبەشیەکەیە، ئەمە لەوانەی کەشتیەکەیە؟ (واتە ئەو کۆچەرانەی بە کەشتی لە حەبەشەوە هاتبوون بۆ مەدینە)، دایکی باوەرداران وتی بەڵێ، عومەر وتی: بە کۆچکردن پێشتان کەوتین، جا ئێمە لەئێوە لەپێشترو شیاوترین بە پێغەمبەری خوا، ئەسمائیش تووڕە بووو وتی نەبەخوا، ئێوە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوونو نانی برسیتانی دەداو ئامۆژگاری نەزانتانی دەکرد، بەڵام ئێمە لە خاکێکی-یان وڵاتێکی- دوورو ناخۆش بووین لە حەبەشە، ئەوەش لەبەر خواو لەبەر پێغەمبەرەکەی، سوێند بەخوا نان ناخۆم و ئاو ناخۆمەوە تا ئەوەی وتت باسی نەکەم بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئێمە ئازارمان بەردەکەوتو دەترساین، دەچمو بۆی باس دەکەم و پرسیاری لێدەکەمو درۆ و فێڵیش ناکەمو کەمو زیادی بۆ ناکەم، ئەسماء چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و مەسەلەکەی بۆ باس کرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ئەی تۆ چیت پێ وت؟ وتی ئاواو ئاوام پێ وت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ليس بأحق بي منكم، وله ولأصحابه هجرة واحدة، ولكم أنتم – أهل السفينة – هجرتان) (ئەو لە ئێوە شیاوتر نیە بە من، ئەوو هاوەڵانی یەك کۆچیان بۆ هەیەو ئێوەش-یارانی کەشتی- دوو کۆچتان بۆ هەیە).[1]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4004، صحيح مسلم، الرقم 4462، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8113، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19089، مسند أبويعلى الموصلي، الرقم 7151،

18

دایکی ئەبوو هورەیرە بێباوەڕ بوو، ئەو کاتەش کە ئەبووهورەیرە موسڵمان بووبوو هێشتا ئەو بێباوەڕ بوو، ئەبوو هورەیرە بەسەرهاتی موسڵمانبوونی دایکی باس دەکات و دەڵێت: بەردەوام دایکم بانگ دەکرد بۆ ئیسلام، رۆژێك کە داوام کرد موسڵمان بێت، قسەیەکی ناشیرینی وت بە پێغەمبەر (ﷺ) کە پێم ناخۆش بوو، بۆیە چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و دەگریام، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من دایکم بانگ دەکەم بۆ ئیسلام و ئەو رازی نابێت، جا ئەمڕۆ کە بانگم کرد بۆ ئیسلام، سەبارەت بە تۆ شتێکم لێ بیست کە پێم ناخۆش بوو، جا نزای بۆ بکە بەڵکو خوا رێنموونی بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد و فەرمووی (خوایە دایکی ئەبوو هورەیرە رێنموونی بکە)، منیش بە دڵخۆشیەوە دەرچووم، کە گەیشتمە بەردەرگایماڵەوە بینیم داخراوە، دایکم خشپەی پێی منی بیست و وتی ئەبووهورەیرە لە شوێنی خۆت راوەستە، دەنگی خوڕەی ئاوم دەبیست، دایکم جلوبەرگی پۆشی و لەچکەکەی دا بە سەریدا و دەرگاکەی کردەوەو دواتر بەبەرچاومەوە شایەتومانی هێنا، منیش گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە خۆشیدا دەگریام، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) موژدە بێت خوا نزاکەی وەرگرتیت و رێنموونی دایکی ئەبووهورەیرەی کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) سوپاس و شتایشی خوای کرد، دواتر وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزام بۆ بکە خوا من و دایکم لای بەندە باوەڕدارەکانی خۆشەویست بکات و ئەوانیش لای ئێمە خۆشەویست

بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای کرد و فەرمووی (اللهم حبب عبيدك هذا وأمه إلى عبادك المؤمنين، وحبب إليهم المؤمنين)، (خوایە ئەم بەندە بچووکەی خۆت و دایکی لای بەندە باوەڕدارەکانت خۆشەویست بکەو باوەڕدارانیش لا ئەوان خۆشەویست بکە)، ئیتر هەر باوەڕدارێك باسی منی دەبیست یان دەیبینیم منی خۆش دەویست.[1]

## 19

جارێك عەمرەی کچی ڕەواحە کە ژنی بەشیر بوو داوای کرد لە بەشیر بەشێك ببڕێتەوە بۆ کوڕەکەی، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، دواتر دوای دوو جار[2] پاش یەك ساڵ بەشیر ڕازی بوو، بەڵام عەمرە وتی نابەخوا ڕازی نابم تا دەستی نەگریت و نەیبەیت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەیت بە شایەت، بەشیریش منداڵەکەی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بەشێکی سامانم بڕیوەتەوە بۆ ئەم کوڕەم و دایکی ئەم کوڕەشم دەیەوێت تۆ شایەت بیت لەسەر ئەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی بەڵێ، فەرمووی ئایا ئەوەی بۆ ئەمت بڕیوەتەوە بۆ هەموو ئەوانیشت بڕیوەتەوە؟ وتی نا،[3] پێغەمبەر (ﷺ)

1 - صحيح مسلم، الرقم 4650، صحيح ابن حبان، الرقم 7261، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 8053، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20974.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 5181 و اللفظ له، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11212.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3141، سنن أبي داوود، الرقم 3092.

فەرمووی (فإني لا أشهد على هذا، هذا جور أشهد على هذا غيري، اعدلوا بين أولادكم في النحل كما تحبون أن يعدلوا بينكم في البر واللطف)،[1] (دەی من نابمە شایەت بۆ شتی وا، ئەوە ستەمە برۆ کەسی تر جگە لە من بکە بە شایەت بۆی، لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن لە بەشدا وەك چۆن حەز دەکەن ئەوان لە چاکەو میهردا لەنێوانتاندا دادپەروەر بن).

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی بیگێڕەوە (پاشگەز ببەرەوە)،[2] هەروەها هاتووە پێی فەرموو (فاتقوا الله واعدلو بين أولادكم)،[3] (دەی لەخوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن).

هەر لە گێڕانەوەیەکی تری بوخاریدا هاتووە فەرمووی (لا تشهدنى على جور)،[4] (مەمکە بە شایەت لەسەر ستەمێك).

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 5181 و اللفظ له، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11212، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5836، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته، الرقم 1046.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2467، صحيح مسلم، الرقم 3138، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6303.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2468، صحيح مسلم، الرقم 3140.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2528.

20

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) فەتحی خەیبەری کرد و ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکان کوژران، زەینەبی کچی حارث کە ئافرەتێکی جوولەکە بوو بەرخێکی برژاوی ژەهراوی بە دیاری هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، زۆربەی ژەهرەکەی لە باڵ و شانی بەرخەکەدا دانا چونکە بیستبووی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پارچەی بەرخی لە هەموو پارچەکانی تر لا بەچێژترە، کاتێك ئەو بەرخەی هێنا بیشری کوڕی بەرائی کوڕی مەعروور لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بەشێ لە شانی بەرخەکەی هەڵگرت تا بیخوات، بیشریش بەشێك لە گۆشتەکەی هەڵگرت، کە پێغەمبەر (ﷺ) پاروەکەی خوارد بیشریش پاروەکەی خوارد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەست هەڵگرن چونکە شانی ئەم بەرخە هەواڵم پێ دەدات چی پێدا کراوە، بیشر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی ڕێزداری کردیت من ئەوەم لە خواردنەکەمدا بەدیکرد، بەڵام تەنها لەبەر گەورەیی و ڕێزی تۆ نەمتفاندەوە چونکە حەزم نەکرد خواردنەکەت لا بێزراو بکەم، کاتێك بینیم پاروەکەت خوارد خۆم لە تۆ لا لەپێشتر نەبوو و حەزم نەکرد جیا لە تۆ خۆم رزگار بکەم، بۆیە هیوام وابوو ئەوەی خواردت ژەهراوی نەبێت، بیشر هەر لەو شوێنەیدا ڕەنگی تێکچووو مرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پشتی شانیەوە کەڵەشاخی گرت،[1] پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئافرەتەکەی بانگ کرد و پێی فەرموو چی وایکرد وا بکەیت؟

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1612، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص210.

ئەویش وتی وتم ئەگەر پێغەمبەر بێت ئەوە زیانی پێ ناگەیەنێت، ئەگەریش پێغەمبەر نەبێت ئەوە لە کۆڵی هەموانی دەکەمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد ئەو ژنە جوولەکەیە کوژرا،[1] دواتر سێ ساڵ بەو ئازارەیەوە مایەوە تا هەر بەو ئازارەوە وەفاتی کرد وەك لە رۆژی وەفاتیدا فەرمووی (ما زلت أجد من الأكلة التي أكلت من الشاة يوم خيبر عددا حتى كان هذا أوان انقطع الأبهر مني)، (هێشتا بە برێ دەردی ئەو خواردنەوە دەناڵێنم کە لە رۆژی خەیبەر لە بەرخەکەم خوارد، ئیتر ئێستا تاقەتی لێ بڕیم)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) بە شەهیدی وەفاتی کرد.[2]

## 21

جارێك کابرایەك هات بۆ لای تەمیمی داری و داوای لێکرد فەرموودەی بۆ بگێڕێتەوە، ئینجا پێی وت چەند جوزئت خوێندووە؟ تەمیم وتی لەوانەیە تۆ لەوانە بیت کە هەموو قورئان بە شەو دەخوێنێت و دواتر بەیانی کە هەستا دەڵێت ئەمشەو هەموو قورئانم خوێند، دەی سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر شەوێ سێ رکات نوێژی سوننەت بکەم لام خۆشەویستترە لەوەی شەوێ هەموو قورئان بخوێنم و بەیانی باسی بکەم بۆ خەڵك، کابرا بەوە تووڕە بوو و وتی بەخوا ئێوە ئەی گرۆی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) هەرکامتان لە ژیان ماون

1 - سنن أبي داوود، الرقم 3933، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص172، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 4514.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1612.

هەقە بێدەنگ بن و ئەوەی پرسیارتان لێ دەکات تووڕەی نەکەن، تەمیم کە کابرای بینی تووڕە بوو، نەرمی نواند و وتی برازا قسەت بۆ بکەم؟ ئەگەر من باوەڕدارێکی بەهێز بم و تۆیش باوەڕدارێکی لاواز بیت بەهێزی من بدەیت بەسەر لاوازی خۆتدا و بتەوێت وەك من بکەیت ناتوانیت و پەکت دەکەوێت، یان تۆ باوەڕدارێکی بەهێز بیت و من باوەردارێکی لاواز بم کاتێك بەهێزی تۆ دەدەم بەسەر لاوازی خۆمدا بەرگەی ناگرم و دەکەوم، بۆیە لە توانای خۆتەوە بنەوە ئاییندارییەکەت و لە ئاییندارییەتەوە بۆ دەروونت لێنەوە تا بارت لەسەر پەرستشێ راوەستێ کە بەرگەی بگریت.[1]

## 22

ثومامە دژایەتیەکی زۆری پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد و دەیویست بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی،[2] ئەوەبوو جارێك پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لای ثومامەدا، لەوکاتەدا ثومامە ویستی پێغەمبەر (ﷺ) بکوژێت، بەڵام مامی رێی نەدا ئەوە بکات،[3] ثومامە بە بێباوەڕی بەرەو عومرە چوو، سوارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویان گرت و هێنایان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[4]

---

1 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 446.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 364.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 550.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 364.

ئەبووهورەیرە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەستەیەکی سوارەی رووەو نەجد نارد، کەسێکیان لە بەنی حەنیفە هێنا کە پێی دەوترا ثومامەی کوڕی ئوثال، ثومامەیان بەستەوە بە پایەیەکی مزگەوتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات و فەرمووی ثومامە ئازاد بکەن، ثومامەش چوویە ناو باخێکی نزیك لە مزگەوت و خۆی شۆرد و دواتر هاتەوە مزگەوت و وتی (أشهد أن لا إله إلا الله و أن محمدا رسول الله).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ثومامەی بینی بەسترابوویەوە بە پایەی مزگەوتەوە، پێی فەرموو چیت لایە ئەی ثومامە؟- یانی قسەت چیە؟- ئەویش وتی ئەی موحەممەد قسەی چاکم لایە، ئەگەر بمکوژیت خاوەن خوێنێکت کوشتووە، ئەگەریش چاکە بنوێنیت بەرامبەر سوپاسکەرێك چاکە دەنوێنیت، ئەگەریش پارەو سامانت دەوێت داوای بکە تا چەندت دەوێت پێت بدرێت، پێغەمبەر (ﷺ) وازی لێ هێنا تا بەیانی، هەمان شتی لێ دووبارە کردەوە، ثومامەش وتی هەمان شتم لایە کە پێم وتیت، پێغەمبەریش (ﷺ) جێی هێشت تا بەیانی، بۆ رۆژی سێیەم پێغەمبەر (ﷺ) هەمان شتی لێ دووبارە کردەوە، ثومامەش هەمان وەڵامی دایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ثومامە ئازاد بکەن، ئەویش چوو بۆ باخە خورمایەکی نزیك مزگەوت و خۆی شۆرد و هاتەوە ناو مزگەوت و وتی (أشهد أن لا إله إلا الله و أن محمدا رسول الله)، ئەی موحەممەد سوێند بەخوا لەم سەر رووی زەویەدا کەس

1 - صحيح البخاري، الرقم 452و 459 و 2312،

نەبوو هێندەی تۆ رقم لێی بێت، بەڵام ئێستا دەموچاوی تۆ شیرینترین و خۆشەویسترین دەموچاوە، سوێند بەخوا هیچ ئایینێك نەبوو هێندەی ئایینەکەی تۆ لام بێزراو بێت، ئێستا ئایینەکەی تۆ خۆشەویسترین ئایینە، سوێند بەخوا هیچ شارێك نەبوو هێندەی شارەکەی تۆ لام بێزراو بێت، بەڵام ئێستا شارەکەی تۆ لام خۆشەویسترین شارە، دەستە سوارەکەی تۆ منیان بردو منیش لەو کاتەدا نیازم هەبوو عومرە بکەم، جا بۆچوونی جەنابت چۆنە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) مزگێنی پێدا و فەرمانی پێکرد عومرە بکات، کاتێك ثومامە چوویە مەککە کەسێك پێی وت: ئەرێ لێت شێواوە؟ وتی نا بەڵکو موسڵمان بوم لەگەڵ پێغەمبەری خوام (ﷺ)، سوێند بەخوا لە یەمامەوە دەنکە گەنمێکتان بۆ نایەت تا پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی ئەوە نەدات،[1] ئیتر ثومامە گەڕایەوە بۆ یەمامەو ڕێی نەدەدا هیچ دانەوێڵەیەك بچێت بۆ مەککە، قوڕەیش حاڵیان سەخت بوو، نامەیان نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و داوایان لێکرد رەحمی هەبێت بۆ خزمانیو نامە بنێرێت بۆ ثومامە تا رێ بدات خواردن بنێردرێت بۆیان، پێغەمبەریش (ﷺ) پەیامی نارد بۆ ثومامە تا دانەوێڵە بنێرێت بۆ مەککە.[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4123، صحيح مسلم، الرقم 3397، مستخرج أبي عوانة، الرقم 5369، صحيح ابن حبان، الرقم 1255، سنن أبي داوود، الرقم 2318، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12004، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 9622، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم 1675.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 364.

23

جابیر دەڵێت جارێك باوکم فەرمانی کرد خواردنی (خەزیزە) ئامادە کرا، ئینجا بە مندا ناردی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش بردم بۆی و پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی خۆی بوو، فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) وتم نا بەڵکو خواردنی (خەزیزە)یە، ئەویش فەرمانی کرد و خواردنەکەیان لەدەست گرتم، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای باوکم وتی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی وت؟ وتم بەڵێ فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) باوکم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم بیبە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش کە گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) هەر لەو شوێنەی خۆی بوو، فەرمووی (ئەوە چیە ئەی جابیر) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕامەوە بۆ لای باوکم و تی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی فەرموو؟ وتم بەڵێ وای فەرموو، باوکیشم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، بۆیە چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم بیبە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (جزى الله الأنصار عنا خيرا، و لا سيما عبدالله بن عمرو بن حرام و سعد بن عبادة)،[1] (خوای گەورە لە بری ئێمە

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7130، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7162، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2024، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 5621، صححه الذهبي في تعليقاته على المستدرك، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 461.

پاداشتی خێری پشتیوانان بداتەوە بەتایبەت عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام و سەعدی کوڕی عوبادە).

24

عەبدوڵای باوکی جابیر لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و لەو غەزایەشدا شەهید بوو، دواتریش کە تەرمەکان خرانە ژێر خاك هەریەك لە عەبدوڵای کوڕی عەمر و عەمری کوڕی جەمووح خرانە یەك گۆڕەوە.[1]

جابیر دەڵێت کاتێك تەرمی باوکم هێنرا و تەرمەکەشی شێوێنرابوو، تەرمەکەی هێنرا و لەبەردەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانرا و بە جلێکیش داپۆشرابوو.[2]

جابیر دەڵێت کاتێك تەرمی باوکم دانرابوو پۆشاکەکەی سەر دەموچاویم لادەبرد و سەیرم دەکرد و دەگریام، هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) ڕێگرییان لێدەکردم، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێ نەدەکردم،[3] ویستم هەمتر پۆشاکەکەی سەر دەموچاوی لابەرم بەڵام هاوەڵان نەیانهێشت، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لایبرد-یان فەرمانی کرد لابرا- کە دەموچاوی دەرکەوت

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 44.
2 - صحيح البخاري، الرقم 1245.
3 - صحيح البخاري، الرقم 1199.

دەنگی گریانێك بەرزبوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتیان کچی عەمرە،[1] فاطیمەی کچی عەمری پوورم لەسەر تەرمی باوکم دەگریا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (تبكين أو لا تبكين ما زالت الملائكة تظله بأجنحتها حتى رفعتموه)،[2] (بگریت بۆی یان نەگریت بەردەوام فریشتەکان بە باڵەکانیان سێبەری بۆ دەکەن تا تەرمەکەی هەڵدەگرن).

25

جابیر دەڵێت دوای مەرگی باوکم خەڵکێك قەرزیان لای باوکم بوو، منیش داوام لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد داوا لە خاوەن قەرزەکان بکات لە قەرزەکەیان خۆش بن، پێغەمبەریش (ﷺ) داوای کرد لێیان، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (اذهب فصنف تمرك أصنافا، العجوة على حدة، وعذق زيد على حدة، ثم أرسل إلي)، (برۆ و خورماکەت بەش بەش بکە، خورمای عەجوە لەلایەك و خورمای عذق لەلایەك، ئینجا بنێرە بەشوێنمدا)، منیش چووم و وامکرد و دواتر هەواڵم نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش هات و لە سەروو یان لە لای ناوەڕاستی خورماکانەوە وەستا، پاشان فەرمووی (بیکێشە بۆ خەڵك)، منیش بۆم دەکێشان تا چی قەرزیان هەبوو پێمدانەوە، ئینجا خورماکەش وەك خۆی مایەوە وەك ئەوەی هیچی لێ کەم نەبووبێتەوە.[3]

1 - صحيح مسلم، الرقم 4621.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1199، صحيح مسلم، الرقم 4622، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13903.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2038.

یەکێك لەو کەسانەی قەرزی لای عەبدوڵای باوکی جابیر بوو کابرایەکی جوولەکە بوو، سی کۆڵ خورمای لای عەبدوڵا بوو، جابیر داوای کرد کابرای جوولەکە ماوەیەك لەسەری بوەستێت، بەڵام ئەو رازی نەبوو، جابیر چوو لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی کرد تا لای کابرای جوولەکە سکاڵای بۆ بکات، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هات بۆ لای کابرای جوولەکەو داوای لێکرد لەبری قەرزەکەی بەرهەمی خورماکەی ئەو ببات، بەڵام کابرا رازی نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ناو دارخورماکان و پیایدا تێپەڕ بوو، پاشان بە جابیری فەرموو (جد له، فأوف له الذي له)، (بۆی لێبکەرەوەو ئەوەی ئەوە بۆی هی ئەوە بکێشە)، ئەویش دەستی پێکرد، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە جابیر سی کۆڵەکەی دا بە کابرا و لە سەروو ئەوەشەوە حەڤدە کۆڵی تر مایەوە، جابیر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا هەواڵی پێبدات چی روویداوە، کەچی بینی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی عەسر دەکات، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژەکەی تەواو کرد جابیر پێی وت ئەو زیادەی ماوەتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (هەواڵی ئەوە بدە بە کوڕی خەططاب)، جابیریش چوو بۆ لای عومەر و هەواڵی ئەوەی پێدا، عومەریش پێی وت: من بە دڵنیایی دەمزانی کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەناو دارخورماکاندا تێدەپەڕی خوا بەرەکەت دەخاتە ناو دارخورماکانەوە.[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2288، مستخرج أبي عوانة، الرقم 4461.

26

جابیری کوڕی عەبدوڵا دەڵێت لە ڕێیەکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین و منیش لەسەر وشترێك بووم، لە دوای خەڵکەکەوە بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) بە شتێك کە لەدەستیدا بوو دای لە وشترەکە-بۆ ئەوەی بڕوات- ئیتر وشترەکە پێش خەڵکەکە دەکەوت، ئیتر وای لێهاتبوو جڵەوم دەگرت تا زۆر نەڕوات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە ئەوەندەو ئەوەندە ئەیفرۆشیت و خواش لێت خۆش بێت؟ وتم پێشکەشت بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە ئەوەندەو ئەوەندە ئەیفرۆشیت و خواش لێت خۆش بێت؟ وتم پێشکەشت بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)،[1] منیش شەرمم کرد، چونکە تەنها ئەو وشترەمان هەبوو، وتم بەڵێ دەیفرۆشم، ئەوەبوو فرۆشتم پێی بە مەرجێك تا دەگەمە مەدینە پێم بێت، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من زاوام، بۆیە داوای مۆڵەتم لێکرد،[2] پێی فەرمووم ئایا دوای باوکت هاوسەرگیریت کردووە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی کچ یان بێوەژنت هێنا؟ وتم بێوەژن، فەرمووی (فهلا تزوجت بکرا تضاحكك وتضاحكها، وتلاعبك وتلاعبها)،[3] (خۆزگە کچێکت بهێنایە تا بتخاتە پێکەنین و بتخستایەتە پێکەنین و گەمەی لەگەڵ بکردایتایەو گەمەت

1 - صحيح مسلم، الرقم 2745.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3083.

3 - صحيح مسلم، الرقم 2745.

لەگەڵ بکردایە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم رۆژی ئوحود کوژرا و نۆ کچی جێهێشتووە کە نۆ خوشکن بۆ من، منیش حەزم نەکرد ئافرەتێکی پێنەگەیشتووی وەك خۆیان بێنم بۆ لایان، بەڵام ژنێك بێت کۆیان بکاتەوەو چاوی لەسەریان بێت باشترە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (أصبت)، (چاکت کرد)،[1] ئینجا مۆڵەتی پێدام، منیش پێش خەڵك بەرەو مەدینە چووم تا هاتمەوە مەدینە، خاڵۆم گەیشت پێم و سەبارەت بە وشترەکە پرسیاری لێکردم، منیش پێم وت چیم پێکردووە، ئەویش سەرکۆنەی کردم، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە وشترەکەم بۆ برد، ئەویش پارەی وشترەکەی پێدام و وشترەکەشی دایەوە بە خۆم.[2]

ئەم رووداوەش کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە غەزای (ذاتورقاع).[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3844.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3083.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 61.

27

جاهیمە دەڵێت هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا سەبارەت بە جیهاد کردن راوێژی پێ بکەم،[1] وتم من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە رەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرمووی (ئایا دایکت زیندووەو ماوە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی (ارجع فبرها)، (دەی بگەڕێرەوەو چاکە لەگەڵ دایکت بکە)، دواتر لە لایەکی ترەوە هاتمە خزمەتی و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە رەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرموی (ویحك أحية أمك؟)ماڵوێران ئایا دایکت زیندووە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (دەی بگەڕێرەوە بۆ لای و چاکەی لەگەڵ بکە)، جاهیمە دەڵێت ئەمجاریان لە بەرامبەریەوە هاتمەوە خزمەتی و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە رەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرمووی (ماڵوێران ئایا دایکت زیندووە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی (ویحك، الزم رجلها فثم الجنة)،[2] (ماڵت وێران دەی برۆ پەیوەستی قاچەکانی بە چونکە بەهەشت لەوێدایە).

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 446.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 2777، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2781.

28

موعاویەی کوڕی جاهیمە دەڵێت وتم  من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە ڕەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرمووی (ئایا دایکت زیندووەو ماوە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی (ارجع فبرها)، (دەی بگەڕێرەوەو چاکە لەگەڵ دایکت بکە)، دواتر لە لایەکی ترەوە هاتمە خزمەتی و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە ڕەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرموی (ویحك أحیة أمك؟)ماڵوێران ئایا دایکت زیندووە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (دەی بگەڕێرەوە بۆ لای و چاکەی لەگەڵ بکە)، جاهیمە دەڵێت ئەمجاریان لە بەرامبەریەوە هاتمەوە خزمەتی و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە ڕەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرمووی (ماڵوێران ئایا دایکت زیندووە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی (ویحك، الزم رجلها فثم الجنة)، [1] (ماڵت وێران دەی برۆ پەیوەستی قاچەکانی بە چونکە بەهەشت لەوێدایە).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (اذهب فألزمها فإن الجنة عند رجليها)،[2] (برۆ لای دایکت بە چونکە بەهەشت لای پێکانی دایکتە).

---

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 2777، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2781.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4181، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2438 و صححه الذهبي في التلخيص، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16571، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1608.

ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بە گەورەیی فەزڵی دایك وباوك و چاكەكردن لەگەڵیاندا، هەروەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە یەكێك لە گوناهە گەورەكان بریتیە لە ئازاردانی دایكو باوك، خوای گەورەش فەرمان دەكات بە موسڵمان ئەگەر دایك و باوك یەكێكیان یان هەردووكیان پیر بوون و لای منداڵەكەیان مانەوەو ئازار و نارەحەتیشیان دروست كرد بۆیان ئەوا منداڵەكەیان تەنها ئۆف وتنێكیش چیە لە بەرامبەریاندا نەیڵێت، چ جای ئەو منداڵانەی كە بێ ئەوەی دایك و باوكیان پێویستیان بەوان بێت خراپە دەنوێنن لە رووی دایك وباوكیاندا، هەیانە كاریگەرە بە ماددە و هەیانە كاریگەرە بە ژنەكەی و هەیانە كاریگەرە بە منداڵەكەی و هەیانە كاریگەرە بە بیرو بیركردنەوەی خۆی، هەریەك لەوانەو چەندینی تر هۆكارن بۆ ئازاردانی دایك و باوك، وەك چۆن دەكرێت هەریەك لەوانە بكرێنە هۆكار بۆ دڵخۆش كردنی دایك و باوك، جا چ رەحمەتێكە كەسێك سۆزی دایك و باوكی بۆ بمێنێت، مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) تكای نەكرد لای خوای گەورە تا رێی پێ بدات سەردانی گۆڕەكەیان بكات؟ هەروەك بەپێی فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) دەزانین ئەركی منداڵ بەرامبەر بە دایك و باوك تەنها بە مردنیان كۆتایی نایەت، بەڵكو چەندین مافی تری دایك و باوك هەن بەسەر منداڵەوە وەك نزاكردن بۆ دایك و باوك و سەردانی خزمان و كەسە خۆشەویستەكانیان و سەردانی گۆڕیان و خۆپاراستن لە قسەو كارێك كە ببێتە هۆكار تا خەڵكی تر نەفرین و قسەی ناشیرینیان پێ بڵێن.

هەروەها ئەوەش روونه كه فەزڵی چاكەكردن لەگەڵ دایكدا لەپێشتره له ئاست باوكدا وەك چۆن له فەرموودەی صەحیحدا هاتووه پێغەمبەر (ﷺ) له وەڵامی هاوەڵێكدا كه وتی كێ باشترین كەسه تا هاودەمی بكەم فەرمووی دایكت، تا سێ جار ئەوەی دووباره كردەوه تا له جاری چوارەمدا فەرمووی باوكت، ئەمه بەو مانایه نا باوك پشتگوێ بخرێت، چونكه چاكه لەگەڵ دایك و باوك و ئازاردانی دایكو باوك له قورئان و فەرموودەدا پێكەوه باس كراون، چاكه لەگەڵ هەردووكیان واجبه و خراپه نواندیش بەرامبەریان گوناهی گەورەیه و هیچ راجیاییەكیش لەوەدا نیەو چەندین دەقی قورئان و فەرموودەش لەو بارەوه هەن،

سەبارەت به حوكمی چوون و نەچوون بۆ جیهاد لەكاتی بوونی دایك و باوكدا، ئەوا ئەگەر جیهادكردنەكه جیهادی كیفایه بوو ئەوا مۆڵەت خواستنی دەوێت، بەڵام ئەگەر جیهادكردنەكه بوو به فەرزی عەین ئەوا پێویست به مۆڵەتی دایك و باوك ناكات، شەوكانی له كتێبەكەیدا (نیل الأوطار) ئەم فەرموودەو فەرموودەی تریش دێنێت و دواتر دەڵێت: هەموو ئەمانه له كاتێكدایه كه جیهاد لەسەر ئەو كەسه نەبووبێت به فەرزی عەین، بەڵام كه بوو به فەرزی عەین ئەوا گوێڕایەڵی بەنده له سەرپێچی خوادا دروست نیه).[1]

1 - نيل الأوطار للشوكاني، ج8، ص 38.

29

جابیر دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشتین تا نزیك بووینەوە لە ئاوێکی عەرەب، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ( من رجل يتقدمنا فيمدر الحوض فيشرب و يسقينا)،(چ پیاوێ هەیە پێش ئێمە بکەوێت و حەوزەکە بسوێت و ئاو بخواتەوەو ئاویش نۆشی ئێمە بکات)، جابیر دەڵێت: منیش هەستام و وتم ئەوە پیاوێکە–واتە من ئامادەم– ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی چ کەسێك لەگەڵ جابیر دەڕوات؟ ئەوەبوو جەبباری کوڕی صەخر هەستا، هەردووکمان چووین بۆ لای بیرەکە، سەتڵێك یان دوو سەتڵ ئاومان کردە ناو حەوزەکەوە، ئینجا چاك سویمان، ئینجا ئاومان تێکرد تا پڕمان کرد، یەکەم کەس گەیشت پێمان پێغەمبەر (ﷺ) بوو، فەرموی (ئایا مۆڵەت دەدەن؟) وتمان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش ئاوی دا بە وشترەکەی، رەشۆکەی گرت و وشترەکەش میزی کرد، ئینجا وشترەکەی مۆڵ دا، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای حەوزەکەو دەستنوێژی لێگرت، دواتر منیش هەستام و لە شوێن دەستنوێژەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) دەستنوێژم گرت، ئینجا جەبباری کوڕی صەخر چوو تا دەست بە ئاو بگەیەنێت، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا تا نوێژ بکات، منیش لەلای چەپی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەستام، ئەویش دەستی گرتم و منی خستە لای راستیەوە، ئینجا جەبباری کوڕی صەخر هات و دەستنوێژی گرت، دواتر هات و لە لای چەپی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەستا، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هەردووکمانی گرت و پاڵی پێوەناین تا ئێمەی خستە

پشت خۆیەوە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی لەسەرم بوو و منیش هەستم بەوە نەدەکرد، دواتر زانیم کە پێغەمبەر (ﷺ) چاوی لەسەرمە...[1]

30

ئیبن مەسعوود دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی کە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوومووساو عەبدوڵای کوڕی عورفوطە و عوثمانی کوڕی مەظعوون، قوڕەیشیش عەمری کوڕی عاص و عمارەی کوڕی وەلیدیان بە بڕێك دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان دەستەیەك لە کەسوکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی ئەوان لە کوێن؟[2] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی بەخوا نایاندەمەوە دەستتان تا قسەیان لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[3] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان بۆچی؟ وتی چونکە خوا

1 - صحيح مسلم، الرقم 5442.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[1] نەجاشی وتی ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی ئەی پاشا ئێمە گەلێك بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان ڕەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و ڕاستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاك و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش بێت و نوێژ بکەین و ڕۆژوو بگرین،[2] عەمر وتی ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی رایان پێچەوانەی رای ئێوەیە، نەجاشی وتی سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی دەڵێن؟ جەعفەریش وتی ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی ڕۆح‌و کەلیمەی خوایە کە بەخشیویەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ مرۆڤێك دەستی پێی نەگەیشتووە،[3] نەجاشی وتی هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی بەڵێ، ئەوەبوو بڕێك لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[4] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215-216.

هەڵگرت و وتی ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشەو راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت برۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قورەیشیەکان گێڕدرایەوە.[1]

## 31

کاتێك جەنگی بەرد روویدا و موسڵمانان سەرکەوتن، جەعفەر و هاوەڵانی هەواڵیان لا نەبوو، نەجاشی ناردی بە شوێن جەعفەرو هاوەڵانیدا، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای، لە ماڵێکدا بوو جلی پینەکراوی لەبەردا بوو، جەعفەرو هاوەڵانی دڵیان سووتا بۆی، نەجاشی کە دەموچاوی بێتاقەتی ئەوانی بینی وتی من موژدەیەکتان پێدەدەم کە دڵخۆشتان دەکات، هەواڵگرەکەم لە خاکی ئێوەوە هاتووە بۆ لام و هەواڵی پێداوم خوا پێغەمبەرەکەی سەرخستووەو دوژمنەکەی شکاندووەو فلان و فلانەکەس بەند کراون، لە دۆڵێك جەنگەکە بووە کە پێی دەوترێت بەدر کە داری ئەراکی زۆرە، دەڵێیت ئەمڕۆیە دێتە بەرچاوم لەوێ شوانەیی وشترم دەکرد بۆ گەورەکەم کە کەسێك بوو لە بەنی ضەمرە، جەعفەر بە نەجاشی وت ئەوە چیە بۆچی لەسەر خۆڵ دانیشتویت و هیچ

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

راخەرێکت لەژێردا نیە و ئەو جلانەت لەبەرە؟ ئەویش وتی لەوەدا کە خوا دایبەزاندووە بۆ سەر عیسا ئێمە ئەوەمان دیتووە کە حەقە لەسەر بەندەکانی خوا کاتێك بەخششێکی خوایان پێدەگات تەوازوع بنوێنن، کاتێك خواش سەرکەوتنی پێغەمبەرەکەی بەخشی پێم، منیش ئەم تەوازوعەم بۆ نواند.[1]

## 32

عیرباضی کوڕی ساریە بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ جوعال دەگێڕێتەوەو دەڵێت من لە هەموو کات لەبەر دەرگای ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەبووم هەم لە ماڵەوەو هەم لە سەفەریش، شەوی تەبووك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بچێتە ناو خێوەتەکەی و ئوممومسەلەمەی خێزانیشی لەگەڵدا بوو، من بۆ پێویستیەك چووبووم و هاتمەوە، کە هاتمە خزمەتی فەرمووی (لە شەوەوە لە کوێ بوویت؟) منیش مەسەلەکەم بۆ باس کرد، جوعالی کوڕی سوراقەو عەبدوڵای کوڕی موغەففەلی موزەنی و من هەرسێکمان تەواو برسی بووین و لەبەر دەرگای ماڵی پێغەمبەریش (ﷺ) دەژیاین، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ژوورەوە تا شتێکمان بۆ بهێنێت بیخۆین، کەچی هیچی شك نەبرد و هیچیان نەبوو، بۆیە هاتە دەرەوەو بیلالی بانگ کرد و فەرمووی هیچ خواردنێ نیە بۆ ئەم چەند کەسە؟ بیلال وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە کۆڵەکانمان تەکاندون هیچیان تێدا نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی سەیرێ بکەرەوە بەڵکو شتێك

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 307-308.

پەیدا بکەیت، ئەویش یەك یەك یەك توێشووەکانی دەتەکاند تا یەك دوو خورمایەك کەوتن تا حەوت خورمای کۆکردەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) داوای قاپێکی کرد و خورماکانی خستە ناوی و دەستی لەسەر خورماکان داناو ناوی خوای لێ هێنا و فەرمووی (بە ناوی خواوە بخۆن)، ئێمە لێمان خوارد، من پەنجاو چوار خورمام ژمارد کە ناوکەکەشیان لە دەستەکەی ترمدا بوو و دوو هاوڕێکەشم هەروایان دەرکد، هەرکاممان پەنجا خورمای خوارد و تێر بووین، کە دەستمان لادەبرد حەوت خورماکە هەروەك خۆیان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا بلال ارفعها فإنه لا یأکل منها أحد إلا نهل منها شبعا)، (ئەی بیلال هەڵیانگرە چونکە هەرکەس لێیان بخوات تێر دەبێت)، ئینجا ئێمە لای خێوەتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بووین و ئەویش شەونوێژی دەکرد، دواتر نوێژی سوننەتی کرد، ئینجا بیلال بانگی فەرموو و پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد بۆ خەڵکەکەو دواتر گەڕایەوە بەرەو لای خێوەتەکەیو دانیشت و ئێمەش لە دەوری دانیشتین، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری نانی بەیانی لێکردین، منیش لە دڵی خۆمدا وتم نانی بەیانی چی؟ ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد لە بیلال خورماکان بهێنێت، ئەویش خورماکانی هێنا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) خورماکانی خستە ناو قاپەکەو دەستی خستە سەر خورماکان و فەرمووی بخۆن بە ناوی خواوە، سوێند بەخوا دەکەس بووین تێرمان خوارد، ئینجا دەستمان هەڵگرت دەبینین خورماکان وەك خۆیان ماونەتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لولا أني أستحي من ربي لأکلنا من هذه التمرات حتی نرد المدینة من آخرنا)، (ئەگەر

لەبەر شەرمم لە پەروەردگارم نەبوایە لەو خورمایانەمان دەخوارد تا دواجار هەموومان دەگەڕاینەوە مەدینە)، ئینجا مێردمنداڵێك هات، پێغەمبەر (ﷺ) خورماکانی دا بەو مێردمنداڵەو ئەویش خورماکانی دەمژی.[1]

33

لە سەردەمی شۆڕشەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا جوندوب هەواڵی نارد بۆ لای عەسعەسی کوڕی سەلامەو وتی بڕێ لە براکانت کۆبکەرەوە بۆم تا قسەیان بۆ بکەم و فەرموودەیان بۆ بگێڕمەوە، کاتێك هاتن و قسە کرا جوندوب بەسەرهاتێکی گێڕایەوە بۆیان و وتی پێغەمبەر (ﷺ) دەستەیەکی سوپای موسڵمانانی نارد بۆ سەر بڕێ لە بێباوەڕەکان، کاتێك جەنگ روویدا یەکێك لە بێباوەڕەکان دەچوو بۆ موسڵمانێك، موسڵمانێکیان بێئاگایی ئەو کەسەی قۆستەوەو هەڵیکوتایە سەری-ئەو هاوەڵە ئوسامەی کوڕی زەید بوو- شمشێری لێ هەڵکرد و کابراش وتی لا إله إلا الله، بەڵام ئەو کوشتی، کە موژدەبەر هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی ئەوەی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەو هاوەڵەی بانگ کرد و فەرمووی بۆچی کوشتت؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆری لە موسڵمانان دا و فلانەکەس و فلانەکەسی کوشت، -ناوی چەند هاوەڵێکی برد کە ئەو کابرا شەهیدی کردبوون- منیش هەڵمکوتایە سەری، کە

1 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 434، تاريخ دمشق لابن عساكر، ج40، ص 189، البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 118.

شمشێرەکەی منی بینی وتی لا إله إلا الله، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئیتر کوشتت؟ وتی بەڵێ، فەرمووی (ئەی کە رۆژی دوایی هات چی دەکەیت بە لا إله إلا الله؟) ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ئەی کە رۆژی دوایی هات چی دەکەیت بە لا إله إلا الله؟)، بەردەوام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو شتەی پێ دەفەرموو.[1]

## 34

کاتێك عەلی کوڕی ئەبوطالیب فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بە هاوسەر گرت، بۆ ماڵێك دەگەڕا تا تیایدا نیشتەجێ بێت، بەڵام خانوویەکی دوور لە ماڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەست کەوت و لەوێ گواستیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ماڵیان و پێی فەرموون دەیەوێت نزیکیان بکاتەوە لە ماڵی خۆی، فاطیمەش وتی داوا لە حارثە بکە تا شوێنەکەی بگۆڕێتەوە لەگەڵمان تا نزیك بینەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (حارثە هێندە شوێنی خۆی بۆ چۆڵکردوین ئیتر رووم نایەت پێی بڵێم)، حارثە ئەوەی بیستەوەو و هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیستوومە دەتەوێت فاطیمە لێتەوە نزیك بێت و ئەوەش خانووەکانی منن، من خۆمو ئەوەشی هەمە بۆ خوا و پێغەمبەری خوایە، سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی تۆ لێم وەردەگریت لام زۆر خۆشترە لەوەی وازی لێ دێنیت بۆم، پێغەمبەریش

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 167، الإيمان لابن مندة، الرقم 62.

(ﷺ) فەرمووی (راست دەکەیت، خوا بەرەکەت بڕژێت بەسەرتدا)، ئەوەبوو فاطیمە هاتە ناو خانوویەکی حارثە کە نزیك مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، حارثە لە نزیك مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) چەند خانوویەکی هەبوو، هەر جارەو یەکێك لەو خانووانەی چۆڵ دەکرد بۆ خۆشەویستێکی پێغەمبەر(ﷺ) تا هەموو خانووەکانی ئەو شوێنەی دا بە پێغەمبەر(ﷺ) و هاوسەرەکانی.[1]

## 35

حارث دەڵێت هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەویش منی بانگهێشت کرد بۆ ئیسلام، منیش موسڵمان بووم و دانم نا بە موسڵمانێتیمدا، ئینجا بانگهێشتی کردم بۆ زەکات و منیش دانم پێدا نا و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگەڕێمەوە بۆ ناو هۆزەکەم و بانگیان دەکەم بۆ ئیسلام و زەکات دان، هەرکەس هات بەدەم داواکەمەوە ئەوە زەکاتەکەی کۆ دەکەمەوە و با لە فلانە کاتدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نێردراوی خۆی بنێرێت بۆ لام تا چی زەکاتم کۆکردەوەتەوە بیهێنێت بۆت، ئەوە بوو حارث چوو و خەڵکەکەی بانگ کرد و زەکاتەکەی کۆکردەوەو کاتی ئەوە هات کەسێك بچێت زەکاتەکە بهێنێت، کەچی نوێنەر نەهات، حارثیش وایزانی تووڕەیی خوا و پێغەمبەری خوای بەرکەوتووە، بۆیە پیاوماقوڵانی هۆزەکەی بانگ کرد و وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ من وادەیەکی هەبوو تا نێردراوی خۆی بنێرێت بۆ وەرگرتنی

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 166.

زەکاتەکەی لای من، کەچی وا دەنگی نەبوو و وادەزانم ئەمەش تووڕەیی خوا و پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، دەی وەرن با بچین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوکات پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەلیدی کوڕی عوقبەی ناردبوو بۆ لای حارث تا ئەو زەکاتەی کۆی کردوەتەوە وەریبگرێت، کاتێك وەلید چووبوو و گەیشتبوویە نیوەی رێ گەڕابوویەوە و وتبووی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)حارث ئامادە نەبوو زەکاتەکەم بداتە دەست و ویستی بمکوژێت، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) دەستەیەکی وەك نێردراو نارد بۆ لای حارث، ئەوەبوو حارث هاودەم بە هاوەڵەکانی رێی کەوتە دەستەکە، دەستەکە وتیان ئەوە حارثە، ئەویش کە نزیك بوویەوە لێیان وتی بۆ کوێ نێردراون؟ ئەوانیش وتیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەلیدی کوڕی عوقبەی ناردبوو بۆ لات و وەلیدیش دەڵێت تۆ زەکاتت پێ نەداوەو ویستووتە بیکوژیت، حارث وتی نا سوێند بەوەی موحەممەدی بە حەق ناردووە بە هیچ جۆرێك وەلیدم نەدیوەو نەهاتووە بۆ لام، ئەوەبوو کاتێك حارث چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئامادە نەبویت زەکات بدەیت و ویستووتە نێردراوی من بکوژیت؟) ئەویش وتی نا سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەوم نەدیوەو نەهاتووە بۆ لام و منیش تەنها لەبەر ئەوە هاتم کە نێردراوی پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی خۆیدا نەهات بۆ لام و ترسام ئەوە تووڕەییەکی خواو پێغەمبەرەکەی بووبێت، ئیتر ئەوە بوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاند[1](يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18097، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3314، معرفة الصحابة لأبي نعيم

تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ، وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِنَ الأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْأَيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُولَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ، فَضْلاً مِنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ).[1]

36

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) من و زوبەیری کوڕی عەووام و میقدادی نارد و فەرمووی (انطلقوا حتى تأتوا روضة خاخ ، فإن بها ظعينة معها كتاب ، فخذوا منها)، (بڕۆن تا دەگەنە باخچەی خاخ لەوێ ئافرەتێکی لێیە کە نامەیەکی پێیە، ئەو نامەی لێ وەربگرن)، ئێمەش خێرا چووین تا گەیشتینە ئەوێ و بینیمان ئافرەتێکی لێیە، پێمان وت نامەکە دەرکە، ئەویش وتی نامەم پێ نیە، وتمان یان نامەکە دەردەکەیت یان بەرگت پێوە ناهێڵین–واتە بەزۆر خۆمان لێت دەسەنین–،[2] ئافرەتەکە وتی مەگەر ئێوە

---

الأصبهاني، الرقم 1928، قال الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 3088: إسناده صحيح وقال الحافظ ابن كثير إنه من أحسن طرق الحديث(تفسير ابن كثير ج4، ص 210)،

1 - الحجرات: 6-8.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4037، صحيح مسلم، الرقم 4654، سنن أبي داود، الرقم 2293، سنن الترمذي، الرقم 3310، صحيح ابن حبان، الرقم 6592، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11135، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17138، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 580، مسند الشافعي، الرقم 1388، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 378.

موسڵمان نین؟ چۆن شتی وا دەکەن؟ ئەوانیش وتیان با موسڵمانین، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پێداوین کە تۆ نامەیەکت پێیە، ئافرەتەکە نامەکەی لە پرچەکانی دەرهێنا،[1] بینیمان لە نامەکەدا نووسرابوو: (لە حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعەوە)، نامەکەی نووسیبوو بۆ بێباوەڕانێکی ناو مەککەو هەندێ زانیاری پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێگەیاندبوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئەی حاطیب ئەمە چیە؟) وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەلەم لێ مەکە، من لەناو قورەیشدا کەسێکی پاشکۆ و بێدەسەڵات بووم، چونکە کەسێك نەبوم لە خودی قوڕەیشیەکان، تۆ کۆچەرانێکت لەگەڵە کە خزم و کەسیان هەیە لە مەککەو ئەو خزمانەیان ژن و منداڵ و ماڵ و سامانیان دەپارێزن، منیش وتم مادەم هیچ کەس و پشتێکم نیە لەوێ، با بەمە پارێزگاری لە خۆم بکەم، ئەمەشم هەرگیز لەوەوە نەکردووە کە وازم هێنابێت لە ئایینەکەم و لە رازیبوونم نەبووە بە کوفر پاش ئەوەی خوا ئیسلامی پێ بەخشیم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (أما إنه قد صدقكم)، (ئەو راستی پێ وتن)، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێم بدە بدەم لە گەردنی ئەو دووڕووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (إنه قد شهد بدرا و ما يدريك لعل الله اطلع على من شهد بدرا فقال اعملوا ما شئتم قد غفرت لكم)، (ئەو بەشداربووی بەدرە، تۆ چووزانیت خوا ئاگادارە بە بەشداربوانی بەدر و فەرموویەتی چی دەکەن بیکەن من لێتان خۆش بوم)، ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند(يا ايها الذين امنوا لا تتخذوا عدوي وعدوكم اولياء تلقون

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 45، قال الذهبي إسناده صالح و أصله في الصحيحين.

اليهم بالمودة وقد كفروا بما جاءكم من الحق يخرجون الرسول واياكم ان تؤمنوا بالله ربكم ان كنتم خرجتم جهادا في سبيلي وابتغاء مرضاتي تسرون اليهم بالمودة وانا اعلم بما اخفيتم وما اعلنتم ومن يفعله منكم فقد ضل سواء السبيل)،[1] ئەمەش هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە بوو.[2]

37

حەججاج هاودەم بە کاروانێکی هۆزەکەی بەرەو مەککە گەڕایەوە، جا کاتێك شەو داهات ترس و بیم دایگرت، لە سەرەی پاسەوانیەکەیدا شیعری دەوت و تیایدا داوای پەنای دەکرد تا خۆی و هاوەڵانی بە سەلامەتی بگەڕێنەوە، لەو کاتەدا گوێی لە دەنگێك بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە (یا معشر الجن و الإنس إن استطعتم أن تنفذوا من أقطار السموا والأرض فانفذوا لا تنفذون إلأا بسلطن)، جا کە رۆژ بوویەوەو دواتر گەیشتنە مەککە، سەبارەت بەو ئایەتە پرسیاری کرد و وتی کەستان شتی واتان بیستووە؟ پێی وترا ئەوە بەشێکە لە قسەکانی موحەممەد کە دەڵێت بۆم دابەزیوە، حەججاج وتی ئەی

1 - الممتحنة: 1.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4037، صحيح مسلم، الرقم 4654، سنن أبي داود، الرقم 2293، سنن الترمذي، الرقم 3310، صحيح ابن حبان، الرقم 6592، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11135، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17138، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 580، مسند الشافعي، الرقم 1388، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 378.

ئێستا موحەممەد لە کوێیە؟ وترا لە مەدینەیە، خێرا بەرەو مەدینە کەوتەڕێ و بڕیاری دا موسڵمان بێت.[1]

کاتێك حەججاجی کوڕی عیلاط موسڵمان بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە مەککە ژن و منالّ و سامانم جێهێشتووە، دەبێت بچم بیانهێنم، جا ئەگەر ناچار کرام بەرامبەر بە تۆ قسە بڵێم مۆڵەتم دەدەیت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی پێدا تا چی ویست بیڵێت، ئەویش چوویەوە بۆ مەککەو بە ژنەکەی وت: چیت هەیە کۆی بکەرەوە چونکە من دەمەوێت شتێك لە سامانی فەوتاوو مەڕو ماڵاتی موحەممەد و هاوەڵانی بکڕم، چونکە ئەوان لە جەنگدا دۆڕاون و حاڵیان شڕە،[2] وا موحەممەد لەلایەن جوولەکەکانەوە بەدیل گیراوەو هاوەڵەکانیشی یان کوژراون یان بڵاوەیان لێکردووە،[3] ئەو هەواڵە لە مەککە بڵاوبوویەوەو موسڵمانەکانی مەککە پێی دڵگران بوون و بێباوەڕەکانیش پێی دڵخۆش بوون، هەواڵەکە گەیشتە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب، عەبباسیش کە ئەوەی بیست لە پێ کەوت و دۆش داما و نەیئەتوانی بجووڵێت، ئینجا عەبباس کوڕێکی هەبوو کە ناوی قوثەم بوو و زۆر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو،

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 559.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4600، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17157، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12166، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3383، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3124، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 108.

راكشا و لەسەر سنگی دابنا و شیعری دەهۆنیەوە كە تیایدا دەیوت خۆشەویستم لە پێغەمبەری خوا دەچێت:

حبي قثم حبي قثم

شبيه ذي الأنف الأشم

نبي رب ذي النعم

برغم أنف من رغم

ئینجا غولامێكی نارد بۆ لای حەججاجی كوڕی عیلاط و پێی وت ماڵوێران ئەمە چ هەواڵێك بوو هێنات؟ تۆ چی دەڵێیت؟ بەڵێنی خوا لەو هەواڵەی تۆ باشترە، حەججاجیش بە غوڵامەكەی وت: سەلامم بگەیەنە بە ئەبولفەضل و پێی بڵێ: بچێتە ماڵێكەوە تا بە تەنها بیبینم، چونكە هەواڵێكم هەیە بۆی كە دڵی خۆش دەكات، غولامەكە هاتەوە، كە گەیشتەوە بەردەرگا، وتی موژدەت لێ بێت ئەی ئەبولفەضل، عەبباسیش لە خۆشیدا خۆی بۆ فرێدا و ناوچاوانی ماچ كرد، ئەویش هەواڵی قسەكانی حەججاجی پێدا، عەبباسیش ئەو غوڵامەی ئازاد كرد، ئینجا چوو بۆ لای حەججاج و ئەویش هەواڵی دروستی پێ وت، وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەیبەری فەتح كردووەو سامانی ئەوانی بە دەستكەوت گرتووە، پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستكەوتەكاندا صەفیەی كچی حویەی بۆ خۆی هەڵبژارد و سەرپشكی كرد ئایا ئازادی بكات و ببێتە ژنی یان بچێتەوە بۆ ناو ماڵ و كەسوكاری خۆی، ئەویش پێی باش بوو ئازادی بكات و شوو بكات بە

پێغەمبەر(ﷺ)، منیش بۆیە هاتوم بۆ ئێرە تا ئەو سامان و ژن و منداڵەی لێرە هەمە بیبەم و بڕۆم، مۆڵەتیشم لە پێغەمبەر(ﷺ) وەرگرت و ئەویش مۆڵەتی دام چی پێویست بکات بیڵێم، جا تکام وایە تا سێ ڕۆژ هیچ نەڵێیت، دوای سێ ڕۆژەکە چیت پێ خۆش بوو باسی بکە، ئەوەبوو ژنەکەی حەجاج چی خشڵ و پێویستی هەبوو کۆی کردەوەو دای بە حەجاج و حەجاجیش هەموو برد لەگەڵ خۆی و کەوتەڕێ، دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژەکە عەبباس چوو بۆ لای ژنەکەی حەجاج و وتی مێردەکەت کوا؟ ئەویش هەواڵی ئەوەی پێدا کە حەجاج چووە بۆ مەدینە، ئینجا وتی خوا سەرشۆڕت نەکات ئەی ئەبولفەضل ئەوەی پێت وتین زۆر لەسەرمان قورس بوو، ئەویش وتی بەڵێ خوا سەرشۆڕم ناکات، سوپاس بۆ خواش تەنها ئەوە ڕوویداوە کە حەزمان پێ بووە، حەجاج هەواڵی پێداوم کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی و تیایدا پشکەکان جیاکراونەتەوەو پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی، جا ئەگەر پێویستیەکت هەیە بە مێردەکەت ئەوە بڕۆ و خۆت بگەیەنە پێی، ژنەکەی حەجاجیش وتی سوێند بەخوا بڕوات پێ دەکەم، ئەویش وتی من ڕاست دەڵێم و مەسەلەکە ئاوەهایە کە پێم وتیت، ئینجا عەبباس چوویەدەرەوەو چوو بۆ کۆڕی قوڕەیشیەکان و دەیبیست دەیانوت ئەی ئەبولفەضل بەس خێرت بێتەڕێ، ئەویش وتی سوپاس بۆ خوا خێرم هاتوەتەڕێ و حەجاجیش هەواڵی پێداوم کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی و تیایدا پشکەکان جیاکراونەتەوەو پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی،

حەجاج داوای لێکردم سێ رۆژ ئەو قسەی بشارمەوەو نەیڵێم، ئەو تەنها بۆ ئەوە هاتبوو چی سامانی هەیە بیبات و بڕوات، بەو هەواڵە خوای گەورە دڵتەنگی سەر موسڵمانانی هەڵگرت و دای بەسەر بێباوەڕاندا، چی موسڵمانی دڵتەنگی مەککەش هەبوون دەهاتن بۆ لای عەبباس، ئەویش هەواڵی پێدەدان و موسڵمانانیش دڵخۆش دەبوون.[1]

## 38

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت جارێك موعاذی کوڕی جەبەل پێش نوێژی بۆ هۆزەکەی دەکرد، حەرامیش هاتە ژوورەوەو دەیشیویست ئاوی دارخورماکانی بدات، بەڵام چووە مزگەوت تا پێشتر نوێژەکەی بکات، لە نوێژەکەدا دەبینی موعاذ زۆر درێژە بە نوێژەکەی دەدات – لە گێڕانەوەکەی ئەبوو نوعەیمدا هاتووە کە سوورەتی بەقەرەی دەخوێند– بۆیە حەرام کەناری گرت و خۆی نوێژەکەی تەواو کرد و چوو بۆ ئاودانی دارخورماکانی، کاتێك موعاذ نوێژەکەی تەواو کرد پێی وترا خۆ حەرام هاتە ژوورەوە، کە بینی تۆ درێژەت دا بە نوێژەکەت کەناری گرت و نوێژی خۆی کرد و چوو بۆ ئاودانی باخە خورماکەی، موعاذیش وتی دەی بە دڵنیاییەوە ئەو مونافیقە، لەپێناو خورماکانیدا پەلە

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4600، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17157، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12166، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3383، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3124، صححه شعيب الأرناؤوط.

دەكات لە نوێژدا؟! ! حەرام چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و موعاذیش لەوێ بوو، حەرام وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ویستم ئاوی باخە خورماكەم بدەم، بۆیە چوومە مزگەوت تا لەگەڵ خەڵكەكە نوێژ بكەم، بەڵام كە بینیم موعاذ نوێژەكە درێژ دەكاتەوە، من نوێژەكەم كرد و درێژم نەكردەوەو چووم بۆ ئاودانی باخە خورماكەم، كەچی موعاذ بانگەشەی ئەوەی كردووە من مونافیقم، پێغەمبەر(ﷺ) رووی وەرچەرخاند بە رووی موعاذدا و فەرمووی (أفتان أنت، أفتان أنت، لا تطول بهم، اقرأ بسبح اسم ربك الأعلى و الشمس و ضحاها)،[1] (ئەرێ تۆ پەكخەریت، ئەرێ تۆ پەكخەریت؟! نوێژەكەیان بۆ درێژ مەكەرەوە، ئەم ئایەتانەو هاوشێوەی بخوێنە سبح اسم ربك الأعلى، والشمس و ضحاها).

لە گێڕانەوەكەی بوخاریدا ناوی حەرام نەهاتووەو دەڵێت پیاوێك هات، ئینجا لە كۆتاییشەوە هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) بە موعاذی فەرموو (فلولا صليت بسبح اسم ربك والشمس وضحاها، والليل إذا يغشى، فإنه يصلي وراءك الكبير والضعيف وذو الحاجة)،[2] (با كە نوێژت كرد ئەمانەت بخوێندایە، سبح اسم ربك، والشمس و ضحاها، والليل إذا يغشى، چونكە لە دوای تۆوە كەسی بەتەمەن و لاواز و خاوەن ئیشی گرنگ هەن نوێژ دەكەن).

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12005، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11224، صححه شعيب الأرناؤوط و قال إسناده صحيح على شرط الشيخين.

2 - صحيح البخاري، الرقم 684.

لە گێڕانەوەکەی موسلیمیشدا هاتووە خەڵکەکە بە کابراکەیان وت –واتە حەرام– ئایا بویت بە مونافیق؟ ئەویش وتی سوێند بەخوا دەچم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەمەی بۆ باس ئەکەم.[1]

39

حەسەنی کوڕی عەلی ئامادەی کاتی وەفاتی ئەبووبەکری صدیق بوو، حەسەن دەڵێت کاتێك ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات بە عائیشەی وت ئەی عائیشە سەیری ئەو وشترە بکە کە لە شیرەکەیمان دەخواردەوەو ئەو تەشتەی بەکارمان دەهێنا و ئەو بەرگەی دەمانپۆشی، ئێمە کاتێك کاروباری موسڵمانانمان بەدەست بوو ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا، جا ئەگەر مردم ئەوانە ببە بۆ عومەر، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر مرد ئەو شتانەی نارد بۆ عومەر، ئەویش وتی خوا لێت رازی بێت ئەی ئەبووبەکر، ئەرکی دوای خۆتت قورس کرد.[2]

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 738.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 36.

40

کاتێك حەفصە بێوەژن کەوت، عومەری باوکی بڕیاری دا مێردێکی باش بدۆزێتەوە بۆ کچەکەی، بۆیە پێشنیازی کرد بۆ ئەبووبەکر تا بەهاوسەری بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر ڕەزامەندی دەرنەبڕی، ئینجا پێشنیازی کرد بۆ عوثمان، ئەویش ڕەزامەندی دەرنەبڕی و وتی بڕوام نیە بتوانم ئەم ماوە ژن بهێنم، عومەریش بەوە دڵتەنگ بوو و جۆرێك لە بێتاقەتی رووی تێکرد و چوو لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵای کرد کە چی روویداوە، ئەویش فەرمووی (يتزوج حفصة من هو خير من عثمان و يتزوج عثمان من هي خير من حفصة)، (کەسی باشتر لە عوثمان حەفصە بەهاوسەر دەگرێت و عوثمانیش کەسی باشتر لە حەفصە بەهاوسەر دەگرێت)، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) داوای حەفصەی کرد و بەهاوسەری گرت، دواتر کە ئەبووبەکر عومەری بینی وتی دڵت شتێك نەکات بەرامبەرم، من بیستبووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی حەفصەی دەکرد، بۆیە –ئەمەشم پێ نەوتیت– وتم با نهێنی پێغەمبەر(ﷺ) ئاشکرا نەکەم، بە دڵنیاییشەوە پێغەمبەر(ﷺ) حەفصەی بەهاوسەر نەگرتایە من داوام دەکرد و بەهاوسەرم دەگرت.[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 3802، مسند احمد بن حنبل، الرقم 4647، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7، سير أعلام النبلاء، ج2، ص 228.

41

حەفصە دەڵێت رۆژێك پێغەمبەر(ﷺ) لەماڵەوە بوو و جلەکەی خستبووە نێوان رانەکانی، ئەوەبوو ئەبووبەکر هات و داوای مۆڵەتی کرد و مۆڵەتی پێدراو هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هەروەك خۆی مایەوەو خۆی تێکنەدا، ئینجا عومەریش هات و هەمان شت روویدا، ئینجا عەلی هات و هەمان شت روویدا، ئینجا هاوەڵانێکی تر هاتن و پێغەمبەر(ﷺ) هیچ خۆی تێکنەدا و هەر لەو شێوەی خۆیدا مایەوە، ئینجا عوثمان هات و داوای مۆڵەتی کرد، مۆڵەتی پێدرا تا بێتەژوورەوە، خێرا پێغەمبەر(ﷺ) جلەکانی رێککرد، ئینجا کەوتنە قسەکردن و پاش ماوەیەك خەڵکەکە چوون، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبووبەکر و عومەری و عەلی و ئەو هاوەڵانەی تر هاتن تۆ هیچ خۆت تێکنەدا، کەچی کە عوثمان هات خێرا خۆت کۆکردەوەو جلەکانت رێککرد، ئەویش فەرمووی: (ألا أستحيي ممن تستحيي منه الملائكة)،[1] (ئایا شەرم نەکەم لە کەسێك کە فریشتە شەرمی لێ دەکات)

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 25892، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3017، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19249.

42

حەكیمی كوڕی حیزام دەڵێت جارێك داوای شتم كرد لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش پێی بەخشیم، ئینجا هەمدی داوای هی ترم لێكرد و ئەویش پێی بەخشیم، بۆ جاری سێیەمیش لێم داواكرد و هەمتر پێی بەخشیم، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم (یا حكیم، إن هذا المال خضرة حلوة، فمن أخذه بسخاوة نفس بورك له فيه، ومن أخذه بإشراف نفس لم يبارك له فيه، كالذي يأكل ولا يشبع ، اليد العليا خير من اليد السفلى)، (ئەی حەكیم ئەم ماڵ و سامانە –سەوز–جوان و شیرینە، جا هەركەس بە دەروونی سەخاوەتەوە–واتە بێ پاڕانەوەو فرت و فێڵ و بە پاكی دەستی بكەوێت– وەری بگرێت بەرەكەتی تێدەكەوێت بۆی، هەركەسیش بە چاوچنۆكیەوە وەریگبرێت ئەوە بەرەكەتی تێناكەوێت بۆی، وەك ئەو كەسەی هەر دەخوات و تێر نابێت، دەستی باڵا چاكترە لە دەستی نزم)، حەكیم دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق نادرووە دوای تۆ تا رۆژی مردنم داوا لە كەس ناكەم، ئەوەبوو كاتێك ئەبووبەكر بووبوو بە خەلیفە حەكیمی بانگ دەكرد تا مووچەو بەخششی پێبدات كەچی حەكیم ئامادە نەبوو وەریبگرێت، پاشانیش كە عومەر هات بە هەمان شێوە، عومەر ئەیوت ئەی گرۆی موسڵمانان من ئێوە بە شاهید

دەگرم بەرامبەر بە حەکیم، وا من مافەکەی خۆی دەخەمە بەردەستی و ئەویش ئامادە نیە وەریبگرێت، حەکیم بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر.[1]

## 43

حەنظەلەی کوڕی رەبیع دەڵێت جارێك ئەبووبەکر دای بە لامداو وتی ئەی حەنظەلە حاڵت چۆنە؟ وتم حەنظەلە توشی دووړوویی بووە، ئەویش وتی سوبحانەڵا ئەوە چی دەڵێیت؟ منیش وتم: کاتێك لای پێغەمبەری خواین (ﷺ) کە باسی دۆزەخ و بەهەشتمان بۆ دەکات وا دەزانین لەبەرچاومانەو بە چاوی خۆمان ئەو شتانە دەبینین، کەچی کە لای پێغەمبەر(ﷺ) دەڕۆین گەمەو بەزمی ژن و منداڵ و بژێوی ژیان سەرقاڵمان دەکات و زۆر شتمان بیر دەچێتەوە، ئەبووبەکریش وتی دەی بەخوا ئێمەش هەر واین، بۆیە لەگەڵ ئەبووبەکر چووین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەنظەلە تووشی نیفاق بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی چی بووە؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك لای تۆین کە باسی دۆزەخ و بەهەشتمان بۆ دەکەیت وا دەزانین لەبەرچاومانەو بە چاوی خۆمان ئەو شتانە دەبینین، کەچی کە لای تۆ دەڕۆین گەمەو بەزمی ژن و منداڵ و بژێوی ژیان سەرقاڵمان

1 - صحيح البخاري، الرقم 1414، صحيح ابن حبان، الرقم 3279، سنن الترمذي، الرقم 2446، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7404، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3011.

دەکات و زۆر شتمان بیر دەچێتەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی (والذي نفسي بيده إن لو تدومون على ما تكونون عندي، وفي الذكر، لصافحتكم الملائكة على فرشكم وفي طرقكم، ولكن يا حنظلة ساعة و ساعة)، (سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر لەسەر ئەو بارە بەردەوام بن کە لای منن و لە زیکر بەردەوام بن، ئەوە فریشتەکان لەسەر جێگەکانتان و لە سەرە ڕێکانتاندا تەوقەتان لەگەڵ دەکەن، بەڵام ئەی حەنظەلە ساتەو ساتە)، سێ جار ئەمەی فەرمووە.[1]

44

لە غەزای خەندەقدا حوذەیفە نێردراوی پێغەمبەر(ﷺ) بوو بۆ هەواڵ وەرگرتنی دوژمن، ئەوەتا خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت لە خەندەقدا ڕەشەباو سەرمایەکی سەخت بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ألا رجل يأتيني بخبر القوم جعله الله معي يوم القيامة)، (ئەرێ کەسێك هەیە هەواڵی دوژمنم بۆ بهێنێت تا لە ڕۆژی دواییدا خوا لەگەڵ من بیهێڵێتەوە؟) ئێمەش هەموو بێدەنگ بووین و کەسمان نەچووین، پێغەمبەر(ﷺ) دووبارە هەمان شتی دووبارە کردەوەو ئێمەش هەر بێدەنگ بووین، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ جاری سێیەم ئەوەی دووبارە کردەوەو ئێمەش هەر بێدەنگ بووین، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئەی حوذەیفە هەستە بڕۆ هەواڵی دوژمنمان بۆ بهێنە)، منیش ئیتر چارم نەما،

1 - صحيح مسلم، الرقم 5043، سنن الترمذي، الرقم 2498.

چونکە پێغەمبەر(ﷺ) بە ناوهێنان ناوی هێنام تا هەستم و بڕۆم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (بڕۆ هەواڵی دوژمنم بۆ بهێنەو مەیانورووژێنە لێم)[1] ترس و بیمێکی زۆرم هەبوو، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای بۆ کردم و فەرمووی (خوایە لە بەردەم و دواوەو راست و چەپیەوە بیپارێزیت) ئیتر سوێند بەخوا چی ترس و بیم لە دڵماد هەبوو هیچی نەما،[2] منیش چووم و زۆر بە وریایی و لەسەرخۆیی دەچووم تا چوومە ناویانەوە، ئەبووسوفیانم بینی پشتی کردبووە ئاگرەکەو پشتی گەرم دەکردەوە،[3] کەسێکی گەورەو کەڵەگەت بوو و منیش ئەوکات نەمدەزانی ئەبووسوفیانە، ئەو دەیوت دەبێت بڕۆین،[4] منیش تیرێکم خستە ناو کەوانەکەوە و ویستم بیکوژم، بەڵام فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیر کەوتەوە کە فەرمووی مەیانورووژێنە لێم، بۆیە نەمکوشت، ئەگینا بۆم بهاویشتایە بە دڵنیاییەوە دەمپێکا،[5] ئینجا چوومە نێوان دوو کەسیانەوە، کابرایەك وتی ئەمشەو هەواڵگر و شت دێن، بۆیە هەرکامتان پرسیار بکەن لەوەی پاڵ خۆتان بزانن کێیە؟ منیش خێرا بەوەی لای راستم وت

1 - صحيح مسلم، الرقم 3430، صحيح ابن حبان، الرقم 7232، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17146.

2 - مستخرج أبي عوانة، الرقم 5487.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3430، صحيح ابن حبان، الرقم 7232، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17146.

4 - مستخرج أبي عوانة، الرقم 5487.

5 - صحيح مسلم، الرقم 3430، صحيح ابن حبان، الرقم 7232، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17146.

تۆ کێیت؟ بەوەی لای چەپیشم وت تۆ کێیت؟[1] ئینجا دواتر گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و هەواڵەکانم پێدا، سەرمایەکی سەختیشم چەشتبوو، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) عەبایەکی پێبوو کە نوێژی پێوە دەکرد ئەو عەبایەی دا بەسەرمدا، خەوم لێکەوت و تا بەیانی هەڵنەسام، کە بەیانی هەستام پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (هەستە خەواڵوو).[2]

## 45

خالیدی کوڕی وەلید دەڵێت: کاتێك خوای گەورە خێری هێنایە رێم و ئیسلامی خستە دڵمەوە و ژیری پێ بەخشیم، خۆم بە خۆمم دەوت خۆ من چی جەنگی دژ بە موحەممەد هەیە بینیم، چی جاریش چووبم کە گەڕاومەتەوە دەروونم پێی وتوم ئەو کارو شوێنە هی من نیە، موحەممەدیش بەمزوانە سەردەکەوێت، ئەوەبوو کە پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو حودەیبیە هات بە سوارەی بێباوەڕانەوە دەرچووم و لە ناوچەی عوسفان رێم پێگرت، دواتر کە قوڕەیش رێککەوتن لەگەڵی وتم ئیتر بۆ کوێ بچم؟ بۆ لای نەجاشی کە ئەوانەی چوون بۆ لای نەجاشی لەوێ پارێزراون و خۆیشی بوەتە شوێنکەوتەی موحەممەد؟ یان بچم بۆ لای هیرەقل و واز لە ئایینی خۆم بهێنم و ببم بە نەصرانی و

---

1 - مستخرج أبي عوانة، الرقم 5487.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3430، صحيح ابن حبان، الرقم 7232، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17146.

جوولەکە و شوێن عەجەم بکەوم، یان وەك ئەو خەڵکەی تر لە ماڵی خۆم بمێنمەوە، ئەوەبوو لە ماڵی خۆم مامەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عومرە هاتە مەککەو منیش چوومەدەرەوە، وەلیدی براشم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هاتبوو بۆ مەککە و بەدوامدا گەڕابوو، بەڵام منی بەدینەکردبوو، بۆیە نامەیەکی بۆ نووسیبووم و تیایدا نووسیبووی (زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت چۆن ئیسلام هەڵنابژێریت... پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکردم کوا خالید؟ منیش وتم خوا بیهێنێت، ئەویش فەرمووی: کەسی وەك ئەو هی ئەوە نیە بێئاگا بێت لە ئیسلام و ئەگەر ئەو بەهێزی و توانایەی لەگەڵ موسڵمانان دژ بە بێباوەڕان بەکاربهێنایە باشتر بوو بۆی و بە دڵنیاییشەوە پێش کەسانی ترمان دەخست) دەی براکەم فریا کەوە چەند دواکەوتووی قەرەبووی بکەرەوە)، خالید دەڵێت: کە نامەکەم خوێندەوە گوڕ و تین گرتمی تا بەرە وئیسلام بچم، ئینجا شەوەکەی خەوم بینی لە ناوچەیەکی وشك و رووتەنی تەنگەلاندا بووم و چووم بەرەو خاکێکی سەوزایی بەرفراوان، کە چوومە مەدینە باسم کرد بۆ ئەبووبەکر، ئەویش وتی وشکەلانە تەنگەلانەکە بێباوەڕیەکەت بوو، سەوزاییە بەرفراوانەکەش موسڵمان بوونەکەتە،...ئینجا کە ویستم بچم بۆ مەدینە صەفوانی کوڕی ئومەییەم بینی و وتم ئەی ئەبوو وەهب وانازایت ئێمە لە هەڵەداین، وا موحەممەد سەرکەوت بەسەر عەرەب و عەجەمدا، با بچین بۆ لای و شوێنی بکەوین، گەورەیی ئەو بۆ ئێمەشە، بەڵام ئەو زۆر بە سەختی بەرپەرچی دامەوەو وتی ئەگەر تەنها من مابم شوێنی بکەوم شوێنی ناکەوم، منیش

جێمهێشت و وتم ئەم کابرایە لە بەدردا براکەی کوژراوە، بۆیە وایە، ئینجا رێم کەوتە عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهل و چیم بە صەفوان وتبوو بەویشم وت، ئەویش هەمان وەڵامی صەفوانی پێ وتم، منیش وتم دەی ئەم قسانەم لای کەس باس مەکە، چوومەوەماڵەوەو فەرمانم کرد سوارەکەم ئامادە کرا و دەرچووم تا گەیشتم بە عوثمانی کوڕی طەلحە، وتم ئەمەیان هاوڕێمە، مەسەلەکەم بۆ باس کرد و ئەویش ئامادەبوو بێت، وتم ئەم ئێوارە دەمەوێت دەربچم، ئەوەبوو بۆ بەرەبەیان چووین، ... لە رێدا عەمری کوڕی عاصمان بینی، ئەویش هاتبوو تا موسڵمان بێت، ئەوەبوو لە مانگی صەفەری ساڵی هەشتی کۆچیدا گەیشتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

46

رۆژێك خالید لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو، عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بڕێك دەستکەوتی لە یەمەنەوە ناردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دابەشی کرد لە نێوان چوار کەسدا، ئینجا کابرایەك لەوێ بوو وتی ئێمە لەو کەسانە شیاوتر بووین وەری بگرین، ئەم قسەیە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمووی: (ئایا لێم دڵنیانین لە کاتێکدا من ئەمینی ئەوەم کە لە ئاسمانە، بەیانی و ئێوارە هەواڵی ئاسمانم بۆ دێنێ)، کابرایەك لەوێ بوو هەستا و وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەخوا بترسە، ئەویش فەرمووی: (ویلك، أولست أحق أهل الأرض أن

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 474-476، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 238-239.

يتقي الله)، (قوڕ بەسەر، مەگەر من شیاوترین کەسی سەر زەوی نیم بۆ ئەوەی لە خوا بترسم)، ئینجا کابرا پشتی هەڵکرد و چوو، خالیدی کوڕی وەلید وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) با بدەم لە گەردنی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نا، لەوانەیە نوێژ بکات)، خالید وتی جا چەند کەس هەیە نوێژ دەکات و ئەوەی بە زمانی دەیلێت لە دڵیدا نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إني لم أومر أن أنقب عن قلوب الناس و لا أشق بطونهم)، (من فەرمانم پێ نەکراوە پشکنین بکەم بۆ ناو دڵی خەڵکو سکیان هەڵدڕم)، پاشان فەرمووی: (إنه يخرج من ضئضئ هذا قوم يتلون كتاب الله رطبا، لا يجاوز حناجرهم، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية)،[1] (لە پشت و وەچەی ئەم کابرایەوە خەڵکانێ دێن کە زۆر بە جوانی و ئاسانی قورئان دەخوێننەوە، بەڵام لە قوڕگیان تێپەڕ ناکات، وەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێت ئاوا لە دین دەردەچن).

1 - صحيح البخاري، الرقم 4103، صحيح مسلم، الرقم 1827.

47

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: جارێك خوەیلەی کچی حەکیم هاتەژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بینی شێوەیەکی شپرز و شێواوی هەیە، بە عائیشەی فەرموو ئەوە بۆ وایە؟ عائیشە وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ژنە مێردی نیە، چونکە مێردەکەی بە ڕۆژ ڕۆژوو دەگرێت و بە شەویش شەونوێژ دەکات، دەستی لە خۆی شتووەو خۆی وێران کردووە،[1] پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێن عوثمانی کوڕی مەظعووندا‌و ئەویش هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی عوثمان پشتت کردوەتە سوننەتم؟) عوثمان وتی نەبەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ( بەڵکو بە شوێن سوننەتی تۆدا هەنگاو دەنێم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فإني أنام وأصلي وأصوم وأفطر، وأنكح النساء، فاتق الله يا عثمان، فإن لأهلك عليك حقا، وإن لضيفك عليك حقا، وإن لنفسك عليك حقا، فصم وأفطر وصل ونم)،[2] (دەی من دەخەوم و نوێژیش دەکەم، ڕۆژوو دەگرم و بەربانگیش دەکەمەوە، ژن بەهاوسەر دەگرم، دەی ئەی عوثمان لەخوا بترسە چونکە ژن و منداڵت مافیان هەیە بەسەرتەوەو میوانت ماف هەیە بەسەرتەوەو جەستەشت ماف هەیە بەسەرتەوە، دەی ڕۆژوو بگرەو ڕۆژووش بشکێنە، نوێژ بکەو بشخەوە).

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25733، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25733،حسنة شعيب الأرناؤوط، سنن أبي داود، الرقم 1175، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1369.

48

خەوواتی کوڕی جوبەیر دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە مەڕوظەهران بووم، ئینجا لە خەیمەکەی خۆم هاتمە دەرەوە دەبینم بڕێك ئافرەت قسە ئەکەن، منیش کەیفم هات بە وەزعەکە، بۆیە چوومەوە ناو چادرەکەم و جلە جوانەکانم پۆشی و هاتمەوە لەگەڵ ئافرەتەکان دانیشتم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خێوەتەکەی هاتە دەرەوەو و پێی فەرمووم (ئەی ئەبوو عەبدولا ئەوە بۆ چ شتێك لەگەڵ ئەو ئافرەتانە دانیشتویت؟) منیش کە پغەمبەرم (ﷺ) بینی سام دایگرتم و قسەم لێ شێوا و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وشترێکم دەرچوو و منیش ویستم گوریسێکم دەست بکەوێت تا بچم وشترەکەمی پێ بهێنمەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) عەباکەی خۆی بۆ فرێدام و چوو تارەتی گرت و دەستنوێژی گرت و هاتەوە، ئاو لە ریشیەوە دەچۆڕایە سەر سنگی، ئینجا فەرمووی ئەی ئەبووعەبدولا وشترەکەت چی لێهات؟ ئیتر کەوتینە رێ، لەو ڕێیەدا هەرکات پێم دەگەیشت دەیفەرموو ئەی ئەبوو عەبدولا وشترە راکردوەکەت چی لێهات؟ منیش بەوە شەرمەزار دەبووم و هەوڵم دەدا زوو بگەمەوە مەدینە، ئیتر رووم نەبو وبچمە مزگەوت و کۆڕی پێغەمبەر (ﷺ)، ماوەیەکی زۆر وا بووم، ئیتر جارێك کە زانیم مزگەوت چۆڵە دەرفەتم قۆستەوەو چوومە مزگەوت و نوێژم کرد، لە نوێژدا بووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە مزگەوت، دوو رکاتی کورت نوێژی کرد، منیش هەر نوێژەکەم درێژ ئەکردەوە بەو هیوایەی پێغەمبەر (ﷺ) بڕوات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سەلامت لێ

بێت ئەبوو عەبدولا وشترە راکردووەکەت چی بەسەرهات؟) منیش وتم سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەو وشترەم تا ئێستا بۆ تاکە جارێکیش راینەکردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (رەحمەتی خوات لێ بێت) سێ جار ئەوەی فەرموو، ئیتر دوای ئەوە ئەو پرسیارەی لێ نەدەکردم.[1]

جا لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە خەووات دەڵێت: جارێك نوێژم ئەکرد و نوێژەکەم درێژ ئەکردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (نوێژەکەت درێژ مەکەرەوە، ئیشمان پێتە)،[2] پێدەچێت لە هەمان رووداودا بووبێت کاتێك خەووات نوێژەکەی درێژ کردوەتەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) بڕوات.

49

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کەناری گرت لە ژنەکانی، چووم بۆ لای حەفصەو وتم پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کوێیە؟ وتی لە ژوورە بچووکەکەیدایە، منیش چوومە ژوورەوە، دەبینم رەباحی خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ) لەوێیە و لەبەردەرگای ژوورەکە دانیشتووە، هەردوو قاچی لەسەر قەدی دارخورمایەکی بڕاو رووەو خوار شۆڕ کردبوویەوە، ئەو دارخورمایە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوویە سەری و دادەبەزی، منیش وتم ئەی رەباح لای

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4035، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2258،

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4039.

پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتم بۆ وەربگرە، رەباحیش سەیرێکی ژوورەکەی کرد و دواتر تەماشای منی کرد و هیچی نەوت، منیش دووبارە وتم ئەی رەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتێکم بۆ وەربگرە، هەمتر رەباح سەیرێکی ژوورەکەی کرد و تەماشایەکی منی کردەوەو هیچ نەوت، ئەمجار بە دەنگی بەرز پێم وت ئەی رەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتێکم بۆ وەربگرە، چونکە وادەزانم پێغەمبەری خوا (ﷺ) وایزانیبێت من لەبەر حەفصە هاتوم، بەخوا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانم پێ کبات بدەم لە گەردنی حەفصەدەدەم لە گەردنی، لەگەڵ قسەکانیشمدا دەنگم بەرز دەکردەوە، ئەویش ئاماژەیەکی پێدام سەرکەوەمنیش چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) بینیم لەسەر حەسیرێك راکشابوو، چووم و دانیشتم، دەمبینی حەسیرەکە بەسەر جەستەیەوە شوێنەواری جێهێشتبوو، سەیرم کرد کۆگاکەی تەنها نزیکەی مشتێ گەنمی تێدابوو لەگەڵ دارگەلایەك کە بۆ خۆشە بەکاردەهات و کونەیەك لەولاوە هەڵواسرابوو، ئیتر چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەی کوڕی خەططاب بۆچی دەگریت؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن نەگریم کە دەبینم حەسیرەکە شوێنەواری لەسەر جەستەت جێهێشتووەو ئەوەش کۆگاکەتە دەبینم هیچی تێدا نیە، لەولاشەوە قەیسەرو کیسرا دەبینم چیان هەیە، تۆش پێغەمبەر و هەڵبژێردراوی خوایت و ئەوەش

کۆگاکەتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی کوڕی خەططاب ئایا رازی نیت رۆژی دوایی بۆ ئێمە بێت و دنیاش بۆ ئەوان بێت؟) وتم بەڵێ رازیم.[1]

## 50

رەبیعەی کوڕی کەعب دەڵێت: من خزمەتی پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەکرد و بە رۆژ لە خزمەتیدا دەبوم تا نوێژی عیشای دەکرد، دوای ئەوە لەبەر دەرگای ماڵی دادەنیشتم تا دەچوویەوە ماڵەوە، دەموت خۆزگە جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پێویستیەکی هەبوایە و بۆم بکردایە، بەردەوام دەمبیست پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(سبحان الله، سبحان الله، سبحان الله و بحمده)، هێندە ئەوەی دەفەرموو تا منیش ماندوو دەبووم و دەگەڕامەوە، یان خەو زۆری دەهێنا بۆ چاوەکانم و رادەکشام، جارێك کە بینی من هێندە لە خزمەتیدام فەرمووی: (ئەری رەبیعە چیت دەوێت لێم داوابکە تا پێت ببەخشم)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) با بیرێکی لێ بکەمەوە و دواتر وەڵامت دەدەمەوە چیم دەوێت، ئینجا لای خۆمەوە بیرم لێکردەوە وتم ئەم دنیایە زوو کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە و لەم دنیایەشدا هێندە هەیە بەشم بکات، بۆیە داواکاریەکەم لە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ رۆژی دوایی تایبەت دەکەم، چوومەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش فەرمووی (ئەی رەبیعە چیت کرد؟) وتم

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 2782، صحيح ابن حبان، الرقم 4249، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 153.

بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوات لێدەکەم لای پەروەردگارت شەفاعەتم بۆ بکەیت تا لە دۆزەخ بمپارێزێت، ئەویش فەرمووی (ئەی رەبیعە کێ فەرمانی پێکردیت ئەو داوایە بکەیت؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە کەس فەرمانی ئەوەی پێ نەکردم، بەڵام کاتێك تۆ فەرمووت چیت دەوێت لێم داوا بکەو زانیم تۆ لای خوا چ پایەیەکت هەیە و بیرم لە باری خۆم کردەوەو زانیم دنیا کاتیەو دەبڕێتەوەو لەم دنیایەدا بەشی پێویست رۆزیم پێ دراوە، وتم داوای رۆژی دوایی لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، دواتر فەرمووی: (إني فاعل فأعني على نفسك بكثرة السجود)،[1] (من ئەوە دەکەم، دەی تۆیش بە سوجدەی زۆر بردن یارمەتیم بدە بۆ داواکەت).

## 51

رەبیعەی کوڕی کەعب دەڵێت: من خزمەتی پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەکرد، رۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم ئەی رەبیعە ئەرێ ژن ناهێنیت؟ منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نا بەخوا نامەوێت ژن بهێنم، من هیچم نیە تا ژنی پێ بهێنم، حەزیش ناکەم کەس سەرقاڵم بکات تا دوورم بخاتەوە لە تۆ، پێغەمبەریش (ﷺ) وازی لێ هێنام، دوای ماوەیەکی تر فەرمووی: ئەی رەبیعە ئەرێ ژن ناهێنیت؟ منیش وتم نا بەخوا نامەوێت ژن بهێنم، من هیچم نیە

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16260، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4439، حسنه شعيب الأرناؤوط.

تا ژنی پێ بهێنم، حەزیش ناکەم کەس سەرقاڵم بکات تا دوورم بخاتەوە لە تۆ، هەمدی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وازی لێ هێنام، منیش دواتر کەوتمە بەخۆداچوونەوەو وتم بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ لە خۆم زاناتریت چی بۆ دنیا و قیامەتم باشە، ئینجا لە دەروونی خۆمدا دەموت ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم جارە پرسیارم لێ بکات دەڵێم بەڵێ، ئەوەبوو بۆ جاری سێیەم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی رەبیعە ئایا ژن ناهێنیت؟ وتم با ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چۆنت پێ خۆشە وا فەرمانم پێ بکە، ئەویش فەرمووی: (برۆ بۆ لای فلانە دەستەی پشتیوانان و پێیان بڵێ پێغەمبەر (ﷺ) سەلامتان لێ دەکات و فەرمانتان پێ دەکات فلانە ئافرەت مارە بکەن لە رەبیعە)، منیش چووم و ئەوەم پێ وتن، ئەوانیش وتیان مەرحەبا لە پێغەمبەر (ﷺ) و نێردراوەکەشی، بەخوا دەبێت نێردراوەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بە داواکەیەوە بگەڕێتەوە، رێزێکی زۆریان لێ گرتم و ئافرەتەکەشیان لێ مارە کردم و نەرمی و سۆزێکی زۆریان لەگەڵ نواندم، داوای هیچ بەڵگەیەکیشیان لێ نەکردم، منیش بە دڵتەنگیەوە گەڕامەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیتە؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووم بۆ لای خەڵکانێکی زۆر بەڕێز و بەخشندەو ئافرەتەکەیان لێ مارە کردم و ڕێزیان لێ گرتم و نەرمییان لەگەڵ نواندم و داوای هیچ بەڵگەیەکیان لێ نەکردم، ئەی مارەیی لە کوێ بهێنم؟ پێغەمبەریش (ﷺ) بە بورەیدەی فەرموو ئەی بورەیدە هێندێ زێڕی بۆ کۆبکەنەوە، پاشان وتم ئەی نانی شاییەکە لە کوێ بێنم؟ پێغەمبەر (ﷺ)

فەرمووی: ئەی بورەیدە مەڕێکیشی بۆ ئامادە بکەن، ئەوەبوو بەرانێکی قەڵەویان بۆ هێنام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: برۆ بۆ لای عائیشەو پێی بڵێ (سەیرێکی سەتڵ–ئەوەی خواردنی تێدا هەڵدەگیرا ـ بکەو بینێرە) منیش چووم بۆ لای عائیشەو پێم وت، ئەویش پێی دام، نزیکەی سی مشتێك گەنمی تێدا بوو، عائیشە وتی بەخوا ئەوە هەموو خواردنی ناوماڵمان بوو، منیش بردمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (ئەوانە بەرە بۆیان ـ بۆ ماڵ خەزوورانی ـ و بڵێ بەمە نانێ ئامادە بکەن)، منیش ئەوەو بەرانەکەم برد، ئەوانیش خواردنەکەیان وەرگرت و وتیان ئێوە بەرانەکە لای خۆتان بێت، ئینجا خەڵکێ لە ئەسلەمیەکان هاتن و بەرانەکەیان سەربڕی و ئامادەیان کرد و لێیان نا، ئیتر نان و گۆشت ئامادە بوو و منیش خوانەکەم دەست پێکرد و پێغەمبەری خواشم (ﷺ) بانگهێشت کرد،[1]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2674، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16258، مسند الطيالسي، الرقم 1254.

52

قەتادەی کوڕی نوعمان دەڵێت: ماڵێك هەبوون ناسرابوون بە بەنو ئوبەیرق، بەنی ئوبەیرق بریتی بوون لە بیشر و بەشیر و موبەشیر، بەشیر کەسێکی دووڕوو بوو و شیعری دژ بە هاوەڵان دەوت و دواتر شیعرەکەی دەدایەوە پاڵ کەسێکی تر، زۆر دەستڕۆیش نەبوون و هەژار بوون، ...رەفاعەی کوڕی زەید کە مامی قەتادە بوو لە کاروانێکی شام بڕێ خواردنی کڕی و لەناو گۆزەیەکدا دایناو بڕێ چەکیشی لەگەڵدا بوو، شەو خواردنو چەکەکان برابوون، بۆ بەیانی رفاعە هاتو و وتی برازاکەم ئەمشەو شتەکانمان براون، دوای پرسیارکردن وتیان بینیمان ئەمشەو بەنی ئوبەیرق ئاگریان کردبوویەوەو وادەزانین خواردنەکەی ئێوەیان بردبوو، بەنوئوبەیرق وتیان بەخوا ئێمە لوبەیدی کوڕی سەهل شك ئەبەین کە پیاوچاك و ئیماندار بێت، با مەسەلەکە ببەینەوە لای ئەو، چونکە گومان بەو نابرێت، لوبەید کە ئەوەی بیست شمشێری هەڵکردو وتی من دزی بکەم؟ بەخوا دەبێت ئەو دزە دەربکەوێت یان ئەم شمشێرە خوێنتان تێکەڵ دەکات، ئەوانیش بێباکی خۆیان نیشان دا، دواتر رفاعە بە قەتادەی وت برازا بڕۆ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش چوو و بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە کە دزی لە رەفاعەی مامی کراوە، وتی ئەی پێغەمبەری خوا گوێمان لە خواردنەکە نیە، بەڵام با چەکەکانمان بۆ بگێڕنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فەرمان دەکەم بەوە، کاتێ بەنو ئوبەیرق ئەوەیان بیست چوون بۆ لای کەسێك کە ناسرابوو بە ئوسەیدی کوڕی عوروە (ئوسەیری

کوڕی عوروە)، لەوبارەیەوە قسەیان لەگەڵ کرد و چەند کەسێ لەسەر ئەوە ڕێککەوتن و چوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا قەتادە و رفاعەی مامی کەسێکی ئێمەیان تۆمەتبار کردووە کە پیاوچاک و باوەڕدارەو بێ بەڵگە تۆمەتی دزی دەدەنە پاڵ، قەتادە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش پێی فەرموو رووت کردوەتە کەسیانێ کە باسی چاکەو باوەڕدارییان دەکرێت، تۆمەتی دزییان دەدەیتە پاڵ بێ هیچ بەڵگەیەك، قەتادە گەڕایەوەو وتی خۆزگە بڕێ لە سامانم بفەوتایە بەڵام لای پێغەمبەر (ﷺ) قسەم نەکردایە، رەفاعەی مامی هات و وتی برازا چیت کرد، ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، رفاعە وتی خواپشت و پەنایە، ئەوەبوو هێندەی نەبرد ئایەت دابەزی (إنا أنزلنا إليك الكتاب بالحق لتحكم بين الناس بما أراك الله ولا تكن للخائنين خصيما....)، دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) چەکەکەی لەوانە سەندەوەو گەڕاندیەوە بۆ رفاعە.[1]

1 - تفسير ابن كثير: ج1، ص553، سنن الترمذي، الرقم 3045، المستدرك على الصحيحين، الرقم 8235، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15756، تأريخ المدينة لابن شبة، الرقم 715، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3036.

53

ڕیفاعەی کوڕی زەید خزمەتکارێکی پێشکەشی پێغەمبەر (ﷺ) کرد، کۆیلەیەکی ڕەش بوو کە پێی دەوترا میدعەم، ئەو جلەوی وڵاخەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەگرت، لە سەروبەندی غەزای خەیبەردا کە گەیشتنە وادیلقورا و گەیشتنە لای جوولەکە، میدعەم بارو شمەکەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) داگرت،[1] لەو کاتەدا تیرێکی وێڵ هات و میدعەمی کوشت، هەموان وتیان خۆزگە بە خۆی بەهەشتی بەدەست هێنا، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نەخێر سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئێستا بەرگەکەی بەری لە دۆزەخدا پێوەیەوە دەسووتێت چونکە لە دەستکەوتی موسڵمانان لە ڕۆژی خەیبەردا ناپاکی نواند.[2]

54

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: پیاوێکی لادێکانی دەوروبەری مەدینە کە پێی دەوترا زاهیری کوڕی حەرام دیاری بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەهێنا، پێغەمبەریش (ﷺ) کە بیویستایە بچێتە دەرەوە ئامادەکاری بۆ دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (إن زاهر بادينا و نحن حاضروه)، (زاهیر کاری دەرەوەی شاری ئێمە دەکات و ئێمەش کاری ناوشاری دەکەین)، جارێ پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای زاهیر، لەو کاتەدا زاهیر شمەکەکانی دەفرۆشت،

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1616.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4292، صححه الذهبي في التلخيص و قال على شرط مسلم.

پێغەمبەر (ﷺ) لە پشتەوە دەستی لە مل کرد و چاوەکانی گرت، زاهیر وتی بەرمبدە، ئەوە کێیە؟ لایکردەوە، کە زانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) پشتی خۆی دەنووسان بە سنگی پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو:(کێ ئەم کۆیلەیە دەکڕێت؟) زاهیریش دەیوت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە بە کەمنرخم دادەنێیت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو:(بەڵام تۆ لای خوا کەمنرخ نیت)، یان دەیفەرموو: (بەڵکو تۆ لای خوا گرانبەهایت).[1]

55

لە غەزای خەندەقدا زەید کە تەمەنی نزیکەی پانزە ساڵ دەبوو بەشداری کرد، زەید لەگەڵ موسڵماناندا باری خۆڵی لە کۆڵ دەنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەو هەرزەکارێکی زۆر چاکە)، چاوەکانی ماندوو بوون و کەمێك راکشاو خەوەنووچکە بردیەوە، عومارەی کوڕی حەزم هات و چەکەکەی ئەوی برد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا أبارقاد نمت حتى ذهب سلاحك)، (ئەی خەوخۆش هێندە خەوتیت تا چەکەکەیان بردیت)، ئینجا فەرمووی کێ ئەزانێ چەکی ئەم هەرزەکارە لەکوێیە؟ عومارەی کوڕی حەزم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بردم، ئینجا بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هۆشیاری دا لەوەی هیچ باوەڕدارێك بترسێنرێت و وەك گاڵتەوگەپ شمەکی ببرێت.[2]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 5869، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12399، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3360، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19689، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5770.

56

جارێك عەبدوڵای كوڕی عومەر داوای لە عومەری باوكی كرد تا داوای كچەكەی صالحی كوڕی نەححامی بۆ بكات، عومەر وتی ئەو بڕێ هەتیوی هەیەو تا ئەوانە وەستابن كچەكەی نادات بە ئێمە، بۆیە عەبدوڵا چوو بۆ لای زەیدی مامی و وتی مامە داوای كچی فڵانەكەسم بۆ بكە، زەیدیش چوو بۆ لای صاڵەح و وتی عەبدوڵای كوڕی عومەر منی ناردووە بۆ داوای كچەكەت، ئەویش وتی من بڕێ هەتیوم هەیەو ئامادە نیم كچەكەم بدەم بە ئێوەو برازاكانی خۆم لەولا وەستابن، بەڵام دایكی كچەكە حەزی دەكرد كچەكەی بۆ عەبدوڵا بێت، چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبدوڵای كوڕی عومەر هاتووەتە داوای كچەكەم، كەچی باوكی كچەكەی داوە بە هەتیوێك كە لایەتی و بەخێوی دەكات، هێشتا رای كچەكەشی وەرنەگرتووە، پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێن صالحدا و فەرمووی: (ئەرێ بێ ئەوەی رای كچەكەت وەربگریت داوتە بە شوو؟) وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (أشيروا على النساء في أنفسهن و هي بكر)،[1] (رای كچەكانتان سەبارەت بە خۆیان وەربگرن).

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5542، حسنه شعيب الأرناؤوط.

57

کاتێك زەینەبی کچی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتەڕێ بۆ کۆچەکەی لەگەڵ کینانیەکان چوو، خێرا کۆمەڵێك کەوتنە شوێنی تا ئازاری بدەن، لەوانە هەبباری کوڕی ئەسوەد بوو کە ئەو هەڵوێستەی نواند، ئەوکات زەینەب سکی هەبوو، بەو کەوتنەی سکەکەی خست و خوێنیشی لێ ڕۆیشت، لەسەرئەوە هاشمی و ئومەویەکان کەوتنە دەمەبۆڵەو هەرکام دەیانوت ئێمە نزیکترین لێیەوە، ئەوەبوو زەینەب برایەوە بۆ لای هیندی کچی عوتبە، هیند پێی دەوت هەموو ئەم بەزمانە لەبەر باوکتە، پێغەمبەر (ﷺ)زەیدی کوڕی حارثەی نارد بە شوێنیدا و فەرمووی: (دەتوانیت بچیت زەینەبم بۆ بهێنیت؟)، ئەویش وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خاتەمەکەم ببە، زەید چوو و بە وشترەکەیەوە نزیك بوویەوە تا گەیشت بە شوانێك، وتی شوانەی کێیت؟ ئەویش وتی هی ئەبولعاصم، وتی ئەی ئەو مەڕانە هی کێن؟ وتی هی زەینەبی کچی موحەممەدن، زەید لەگەڵیدا چوو، دواتر بە شوانەکەی وت ئەگەر شتێکت بدەمێ دەیگەیەنیتە دەستی زەینەب بەلام لای کەس باسی نەکەیت؟ وتی بەڵێ، زەید خاتەمەکەی پێدا، کابرای شوانە چوویەوەو مەڕەکانی کردەوە شوێنی خۆیان و خاتەمەکەی دا بە زەینەب، زەینەبیش خاتەمەکەی ناسیەوەو وتی کێ ئەمەی پێدایت؟ شوانەکە وتی کابرایەك، زەینەب وتی ئەی لەکوێ جێتهیشت؟ وتی لە فلانە شوێن، زەینەبیش بێدەنگ بوو تا شەو هات، ئینجا چوو بۆ لای زەید، کە گەیشتە لای زەید، زەید وتی (سەرکەوە لەپێش

منەوە دابنیشە)، زەینەب وتی نەخێر تۆ سەرکەوەو لەپێش منەوە دابنیشە، زەینەب لە دواوەو زەید لە پێشیەوە بەسەر وشترەکەوە چوونەوە بەرەو مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەمە چاکترین کچمە کە لەبەر من تووشی نارەحەتی بوو).[1]

58

زەیدی کوڕی سەعنە دەڵێت: کاتێك سەیری موحەممەدم کرد، چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە نەبێت، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، منیش نەرمیم لەگەڵ دەنواند و خۆم لێ نزیك دەکردەوە بۆ ئەوەی تێ:ەڵی بکەم و بزانم ئەو نیشانەی تێدایە، ئەوەبوو جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ژوورەکەی دەرچوو و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشی لەگەڵدا بوو، کابرایەکی دەشتەکی هات بۆ لای و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵکی فلانە گوند موسڵمان بوون و منیش وتوومە ئەگەر موسڵمان بن بەردەوام رۆزییان بۆ دێت، کەچی لەو کاتەوەی موسڵمان بوون قات و قڕی و نەبوونی رووی تێکردون و باران نابارێت بۆیان، منیش ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەترسم بەو بۆنەیەوە واز لە ئیسلام بهێنن، بەڵکو کەسێك بنێریت فریایان

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2744، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18858، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3071.

بکەوێت، پێغەمبەریش (ﷺ) تەماشای کابرایەکی کرد کە لەوێدا بوو وابزانم عومەر بوو، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ شتێکی لێ نەماوە، منیش لێی نزیك بوومەوەو وتم ئەی موحەممەد پێت چۆنە بڕێ خورمای باخی فلانە کەسم لێ بکڕیت تا فلانە ڕۆژ ئینجا بەهاکەی وەرگرم لێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نا ئەی کابرای جوولەکە، من بڕێ خورمای دیاریکراوت لێ دەکڕم تا فلانە کات و ناوی باخی فلانە کەس نابەم)، منیش وتم باشە، پێغەمبەر (ﷺ) خورماکەی لێ کڕیم و ناردی بۆ ئەو خەڵکەو فەرمووی (خێرا بڕۆ بۆ لایان و بەوە فریایان بکەوە)، هێشتا چەند ڕۆژێك مابوو بۆ ماوەکە، دوو یان سێ ڕۆژ مابوو، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەسپەردەکردنی تەرمی کابرایەکی پشتیوانی هاودەم بە ئەبووبەکرو عومەر و عوثمان ودەستەیەکی تر لە هاوەڵانی دەرچوو، دوای ئەوەی نوێژی لەسەر تەرمەکە کرد، لە دیوارێك نزیك بوویەوەو پاڵی پێوەدایەوە، منیش جلەکانم کۆکردەوەو بە دەموچاوێکی گرژەوە تەماشام دەکرد، دواتر وتم ئەی موحەممەد ئەرێ مافەکەی خۆمم نادەیتەوە؟ من پێشتر تێکەڵی بنەماڵەی ئێوەم کردووەو نەمدیوە ئاوا دەستخەڕۆی کەس بکەن، ئینجا تەماشای عومەری کوڕی خەتتابم کرد بینیم چاوەکانی پڕ بون لە فرمێسك و فرمێسك بەسەر کوڵمیەوەیەتی، بە خیسەیەکەوە تەماشای کردم و وتی ئەی دوژمنی خوا چۆن قسەی وا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێیت؟ سوێند بەوەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بە حەق ناردووە ئەگەر لەبەر ئەو نەبوایە بەم شمشێرەم دەمدا لە گەردنت، پێغەمبەریش (ﷺ) بە هێوری تەماشایەکی

عومەری کرد و فەرمووی: (إنا كنا أحوج إلى غير هذا منك يا عمر، أن تأمرني بحسن الأداء، وتأمره بحسن التباعة، اذهب به يا عمر فاقضه حقه، وزده عشرين صاعا من غيره مكان ما رعته)، (ئەی عومەر ئێمە پێویستمان بە هەڵوێستی تری تۆ هەیە، دەبێت فەرمانم پێبکەیت چاك قەرزەکەم بدەمەوەو فەرمان بەویش بکەیت بە جوانی داوای قەرزەکەی بکاتەوە، ئەی عومەر بیبە و مافەکەی بدەرەوە و بیست صاعیش زیاد لەوەی بدەریێ لەبەرامبەر ئەوەی وا ترساندت)، ئینجا عومەر منی برد و قەرزەکەی دامەوەو بیست صاعیش زیادەی پێدام، منیش وتم ئەو زیادەیە چیە؟ وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم تا بەرامبەر بەوەی تۆم ترساند ئەم زیادەت بدەمێ، منیش وتم ئەی عومەر من دەناسیت؟ وتی نا، تۆ کێیت؟ وتم من زەیدی کوڕی سەعنەم، وتی زانا جوولەکەکە؟ وتم بەڵێ، وتی ئە بۆچی وات وت بە پێغەمبەر (ﷺ) و وا لەگەڵیدا هەڵوێستت نواند؟ وتم ئەی عومەر من چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە مابوو، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، بۆیە بۆ ئەو دوانە هەوڵمدا تا بزانم ئەوانەشی هەیە؟ دەی عومەر تۆ بەشایەت دەگرم وا من رازیم خوا پەروەردگارمەو ئیسلام ئایینمەو موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە، بەشایەتت دەگرم نیوەی سامانەکەم دەکەم بە خێر بۆ ئوممەتی موحەممەد(ﷺ)، عومەر وتی بڵێ بۆ بەشێك لەو ئوممەتە چونکە فریای هەموو

ئەو ئوممەتە ناکەویت، منیش وتم بەشێك لەم ئوممەتە، ئینجا عومەر و زەید پێکەوە گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر خوا (ﷺ) و زەید لە خزمەتیدا شایەتومانی هێنا، ئیتر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو و بەشداری چەندین غەزای کرد، دواجار لە غەزای تەبووکدا لە ڕێی هاتنەوەیاندا کۆچی دوایی کرد.[1]

پەندو وانە

بەراستی کاتێك موسڵمانی ژیری ئەمڕۆ ئەم فەرموودەیە دەخوێنێتەوەو لە بار و رەوشتی ئەمڕۆی موسڵمانانیش رادەمێنێت، دەگمەنە ئەگەر ئارەقەی شەرم و ئاهی خەمی لاساری موسڵمانانی ئەمڕۆ بەخۆوە نەبینێت، موسڵمانانێك پێغەمبەرەکەیان ئەمە بەسەرهاتی بێت و قورئان رێنموونییان بکات بەوەی ببنە رەحمەت بۆ هەموو مرۆڤایەتی، کەچی نەك بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەڵکو بۆ خودی خۆیان بوونەتە خۆرەی یەکدی و شکێنەری بێویژدان، بڕوانە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن هێندە نەرمی و رووخۆشی نواندووە بۆ کابرایەکی جوولەکە کە ویستوویەتی لێی نزیك بێتەوە، تەنانەت لە کاروباری بانگەوازەکەیدا لەگەڵیدایە و ئاگادارە، بڕوانە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) مامەڵەیەکی ماددی دەکات لەگەڵ جوولەکەیەك، تا ەو هەنگاوەی پێشنیازەکەی حەڵاڵە لەگەڵیدا دەروات، لەکوێدا کێشە دروست بکات رێ راستەکەی بۆ دەخاتەڕوو، بڕوانە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بارگرانی لەسەر خۆی دروست کردووە بۆ فریاکەوتنی کەسانێك کە هێشتا بە

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 287، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6588، قال الحافظ ابن حجر في الإصابة: رجال الإسناد موثوقون.

چاوەکانی نەیدیون، پاشان بڕوانن بۆ سادەیی ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە هەرچەندە هەم پێشەوای قیامەت و هەم سەرکردەی دنیاییش بووە، کەچی لە بوارە ئاساییەکانی ژیانی کۆمەڵگەکەی کەناری نەگرتووە، بۆ ئەسپەردەی تەرمی مردوویەك پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە دەبێت، نەك بە بیانووی کاری تری پێویست خۆی لە کۆمەڵگەکەی دابڕێت.

کەسانێکی زۆر هەن بەداوی راستیدا دەگەڕێن و هێشتا موسڵمان نەبوون و رێنموونی وایان بۆ نەبووە، یان هێشتا لە سەرەتای رێدان، هەندێ جار ئەو کەسانە پێوەرەێکیان بۆ راستی رێگاکە تاقیکردنەوەو خستنەژێر چاودێری کەسە کاراکانی بانگەوازەکەیە، بۆیە زانایان و کەسانی کارای ناو بانگەوازی ئیسلامی زۆر گرنگە جیا لەوەی وەك موسڵمانێك دەجووڵێنەوە، وریابن بزانن ئەوان وێنای ئیسلام دەنوێنن لە چاوی کەسانێکەوە، لەوانەیە دەرنەچوونی زانایەك کە لەلایەن تاکێکی ناموسڵمان یان گرووپێك یان دەستەیەکەوە خراوەتە بەر تاقیکردنەوە، ببێتە بەربەستی بەردەم موسڵمانبوونی ئەو کەسانە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو بارە سەختەدا کە قەرزارەو خاوەن قەرزەکەشی ناموسڵمانەو هاتووە ستەمی لێدەکات، لەو روانگەوە کە وادەشکێنی کردووە تا یان دەروونی بشکێنێت یان شکۆی لەناو خەڵکدا بزڕێنێت (ئەمە لە دیدە رووکەشیەکەوە نەك لە نیازی ناو ناخی زەیدەوە)، کەچی لەو ساتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرفەت نادات یەکێك لە خۆشەویستترین هاوەڵەکانی و خەزوور و کەسی نزیکی کە عومەی کوڕی

خەتتابە، هیچ زبریەك بنوێنێت بەرامبەر بەو رەقیەی کە ئەو جوولەکەیە نواندوویەتی، بەڵکو رێی راستی نیشان دەدات کە سەرخستنی موسڵمان ئەوەیە رێی راستی نیشان بدەیت نەك ئەوەی بەرامبەرەکەی بشکێنیت، وەك لە فەرموودەدا هاتووە(براکەت سەربخە ستەمکار بێت یان ستەملێکراو، ئەگەر ستەمی لێکرا سەری بخە، ئەگەریش ستەمی کرد رێی ستەمەکەی لێبگرە)، بەڵکو ئەوە فێری عومەر و هەر موسڵمانێك دەکات کەنارخستنی زبری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو رێنموونی هەردوولا بەرەو هەڵوێست و ئاکارنوێنی جوان بەرامبەر بە یەکدی رەواترە.

ئەمە بنەمایەکی گرنگە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کە لەو سەردەم و لەو بارەدا قەرەبووی زیانی دەروونی کردووەتەوە، ئەمەش لەم سەردەمەشدا دەگمەنە نەك بۆ ئەو سەردەمە، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ترسانی تاکێکی جوولەکە لە دارایی موسڵمان قەرەبووی ماددی دەبەخشێت هەرچەندە تاکە جوولەکەکە سەرەتای هەنگاوەکەی نایاسایی بووە، چونکە هێشتا وادەی داواکردنەوەی قەرزەکەی نەهاتبوو، ئایا هیچ دەوڵەت و دەستەیەکی ناو جیهانی ئیسلامی لەمڕۆدا نموونەی لەم شێوەی هەیە؟!

59

زەیدی کوڕی سەهل کە داوای ئوممسولەیمی کرد هێشتا موسڵمان نەبووبوو، ئوممسولەیم وتی کەسی وەك تۆ هی ئەوە نیە جواب بکرێت، بەڵام من ئافرەتێکی موسڵمانم و تۆیش کەسێکی بێباوەڕیت و بۆ من حەڵاڵ نیە شوو بکەم بە تۆ، ئەگەر موسڵمان بیت ئەوە مارەییەکەشم دەبێت و داوای هیچ مارەییەکی ترت لێناکەم، ئەوەبوو زەید موسڵمان بوو،[1] زەید چوو بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ) کە لەناو هاوەڵانیدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەبووطەلحە دێت بۆ لاتان و تارمایی ئیسلام بەنێوچاوانیەوەیەتی)، زەید هات و وتەکانی ئوممسولەیمی بۆ باسکرد و لەسەر ئەوە ئوممسولەیمی مارە کرد،[2] دوای ماوەیەك ئوممسولەیم سکی بوو و منداڵێکی بوو، زەید زۆر ئەو منداڵەی خۆشدەویست، بەڵام منداڵەکە نەخۆش کەوت، زەید زۆر زۆر خەفەتی بۆ دەخوارد، زەید بەیانی و ئێوارە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، جارێك دوای ئێوارە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کەچی منداڵەکە وەفاتی کردبوو، ئوممسولەیم منداڵەکەی بۆنخۆش کرد و جوان شۆردی، کە زەید هاتەوە وتی کوڕەکەم چۆنە؟ ئەویش وتی باشەو لەو کاتەوەی نەخۆش بووە هیچ شەوێك هێندەی ئەمشەو هێور و ئارام نەبووە، زەیدیش سوپاسی خوای کرد و بەوە زۆر

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7294واللفظ له، صححه شعيب الأرناؤوط.، صحيح البخاري باختصار، الرقم 5157، صحيح مسلم، الرقم 4090.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6722، مسند الطيالسي، الرقم 2154.

دڵخۆش بوو، نانی خوارد و ئوممسولەیمیش بۆنی خۆشی دا لە خۆی و دەچوو بە دەوری زەیددا تا ئەوەی زەید لەگەڵی سەرجێی کرد، دوای هەموو ئەوانە ئینجا ئوممسولەیم پێی وت ئەگەر دراوسێکەت شتێکت بداتە لا و تۆیش سوودی لێ ببینیت و دواتر بیەوێت لێت وەربگرێتەوە تۆ چی دەکەیت؟ زەید وتی وەڵا بۆی دەگێڕمەوە، ئوممسولەیم وتی لە ناخی دڵتەوە بۆی دەگێڕیتەوە؟ وتی بەڵێ بە دڵنیاییەوە، ئوممسولەیم وتی دەی خوای گەورە کوڕێکی دایە لات و تۆیش بەشی خۆت خۆشیت لێ بینی، دواتر منداڵەکەت کۆچی دوایی کرد، بۆیە خۆڕاگر بە و لای خوا چاوەڕێی پاداشت بە، زەیدیش بێتاقەت بوو، بەڵام خۆڕاگری نواند، بۆ بەیانی چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بە وردی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (خوا بەرەکەت بخاتە ئەمشەوتانەوە)، ئەوەبوو بەو سەرجێیە ئوممسولەیم سکپڕ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە زەیدی فەرموو ئەگەر ئوممسولەیم منداڵەکەی بوو بیهێنە بۆم، کە منداڵەکەی بوو زەید منداڵەکەی بە پارچە قوماشێك پێچایەوەو بردی بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) خورمایەکی هێنا بە لێوەکانیدا و خستیە دەمیەوەو منداڵەکەش دەیمژی، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا عەبدوڵا و نزای خێری بۆ کرد.[1]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7294واللفظ له، صححه شعيب الأرناؤوط.، صحيح البخاري باختصار، الرقم 5157، صحيح مسلم، الرقم 4090.

60

ئەنەس دەڵێت جارێك زەیدی کوڕی سەهل هاتەوەماڵەوەو بە ئومموسولەیمی وت دەنگی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەنگی کز بوو، وا هەست دەکەم برسی بێت، هیچمان نیە لە ماڵەوە؟ ئومموسولەیم وتی با، ئەوەبوو بڕێك گەنمی دەرکرد و نانی پێ دروست کرد و بە لەچکەکەی نانەکەی پێچایەوەو خستیە ژێر باڵم و ناردمی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەنەس دەڵێت چووم دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوتە و خەڵکی لەگەڵە، چووم بۆ لایان، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (ئەرێ ئەبوو طەلحە تۆی نارد؟) وتم بەڵێ، فەرمووی: (خواردنی پێدا ناردویت؟) وتم بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) بەوانەی دەوری فەرموو هەستن، خەڵکەکە چوون و منیش چوومەوە بۆ لای زەید و هەواڵم پێدا، ئەویش وتی ئەی ئومموسولەیم وا پێغەمبەر (ﷺ) دێت و ئەو خەڵکەش لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ئێمەش هیچمان نیە دەرخواردیان بدەین، ئومموسولەیم وتی خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، زەید چوو تا گەیشتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە زەید هاتەوەو فەرمووی: ئادەی ئومموسولەیم چیت لایە بیهێنە، ئەویش نانەکەی بۆ برد، ئینجا ئومموسولەیم لە قاپێکدا خواردنێکی هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) هێندەی خوا بیەوێت فەرمایشتی فەرموو و دواتر فەرمووی دە کەس مۆڵەت بدە بێنە ژوورەوە، دە کەس هاتنە ژوورەوەو تێران خوارد و چوونە دەرەوە، دواتر فەرمووی مۆڵەتی دە کەسی تر بدە بێنە ژوورەوە، ئەوانیش هاتنە ژوورەوەو

تێریان خوارد و چوونە دەرەوە، بەوجۆرە هەموویان تێریان خوارد کە هەموویان حەفتا یان هەشتا کەس دەبوون.[1]

## 61

زەید لە مەدینە باخێکی دارخورمای هەبوو کە بەرامبەر بە مزگەوت بوو، زەید لە هەمووان زیاتر باخەخورمای هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو بۆ ناو ئەو باخەی و لەوێ لەو کانیاو و بیرەی تیایدا بوو ئاوی دەخواردەوە، کاتێك خوای گەورە ئایەتی دابەزاند(لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون)، زەید چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا ( خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاندووەو منیش ئەو باخەم کە ناسراوە بە بەیروحاء لە هەموو سامانێکم لام خۆشەویستترە، وا دەیکەمە خێر لەرێی خوادا و هیوام وایە لای خوا پاداشتەکەی وەربگرمەوە، دەی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوا چۆنی پێ باشە ئاوای لێ بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (بەخ، ئەوە سامانێکی بەقازانجە، من بیستم چیت وت و پێم باشە دابەشی بکەیت بەسەر خزم و نزیکاندا)، زەید وتی وادەکەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو دابەشی کرد بەسەر خزم و نزیکانیدا.[2]

1 - صحيح البخاري، الرقم 3405، صحيح مسلم، الرقم 3894، صحيح ابن حبان، الرقم 6628.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1403، صحيح مسلم، الرقم 1726.

جارێك كابرایەك هات تا لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بمێنێتەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵەوە هیچی نەبوو، بۆیە بە هاوەڵانی فەرموو رەحمەت لەو كەسەی میوانداری ئەم كەسە دەكات، ئەبووطەلحە هەستاو وتی من،[1] كابرای بردەو ماڵەوە، بە ژنەكەی وت رێزی میوانی پێغەمبەر (ﷺ) بگرە، ژنەكەی وتی تەنها خواردنی منداڵەكانمان هەیە، زەید وتی دەی خواردنەكە ئامادە بكەو چراكە بكوژێنەرەوەو منداڵەكان بخەوێنە، ئەویش نانەكەی ئامادە كرد و منداڵەكانی خەواند و چوو دەستكاری چراكەی كرد بەو بیانووەی چاكی دەكات و كوژاندیەوە، بەوجۆرە وایان لە میوانەكە تێگەیاند كە ئەوانیش نان دەخۆن، بۆ بەیانی كە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ضحك الله الليلة –أو عجب– من فعلتكما)، (خوا ئەمشەو پێكەنی –یان خوا ئەمشەو سەرسام بوو– لە كردەوەی ئەو دوانەتان)، خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ).[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 3923.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3610.

62

سالیمی کوڕی عوبەید دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن، بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر (ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و

بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

63

سەعدی کوڕی عوبادە لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) دەستکەوتەکانی دابەش کرد، هەمووی بەخشیەوە بەسەر قوڕەیشیەکان و هۆزەکانی تردا و بەشی پشتیوانانی نەدا، ئیتر قسەو بۆڵەیەك لەناو پشتیواناندا دروست بوو تا ئەوەی یەکێك وتی پێغەمبەر (ﷺ) هەمووی بەخشیوە بە هۆزەکەی خۆی، سەعدی کوڕی عوبادە بڕیاری دا مەسەلەکە بباتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، چوویە خزمەتی و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو دەستەی پشتیوانان گلەییەك لە ناخیاندا دروست بووە بەرامبەر بەو دابەشکردنەت و دەڵێن هەموویت بەخشیوە بە هۆز و قەومەکەی خۆت و پشتیوانان هیچ پشکێکیان نەبووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی سەعد ئەی تۆ لەو نێوەندەدا رات چۆنە؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منیش ئەندامێکی قەومەکەمم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بڕۆ قەومەکەتم بۆ کۆبکەرەوە، سەعد چوو و پشتیوانانی کۆکردەوە، هەندێ لە کۆچەران هاتن و هەموویانی گێڕایەوە، کاتێك هەموو پشتیوانان کۆبوونەوە سەعد هات بۆ لای

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1527، سنن ابن ماجة، الرقم 1230، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة، الرقم 1234.

پێغەمبەر (ﷺ) و پێی وت کە هەموو کۆبوونەتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) چو بۆ لایان و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی:

(یا معشر الأنصار ما قالة بلغتني عنكم وجدة وجدتموها في أنفسكم، ألم آتكم ضلالا فهداكم الله؟ وعالة فأغناكم الله؟ وأعداء فألف الله بين قلوبكم)

(ئەی گرۆی پشتیوانان وتەیەکم بیستووەتەوە لە ئێوەوە کە لە ناختاندا دروست بووە، مەگەر من هاتم بۆ لاتان گومرا نەبوون و خوا رێنموونی کردن؟ مەگەر هەژار نەبوون و خوا دەوڵەمەندی کردن؟ مەگەر دوژمن نەبوون و خوا نێوانی دڵەکانی یەکخستن؟) وتیان با ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منەت و فەزڵ بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی گرۆی پشتیوانان ئایا وەڵامم نادەنەوە؟) وتیان چۆن وڵامت بدەینەوە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا فەزڵ و منەت بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی؟ فەرمووی:

(أما والله لو شئتم لقلتم فلصدقتم وصدقتم أتيتنا مكذبا فصدقناك، ومخذولا فنصرناك، وطريدا فآويناك، وعائلا فآسيناك، أوجدتم في أنفسكم يا معشر الأنصار في لعاعة من الدنيا، تألفت بها قوما ليسلموا، ووكلتكم إلى إسلامكم؟ أفلا ترضون يا معشر الأنصار أن يذهب الناس بالشاة والبعير، وترجعون برسول الله في رحالكم؟ فوالذي نفس محمد بيده لولا الهجرة لكنت امرأ من الأنصار، ولو سلك الناس شعبا، وسلكت الأنصار شعبا لسلكت شعب الأنصار، اللهم ارحم الأنصار، وأبناء الأنصار، وأبناء أبناء الأنصار)

(نا سوێند بەخوا ئەگەر بتانەوێت دەڵێن و راست دەڵێن و بە راستیش دەزانرێن، بڵێن تۆ هاتیت بۆ لامان بەدرۆخرابوویتەوەو ئێمە بەراستمان زانیت، پشتت بەردرابوو و ئێمە سەرمان خستیت، دەرکرابویت و ئێمە پەنامان دایت، بێناز بوویت و ئێمە دڵنەواییمان کردی، ئەی گرۆی پشتیوانان خەمی ناختان بۆ برێ پاشماوەی کەمی دنیایە کە بۆ دڵراکێشانی خەڵکێ بەکارم هێناوە تا موسڵمان بن و ئیوەشم راسپاردووە بۆ ئیسلامەکەتان؟ ئەی گرۆی پشتیوانان ئایا رازی نابن خەڵکی بە مەڕ و وشترەوە بچنەوەو ئێوەش لە کاروانەکەتاندا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خۆتان ببەنەوە؟ سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئەگەر هیجرەت نەبوایە ئەوە من یەکێك دەبووم لە پشتیوانان، ئەگەر هەموو خەڵکی شیوێك بگرن و پشتیوانان شیوێکی تر بگرنەبەر، ئەوە من بە دڵنیاییەوە شیوەکەی پشتیوانان دەگرمەبەر، خوایە رەحم بکە بە پشتیوانان و منداڵانی پشتیوانان و منداڵەکانی منداڵانی پشتیوانان)، ئیتر هەموو پشتیوانان دەستیان کرد بە گریان تا ئەوەی ریشیان تەڕ بوو و دەیانوت رازین پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشك و بەختمان بێت.[1]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 11507، حسنه شعيب الأرناؤوط.

64

ئەبووسەعیدی خودری دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ)بە سەرکردایەتی عەلقەمەی کوڕی موجەززیز سریەیەکی نارد و منیش لە سریەکەدا بووم، لە نیوەی رێدا دەستەیەك لە سوپاکە داوای مۆڵەتیان لە عەلقەمە کرد و ئەویش مۆڵەتی دا پێیان و عەبدوڵای کوڕی حوذافەی کرد بە ئەمیریان، لە نیوەی رێدا بوون کە ئاگرێکیان کردەوە تا خۆیان گەرم بکەنەوە یان خواردنێك ئامادەبکەن، عەبدوڵا جۆرێ گاڵتەو سوعبەتی هەبوو، وتی مەگەر گوێڕایەڵی من لەسەرتان واجب نیە؟ وتیان با، وتی دەی فەرمانێکتان پێ بکەم چی دەڵێن؟ وتیان چی بڵێیت دەیکەین، وتی دەمەوێت خۆتان تل دەنە ناو ئەو ئاگرەوە، دەستەیەك هەستان ئەوە بکەن، خێرا عەبدوڵا وتی دەست راگرن، من گاڵتەم لەگەڵ کردن، دواتر کە چووینەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، فەرمووی (من أمركم منهم بمعصية الله، فلا تطيعوه)،[1] (هەرکەس فەرمانی پێکردن بە سەرکەشی لە خوا ئەوە گوێڕایەڵی مەکەن).

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 2860، صحيح ابن حبان، الرقم 4628، مسند احمد بن حنبل، الرقم 11414، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1318، جسنه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة، الرقم 2863.

65

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت له ڕۆژی ئوحوددا عەبدوڵای کوڕی جەحش پێی وتم وەره با له خوا بپاڕێینەوە، ئەوەبوو چووینه سووچێکەوە، من نزام کرد وتم خوایه سبەی بگەم به کابرایەکی زۆر بەهێز و لەپێناو تۆدا لەگەڵی بجەنگم و دواتر بەسەریدا سەربکەوم تا بیکوژم و شمەکەکەی بەدەستکەوت بەرم، عەبدوڵای کوڕی جەحشیش وتی خوایه سبەینێ تووشم بێت به تووشی کابرایەکی زۆر بەهێزەوەو لەپێناو تۆدا لەگەڵی بجەنگم، دواتر بمکوژێت و گوێ و لووتم ببڕێت، که ڕۆژی دوایی گەیشتمەوە به تۆ بفەرموویت ئەی عەبدوڵا بۆچی گوێ و لووتت بڕاوە؟ منیش بڵێم لەپێناو تۆ و پێغەمبەرەکەتدا، تۆیش بفەرموویت ڕاست دەکەیت، سەعد دەڵێت: نزاکەی عەبدوڵا لەوەی من باشتر بوو، کۆتای ڕۆژی ئوحود تەرمەکەیم بینی گوێ و لووتی کرابوون به دەزوویەکەوە.[1]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2349، صححه الذهبي في التلخيص.

66

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت لە غەزای ئوحوددا کە خەڵکی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) تەکینەوە، منیش کەنارم گرت و وتم خۆم دەدەمە بەر ئەو لێشاوە، یان شەهید دەبم یان رزگار دەبم تا دەگەم بە پێغەمبەر (ﷺ)، لەو بارەدا بووم کە کەسێکی دەموچاو هەڵبەستراوم بینی نەمدەزانی کێیە، بێباوەڕان هاتن، وتم ئێستا پێی دەگەن، کەچی ئەو دەستی پڕ کرد لە وردەچەو و وەشاندی بەروویاندا و هەموو گەڕانەوە، چەند جار ئەوەی کرد، تەنها میقدادی کوڕی ئەسوەد لەنێوان من و ئەودا هەبوو، ویستم بڵێم میقداد ئەوە کێیە، میقداد وتی ئەی سەعد ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بانگت دەکات، وتم لە کوێیە؟ میقدادیش بە ئاماژە پێی نیشان دام، منیش چووم بۆ لای، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی سەعد ئەمڕۆ لە کوێ بوویت؟ وتم لە کوێوە پێغەمبەری خوام (ﷺ) دیبێت لەوێوە بوم، پێغەمبەر (ﷺ) لەپێش خۆیەوە داینیشاندم و تیرم دەهاویشت و دەموت خوایە ئەمە تیری خۆتە، بیدە لە دوژمنی خۆت و دوژمنی پێغەمبەرەکەت، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو (خوایە نزاکەی سەعد گیرا بکە، خوایە هاویشتنەکەی بپێکێت، ئادەی سەعد، بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم)، ئیتر چی تیرێکم دەهاویشت پێغەمبەر (ﷺ) نزای بۆ دەکردم، تا هەموو تیرەکانم تەواو بوون، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) تیرەکانی خۆی دەدایە دەستم.[1]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4257، صحه الذهبي في التلخيص و قال على شرط مسلم.

67

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بووم و دەستەیە هاتنە خزمەتی، پێغەمبەر (ﷺ) بەخششی هەموویانی کرد تەنها کەسێك نەبێت کە من لە هەموویان زیاتر بەو سەرسام بووم، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی فلانت بێبەش کرد بەخوا من بە باوەڕدار دەیبینم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یان –بڵێ– موسڵمان)، منیش بێدەنگ بووم، دوای کەمێکی تر خۆم پێ ڕانەگیرا و هەمان شتم وتەوەو پێغەمبەر (ﷺ) هەمان شتی فەرموو، منیش بێدەنگ بووم، هەمدی خۆم پێ ڕانەگیرا و هەمان شتم وتەوەو ئەویش هەمان شتی فەرموویەوە، دواتر فەرمووی (ئەی سەعد من بەخششی کەسێك دەکەم و کەسی تر هەیە لەو خۆشەویستترە لەلام، ئەوەش لە ترسی ئەوەی نەبادا خوا فڕێی داتە ناو دۆزەخەوە).[1]

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لە کۆتا ساڵی ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) نەخۆش کەوت، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی، سەعد دەڵێت وتم من وا نەخۆشی زۆری بۆ هێناوم و سامانم هەیەو تەنها کچێکم هەیە میراتم لێ وەربگرێت، ئایا دوو لە سێی سامانم بکەم بە خێر؟ فەرمووی نا، وتم ئەی نیوەی؟ فەرمووی نا، دواتر فەرمووی (الثلث والثلث كبير –أو كثير– إنك أن تذر ورثتك أغنياء، خير من أن تذرهم عالة يتكففون الناس، وإنك لن تنفق نفقة تبتغي بها وجه الله إلا أجرت بها، حتى ما تجعل في في امرأتك)، (سێ یەك، سێ یەکیش

1 - صحيح البخاري، الرقم 27.

زۆرە، ئەگەر تۆ بهێڵیت میراتگرەکانت دەوڵەمەند بن بۆت باشترە لەوەی بە هەژاری بیانهێڵیتەوەو چاو لە دەستی خەڵك بن، تۆ هەر خەرجیەك بکەیت لەپێناو خوادا بێت پاداشتی لەسەر وەردەگریت، تەنانەت ئەوەش بۆ ژنەکەت دەیکەیت) منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بهێڵم لە مەککە بمرم و پاداشتی هیجرەتم بۆ نەبێت؟ فەرمووی (تۆ دواناکەویت–زۆر دەژیت– و کاری چاکە دەکەیت بەوەش پلە بەرزیت پێی زیاد دەکات، پاشان لەوانەیە تۆ زۆر بژیت تا ئەوەی برێ قەوم لێت سوودمەند بن، خوایە کۆچی هاوەڵانم وەرگرەو مەیانگێڕەوە دواوە، بەڵام بێهیوا سەعدی کوڕی خەولەیە) چونکە لە مەککە کۆچی دوایی کرد.[1]

## 68

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا جارێك لە مزگەوتدا دام بە لای عوثمانی کوڕی عەففاندا، ئەویش بە تەواوی چاوی بڕیبووە من، سەلامم لێکرد کەچی وەڵامی نەدامەوە، منیش چووم بۆ لای عومەر و سکاڵام لا کرد و وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا هیچ گۆڕانکاریەك لە ئیسلامدا روویداوە؟ دوو جار ئەوەم پێ وت، ئەویش وتی نا، بەڵام بۆچی؟ وتم هیچ، تەنها هێندە هەیە من کەمێك پێش ئێستا لە مزگەوتدا دام بە لای عوثماندا و سەلامم لێکرد، چاوی بڕیبووە من کەچی وەڵامی نەدامەوە، عومەر ناردی بە شوێن عوثماندا و عوثمان هات، عومەر وتی بۆچی

1 - صحيح البخاري، الرقم 1247.

سەلامی براکەتت وەڵام نەداوەتەوە؟ عوثمان وتی شتی وام نەکردووە، سەعد وتی با واتکرد، عوثمان سوێندی خوارد شتی وانەبووەو منیش سوێندم خوارد شتی وا بووە، دواتر عوثمان بارەکەی بیر کەوتەوەو وتی بەڵێ وایە، خوایە لێم خۆش بە، تۆ کەمێك پێش ئێستا دات بەلامدا، لەو کاتەدا من لە خەیاڵی فەرموودەیەکدا بووم کە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستبوو، سوێند بەخوا هەرکات بیرم دەکەوێتەوە چاو و دڵم بە پەردەیەك دادەپۆشرێت، منیش وتم دەی من فەرموودەکەت بۆ دەگێڕمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) باسی یەکەم نزای بۆ کردین، دەشتەکیەك هات بۆ لای و سەرقاڵی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا، منیش شوێنی کەوتم و هەوڵم دەدا پێشم نەکەوێت، کەچی پێشم کەوت، کە ویستی بچێتەژوورەوە، بە توندی پێم کوتا بە زەویدا، پێغەمبەر (ﷺ) لایکردەوە بە لامدا و فەرمووی ئەوە کێیە؟ ئەبوئیسحاقە؟ وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی ئەی بۆ وا؟ وتم بەخوا تەنها لەبەرئەوەی تۆ باسی یەکەم نزات بۆ کردین، ئەم کابرا هات و سەرقاڵی کردیت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نعم دعوة ذي النون إذ هو في بطن الحوت: لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين فإنه لم يدع بها مسلم ربه في شيء قط إلا استجاب له)، (بەڵێ، نزاکەی ذیننوون کە لە سکی حووتدا بوو نزای کرد(لا اله الا أنت سبحانك إنى كنت من الظالمين)، هەر موسڵمانێك بەو نزایە لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە خوا نزاکەی وەڵام دەداتەوە).[1]

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 1406، مسند ابي يعلى الموصلي، الرقم 741، حسنه شعيب الارناؤوط.

69

جارێك ئافرەتێك چوو بۆ لای مەڕوانی كوڕی حەكەم كە والی مەدینە بوو، وتی سەعید بەشێكێ لە زەویەكەی منی داگیر كردووە، مەڕوانیش ناردی بە شوێن سەعیددا تا لێپێچینەوەی لەگەڵ بكات، سەعید وتی من بەشێك لە زەوی ئەو داگیر بكەم لە كاتێكدا بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (من أخذ شبرا من الأرض ظلما، طوقه إلى سبع أرضين)، (هەركەس بە ستەم بستێ زەوی ببات گەردن كۆت دەكرێت بۆ حەوت زەوی–واتە خوار حەوتەم توێژی زەوی–)، مەڕوان وتی ئیتر داوای بەڵگەت لێ ناكەم، سەعید وتی خوایە ئەگەر ئەم ئافرەتە درۆ دەكات چاوەكانی لێ وەرگریتەوەو لە زەوی خۆیدا بیكوژیت، ئەوەبوو ئەو ئافرەتە نەمرد تا بینایی لەدەستدا، پاشان جارێك بەناو زەویەكەیدا دەڕۆیشت كە كەوتە چاڵێكەوەو مرد.[1]

70

كاتێك عومەری كوڕی خەططاب خەلیفە بوو، سەعیدی كوڕی عامیری بانگ كرد و وتی من دەتكەم بە والی فلانە ناوچە، ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا دەكرێت بمبووریت تا نەیكەم؟ عومەر وتی بەخوا وازت لێ ناهێنم، ئێوە منتان خستە ئەم ئەركەوەو ئێستاش تەنهام دەخەن؟! ئینجا وتی با مووچەیەكت بۆ ببڕمەوە، سەعید وتی لەو بەشەی هەمبووە بەشی پێویستت

1 - صحيح مسلم، الرقم 3107.

بۆ بڕیومەتەوە، هەموو جار کە وەك خەڵکی تر مووچەکەی خۆی وەردەگرت دەچوو شمەکی بۆ خانەوادەکەی دەکڕی و ئەوەی لێی دەمایەوە دەیکرد بە خێر، ژنەکەی پێی دەوت ئەی ئەوەی مایەوە چیت لێکرد؟ ئەویش دەیوت داومە بە قەرز، خەڵکێك هاتن بۆ لای و وتیان ژنەکەشت مافی هەیە بەسەرتەوە و خزمانیشت مافیان هەیە بەسەرتەوە، ئەویش وتی من لەبەر ئەوان دوارۆژی خۆم نافەوتێنم، من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (يجمع الناس للحساب فيجيء فقراء المؤمنين فيزفون كما يزف الحمام فيقال لهم قفوا عند الحساب فيقولون: ما عندنا من حساب ولا سمونا، فيقول لهم ربهم جل وعلا: صدق عبادي، فيفتح لهم باب الجنة فيدخلونها قبل الناس بسبعين عاما)،[1] (خەڵکی کۆدەکرێنەوە بۆ لێپێچینەوە، ئینجا هەژارانی باوەڕداران دێن و وێنەی کۆتر دەردەچن، پێیان دەوترێت راوەستن تا لێپێچنەوە دەکرێن، ئەوانیش دەڵێن ئێمە هیچ لێپێچینەوەو ناوهێنانمان نیە، پەروەردگاریش پێیان دەفەرموێت بەندەکانم راست دەکەن، ئیتر دەرگای بەهەشتیان بۆ دەکرێتەوەو حەفتا ساڵ پێش خەڵك دەچنە ناو بەهەشتەوە).

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 3227.

71

سەلەمەی کوڕی صەخر دەڵێت من پیاوێك بوم زۆر دەچوومە لای ژنەکەم، ئەوەبوو کە ڕەمەزان هات ترسام درەنگانی شەو حەزی جووتبوونم بۆ پەیدا بێت و دەست پێ بکەم و نەگەمە باری حەسانەوە تا بەیانی دێت، بۆیە بەرامبەر بە ژنەکەم ظیهارم بەکارهێنا، شەوێك ژنەکەم خزمەتی دەکردم کە شتێك لە جەستەی دەرکەوت و کاری تێکردم و لەگەڵی جووتبووم، بۆ بەیانی چووم بۆ لای هۆزەکەم، هەواڵ و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکردن، ئینجا وتم دەی یەکێکتان وەرن لەگەڵم با بچم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا بەسەرهاتەکەی بۆ باس بکەم، ئەوانیش وتیان بەخوا نایەین لەگەڵت، دەترسین قورئانمان لەبارەوە دابەزێت یان پێغەمبەر (ﷺ) شتێکمان بەرامبەر بڵێت کە دواتر عەیبەکەی لەسەرمان بمێنێتەوە، خۆت بڕۆ بزانە چی دەبێت، منیش خۆم تەنها چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی (ئاوا بوویت؟) وتم بەڵێ، ڕازیشم حوکمی خوام لەسەر پەیڕەو بکرێت و خۆڕاگر دەبم و لای خوا چاوەڕێی پاداشت دەبم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کۆیلەیەك ئازاد بکە، منیش بە دەستم دام بە پشتە ملی خۆمدا و وتم سوێند بەوەی تۆی بەحەق ناردووە توانای ئەوەم نیە، فەرمووی دەی دوو مانگ بەسەریەکەوە بەڕۆژوو بە، وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) جگە لە ڕۆژوو چارێکی تر نیە؟ چونکە من ئەم بارەم لەڕۆژووگرتنەوە تووشی ئەمە بووم، فەرمووی نانی شەست هەژار بدە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق

ناردووە ئەم ئێوارەی کە تێپەڕی لە ماڵماندا هیچ نەبوو بیخۆین، فەرمووی دەی بڕۆ بۆ لای بەرپرسی صەدەقەی بەنی زورەیق و بڵێ با کۆڵێك خورما و نانی شەست هەژارت پێ بدات، هەمووی بەکاربهێنە بۆ ژن و منداڵەکانت، منیش چوومەوە بۆ لای هۆزەکەم و وتم لای ئێوەوە نارەحەتیم دەست کەوت و لای پێغەمبەریش (ﷺ) کراوەیی و بەرەکەتم دەستکەوت، فەرمانی کرد صەدەقەی خۆتان بدەن بە من، ئەوانیش پێیان بەخشی.[1]

72

سەلەمەی کوڕی عەمر دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) چووین بۆ حودەیبیەو هەزار و چوارسەد کەسێك دەبووین، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) لە بنی دارەکەدا بانگی کردین تا بەیعەت بدەین، خەڵکی بەیعەتیان دەدا، دواتر لەنێو خەڵکەکە بووم کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی سەلەمە بەیعەت بدە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من پێش هەموان بەیعەتم پێدایت، فەرمووی هەمدی، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای کرد چەکم پێنەبوو، کەوانێکی پێدام، کە خەڵکەکە هەموو تەواو بوون، هەمدی فەرمووی ئەی سەلەمە بەیعەتم پێ نادەیت؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش هەموان بەیعەتم پێ دایت،

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 2213، المستدرك على الصحيحين مع تقصير، الرقم 2747، سنن أبي داود، الرقم 1905، سنن الدارمي، الرقم 2237، سنن الترمذي، الرقم 3304، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16099، صححه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2213،

فەرمووی هەمدی، ئەوەبوو سێ جار بەیعەتم پێدا، ئینجا فەرمووی ئەی سەلەمە ئەو کەوانەی پێمدایت کوا؟ وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) عامیری مامم بینی هیچ چەکی پێ نەبوو،منیش دام بەو، پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی و فەرمووی (تۆ وەك ئەوەیت کە یەکەمیان وتی خوایە خۆشەویستێکم پێ ببەخشە لە خۆم لام خۆشەویستتر بێت)، دواتر وەفدی بێباوەڕان هاتن و ڕێککەوتن کرا، من لەناو سوپاکەی طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵادا بووم، خزمەتم دەکرد و لە خواردنی ئەوم دەخوارد، من ژن و منالّم جێهێشتبوو و لەبەر خواو پێغەمبەرەکەی کۆچم کردبوو، دوای ڕێککەوتنەکە چووملە سێبەری دارێك دانیشتم، چوار بێباوەڕی قورەیش هاتن بۆم و کەوتنە قسەوتن بە پێغەمبەر (ﷺ)، منیش زۆر داخ لەدڵ بووم بۆیان، چوومە بن دارێکی تر و ئەوانیش چەکیان هەڵواسی و راکشان، لەو بارەدا بووین کە یەکێك لە کۆچەران هاواری کرد ئەی کۆچەران ئیبن زونەیم کوژرا، منیش خێرا شمشێرم هەڵکردو و چووم چەکی ئەو چوارەم برد کە راکشابوون، ئینجا وتم سوێند بەوەی موحەممەدی ڕێزدار کردووە هەرکامتان لە شوێنی خۆی هەستێت دەدەم لە گەردنی، ئینجا ئەوانم برد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، عامیری مامیشم کەسێکی گرتبوو و هێنا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی ئەوانی کرد و فەرمووی ئازادیان بکەن، دواتر گەراینەوە بۆ مەدینە، لە شوێنێ بووین نێوانی ئێمەو بەنی لیحیان شاخێك بوو، ئەوانە بێباوەڕ بوون، پێغەمبەر (ﷺ) نزای لێخۆشبوونی کرد بۆ ئەو کەسەی ئەو شەوە پاسەوانی ئەو شاخە بکات، منیش ئەو شەوە دوو یان سێ جار

بەسەر ئەو شاخەدا سەرکەوتم، دواتر هاتینەوە مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە رەباح وشترەکانی خۆی نارد، منیش لەگەڵی بووم، دوایی عەبدورەحمانی فەزاری هێرشی بردە سەر وشترەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، شوانەکەی کوشت و هەموو وشترەکانی برد، منیش وتم ئەی رەباح ئەو ئەسپە بەرەو بیدە بە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و هەواڵیش بدە بە پێغەمبەر (ﷺ) کە بێباوەڕان وشترەکانی ئەویان بردووە، روومکردە مەدینەو سێ جار هاوارم کرد فریا کەون، ئینجا کەوتمە شوێن شاڵاوهێنان و تیربارانم دەکردن، بەو شێوە تیربارانم دەکردن تا کەوتنە تەنگاوی نێو شاخەکەوەو منیش لە سەرەوە بەردم تێدەگرتن، وازم نەهێنا تا چی وشتری پێغەمبەر (ﷺ) هەیە هەموویم گێڕایەوە، چواریان ویستیان بێنە سەرەوە بۆم، کە دەنگم گەیشتە لایان، پێم تن من دەناسن؟ وتیان نا، وتم من سەلەمەی کوڕی ئەکوەعم، سوێند بەوەی دەموچاوی موحەممەدی رێزدار کردووە هەرکامتان بکەمە ئامانج خۆمی پێ دەگەیەنم، کەسیشتان ناتوانێت دەستی بگەیەنێتە لام، ئەوەبوو گەڕانەوە، لەوێ بووم کە سوارچاکەکانی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتن.[1]

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 3460.

73

سەلەمەی کوڕی عەمر دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبووین کە تەرمێکیان هێنا و وتیان نوێژی لەسەر بکە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئایا قەرزی لەسەرە؟ وتیان نا، فەرمووی ئەی هیچی پاش خۆی جێهێشتووە؟ وتیان نا، بۆیە نوێژی لەسەر کرد، دوای ماوەیەك تەرمێك هێنرا، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر بکە، فەرمووی قەرزی لەسەرە؟ وتیان بەڵێ، فەرمووی ئەی هیچی جێهێشتووە؟ وتیان سێ دینار، ئەوەبوو نوێژی لەسەر کرد، دواتر تەرمی سێیەم هێنرا، وتیان نوێژی لەسەر بکە، فەرمووی هیچی جێهێشتووە؟ وتیان نا، فەرمووی ئەی قەرزی لەسەرە؟ وتیان سێ دنیار، فەرمووی (خۆتان نوێژ لەسەر هاوەڵەکەتان بکەن)، ئەبووقەتادە کە لەوێ ئامادە بوو، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر بکە من قەرزەکەی دەدەمەوە، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد.[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2190، صحيح ابن حبان، الرقم 3323، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16206، مسند الروياني، الرقم 1107، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6164.

74

سەلمانی فارسی دەڵێت: من کابرایەکی فارس بووم لە گوندێکی سەر بە ئەصفەهان کە پێی دەوترا جەی، باوکم دیهقانی ئەو گوندە بوو، من لای باوکم خۆشەویستترین کەسی سەر زەوی بووم، هێندە منی خۆشدەویست کە وەك چۆن ئافرەت لە ماڵەوە دەهێڵرێتەوە، باوکم ئاوەها لە ماڵەوە دەیهێشتمەوە، منیش تەواو لە ئاییني مەجووسیەتدا رۆچووبووم، هێندە سەرقاڵی مەجووسیەت بووم کە سەرپەرشتی ئاگری پەرستگام دەکرد، باوکم پێشتر ئەو کارەی دەکرد و منیش نەمدەهێشت ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، باوکم باخێکی گەورەی هەبوو، رۆژێك سەرقاڵی بیناکاری بوو و نەیتوانی بچێت بۆ لای باخەکەی، بە منی وت کوڕی شیرینم من ئەمڕۆ سەرقاڵی ئەم بینایەم و ناتوانم بچم بۆ لای رەز و باخەکەم، جا تۆ لە بری من بڕۆ فلانە ئیش و ئیش بکە، کە ویستم بکەومە ڕێ، وتی کوڕەکەم دوانەکەویت، دوانەکەوتنەکەتلە هەموو سامان و کارەکانم لام گرنگترە، منیش کەوتمەڕێ، لە رێدا دام بە لای کڵێسایەکی مەسیحیەکاندا و لەوێ دەنگی ئەوانم بیست کە نوێژیان دەکرد، من پێشتر لەبەرئەوەی هەمیشە لە ماڵ بووم و باوکم نەیدەهێشت بێمە دەرەوە، نەمدەزانی هەواڵی خەڵکی چۆنە، کە چووم بۆ لای مەسیحیەکان و ئەوانم بینی، وتم بەخوا ئایینەکەی ئەوان زۆر باشترە لەوەی ئێمە، بەو هۆیەوە دواکەوتبووم، باوکیشم ترس دایگرتبوو و کەسی ناردبوو بە شوێنمدا تا بزانێت بۆچی دواکەوتوم، خۆر ئاوابووبوو من هەر لای مەسیحیەکان بووم و کارەکەی باوکم نەکرد، پێش

ئەوەی جێیان بهێڵم، بەوانم وت بنەرەتی ئەم ئایینەی ئێوە لە کوێیە؟ وتیان لە شام، منیش گەڕامەوە بۆ لای باوکم، وا باوکمم سەرقاڵ کردبوو وازی هێنابوو لە کارەکەی خۆیشی، کە چوومەوە بۆ لای باوکم، وتی کوڕە شیرینەکەم لە کوێ بوویت؟ مەگەر نەموت دوا نەکەویت؟ منیش وتم باوکە گیان دام بە لای خەڵکێکدا لە کڵێسایەکدا نوێژیان دەکرد، منیش سەرسام بووم بەئایینەکەیان، لایان مامەوە تا خۆرئاوابوون، باوکیشم وتی کوڕی شیرینم ئەو ئایینەی ئەوان راست نیە، ئایینی باوباپیرانت باشترە لەوە، منیش وتم نەخێر باوکە گیان، بەخوا ئایینەکەی ئەوان لەوەی ئێمە باشترە، کە ئەمەم وت باوکم ترس دایگرت و بڕیاریدا بەندم بکات تا واز لەئایینەکەم نەهێنم، کۆتی خستە قاچەکانم و لە ماڵەوە منی بەند کرد، منیش هەواڵم نارد بۆ مەسیحیەکان ئەگەر کاروانێك لە مەسیحیەکانی شام هاتن بۆ لاتان، هەواڵم بۆ بنێرن، پاش ماوەیەك هەواڵیان بۆ ناردم کە کاروانێك هاتووە، منیش وتم ئەگەر ئیشیان تەواو بوو و ویستیان بڕۆنەوە هەواڵم پێبدەن، ئەوەبوو کە ویستیان بگەڕێنەوە هەواڵیان پێدام، منیش کۆتی ئاسنینی قاچەکانم لابردو دەرچووم تا گەیشتمە لایان و لەگەڵیان چووم بۆ شام، کە چوومە ئەوێ وتم کێ باشترین کەسە لەم ئایینەدا تا بچم بۆ لای؟ وتیان فلانە قەشە لە کڵێسا، چووم بۆ لای و وتم دڵم چووەتە سەر ئەم ئایینەو حەز دەکەم لەگەڵ تۆ بم و لەم کڵێسایەدا خزمەتت بکەم و لە تۆیشەوە زانستی ئەم ئایینە فێر ببم، ئەویش رازی بوو، چووم بۆ لای و لەوێ مامەوە، کابرای قەشە کابرایەکی خراپ بوو، کاتێك قسەی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد هانی

دەدان بۆ خێرکردن، کاتێك خەڵکی خێر و زەکاتیان دەهێنا بۆ ئەو تا دابەشی بکات بەسەر هەژاراندا، ئەو لای خۆی دەیهێشتەوە بۆ خۆی و دابەشی نەدەکرد، بەو جۆرە تا حەوت سندوق زێڕی کۆکردەوە، من بەو هۆیەوە زۆر رقم لێی بوو، پاش ماوەیەك مرد، مەسیحیەکان کۆبوونەوە تا تەرمەکەی ئەسپەردە بکەن، منیش خۆم نەگرت و بەوانم وت ئەم کابرایە کابرایەکی خراپ بوو، کاتێك قسەی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد هانی دەدان بۆ خێرکردن، کاتێك خەڵکی خێر و زەکاتیان دەهێنا بۆ ئەو تا دابەشی بکات بەسەر هەژاراندا، ئەو لای خۆی دەیهێشتەوە بۆ خۆی و دابەشی نەدەکرد، ئینجا ئەوانم برد و شوێنی زێڕەکانی قەشەکەم نیشان دان، ئەوانیش کە ئەوەیان بینی، وتیان بەخوا نابێت بخرێتە ژێر گڵ، بردیان و لەخاچیان دا، ئینجا کەوتنە بەردباران کردنی، دوای ئەوەقەشەیەکی تریان لە شوێنی ئەودا دانا، ئەمەیان زۆر دنیانەویست و دوارۆژویست بوو، شەو و رۆژی لە پەرستشتدا بەسەر دەبرد، پێشتر هیچ کەسم هێندەی ئەو خۆش نەویستبوو، بەردەوام لە لای مامەوە تا سەرەمەرگی هات، وتم ئەی فلانە کەس، وا دەبینیت سەرەمەرگت هاتووە، بەخوا من کەسم هێندەی تۆ خۆشنەویستووە، جا فەرمانی چیم پێ دەکەیت و بۆ لای کێم دەنێریت؟ ئەویش وتی کوڕی شیرینم، بەخوا تەنها کابرایەك دەناسم لەسەر حەق مابێت کە لە موسڵە، بچیت بۆ لای دەبینیت وەك من وایە، کە ئەو زانایە مرد و ئەسپەردەکرا، پاش ماوەیەك چووم بۆ موسڵ بۆ لای ئەو کابرایەی مامۆستاکەم پێی وتبووم و تەماشام کرد ئەمیش دنیانەویست و خواپەرستە، وتم فلانەکەس

وەسیەتی بۆ کردم بێم بۆ لای تۆ تا لەگەڵ تۆ بمێنمەوە، ئەویش وتی دەی کوڕی شیرینم بمێنەرەوە، منیش لای مامەوە تا ماوەیەکی زۆر لای مامەوە، دواتر ئەویش سەرەمەرگی هات، وتم فلآنە مامۆستای پێشووم کە سەرەمەرگی هات وەسیەتی بۆ کردم بێم بۆ لای تۆ، ئەی تۆ وەسیەتی چیم بۆ دەکەیت و بۆ کوێم دەنێریت؟ چونکە وەك دەبینیت وا خوا تۆی خستووەتە ئەو حاڵەوە کە تیایدایت، ئەویش وتی کوڕی شیرینم بەخوا تەنها یەك پیاو شك دەبەم لە نصیبینە، کە زاناکە مرد و ئەسپەردە کرا، کەوتمەڕێ بەرەو نصیبین و خۆم گەیاند بەو کابرایە، لای ئەویش بە هەمان شێوە مامەوە تا ئەویش سەرەمەرگی هات، وەسیەتی بۆ کردم بچم بۆ لای کابرایەك لە ناوچەی عمووریە لە خاکی رۆم، منیش چووم بۆ لای و لەوێ بینیم ئەویش هاوشێوەی ئەمان خواپەرست و چاکەکارە، لەوێ لەگەڵ پەرستشەکەمدا کاسپیشم کرد و برێك مەڕو ماڵات و چەند مانگایەکم دەستکەوت، ئەم زانایەش سەرەمەرگی هات، لە سەرمەرگیدا وتم وەسیەتم بۆ دەکەیت بچم بۆ لای کێ؟ وتی کوڕی شیرینم بەخوا کەس لەم سەرزەویەدا شك نابەم لەسەر ئەو باری ئایینداریە مابێتەوە کە ئێمە لەسەری بووین تا بتنێرم بۆ لای، بەڵام تۆ نزیکی سەردەمێکیت کە لە ناوچەی حەرەم پێغەمبەرێك دەنێرێت و کۆچ دەکات بۆ خاکێك لەنێوان دوو شاخدایەو زەویەکە دارخورمای لێیە، چەند نیشانەیەك لەو پێغەمبەرەدا هەیە کە شاراوە نین، نێوانی دوو شانی مۆری پێغەمبەرایەتی پێوەیە، دیاری دەخوات و صەدەقە ناخوات، ئەگەر بتوانیت بچیت بۆ ئەو ناوچەیە برۆ، چونکە کاتی دەرکەوتنی

نزیکەو پێی دەگەیت، ئەویش مرد و ئەسپەردەمان کرد، دواتر لەوێ مامەوە تا کاروانێکی بازرگانانی عەرەب لە هۆزی کەلبیەکان هاتن، منیش بەوانم وت بمبەن بۆ خاکی عەرەب لە بەرامبەردا ئەو مەڕ و ماڵات و چەند مانگایەی هەمە دەیدەم بە ئێوە، ئەوانیش رازی بوون، لەگەڵ خۆیان منیان برد، کە گەیشتینە وادیلقورا، لەوێ ستەمیان لێکردم و وەك کۆیلە منیان بە کابرایەکی جوولەکە فرۆشت، بەخوا لەوێ دارخورمام بینی و هیوام وابوو ئەوە ئەو شارە بێت کە مامۆستاکەم پێی وتم، بەڵام دڵنیا نەبووم تا کابرایەك لە بەنی قورەیضە هات و منی لەو خاوەنەی پێشووم کڕی، منی برد تا گەیشتینە مەدینە، هەرکە مەدینەم بینی یەکسەر زانیم ئەو شارەیە کە مامۆستاکەم بۆی وەسفکردبووم، لەوێ بە کۆیلەیی مامەوە تا ئەوەی خوای گەورە پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە مەککە نارد، بەڵام من هیچ هەواڵیم نەبوو، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ)کۆچی کرد و گەیشتە قوبا ، لەو کاتەدا لەسەر دارخورمایەك ئیشم دەکرد بۆ خاوەنەکەم، ئامۆزایەکی خاوەنەکەم هات و وتی فلانەکەس خوا بەنی قیلە لەناوبەرێت، بەخوا ئێستا ئەوان لە قوبائدا کۆبوونەتەوەو لە دەوری کابرایەك خڕ بون کە لە مەککەوە هاتووەو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، –سەلمان دەڵێت– منیش کە ئەوەم بیست تەزوویەك هات بە لەشمدا و خەریك بوو بکەوم بەسەر خاوەنەکەمدا، خێرا لەسەر دارخورماکە دابەزیم و وتم ئەو هەواڵە چی بوو هێنات؟ خاوەنەکەم دەستی بەرز کردەوەو بە توندی زللەیەکی لێدام و وتی تۆ حەقت چیە بەسەر ئەو شتانەوە، منیش وتم هیچ، تەنها حەزم کرد ئەو هەواڵە

ببیستم، بۆ ئێوارەکەی بڕێك خواردنم لابوو هەڵمگرت و چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە هێشتا لە قوباء مابوویەوە، وتم تۆ کابرایەکی پیاوچاکیت و هاوەڵانێکی غەریبەت لەگەڵە، منیش بڕێك صەدەقەم پێیە، پێم وایە ئێوە لەهەموو کەس زیاتر ئەمەتان پێ دەشێت، فەرموون، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لێی نەخوارد و دای بە هاوەڵانی لێیان خوارد، منیش لە دەروونی خۆمدا وتم ئەمە یەکێکە لە نیشانەکان کە مامۆستاکەم پێی وتم، دواتر گەڕامەوەو پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ مەدینە، کە هاتە مەدینە بڕێکی تر خواردنم کۆکردەوەو چوومەوە خزمەتی و وتم بینیم پێشتر صەدەقەت نەدەخوارد، ئەمەیان دیاریە، فەرموو، پێغەمبەریش (ﷺ) لێی خوارد، هاوەڵانیشی لێیان خوارد، لە دڵی خۆمدا وتم ئەمە دوو نیشانە، دواتر پاش ماوەیەك چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە بەدوای تەرمێکەوە بو، منیش پشتی پێغەمبەرم (ﷺ) گرت و هەوڵم دەدا بزانم نێوان دوو شانی مۆری پێغەمبەرایەتی پێوەیە یان نا، کە پێغەمبەر (ﷺ) منی بینی ئاوا پشتی ئەوم گرتووە، زانی بۆ شتێك دەگەڕێم، عەباکەی سەرشانی لابرد تا مۆرەکەم بینی و ئیتر زانیم پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، خۆم دا بەسەریدا و ماچم دەکرد و دەگریام، ئینجا کەناری گرت و چوومە خزمەتی و بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) حەزی کرد هاوەڵانیشی ئەم بەسەرهاتەم ببیستن.[1]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 505- 510.

75

پێغەمبەری خوا (ﷺ) برایەتی خستە نێوان سەلمانی فارسی و ئەبوودەردائەوە، جا جارێك سەلمانی فارسی چوو بۆ سەردانی ئەبوودەرداء، بینی ژنەکەی ئەبوودەرداء جلوبەرگێکی شڕۆڵ و سیمایەکی ناشیرینی هەیە، وتی بۆچی ئاوایت؟ ئەممودەرداء وتی ئەبوودەردائی برات هیچ پێویستیەکی بە دنیا نیە، سەلمان وەستا تا ئەبوودەرداء هاتەوە، خواردن خرایە بەردەمیان، ئەبوودەرداء وتی تۆ نان بخۆ، من بەڕۆژووم، سەلمان وتی تا تۆ نەخۆیت منیش ناخۆم، ناچار ئەویش خواردی، دواتر کە شەو هات ئەبوودەرداء ویستی هەستێت بۆ شەونوێژ، سەلمان وتی بخەوە، ئەویش خەوت، دوای ماوەیەکی دی هەمدی هەستا ویستی شەونوێژ بکات، سەلمان وتی بنوو، کە نزیك بوویەوە لە کاتی بانگ، سەلمان وتی هەستە ئێستا کاتی شەونوێژە، هەردووکیان پێکەوە هەستان و شەونوێژیان کرد، سەلمان بە ئەبوودەردائی وت جەستەت مافی هەیە بەسەرتەوە، پەروەردگارت مافی هەیە بەسەرتەوە، میوانت مافی هەیە بەسەرتەوە، ژن و منداڵت مافی هەیە بەسەرتەوە، جا هەرکەسەو مافی خۆی بدە، دواتر هەردووکیان چوونە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سەلمان ڕاستی وتووە).[1]

1 - سنن الترمذي، الرقم 2395، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1993، سن نالدارقطني، الرقم 1995، صحه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2413.

76

کاتێك ئەبووبەکری صدیق موسڵمان بوو، کەوتە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام، بێباوەڕان لەسەر ئەوە زۆر لێیان دا، عوتبەی کوڕی رەبیعە بە نەعلەکانی دەیدا لە دەموچاوی و دەچووە سەر سکی ئەبووبەکر، ئیتر وای لێهاتبوو دەموچاوی ئەبووبەکر نەدەناسرایەوە، بەنوتیم هاتن و ئەبووبەکریان خستە ناو جلێکەوەو بردیانەوەماڵەوە و بڕوایان وابوو دەمرێت، باوکی ئەبووبەکر و بەنوتیم دەیاندواند و ئەویش وەڵامی دەدانەوە، دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) چی لێ هات؟ ئەوانیش بە قسە هێرشیان دەکردە سەری و جێیاندەهێشت،[1] ئینجا بە ئوممولخەیریان وت بزانە شتێکی نادەیتێ بیخوات، کەچی ئەبووبەکر بە دایکیشی هەمان شتی دەوت، پێغەمبەر (ﷺ) چی لێهات، ئەویش دەیوت بەخوا هەواڵی هاوەڵەکەتم نیە، ئەبووبەکر وتی بڕۆ بۆ لای ئوممومجەمیلی کچی خەططاب و لای ئەو پرسیاری پێغەمبەری خوام (ﷺ) بۆ بکە، ئوممولخەیر چوو بۆ لای ئوممومجەمیل و وتی ئەبووبەکر داوای هەواڵی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵات لێ دەکات، ئەویش وتی من ئەبووبەکر و موحەممەد ناناسم، ئەگەریش حەز دەکەیت لەگەڵت دێم بۆ لای کوڕەکەت، وتی بەڵێ، ئەوەبوو لەگەڵ ئوممولخەیر چوو بۆ ماڵی ئەبووبەکر و بینی لە چ حاڵێکدایە، ئوممومجەمیل دەستی کرد بە شیوەن و وتی بەخوا ئەوانەی وایان کردووە بە تۆ، فاسق و بێباوەڕن و داوام لە خوایە تۆڵەت لەوان بکاتەوە،

---

1 - أسد الغابة، ج7، ص 353.

ئەبووبەکر وتی پێغەمبەر (ﷺ) چی لێهات؟ ئوممو‌جەمیل وتی ئەوە دایکتە، قسەکانمان دەبیستێت، ئەبووبەکر وتی ترست لەو نەبێت، ئوممو‌جەمیل وتی پێغەمبەر (ﷺ) چاکەو سەلامەتە، ئەبووبەکر وتی لە کوێیە؟ وتی لە ماڵی ئیبنولئەرقەمە، ئەبووبەکر وتی دەی خوا ئاگادارە تا نەچم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) نە نان دەخۆم و نە ئاو دەخۆمەوە، ئوممو‌جەمیل و ئوممولخەیر وەستان تا خەڵکی بڵاوەیان کرد، ئینجا نەوینە ژێر باڵی و بردیان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)،[1] کە گەیشتن بە یەکدی، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی دا بەسەر ئەبووبەکردا و ماچی دەکرد و دڵی بۆی دەسووتا، ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە دایکمەو تۆیش پیرۆزیت، نزای بۆ بکە و بانگی بکە بۆ ئیسلام، بەڵکو خوا بە هۆی تۆوە لە دۆزەخ رزگاری بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگەوازی دایکی کرد، ئەویش موسڵمان بوو.[2]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 30.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 354.

77

سوراقەی کوڕی مالیك دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق کۆچیان کرد، نێردراوانی قورەیش هاتن بۆ لامان و وتیان هەرکەس پێغەمبەر (ﷺ) یان ئەبووبەکر بکوژێت یان بەدیل بگرێت ئەوە پاداشت دەکرێت و پاداشتەکەشی هێندەی خوێن باییەکە، منیش لە کۆڕێکی بەنی مودلیجدا دانیشتبووم کە کابرایەکی مودلیجی هات و وتی ئەی سوڕاقە کەمێك پێش ئێستا دوو تارماییم لە کەناراوەوە بینی، سوراقە وتی زانیم ئەوانن، وتم ئەوە ئەوان نین، ئەوە فڵان و فڵان بون کە تۆ بینیوتن، دوایی کەمێك لە کۆڕەکەدا مامەوەو دواتر چوومەوەماڵەوەو فەرمانم کرد بە کەنیزەکەکەم تا ئەسپەکەم بۆ ئامادە بکات، رمەکەمم هەڵگرت و سوار وشترەکەم بووم، چووم تا نزیك بوومەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەر، لەوێ ئەسپەکەم منی خست، هەستامەوەو دەستم برد بۆ کیفی تیرەکانم و تیرێکم دەرکرد و کردم بە دوو لەتەوە کەچی بەدڵی خۆم بۆ دەرنەچوو،[1] سواری ئەسپەکەم بوومەوەو نزیك بوومەوە لێیان، گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئانی دەخوێند و لای نەدەکردەوە، بەڵام ئەبووبەکر زۆر لای دەکردەوە، ئەوکات دوو دەستی ئەسپەکەم رۆچوون بەناو زەویداو تا نیوەی لە زەویدا بوو، لەسەر ئەسپەکەم کەوتمە خوارەوە، تێم خوڕی و ئەسپەکەم هەستایەوە، بەڵام دەستەکانی نەدەهاتنە دەرەوە،کە رێك وەستایە سەرپێ بینیم دووکەڵێك لە ئاسمانەوە

[1] – لە سەردەمی نەفامیدا ئەو عادەتە هەبوو تیریان دەکرد بە دوو بەشەوە بۆ تاقیکردنەوەی بەختیان.

دیارە، هەمدی تیرێکم دەرکرد و لەتم کرد کەچی خراپەکەم بۆ دەرچوو، داوای پەنام کرد لێیان، ئەوانیش وەستان، سواری ئەسپەکەم بووم تا چوومە لایان، کە بینیم ئاوام بەسەرهات وتم بە دڵنیاییەوە دواڕۆژ بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبێت، پێم وت هۆزەکەت پاداشتی خوێن باییەکیان داناوە بۆ گرتن یان کوشتنت، ئینجا هەواڵ و باس چی هەبوو بۆم باسکردن، دواتر پێم وتن شمەك و پێویستی چییان دەوێت با لای من بیبەن، پێغەمبەر (ﷺ) تەنها داوای لێکردم زانیارییان بشارمەوەو نەهێڵم خەڵك پێیان بزانێت، منیش داوام لێکرد نامەیەکی پەنام بۆ بنووسێت، ئەویش فەرمانی کرد بە عامیری کوڕی فوهەیرەو ئەویش لە پارچە پێستەیەکدا بۆی نووسیم، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چوو،[1] ئینجا سوراقە ئەو نووسینەی هەڵگرت تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) لە طائیفەوە گەڕایەوە سوراقە چوو بۆ لای و ئەو نامەی پێ نیشان دا، ئەوکات لە جەعرانە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی نزیك بەرەوە، ئەویش نزیك بوویەوەو موسڵمان بوو.[2]

ئەبووبەکر دەڵێت کاتێك سوراقە گەیشت پێمان وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە گەیشت پێمان، فەرمووی خەفەت مەخۆ خوامان لەگەڵە، کە تەواو نزیك بوویەوەو نزیکەی چەند رمێك دوور بوو لێمانەوە دەستم کرد بە گریان و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا گەیشت پێمان، فەرمووی بۆچی دەگریت؟ وتم بەخوا بۆ خۆم ناگریم، بەڵکو بۆ تۆ دەگریم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی

1 - صحيح البخاري، الرقم 3714.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 185.

خوایە بەو جۆرەی خۆت دەتەوێت دووری بخەرەوە لێمان، ئەوەبوو ئەسپەکەی تا لای سکی چوو بەناخی زەویدا و سوراقەش کەوتە خوارەوە، سوراقە وتی ئەی موحەممەد ئەزانم ئەمە کاری تۆیە، نزا بکە خوا رزگارم بکات، بەخوا مەرج بێت رێ لەوانەی دوای خۆم ون بکەم تا نەگەڕێن بەدواتدا، ئەوەش تیرەکانم تیرێکیان ببە، دەزانم دەدەیت بە لای وشتر و رانە مەڕەکانمدا لە فلانە شوێن، لەوێ چەندت پێویستە بببە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچ پێویستیمان نیە بە وشترەکانت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) نزای بۆ کرد و سوراقەش گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵەکانی خۆی.[1]

دواتر کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتە مەدینە، سوراقە کەوتە باسی بەسەرهاتەکەی و گرنگی و گەورەیی پێغەمبەر (ﷺ)، قوڕەیشیش دەترسان ئەو قسانەی سوراقە ببێتە هۆکاری موسڵمانبوونی خەڵکێکی زۆر، بۆیە ئەبوجەهل نامەیەکی نووسی و هۆشیاری دا کە موسڵمان نەبن و نەبن بە دوو بەشەوە، سوراقەش وەڵامێکی جەرگبڕی ئەبووجەهلی دایەوە.[2]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6372، صححه شعيب الأرناؤوط، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 366.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 186.

78

ئەبووسوفیان دەڵێت جارێك کە لە شام بووین، هیرەقل ناردی بە شوێن کاروانی قورەیشیاندا، ئەمەش لە ماوەی رێککەوتنەکەی قورەیشدا بوو، ئەوانیش چوونە کۆڕەکەی هیرەقلەوە، گەورەکانی رۆمیش لە دەوری بوون، ئینجا داوای وەرگێڕێکی کرد، هیرەقل وتی کێ لە ئێوە خزمایەتی هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات؟ منیش وتم من لە هەموویان لێی نزیکترم، وتی نزیکی بکەنەوە لێم و هاوەڵەکانی بخەنە پشتیەوە، بە وەرگێڕەکەی وت، پێیان بڵێ من پرسیار لەو پیاوە دەکەم، ئەگەر درۆی لەگەڵ کردم، پێم بڵێن، ئەبوسوفیان دەڵێت بەخوا ئەگەر لەبەر شەرمی ئەوە نەبوایە بە درۆم بخەنەوە، درۆم دەکرد بەدەم پێغەمبەرەوە(ﷺ)، یەکەم شت پرسیاری لێکردم، وتی رەچەڵەکی لەنێوتاندا چۆنە؟ وتم خاوەن رەچەڵەکە، وتی ئەی کەس پێش ئەو ئەو قسانەی کردووە؟ وتم نا، وتی هیچ لە باوباپیرانی پاشا بون؟ وتم نا، وتی ئەی خەڵکی هەژار شوێنی دەکەون یان خانەدانەکان؟ وتم لاوازو هەژارەکان، وتی زیاد دەکەن یان کەم دەکەن؟ وتم زیاد دەکەن، وتی کەسیان دەستبەرداری ئایینەکەی دەبێت؟ وتم نا، وتی ئەی ئێوە پێشتر درۆتان لێ بیستوە؟ وتم نا، وتی ئەی ناپاکی هەیە؟وتم نا، ئێستاش لە رێککەوتنین لەگەڵی و نەماندیوە ناپاك بێت، وتی ئەی دژایەتیتان دەکرد؟ وتم بەڵێ، وتی جەنگتان لەگەڵی چۆنە؟ وتم هەر جارەو یەکێکمان سەرکەوتوو بوین، وتی فەرمانی چی دەکات پێتان؟ وتم دەڵێت خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ

بپەرستن و واز لە قسەی باوباپیرانتان بهێنن، فەرمانمان پێ دەکات بە نوێژ و زەکات و راستگۆیی و داوێن پاکی و پەیوەندی خزمایەتی، هیرەقل بە وەرگێڕەکەی وت پێی بڵێ، پرسیارم لێکردیت سەبارەت بە رەچەڵەکی، تۆیش وتت خاوەن رەچەڵەکە، پێغەمبەرانیش لە خاوەن رەچەڵەکەکانی هۆزەکانیاندا بون، وتم کەستان پێشتر شتی وای وتووە، وتت نا، وتم ئەگەر کەس وای وتبێت ئەوە دەکرا ئەو قسەی پێشینانی خۆی دووبارە بکاتەوە، وتم باوباپیرانی کەسیان پاشا بون، وتت نا، ئەگەر وابوایە دەموت داوای دەسەڵاتەکەی باوکی دەکات، وتم پێش ئەمە درۆتان لێبیستبوو؟ وتت نا، دەی کەسێك درۆ بەرامبەر خەڵك نەکات، قەت درۆ بە دەم خواوە ناکات، وتم خانەدانەکان شوێنی دەکەون یان هەژاران، وتت هەژاران، شوێنکەوتوانی پێغەمبەرانی پێشوویش هەژاران بون، وتم زیاد دەکەن یان کەم دەکەن، وتت زیاد دەکەن، ئیمانیش هەر وایە، وتم کەسیان واز دێنێت لە ئایینەکەی، وتت نا، چێژ و جوانی ئیمانیش وایە تێکەڵ بە دڵەکان دەبێت، وتم ناپاکی دەنوێنێت، وتت نا، پێغەمبەرانیش وان ناپاکی نانوێنن، وتم فەرمانی چیتان پێ دەکات، وتت فەرمان دەکات خوای تاك و تەنها بپەرستن و هاوەڵی بۆ دانەنێن و بت نەپەرستن و نویژ بکەن و راستگۆ و داوێن پاك بن، ئەگەر ئەوەی دەیڵێیت راست بێت، ئەوە ئەم شوێن پێیانەی منیش دەگرێت، من دەمزانی ئەو پێغەمبەرە دەردەکەوێت، بەلام نەمدەزانی لە ئێوەیە، ئەگەر دەمزانی دەگونجا بە هەر هیلاکیەك خۆم دەگەیاندە لای، ئەگەر لەلای بوومایە قاچەکانیم دەشۆرد، پاشان داوای نامەکەی پێغەمبەری خوای

(ﷺ) کرد کە بە دیحیەدا ناردبووی بۆ گەورەی بوصرا و درا بە هیرەقل و خوێندیەوە، کە لە خوێندنەوەی نامەکە بویەوە، گرمەو بۆڵە لە دەوری زیادی کرد و ئێمە کراینە دەرەوە، کە چووینە دەرەوە، بە هاوڕێکانم وت بەخوا باسوخواسی کوڕی ئەبی کەبشە گەورە بووە، وا پاشای بەنیلئەفەر لێی دەترسێت، ئیتر دڵنیا بووم زیاتر سەردەکەوێت تا ئەوەی خوا ئیسلامی خستە دڵمەوە.[1]

## 79

جارێك ژنەکەی صەفوانی کوڕی موعەططەل هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) صەفوانی مێردم کە دێتەوە کاتێك نوێژ دەکەم لێم دەدات و کە ڕۆژوش بگرم پێم دەشکێنێت، تا خۆریش هەڵنەیەت نوێژی بەیانی ناکات، صەفوانیش خۆی لەوێ ئامادە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لە صەفوان کرد بۆچی وایە؟ صەفوان وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بەوەی وتی لە کاتی نوێژدا لێی دەدەم، ئەو ئافرەتە سوورەتەکەی من دەخوێنێت و منیش وتوومە ئەوە مەخوێنە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر تەنها ئەو یەك سوورەتە بوایە بۆ خەڵکی بەس بوو)، صەفوان وتی سەبارەت بە ڕۆژوو شکاندنەکەی، ئەو ئافرەتە بەردەوام ڕۆژوو دەگرێت و منیش

1 -صحيح البخاري، الرقم 7.

گەنجێکم و توانای خۆگرتنم نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (با هیچ ژنێك بێ مۆڵەتی مێردەکەی ڕۆژوو نەگرێت)، سەبارەت بە درەنگ نوێژکردنەکەم، ئێمە هەموومان وا ڕاهاتوین تا خۆر هەڵنەیەت بێدار نابینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (کە لە خەو هەستایت نوێژەکەت بکە).[1]

## 80

دوای ئەوەی غەزای بەدر ڕوویدا و موسڵمانان سەرکەوتن بەسەر بێباوەڕاندا، عومەیری کوڕی وەهب هات بۆ لای صەفوانی کوڕی ئومەییەو دانیشتبوون، صەفوان وتی دوای کوژراوانی بەدر خوا ئەم ژیانە ببڕێ، عومەیریش وتی ئەرێ بەخوا، بەخوا خۆشی لەم ژیانەیا نەماوە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت قەرزم لەسەرەو هیچم نیە بیدەمەوەو لەبەر ژن و منداڵەکانم نەبوایە کە هیچیان بۆ شك نابەم بۆیان جێبهێڵم، دەچووم بۆ لای موحەمەد و دەمکوشت، چونکە بیانوویەکم هەبوو دەچووم و دەموت هاتوم تا ئەو کوڕە دیلەم وەربگرمەوە، صەفوانیش بەو قسەی دڵخۆش بوو و وتی قەرز و خەرجی ژن و منداڵت لەسەر من بەڵام تۆ ئەوە بکە، ئەوەبوو صەفوان ئامادەکاری بۆ کرد و شمشێرێکی ژەهراویشی بۆ ئامادە کرد، عومەیر بە صەفوانی وت چەند شەوێك ئەمە لای کەس باس مەکە، ئەوەبوو

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 1504، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1532، سنن أبي داود، الرقم 2116، صححه الذهبي فيالتلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2459.

عومەیر چوو بۆ مەدینەو چووە بەر دەرگای مزگەوت و وشترەکەی بەستەوەو بە شمشێرەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، عومەری کوڕی خەططاب کە عومەیری بە شمشێرەوە بینی ترس دایگرت و وتی بڕواننە ئەو سەگە لەبەردەرگایە، ئەوە دوژمنی خوایە کە خەڵکی لێ هان دەدایا، عومەر چوویە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەوە عومەیری کوڕی وەهبە بە چەکەوە هاتووەتە ناو مزگەوت، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ دەزانیت ئەو ناپاك و خراپەکاریشە لێی دڵنیا مەبە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بیکەرە ژوورەوە بۆ لام، عومەیر و عومەر پێکەوە هاتن و هاوەڵانیش هاتنە ژوورەوە، چونکە عومەر فەرمانی کرد وریابن ئەگەر عومەیر شتێکی کرد رێی پێ نەدەن، خۆیشی شمشێرەکەی پێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە عومەری فەرموو تۆ لە دواوە بوەستە، عومەیر کە نزیك بوویەوە وتی بەیانیت باش، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوا لەبری ئەو سەلامەی تۆ بە سەلامی خۆمان رێزداری کردوین کە سەلامی ئەهلی بەهەشتیەکانە)، ئینجا فەرمووی بۆچی هاتویت ئەی عومەیر؟ ئەویش وتی هاتوم دیلەکەمم بدەنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەو شمشێرە چیە پێت؟ ئەویش وتی خوا بیبڕێت جا ئەو شمشێرە چ سوودێکی هەیە، کە دابەزیم لەبیرم چوو دایبنێم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (راستم پێ بڵێ بۆچی هاتویت؟) عومەیر وتی تەنها بۆ بردنەوەی دیلەکەم هاتوم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی چ مەرجێکت دانا بۆ صەفوانی کوڕی ئومەییە لە حیجردا؟) عومەیر ترسا و وتی چ مەرجێکم داناوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێنت دا بمکوژیت بەرامبەر بەوەی قەرزەکەت بداتەوە، خوا رێ نادات ئەوە بکەیت، عومەیر خێرا شایەتومانی هێنا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا

(ﷺ) ئێمە دەمانوت درۆ دەکەیت کە دەڵێیت سروشت بۆ دێت، بەڵام ئەم قسەی نێوان من و صەفوان لە حیجر کەس نەیدەزانی جگە لە من و صەفوان، بەڵام خوا ئەوەی گەیاند بە تۆ، بۆیە بڕوام هێنا بە خواو پێغەمبەرەکەی و سوپاس بۆ خوا کە منی گەیاند بەم مەقامە، موسڵمانان بە موسڵمانبوونی عومەیر دڵخۆش بوون، عومەر وتی کە عومەیر هات لە بەرازێك لام بێزراوتر بوو، ەچی کە موسڵمان بوو هێندەی یەکێك لە کوڕەکانم لام ئازیز بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دابنیشە دڵنەوات بکەین)، ئینجا فەرمووی (براکەتان فێری قورئان بکەن و دیلەکەی بۆ ئازاد بکەن)، عومەیر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من زۆر هەوڵم دەدا دژایەتی ئیسلام بکەم، جا ئێستا مۆڵەتم دەدەیت بچمەوە ناو قوڕەیش و بانگیان بکەم بۆ ئیسلام بەڵکو خوا ڕێنمونییان بکات؟ پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی پێدا، عومەیر چوویەوە بۆ مەککەو صەفوانیش لە کۆڕی قوڕەیشیەکاندا بوو دەیوت موژدەتان لێ بێت موژدەیەکتان بۆ دێت خەمی بەدرتان بیر دەباتەوە، هەرکەس لە مەدینەوە دەهاتە مەککە صەفوان هەواڵی مەدینەی دەپرسی تا دواجار هەواڵی زانی کە عومەیر موسڵمان بووە، کە ئەوەی زانی وتی بەڵێن بێت هیچ یارمەتیەکی نەدەم و قسەشی لەگەڵ نەکەم، عومەیر هاتەوە مەککەو کەوتە ڕێنمایی خەڵك بۆ موسڵمان بوون و ژمارەیەکی زۆر موسڵمان بوون.[1]

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 13992،

## 81

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، طەلحەی کوڕی بەڕراء تازە پێگەیشتبوو، دەچوو خۆی دەنووساند بە پێغەمبەرەوە(ﷺ) و قاچی ماچ دەکرد،[1] دەیوت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) چۆنت پێ خۆشە فەرمانم پێ بکە، لە قسەت دەرناچم، پێغەمبەریش (ﷺ) پێکەنی و فەرمووی (بڕۆ باوکت بکوژە)، خێرا طەلحە چوو تا بیکوژێت، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو من نەنێردراوم بۆ پچڕاندنی پەیوەندی، پاش ماوەیەك طەلحە نەخۆش کەوت، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی، سەرمایەکی سەختی زستان بوو، کاتێك ویستی جێی بهێڵێت، بە ژنەکەی طەلحەی فەرموو (وا دەبینم مەرگ یەخەی بە طەلحە گرتووە،جا هەواڵم پێ بدەن تا ئامادەی بم و نوێژی لەسەر بکەم، پەلەشی تیا بکەن)، پێغەمبەر (ﷺ) نەگەیشتە لای بەنی سالیم کە طەلحە مرد و شەو بەسەردا هات، طەلحەش وتبوی ئەسپەردەم بکەن و بمگەیەننەوە بە پەروەردگارم، پێغەمبەری خواش (ﷺ) بانگ مەکەن، چونکە دەترسم جوولەکە دەستی خۆیانی پێ بگەیەنن و بەهۆی منەوە تووشی شتێك بێت، ڕۆژ بوویەوە ئینجا هەواڵ درا بە پێغەمبەر (ﷺ)، خێرا پێغەمبەر (ﷺ) چوو تا لەسەر گۆڕەکەی وەستا، خەڵکی ریزیان بەست و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوایە وا پێشوازی لە طەلحە بکە کە بۆی پێبکەنیت و بۆت پێبکەنێت).[2]

---

[1] - أسد الغابة، ج3، ص 80.

2 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 8328، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3485.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە، طەلحە چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێبدەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی تەنانەت ئەگەر فەرمانتپێ بکەم پەیوەندیت لەگەڵ دایکت بپچڕێنیت؟ وتی نا، دواترهەمدی هاتەوەو وتی دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێبدەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەسەرچی؟ وتی لەسەر ئیسلام، فەرمووی ئەگەر تەنانەت فەرمانت پێ بکەم پەیوەندیت لەگەڵ دایکت بپچڕێنیت؟ وتی نا، بۆ جاری سێیەم هەمان شت دووبارە بوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی طەلحە لە ئایینی ئێمەدا پچڕاندنی پەیوەندی نیە، بەڵام حەزم کرد هیچ گومانێك لە ئایینتدا نەمێنێت، طەلحە زۆر بە چاکی موسڵمان بوو، دوای ماوەیەك طەلحە نەخۆش کەوت، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی و تەماشای کرد لەهۆش خۆی چووە، فەرمووی (بڕوام وایە ئەمشەو طەلحە دەمرێت، جا ئەگەر هاتەوە هۆش بنێرن بە شوێنمدا)، ئەوەبوو لە نێوەندی شەودا طەلحە هاتەوە هۆش، وتی پێغەمبەر (ﷺ) نەهات بۆ سەردانم؟ وتیان با، پێیان وت پێغەمبەر (ﷺ) چی فەرمووە، طەلحە وتی مەنێرن بە شوێنیدا نەوەك شتێ بیگەزێت یان تووشی شتێك بێت، بەڵام ئەگەر ڕۆژ بوویەوە، سەلامی منی پێ بگەیەن و بڵێن داوای لێخۆشبوونم بۆ بکات، دواتر مرد، کاتێك بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەیانی کرد، هەواڵی طەلحەی پرسی، هەواڵیان پێدا وەفاتی کردووەو وتیان چی وتووەو داوای چی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستەکانی بەرزکردەوەو فەرموی (خوایە وا پێشوازی بکە کە بۆ تۆ پێبکەنێت و تۆیش بۆی پێبکەنیت).[1]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 8043.

82

طەلحەی کوڕی عەمر دەڵێت من چوومە مەدینە و لە صوففە دابەزیم، پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژانە بڕێك خورمای بۆ دەهێناین و بەرگێکی هەرزان بەهامان دەپۆشی، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بۆ کردین، کە سەلامی دایەوە، لە ڕاست و چەپەوە ئەهلی صوففە بانگیان کرد ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خورما سکی سووتاندین و بەرگەکەشمان جەستەی وێران کردین، پێغەمبەریش (ﷺ) چوو بەرەو لای مینبەرەکەی و سەرکەوت و سوپاس و شتایشی خوای کرد و باسی نارەحەتی خۆی کرد کە لەدەست هۆزەکەی تووشی بووە، دەیفەرموو جار بووە زیاد لە سیانزە ڕۆژ خۆم و هاوەڵەکەم تەنها خواردنمان بەریر–بەری ئەراك– بووە، دواتر هاتین بۆ لای ئەم برایانەمان لە پشتیوانان و زۆربەی خۆراکیان خورما بوو، تیایدا بەشدار بووین، سوێند بەخوا ئەگەر نان و گۆشت شك بەرم، تێرتان دەکەم لێی، بەڵام لەوانەیە بگەنە سەردەمێك تەنها کەسێکتان بەری بەیان بەلەمە خواردنێکی بۆ بهێنرێت و ئێوارە بەلەمە خواردنێکی تری بۆ بهێنرێت، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کاتە باشین یان ئێستا؟ فەرمووی بەڵکو ئێوە ئەمڕۆ باشترن، ئەمڕۆ خۆشەویستی لەنێوتاندا هەیە، بەڵام ئەوکات دەدەن لە گەردنی یەکدی.[1]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4232، صححه الذهبي في التلخيص، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 1199.

## 83

کاتێك خەڵکی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کرد، تەنها دوانزە کەس لە دەوری مانەوە، یەکێك لەوانە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا بوو، جا بێباوەڕان دەیانویست خۆیان بگەیەنن بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ بەرامبەریان دەوەستێت؟ طەلحە وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وەك هەیت (لە شوێنی خۆت بە)، یەکێك لە پشتیوانان وتی من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی دەی تۆ بجەنگە، کابرا جەنگا تا شەهید بوو، دواتر تەماشای کرد هێشتا بێباوەڕان دێن، فەرمووی کێ ڕێیان پێ دەگرێت؟ طەلحە وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) هەمان شتی پێ فەرموو و ئەمجارەش کابرایەکی پشتیوانی چوو تا ئەویش شەهید بوو، بەردەوام بەو جۆرە بوو تا هەموو پشتیوانیەکانی دەوری شەهید بوون و تەنها مایەوە پێغەمبەر (ﷺ) و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ ڕێیان پێ دەگرێت؟ طەلحە وتی من، جەنگی یانزە کەسی کرد تا شمشێر بەر دەستی کەوت و پەنجەکانی بڕا، طەلحە وتی ئاخ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر بتوتایە بەناوی خوا فریشتەکان بەرزیان دەکردیتەوەو خەڵکیش تەماشایان دەکرد، دواتر خوای گەورە بێباوەڕانی تێکشکاند.[1]

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4226، المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 8872، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 3149.

84

طوفەیلی کوڕی عەمر کەسایەتیەکی خانەدان و شاعیر بوو، جارێك چوو بۆ مەککە، خەڵکێ لە قوڕەیشیەکان چوون بۆ لای و وتیان ئەی طوفەیل، تۆ هاتویتەتە شاری ئێمەو ئەم کابرایەی لەنێوماندایە–مەبەستیان پێغەمبەر (ﷺ) بوو– باری خراپ کردوین و ریزی تێکداوین و قسەی ئەڵێیت جادووەو کوڕ وباوك و براو برا و ژن و مێرد لە یەك ئەکات، دەترسین باری تۆ و هۆزەکەشت بشێوێنێت، بۆیە هیچ قسەی لەگەڵ مەکەو گوێی بۆ مەگرە، طوفەیل وتی بەخوا هێندەیان پێ وتم بڕیارم دا هیچ گوێی لێ نەگرم و قسەی لەگەڵ نەکەم، دواتر چووم بۆ حەرەم و هەردوو گوێم ئاخنیبوو تا قسەی موحەممەد نەبیستم، رۆژێك چووم بۆ مزگەوت، دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لای کەعبەوە نوێژ دەکات، منیش کەمێك لە نزیکیەوە وەستام، ویستی خوا وابوو هەندێ قسەی ببیستم، قسەکانی وان بوون، لە دەروونی خۆمدا وتم دایکم رۆڵەرۆم بۆ بکات، خۆ من کەسێکی ژیر و شاعیرم و دەزانم چاك و خراپ چیە، با گوێی لێبگرم، ئەگەر چاکی وت وەری دەگرم و ئەگەریش خراپی وت وازی لێدێنم، کەمێك وەستام تا چوویەوە بەرەو ماڵەوە، کەوتمە شوێنی، کە چوویە ماڵەوە، منیش لەگەڵی چوومە ژوورەوەو وتم ئەی موحەممەد هۆزەکەت پێیان وتووم تۆ ئاواو ئاوایت، وایان لێکردم گوێم ئاخنی تا قسەت نەبیستم، بەلام ویستی خوا وابوو شتێك لە قسەکانتم بیست، قسەکانت جوان بون، بۆیە باسی خۆتم بۆ بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) مەسەلەکەی بۆ باسکرد و قورئانی بەسەردا خوێندەوە، ئەویش وتی

بەخوا تا ئێستا قسەی وا باشم نەبیستووە و لەمە راستتر و دادوەرانەترم نەبیستووە، بۆیە موسڵمان بووم و شایەتومانی حەقم هێنا، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من کەسێکم لەناو هۆزەکەمدا قسەم وەردەگیرێت و سەبارەت بە ئیسلام قسەیان لەگەڵ دەکەم، جا نزام بۆ بکە خوا یارمەتیم بدات بانگەوازەکەم لەنێویاندا سەرکەوتوو بێت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (اللهم اجعل له آية)، (خوایە نیشانەی پێ ببەخشە) منیش دەرچووم و گەیشتمەوە ناو هۆزەکەم، کە گەیشتمە بەرزایی رووەو هۆزەکەم، رووناکیەك کەوتە نێوچاوانمەوە دەوت چرایە، وتم خوایە با نیشانەکە لە دەموچاومدا نەبێت، چونکە دەترسم وابزانن لەبەر وازهێنانم لە ئایینەکەیان دەموچاوم شێواوە، ئیتر رووناکیەکە کەوتە سەر جێدەستی قامچیەکەی دەستم، خەڵکەکە کە لەوێ بوون ئەو رووناکیەیان دەبینی، چوومەوەماڵەوە، باوکم هات بۆ لام، وتم بابە گیان کەنار بگرە لێم، نە دەتناسم و نە دەمناسیت، وتی بۆچی کوڕە شیرینەکەم، وتم من موسڵمان بووم و شوێن ئایینی موحەممەد کەوتووم، ئەویش وتی کوڕی شیرینم ئایینی منیش هەمان ئایینی تۆیە، وتم دەی بڕۆ خۆت بشۆ و جلەکانت پاك راگرە، ئینجا هاتەوە، باسی ئیسلامم بۆ کرد و ئەویش موسڵمان بوو، دواتر ژنەکەم هات و چیم وت بە باوکم بەویشم وت، وتی بۆچی بە باوکمەوەبەقوربانت بم، وتم من موسڵمان بووم و شوێن ئایینی موحەممەد کەوتووم، ئەویش ئامادەیی دەربڕی موسڵمان بێت، داوام کرد بڕوات خۆی بشوات، چوو و خۆی شۆردو هاتەوەو باسی ئیسلامم بۆ کرد و موسڵمان بوو، دواتر دەوسیەکانم بانگ

کرد بۆ ئیسلام و ئەوان خێرا موسڵمان نەبوون، بۆیە چوومەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککەو وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەوسیەکان نایەن بەدەم داواکەمەوە، دەی نزای سەختیان لەدژ بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای ڕێنموونی کرد بۆیان.[1]

85

ئەبووبەکری صدیق دەڵێت کە خەڵکی لە ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کردبوو، یەکەم کەس من بووم چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینم کەسێك لە دەوری بەرگری لێدەکات، وتم دەی ئەوە طەلحە بێت بە دایك و باوکمەوە بە قوربانی بم، دواتر بینیم لە دوایشەوە کەسێك هات دەتوت باڵندەیەو دەفڕێت، خێرا خۆی گەیاندە من، دەبینم ئەبووعوبەیدەیە، خێرا پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و طەلحەش لە بەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) کەوتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فریای براکەتان بکەون، ئینجا تیرێك بەر تەوێڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و تیرێکیش بەر ڕومەتی کەوتبوو، ئەبووعوبەیدە وتی ئەی ئەبووبەکر سوێندت دەدەم بە خوا بهێڵە من لایبەرم، ئەوەبوو بە دەمی –ددانی– تیرەکەی گرت و هێواش هێواش دەریدەکرد و حەزی نەدەکرد پێغەمبەر (ﷺ) ئازاری پێ بگات، دواتر ویستم من ئەو

---

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج4، ص 238-239.

تیرەکەی تر دەربکەم، کەچی هەمدی ئەبووعوبەیدە سوێندی دام و بەهەمان شێوە ئەوی دیکەشی دەرکرد.[1]

86

جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سریەیەکی ئامادە کرد کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی زیاد لە سێ سەد کەس دەبوون، ئەبووعوبەیدەشی کرد بە ئەمیری سریەکە، جابیری هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەریش (ﷺ) لەناو سریەکەدا بوو، جابیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) بڕێك خورمای پێدابووین کە ئێمەش لەبەر کەمیەکەی وەك منداڵ خورماکەمان دەمژی و بە دوایدا ئاومان دەخواردەوە، ئینجا ئەو گەڵایانەی کە وەریبوون دەمانخواردو بەدوایدا ئاومان دەخواردەوە، ئینجا گەیشتینە کەناراوی دەریا، دەبینین ئاژەڵێکی گەورە کە پێی دەوترا عەنبەر لەوێدابوو، ئەبووعوبەیدە وتی مردارەوە بووە مەیخۆن، دواتر وتی ئەمە سوپای پێغەمبەری خوایەو لە ڕێی خوادایە و ئێمەش ناچارین، ناوی خوا بهێنن و لێی بخۆن، ئێمەش لێمان خوارد و بەشێکیشمان لێهەڵگرت، ئەو ئاژەڵە هێندە گەورە بوو کە نزیکەی سیانزە کەس لای چاویەوە دانیشتبوون، ئەبووعوبەیدە پارچەیەکی لێهەڵگرت، کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پرسین، ئێمەش بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئەوە ڕۆزیەك

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7090و اللفظ له، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

بوو خوا پێی بەخشین، هیچیتان لێ هێناوەتەوە؟) وتمان بەڵێ،[1] برێکمان لێی برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لێی خوارد.[2]

87

عائیشە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (إني لأعلم إذا كنت عني راضية، وإذا كنت علي غضبى)، (من دەزانم تۆ کەی لێم رازیت و کەی لێم توورەیت) منیش وتم چۆن دەزانیت؟ فەرمووی (أما إذا كنت عني راضية، فإنك تقولين لا ورب محمد، وإذا كنت علي غضبى قلت لا ورب إبراهيم)، (ئەگەر لێم رازی بیت دەڵێیت نا بە خوای موحەممەد، ئەگەریش لێم توورە بیت دەڵێیت نا بەخوای ئیبراهیم)، منیش وتم بەڵێ بەخوا وایە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4729، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 4354.

2 - سنن أبي داود، الرقم 3361، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3840.

3 - صحيح البخاري، الرقم 4933، صحيح مسلم، الرقم 4573، صحيح ابن حبان، الرقم 7219، مسندأحمد بن حنبل، الرقم 23760.

88

عائیشە دەڵێت فاطیمە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بەڕێدا دەتوت هەمان ڕێکردنی پێغەمبەرە(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مەرحەبا لە کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە داینیشاند، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاطیمە گریا، وتم بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چپەیەکی تری بۆ کرد و فاطیمە دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم تا ئێستا نەمدیوە خەم و خۆشی ئاوا لەیەك نزیك بن، وتم چۆن بوو واگریایت و دواتر پێکەنیت؟ فاطیمەش وتی نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا ناکەم، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، چووم هەمان پرسیارم لێکردەوە، ئەویش وتی چپاندی بە گوێمدا (جیبریل هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی مەرگمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی(ئایا ڕازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەهەشت –یان گەورەی ژنانی باوەڕداران– بیت؟) منیش بەوە پێکەنیم.[1]

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3446.

89

کاتێك عائیشە لە سەرەمەرگدا بوو، ئیبن عەبباس هات بۆ لای، عائیشە وتی دواجار هاتیت؟ عەبدوڵای برازایشی لەلای سەریەوە بوو، وتی ئەوە ئیبن عەبباسەو داوای مۆڵەت دەکات، عائیشە وتی وازم لێ بێنە پێویستم بە هاتن و تەزکیەی ئەو نیە، عەبدوڵا وتی دایە گیان ئیبن عەبباس لە کوڕە چاکەکانتەو هاتووە بۆ ماڵئاوایی و سەلام لێکردنت، ئەویش وتی ئەگەر حەز دەکەیت مۆڵەتی بدە، ئیبن عەبباس هات و دانیشت و وتی موژدەت لێ بێت، بەخوا تەنها دەرچوونی رۆحت لە جەستەت رێگرە لە گەیشتنت بە موحەممەد و ئازیزان، ئەویش وتی وایە ئیبن عەبباس، ئیبن عەبباس وتی تۆ خۆشەویستترین هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بووی لا پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش تەنها کەسی پاکی خۆشدەویست، ئینجا بەسەرهاتی دابەزینی ئایەتی تەیەمومەکەی بۆ گێڕایەوە، ئینجا وتی دواتر خوای گەورە ئایەتی تایبەت بە پاکی تۆی دابەزاند و لەوسا بەدوا چی مزگەوتێ یادی خوای تێدا بکرێت تیایدا پاکی تۆیش باس دەکرێت، عائیشە وتی وازم لێ بێنە ئیبن عەبباس خۆزگە باسم ببڕایەتەوەو ناوم لەناوانا نەبوایە.[1]

[1] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 180.

90

ئەبووهورەیرە دەڵێت جار هەبوو لە برساندا دەکەوتمە سەر زەوی، بەردم لە سکم دەبەست، رۆژێك لەسەر رێی خەڵك دانیشتم، ئەبووبەکر تێپەڕ بوو و منیش سەبارەت بە ئایەتێکی قورئان پرسیارم لێکرد، بەخوا بەس لەبەرئەوە پرسیارم لێکرد بەڵکو شتێك خواردنم پێ بدات، کەچی تێپەڕ بوو و هیچ، دواتر عومەر هات و هەمان شت روویدا، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هات و کە منی بینی زەردەخەنەیەکی کرد و بە دەموچاومدا زانی حاڵم چۆنە، پاشان فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی(دوام کەوە)، منیش بەدوایدا چووم، چوویە ژوورەوەو داوای مۆڵەتی کرد و مۆڵەت بە منیش درا و چوومە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) برێك شیری بەدیکرد و فەرمووی ئەم شیرە لە کوێ بوو؟ وتیان ئەوە فلانەکەس بە دیاری هێنای، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرموی(برۆ بۆ لای ئەهلی صوففەو بانگیان بکە بۆم)، منیش ئەوەم پێ ناخۆش بوو، وتم ئەو تۆزە شیرە بۆ ئەهلی صوففە؟ من شیاوترم بیخۆم تا خۆم پێ رابگیرێت، بەڵام هەر دەبێت فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بەجێبگەیەنم، چووم و بانگم کردن و هاتن، داوای مۆڵەتیان کرد و مۆڵەت دران و هەریەکەو لە لایەکەوە دانیشتن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی بگرە بیاندەرێ، منیش یەك یەك دەمدا بە دەستیانەوەو ئەوانیش تێریان دەخواردەوە، هەموویان تێریان خواردەوە، ئینجا پێغەمبەر

(ﷺ) قاپە شیرەکەی گرتەدەست و تەماشای منی کرد و پێکەنی، فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی من و تۆ ماوینەتەوە، وتم راست دەفەرموویت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی دابنیشە بخۆرەوە، منیش دانیشتم و شیرم خواردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بخۆرەوە، منیش هەمدی خواردمەوەو پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام دەیفەرموو بخۆرەوە، ئیتر تێرم خواردەوە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئیتر جێی نابێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی بیدە بە من، منیش قاپە شیرەکەم پێ بەخشی، سوپاسی خوای کرد و بسم الله الرحمن الرحيم ی فەرموو و ئەوەی مابوویەوە خواردیەوە.[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 6069، صحيح ابن حبان، الرقم 6629، سنن الترمذي، الرقم 2460، السنن الكبرى لنسائي، الرقم 11377، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 4031، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 10439.

91

ئەبوو هورەیرە دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە بازاڕی مەدینە بووم، پێغەمبەر (ﷺ) چوو و منیش بە دوایدا چووم، پێی فەرمووم (أين لكع)(كوا لوكەع)-وشەی لوكەع بۆ خۆشی بۆ مندالّ بەكاردەهێنرا-، سێ جار ئەوەی فەرموو، ئینجا فەرمووی (حەسەنی كوڕی عەلی بانگ بكە)، منیش چووم بينيم حەسەن دەڕوات بە ڕێدا و مليوانێك لە مليدايە، پێغەمبەر (ﷺ) بە دەست ئاماژەی بۆ كرد و ئەويش ئاماژەی بۆ كرد-واتە پێغەمبەر (ﷺ) باوەشی بۆ كردەوەو بە ئاماژەی دەست بانگی كرد-، كە حەسەن هات پێغەمبەر (ﷺ) گرتيە كۆش و فەرمووی (خوایە من خۆشم دەوێت دەی تۆيش خۆشت بوێت و ئەوەشت خۆش بوێت كە ئەوی خۆش دەوێت)، ئەبووهورەيرە دەڵێت ئيتر دوای ئەو فەرمايشتەی پێغەمبەر (ﷺ) كەس نەبوو هێندەی حەسەنی كوڕی عەلی لام خۆشەويست بێت.[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 5552 و اللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 4550، صحيح ابن حبان، الرقم 7073، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 8174، مسند الحميدي، الرقم 1004.

92

موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین، دەمی بەیان پێغەمبەر (ﷺ) لە خەڵکەکە دوورکەوتەوەو منیش بەدوایدا چووم و لە دووریەوە چاوەڕوان بووم، کە هاتەوە فەرمووی کارت هەبوو ئەی موغیرە؟ وتم نا، فەرمووی ئایا ئاوت پێیە؟ وتم بەڵێ، دەستنوێژێکی تەواوەتی گرت و مەسحی سەر خوفەکانی کرد، کە گەیشتینەوە بە خەڵکەکە نوێژ دابەسرابوو، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بەرنوێژی دەکرد، رکاتێکی کردبوو و لە رکاتی دووەمدا بوو، ویستم بڕۆم بە عەبدوڕەحمان بڵێم دەست هەلگرێت ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رێگری لێکردم، ئێمەش ئەو رکاتەمان لە دوایەوە کرد و دوای سەلامدانەوەی عەبدوڕەحمان رکاتەکەی ترمان تەواو کرد.[1]

93

جارێك ئەبووبەکر میوانداری دەستەیەکی کرد و بە عەبدوڕەحمانی کوڕی وت میوانەکانت ببە وا من دەچم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، تا دێمەوە خزمەتیان بکە، عەبدوڕەحمانیش چوو و چی هەبوو داینا بۆیان و وتی بخۆن، ئەوانیش وتیان ئەی گەورەی ماڵ لە کوێیە؟ عەبدوڕەحمان وتی نانەکەتان بخۆن، ئەوانیش وتیان نان ناخۆین تا گەورەی ماڵ نەیەتەوە، ئەویش وتی خزمەتمان

1 - صحيح مسلم، الرقم 436واللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17790، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1541، صحيحابن حبان، الرقم 1363.

قبووڵ بکەن، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، عەبدوڕەحمان زانی باوکی بێتەوە تووڕە دەبێت، بۆیە کە ئەبووبەکر هاتەوە عەبدوڕەحمان ماوەیەك خۆی ون کرد، دواتر ئەبووبەکر بە میوانەکانی وت چیتان کرد؟ ئەوانیش وتیان چی بووە؟ ئەبووبەکر وتی ئەی عەبدوڕەحمان، ئەویش بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدایەوە، هەمدی بانگی کرد و ئەویش وەڵامی نەدایەوە، ئەبووبەکر تووڕە بوو و قسەیەکی پێ وت و وتی سوێندت دەدەم ئەگەر دەنگم دەبیستیت وەڵامم بدەرەوە، عەبدوڕەحمان هاتە دەرەوەو وتی پرسیار لە میوانەکانت بکە، ئەوانیش وتیان راست دەکات، خزمەتی کردین، ئەبووبەکر وتی یانی چاوەڕوانی من بوون؟ بەخوا ئەمشەو نان ناخۆم، ئەوانیش وتیان دەی بەخوا تا تۆ نان نەخۆیت ئێمەش نان ناخۆن، ئەبووبەکر وتی شەوی وەك ئەمشەو خراپم نەدیوە،ماڵوێرانان چیتانە؟ بۆچی میوانداری و خزمەتمان قبووڵ ناکەن؟ عەبدوڕەحمان خواردنەکە بهێنە، ئەوەبوو خواردنەکەی هێنا و ئەبووبەکر بیسمیلاهی کرد و لێی خوارد و ئەوانیش دەستیان کرد بە خواردن،[1] بۆ بەیانی ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و وتی ئەوان سوێندەکەیان بردە سەر و من سوێندەکەم خست، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بەڵکو تۆ بەوەفاتر بوویت بە سوێندەکەت و چاکترینیان بوویت).[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 5794.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3927.

94

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا عەبدوڵای کوڕی حوذافە بەشداری هێرشێك بوو بۆ سەر ڕۆمەکان، بەڵام لە جەنگەکەدا بەدیل گیرا، ئینجا برا بۆ لای پاشاکەیان، وتیان ئەمە لە هاوەڵانی موحەممەدە، ئەویش وتی دەبیت بە مەسیحی و نیوەی سامانی خۆم بدەم بە تۆ؟ عەبدوڵا وتی ئەگەر چیت هەیە و چی موڵکی هەموو پاشایانی عەرەبە بیدەیت بە من، هێندەی چاوترووکانێ وازناهێنم لە ئایینەکەی موحەممەد، پاشاکە وتی دەی دەتکوژم، ئەویش وتی چی دەکەیت بیکە، ئەوەبوو فەرمانی کرد و لەخاچ درا، پاشان بە تیرهاوێژەکانی وت تیرەکە بدەن لە نزیکی جەستەی و مەیکوژن، زوو زوو پێی دەوت دەبیت بە مەسیحی؟ ئەویش ڕازی نەدەبوو، ئینجا لەسەر خاچەکە دایانگرت و مەنجەڵێکی گەورە ئاوی کوڵاویان هێنا، دوو دیلی موسڵمانانی بانگ کرد و هێنران، فەرمانی کردو یەکێکیان خرایە ناو مەنجەڵەکەوە، ئینجا بە عەبدوڵای وت دەبیت بە مەسیحی؟ ئەویش وتی نابم، هاوکات دەگریا، بە پاشا وترا ئەو گریا، بۆیە وایزانی ترساوە، وتی بۆچی دەگریت، عەبدوڵا وتی من یەك گیانم هەیە دەرچێ، خۆزگە هێندەی تاڵەکانی سەرم گیانم هەبوایەو هەموویان لەپێناو خوادا دەخرانە ناو ئاگر، پاشا وتی ئامادەیت سەرم ماچ بکەیت و ئازادت بکەم؟ عەبدوڵا وتی ئەگەر هەموو دیلەکان ئازاد بکەیت بەڵێ، پاشا وتی بەڵێ، ئەویش سەری ماچ کرد و دیلەکانی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ لای عومەر و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، خەلیفەش وتی ئەرکی سەرشانی هەر موسڵمانێکە

سەری عەبدولا ماچ بکات و وا منیش خۆم دەست پێدەکەم، ئەوەبوو سەری عەبدولای ماچ کرد.[1]

هەر لەو ماوەی سزادانەیشدا جارێك برایە ژوورێك و مەی و گۆشتی بەرازی بۆ دانرا، سێ رۆژ بەس ئەوەی بۆ دانرا، ئەویش هیچی لێ نەخوارد، پاشا پێی وت بۆچی دەستت بۆ هیچیکامیان نەبردووە؟ ئەویش وتی لەبەر ناچاری بۆم حەڵاڵ بوو بیخۆم، بەڵام حەزم نەکرد تۆ دڵخۆش بکەم، ئینجا داوای کرد سەری ماچ بکات و لە بەرامبەردا دیلەکانی بۆ ئازاد بکات، ئەویش سەری ماچکرد، ئەوەبوو پاشاکە سێ سەد دیلی لەگەڵ ئازاد کرد و سی هەزار دینارو چەندین خەڵاتی تریشی پێدا.[2]

## 95

کاتێك عەبدولای کوڕی سەلام بیستی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە بۆ مەدینە، چوو بۆ لای و وتی من سەبارەت بە سێ شت پرسیارت لێ دەکەم کە تەنها پێغەمبەران دەیزانن، یەکەم: یەکەم نیشانەکانی رۆژی دوایی چین؟ دووەم: یەکەم خواردنی بەهەشتیەکان چیە؟ سێیەم: مندالێ لە چیەوە دەچێتەوە سەر باوکی و لە چیەوە دەچێتەوە سەر خاڵوانی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێشتر جیبریل هەواڵی ئەوانەی پێدام، عەبدولا وتی جیبریل فریشتەیەکی دوژمنی جوولەکەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(أما أول أشراط الساعة فنار تحشر

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 14.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 15.

الناس من المشرق إلى المغرب، وأما أول طعام يأكله أهل الجنة فزيادة كبد حوت، وأما الشبه في الولد: فإن الرجل إذا غشي المرأة فسبقها ماؤه كان الشبه له، وإذا سبق ماؤها كان الشبه لها)، (یەکەم نیشانەکانی رۆژی دوایی ئەوەیە کە ئاگرێك دەبێت خەڵکی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا کۆدەکاتەوە، یەکەم خواردنی بەهەشتیەکانیش زیادەی جگەری حووتە، ئەوەی مندالّ لە کێ دەچێت، ئەگەر پیاو لەگەڵ ئافرەت سەرجێی کرد و ئاوی پیاوەکە پێش ئاوی ئافرەتەکە کەوت، ئەوە لە پیاوەکە دەچێت، ئەگەریش ئاوی ئافرەتەکە پێش ئاوی پیاوەکە کەوت ئەوە لێکچوونەکەی بۆ-خاڵوانی-ئافرەتەکەیە)، عەبدوڵا وتی شایەتی دەدەم تۆ پێغەمبەری خوایت، پاشان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جوولەکە خەڵکانێکن زۆر بوختان دەکەن، ئەگەر پێش ئەوەی پرسیاریان لێ بکەیت بە موسڵمانبوونی منیان زانیبێت ئەوە بوختانم بۆ دەکەن، ئەوەبوو جوولەکە هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و عەبدوڵا چوویە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عەبدوڵای کوڕی سەلام لەنێوتاندا چ جۆرە پیاوێکە؟ ئەوانیش وتیان زاناترین و کوڕی زاناترین و چاکترین و کوڕی چاکترینمانە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر بینیتان عەبدوڵا موسڵمان بوو؟) ئەوانیش وتیان خوا بیپارێزێت لە شتی وا، عەبدوڵا هاتە دەرەوە بۆ لایان و وتی شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش نێردراوی خوایە، خێرا جوولەکەکان کەوتنە قسە پێ وتنی و وتیان خراپترین کەس و کوڕی خراپترینمانە.[1]

1 -صحيح البخاري، الرقم 3166، صحيح ابن حبان، الرقم 7268، السنن الكبرى لنسائي، الرقم 7981،

96

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحوقەیقی جوولەکە بکوژرێت، دەستەیەك لە پشتیوانانی بۆ ئەو کارە نارد و عەبدوڵای کوڕی عەتیکی کرد بە ئەمیریان، کاتێك چوون بۆ ئەوێ، عەبدوڵا بە هاوەڵەکانی وت لە شوێنی خۆتان دابنیشن، من دەڕۆم و خۆم لای کابرای دەرگاوان شیرین دەکەم بەڵکو بچمە ژوورەوە، ئەوەبو چوو تا نزیك بوویەوە لە دەرگاکە، دواتر جلەکەی دا بەسەر خۆیدا وەك ئەوەی بڵێیت دەست بە ئاو دەگەیەنێت، خەڵکی دەچوونە ژوورەوە، دەرگاوانەکە پێی وت ئەی عەبدوڵا ئەگەر دەتەوێت بێیتە ژوورەوە وەرە چونکە دەمەوێت دەرگاکە دابخەم، عەبدوڵا دەڵێت چوومە ژوورەوەو خۆم حەشاردا، کە دەرگاکە داخرا و کلیلەکان هەڵواسران، چووم کلیلەکانم برد و دەرگاکەم کردەوە، کاتێك خەڵکەکە جێیانهێشت، چوومە سەرەوە بۆی، هەر دەرگایەکم دەکردەوە، لەودیوەوە دامدەخست، وتم با خەڵکەکە ئەگەریش زانییان فریام نەکەون تا تەواو بیکوژم، کە گەیشتمە لای دەبینم لە ژوورێکی زۆر تاریکدایە لەناو ژن و منداڵیدا، نەمدەزانی کامیان ئەوە، بۆیە وتم ئەی ئەبوورافیع، ئەویش وتی ئەوە کێیە؟ منیش چووم بەرەو لای دەنگەکەو بە شمشێرەکەم لێمدا، هاواری لێ هەستا، منیش لە ژوورەکە چوومە دەرەوەو زۆر دوور نەکەوتمەوەو گەڕامەوە بۆ لای و وتم ئەی ئەبوورافیع ئەوە چی بووە؟ وتی دایکت ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات کەسێك لە ژوورەوە بوو بە شمشێر لێیدام، زانیم هێشتا نەیکوشتووە، بۆیە لا

مسند احمد بن حنبل، الرقم 10547، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3751.

تیژەکەی شمشێرەکەم خستە سەر سکی و فشارم خستە سەر تا دڵنیا بووم لەوەی کوشتوومە، ئینجا یەك یەك دەرگاکانم دەکردەوە تا گەیشتمە لای پەیژەیەك و قاچم دانا لەسەری، وامزانی گەیشتوومەتە خوار، کەچی کەوتم، قاچم شکا و بە مێزەرەکەی سەرم بەستم، دواتر چووم لەبەر دەرگا دانیشتم و وتم نارۆم تا دڵنیا نەبم لەوەی کوشتوومە، قووقەی کەڵەشێر هات و کەسێك هاواری دەکرد ئەبوورافیع کوژرا، ئیتر گەڕامەوە بۆ لای هاوەڵەکانم و وتم تەواو بوو، خوا ئەبوورافیعی لەناوبرد، ئینجا گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، فەرمووی قاچت راکێشە، قاچم راکێشا، دەستی بەسەردا هێنا، ئیتر دەتوت هیچی بەسەر نەهاتووە.[1]

97

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصی بینی، فەرمووی ئەرێ عەبدوڵا وا بیستوومە بە ڕۆژ بەرۆژوویت و بە شەویش شەونوێژ دەکەیت؟ عەبدوڵا وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (وامەکە، رۆژوو بگرەو رۆژووش بشکێنە و شەونوێژیش بکەو بشخەوە، جەستەت مافی هەیە بەسەرتەوە، چاوت مافی هەیە بەسەرتەوە، هاوسەرت مافی هەیە بەسەرتەوە، میوانت مافی هەیە بەسەرتەوە، هێندە بەسە لە هەموو مانگێکدا سێ رۆژ بەڕۆژوو بیت چونکە بەوە بۆ هەر چاکەیەك دە بەرامبەرت بۆ

1 - صحيح البخاري، الرقم 3831.

هەیە، ئەوە دەبێتە رۆژووی هەموو ساڵەکە)، منیش هەر وازم نەهێنا و داوام دەکرد مۆڵەتی زیاترم بدات، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من توانا لەخۆمدا بەدی دەکەم، فەرمووی(دەی وەك رۆژوی پێغەمبەری خوا داوود رۆژوو بگرە و لەوە زیاتر مەکە) وتم رۆژووی پێغەمبەری خوا داوود چۆن بووە؟ فەرمووی نیوەی ساڵەکە بەرۆژوو دەبوو–واتە رۆژنارۆژێك–، عەبدولا دواتر کە تەمەنی کرد و پیر بوو و توانای جارانی نەما، وتی خۆزگە مۆڵەت و کارئاسانیەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) قبووڵ بکردایە.[1]

98

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای حونەین بوویەوە، ئەبووعامیری بە سوپایەکەوە نارد بۆ ئەوطاس، منیشی لەگەڵ ئەبوو عامیردا نارد، ئەبووعامیر کە گەیشت بە دورەید خوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بە ئەبووعامیر و دورەید کوژرا و هاوەڵانی شکان، بەڵام تیرێك بەر ئەبووعامیر کەوت، منیش خۆم گەیاندە لای و وتم مامەگیان کێ تیری لێدایت؟ ئەویش ئاماژەی کرد بۆ کەسێك و وتی ئەو منی کوشت، منیش کەوتمە شوێنی و خۆم گەیاند پێی و دەموت شەرم ناکەیت رادەکەیت؟ ئەویش وەستا و جەنگاین و من ئەوم کوشت، دواتر بە ئەبوو عامیرم وت خوای گەورە ئەو

1 - صحيح البخاري، الرقم 1891، صحيح مسلم، الرقم 2047، صحيح ابن حبان، الرقم 3698.

کەسەی کوشت، ئەبوو عامیر وتی دەی ئەو تیرە لاببە، منیش تیرەکەم لابرد، وتی برازا گیان سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەر (ﷺ) و پێی بڵێ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکات، ئینجا منی کرد بە بەرپرسی خەڵکەکە، دوای ماوەیەکی کەم ئەبوو عامیر وەفاتی کرد، منیش گەڕامەوەو چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و لەسەر راخەرێکی لە دارگەڵا درووستکراو راکشابوو و شوێنەواری چنراوی راخەرەکە بەسەر پشت و لاکانیەوە بوو، بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی گرت و دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی(خوایە لە عوبەید ئەبی عامیر خۆش بە) منیش سپیایی بنباڵیم دەبینی، ئینجا نزای تری کرد و فەرمووی(خوایە لە رۆژی دواییدا لە سەرووی زۆرێك لەو خەڵکە دروستکراوەی خۆتەوە دایبنێ)، منیش وتم نزای لێخۆشبون بۆ منیش بکە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (خوایە لە تاوانی عەبدوڵای کوڕی قەیس خۆش بە و رۆژی دوایی جێ و مەقامێکی رێزداری پێ ببەخشە).[1]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4078، صحيح مسلم، الرقم 4658، صحيح ابن حبان، الرقم 7305، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8508، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7148.

99

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت من لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە لە جەعرانە لە نێوان مەککەو مەدینە لایدابوو، بیلالیش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەعرابیەك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەو بەڵێنەی پێت دام بۆم نایەنێتەدیٚ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(موژدەت لیٚ بێت)، کابرا وتی موژدەی زۆرت پێداوم، پێغەمبەر (ﷺ) وەك تووڕەییەکی هەبێت تەماشای ئەبووموسا وبیلالی کرد و فەرمووی( کابرا موژدەکەی بەرپەرچ دایەوە، ئێوە وەرن)، ئێمەش چووین، داوای قاپیٚ ئاوی کرد و دەست و دەموچاوی تێدا شۆرد و ئاوی رادایە دەمی و کردیەوە ناوی و دواتر فەرمووی(لێی بخۆنەوە و بیکەن بەسەر دەموچاوو و گەردنتاندا و موژدەتان لیٚ بێت)، ئێمەش وامانکرد، پاشان فەرمووی زیادەکەی لیٚ بهێڵنەوە بۆ دایکتان، ئوممسەلەمەی لە پشت پەردەوە بانگ کرد، ئێمەش زیادەکەیمان بۆ هێشتەوە.[1]

1 - صحيح البخاري، الرقم 4082، صحيح مسلم، الرقم 4657، صحيح ابن حبان، الرقم 59، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7149.

100

عەمری کوڕی جەمووح لەماڵەوە بتێکی هەبوو بە ناوی مەناف، زۆر خۆشی دەویست و پاکی رادەگرت و بۆنی خۆشی لێدەدا، جا کە بڕێك لە گەنجانی پشتیوانان موسڵمان بوون، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و موعاذی کوڕی عەمر–کوڕەکەی خۆی– و بەشداربووی بەیعەتی عەقەبە بوون، شەو دەچوون بتەکەی عەمریان فڕێ دەدایە ناو زبڵدانەوە، بۆ بەیانی عەمر هەڵسا و هاواری لێهەستا و وتی کێ ئەمشەو هێرشی بردوەتەسەر خواکانمان، پاکی کردەوەو بۆنی خۆشی لێدا، ئەوانیش هەمدی وایان لێکردەوە، ئەمجار عەمر کە پاکی کردەوە شمشێرێکی پێدا هەڵواسی و وتی بەخوا من نازانم کێیە وات لێدەکات، جا ئەگەر خۆت خێرێکت تیایە بەم شمشێرە بەرگری لە خۆت بکە، بۆ شەو ئەوانیش هەمدی بتەکەیان برد و شمشێرەکەیان لابرد و لە شوێنیدا سەگێکیان بەستەوە بە ملی بتەکەوەو خستیانە ناو زبڵدانێکی بەنی سەلەمەوە، عەمر بەیانی هەستا بتەکەی نەدی، چوو تا بەو شێوەیە دۆزیەوە، ئیتر راچڵەکی و وازی لە بتپەرستی هێنا و موسڵمان بوو.[1]

1 - أسد الغابة، ج4،ص 220.

101

ئیبن مەسعوود دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی کە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوومووساو عەبدوڵای کوڕی عورفوطە و عوثمانی کوڕی مەظعوون، قوڕەیشیش عەمری کوڕی عاص و عمارەی کوڕی وەلیدیان بە برێك دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان دەستەیەك لە کەس‌وکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی ئەوان لە کوێن؟[1] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی بەخوا نایاندەمەوە دەستتان تا قسەیان لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[2] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان بۆچی؟ وتی چونکە خوا پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[3] نەجاشی وتی ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی ئەی پاشا ئێمە گەلێك بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان رەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و راستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاك و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش بێت و نوێژ بکەین و رۆژوو بگرین،[1] عەمر وتی ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی رایان پێچەوانەی رای ئێوەیە، نەجاشی وتی سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی دەڵێن؟ جەعفەریش وتی ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی رۆحو کەلیمەی خوایە کە بەخشیویەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ مرۆڤێك دەستی پێی نەگەیشتووە،[2] نەجاشی وتی هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی بەڵێ، ئەوەبوو برێك لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[3] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و وتی ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشەو راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215-216.

پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت بڕۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قورەیشیەکان گێڕدرایەوە.[1]

## 102

لە دوای جەنگی خەندەق، عەمری کوڕی عاص لەگەڵ کۆمەڵێك لە قورەیشیەکان کۆبوویەوەو وتی من دەبینم ڕۆژ دوای ڕۆژ دەسەڵاتی موحەممەد زیاد دەکات، جا من رایەکم هەیە، وتیان راکەت چیە؟ وتی رام وایە بچین بۆ لای نەجاشی و لەوێ لای ئەو بمێنینەوە، جا ئەگەر موحەممەد سەرکەوت بەسەر هۆزەکەماندا ئەوە ئێمە لای نەجاشی دەبین، چونکە لەژێر دەستی نەجاشیدا بین باشترە تا لەژێر دەستی موحەممەددا بین، ئەگەریش هۆزەکەمان سەرکەوتن ئەوە ئێمە ئەوان دەناسین و تەنها چاکەی ئەوانمان بەردەکەوێت، ئەوانیش وتیان راکەت پەسەندە، بۆیە کەوتنە کۆکردنەوەی دیاری بۆ نەجاشی و کەوتنەڕێ تا گەیشتنە حەبەشە، لەو کاتەدا نێردراوی پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای نەجاشی کە عەمری کوڕی ئومەییەی ضەمری بوو، سەبارەت بە جەعفەرو هاوەڵانی پەیامی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بۆ نەجاشی هێنابوو، عەمر دەڵێت منیش وتم دەچم و داوای لێدەکەم عەمری

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

کوڕی ئومەییەم پێبدات تا بدەم لە گەردنی و بەوەش قوڕەیش دەزانن کە من بە کوشتنی نێردراوی موحەممەد چیم بۆ کردون، چوومە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی و وەك خۆیان سوجدەم بۆ برد، ئەویش وتی مەرحەبا لە هاوڕێکەم، لە وڵاتەکەتەوە هیچ دیاریەکت بۆ هێناوین؟ وتم بەڵی ئەی پاشا، ئینجا دیاریەکەم بۆ برد، ئەویش زۆر پێی سەرسام بوو، دواتر وتم ئەی پاشا من ئێستا بینیم کەسێك لەلات چوو و نێردراوی دوژمنێکی ئێمە بوو، ئەو کەسەم پێ بدە تا بیکوژم، چونکە ئەو پیاوماقووڵی زۆری ئێمەی کوشتووە، نەجاشی تووڕە بوو، وا شەرمەزار بووم کە ئەگەر زەوی شەقی ببردایە دەچووم بە زەویدا، دواتر وتم ئەی پاشا وامزانی تۆ رقتە لێی بۆیە داوام کرد، ئەویش وتی داوام لێدەکەیت نێردراوی کەسێکت پێ بدەم کە پەیامی خوای بۆ هاتووە(لە هەمان سەرچاوەکەی مووساوە) بۆ ئەوەی بیکوژیت، وتم ئەی پاشا جا وایە پەیامەکەیان یەك سەرچاوەیە؟ وتی ماڵت وێران بێت ئەی عەمر گوێم لێ بگرەو شوێنی بکەوە، بەخوا ئەو لەسەر حەقەو بەسەر نەیارانیشدا سەردەکەوێت وەك چۆن مووسای کوڕی عیمران سەرکەوت بەسەر فیرعەون و سەربازەکانیدا، منیش وتم ئیسلامم پێ دەدەیت؟ ئەویش وتی بەڵێ، ئەوەبوو دەستی کردەوەو بەیعەتی ئیسلامم پێدا، دواتر چووم بۆ لای هاوەڵانم و رام وەك پێشتر نەمابوو و موسڵمانبوونی خۆمم شاردەوەو دواتر گەڕامەوەو بڕیارم دا بچم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لە رێدا گەیشتم بە خالیدی کوڕی وەلید، وتم بۆ کوێ دەچیت؟ وتی دەچم تا موسڵمان بم، منیش وتم دەی بەخوا منیش بۆ ئەوە هاتوم، پێکەوە

چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خالید پێشکەوت و موسڵمان بوو، دواتر من چومە پێشەوەو وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەوە بەیعەتت پێدەدەم کە تاوانی رابردووم بسڕیتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی عەمر بەیعەت بدە، چونکە ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوەو هیجرەتیش پێش خۆی دەسڕێتەوە)، منیش بەیعەتم پێدا و گەڕامەوە دواوە.[1]

## 103

عەوفی کوڕی مالیك دەڵێت شەوێك لەڕێی سەفەرماندا دابەزین و هەرکەس چوویە شوێنی خۆی، لە نیوەی شەودا هەستام دەبینم وا وشترەکەی پێغەمبەرە(ﷺ) و کەس لە لای نیە، چووم بە دوای پێغەمبەردا (ﷺ) بگەڕێم، کەچی بینیم موعاذی کوڕی جەبەل و عەبدوڵای کوڕی قەیس وەستاون، وتم پێغەمبەر (ﷺ) کوا؟ وتیان نازانین، بەڵام لەوپەری شیوەکەوە دەنگێکمان بیست، کەمێك وەستاین و پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەو فەرمووی (کەسێك لای پەروەردگارمەوە هات و سەرپشکی کردم لەنێوان ئەوەی نیوەی ئوممەتەکەم بخاتە بەهەشت یان شەفاعەتم بۆ هەبێت، منیش شەفاعەتم هەڵبژارد)، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێندت دەدەین لەبەر خوا و لەبەر هاوەڵیمان بۆت ئێمەش لە دەستەی شەفاعەتەکەت بین، فەرمووی ئێوە لە دەستەی

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 142.

شەفاعەتمن، دواتر کە چوون فەرمووی (فإني أشهد من حضر أن شفاعتي لمن مات لا يشرك بالله شيئا من أمتي)،[1] (ئامادەبوان بە شایەت دەگرم شەفاعەتم بۆ هەر کەسێکە لە ئوممەتەکەم کە مرد هیچ هاوەڵێکی بۆ خوا بڕیار نەدابێت).

104

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا خەڵکی تووشی وشکەساڵیەکی سەخت بوون و خەڵکەکە چوون بۆ لای ئەبووبەکر و سکاڵای حاڵیان کرد، ئەویش وتی خۆڕاگر بن خوا دەرووتان لێ دەکاتەوە، هێندەی نەبرد کاروانێکی عوثمانی کوڕی عەففان لە شامەوە گەڕایەوەو باری سەد وشتر گەنمی پێ بوو، خەڵکی چوونە بەردەم ماڵی عوثمان و دایان لە دەرگای و عوثمانیش هات بۆ لایان، وتی چیتان دەوێت؟ وتیان وشکەساڵیەو بەڵکو ئەو بارەی بۆت هاتووە پێمان بفرۆشیت تا باری هەژارانی موسڵمانان چاك بێت، عوثمان وتی بە رێز و خۆشەویستیەوە، وەرنە ژوورەوەو بکڕن، خواردنێکی زۆر لە ماڵی عوثماندا بوو، عوثمان وتی ئەی بازرگانان چەند قازانجم پێ دەدەن بۆ ئەم کڕینە؟ وتیان دە بە دوانزە، عوثمان وتی زیاتریان پێ داوم، وتیان دە بە چواردە، وتی زیاتریان پێداوم، وتیان دە بە پانزە، وتی زیاتریان پێ داوم، بازرگانەکان وتیان ئەی ئەبووعەمر ئێمە هەموو بازرگانەکانی مەدینەین، ئیتر کێ زیاتری پێداویت؟

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 211، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23363، صححه شعيب الأرناؤوط.

ئەویش وتی خوای گەورە بۆ هەر درهەمێك دە درهەمم پێ دەبەخشێت؟ ئەوە لەوە زیاترتان پێ دەدرێت؟ وتیان ناوەڵا، عوثمان وتی دەی خوا بە شایەت دەگرم ئەم خواردنەم کرد بە خێر بۆ هەژارانی موسڵمانان.[1]

## 105

سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص دەڵێت جارێك عومەر داوای مۆڵەتی کرد بچێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و برێك ئافرەتیش لای پێغەمبەر (ﷺ) بوون وپرسیاریان هەبوو و دەنگیان بەرز دەکردەوەو قەرەباڵغییەکیان نابوویەوە، کە زانییان عومەر دێت بەپەلە کەوتنە خۆکۆکردنەوەو چوونە پشت پەردە، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی عومەری دا بێتەژوورەوەو پێغەمبەر (ﷺ) پێدەکەنی، عومەر وتی هەموو تەمەنت پێکەنین بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سەرم لەو ئافرەتانە سوڕما کە لای من بوون، کەدەنگی تۆیان بیست بەپەلە چوونە پشت پەردە)، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ شیاوتریت تا سامت هەبێت لایان، ئەمانە چ ناحەزێکن بە خۆیان، لە من دەترسن و سام لە پێغەمبەری خوا ناکەنەوە؟ ئافرەتەکان وتیان بەڵێ، تۆ رەق و زبرتریت لە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بە عومەری فەرموو (والذي نفسي بيده، ما لقيك الشيطان قط

---

[1] - الشريعة للآجري، الرقم 1442.

سالكا فجا إلا سلك فجا غير فجك)،[1] (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، شەیتان لە هەررێیەکدا پێت بگات خێرا رێگەکەی دەگۆڕێت و رێیەکی تر دەگرێتەبەر).

106

عوبادەی کوڕی وەلید دەڵێت جارێك لەگەڵ باوکم چووین بۆ ناو پشتیوانان تا زانستیان لێ وەربگرین، یەکەم کەسی پێی گەیشتین ئەبولیوسر بوو، باوکم وتی تووڕەییەك بەنێوچاوانتەوە دیارە، ئەویش وتی بەڵێ، قەرزێکم لای فلانەکەس بوو، چووم بۆماڵیان تا لێی وەربگرمەوە کەچی وتیان لە ماڵەوە نیە، دواتر کوڕێکی هاتە دەرەوەو وتم باوکت لە کوێیە؟ وتی لە ماڵەوەیە، کە دەنگی تۆی بیست چوویە ژوورەوە، منیش چوومەوە بەرماڵیان و وتم وەرە دەرەوە دەزانم لە ماڵەوەیت، ئەویش هاتە دەرەوە، وتم بۆچی خۆت شاردەوە؟ ئەویش وتی بەخوا پێت دەڵێم و درۆت لەگەڵ ناکەم، پێشتر بۆیە خۆم شاردەوە ترسام بێم بۆ لات و درۆت لەگەڵ بکەم و بەڵێنێ بدەم و نەیبەمە سەر، تۆیش هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوویت، من حاڵم سەختەو لەم وەزعەدا توانای قەرزدانەوەکەم نیە، منیش وتم توخوا وایە؟ وتی بەڵێ بەخوا، هەمدی سوێندم دا، ئینجا داوای نووسراوی قەرزەکەم کرد و ئەوەم بۆ زیاد کرد(ئەگەر توانیت قەرزەکە بدەیتەوە بیدەرەوە، ئەگەرنا گەردنت ئازاد بێت)، عوبادە دەڵێت

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3135، صحيح مسلم، الرقم 4514، صحيح ابن حبان، الرقم 7003، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7861، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1415.

ئەبولیوسر وتی چونکە من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (من أنظر معسرا أو وضع له أظله الله في ظله)،[1] (هەرکەس چاوپۆشی لە کەسێك بکات باری گران بێت-توانای دانەوەی قەرزەکەی نەبێت- یان قەرزەکەی لەسەر لابەرێت ئەوە خوا لە ژێر سێبەری خۆیدا دایدەنێت).

## 107

کەعب لە غەزای تەبووکدا دواکەوت و بەشداری نەکرد، خۆی وردەکاری بەسەرهاتەکە باس دەکات و دەڵێت: من لە هیچ غەزایەکی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دوانەدەکەوتم تەنها غەزای تەبووك نەبێت، هەروەها لە غەزای بەدر دواکەوتم بەڵام کەس لەسەر دواکەوتن لە غەزای بەدر سەرکۆنە نەکرا، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) بە مەبەستی هێرش بۆ سەر کاروانی قورەیش چوو، بەڵام دواتر جەنگ روویدا، من بەشداری شەوی عەقەبە بووم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کە لەوێ لەسەر ئیسلام بەڵێنمان دا...لە غەزای تەبووکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی گەرمایەکی زۆردا ئەنجامی دا و رێیەکی دووورودرێژ و دوژمنیش ژمارەیان زۆر بوو، بۆیە دەرفەت درا موسڵمانان خۆیان بۆ ئەو غەزایە ئامادە بکەن، موسڵمانانێکی زۆر ئامادە بوون، هێندە زۆر بوون کە ناویان لە کتێبێکدا جێی نەدەبوویەوە، هەرکەس بیویستایە نەچێت وایدەزانی لەبەر زۆری خەڵکەکە ئەو

[1] - صحيح مسلم، الرقم 5438، صحيح ابن حبان، الرقم 5121.

دەرناکەوێت و کەس پێی نازانێت، کاتی غەزاکە کاتی چنینەوەی بەروبووم بوو، منیش کەوتمە خۆ ئامادەکردن بۆ غەزاکە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ بکەم گەڕامەوە، ڕۆژی دواتر هەمدی بەیانی زوو چووم تا خۆم ئامادە بکەم، کەچی هەروا گەڕامەوە، وەستام تا ئەوان چوون و منیش دواکەوتم، دواتر ویستم خۆم تەنها بە سوارێکەوە بچم بەدوایاندا و خۆزگەش وامبکردایە، بەڵام قەدەرم وا نەبوو بچم، دواتر کە دەچوومە دەرەوە لە مەدینە هەرکەسم دەدی یان کەسێك بوو گومانی دووروویی لەسەر بوو، یان کەسێك بوو لەبەر بێتوانایی خوا مۆڵەتی مانەوەی دابوو، پێغەمبەر (ﷺ) منی بیر نەبوو تا گەیشتە تەبووك، لەوێ فەرمووبووی کەعب چی کرد؟ یەکێك لە بەنی سەلەمە وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) شمەك و بەرووبوومی نەیهێشت بێت، موعاذی کوڕی جەبەل وتی خراپ دوایت، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخوا ئێمە بەس چاکەمان لێ دیوە، پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، جا کە بیستم وا پێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوە، خەفەت دایگرتم و خەریك بوو بیر لەوە بکەمەوە وەك پۆزشێ بۆ دواکەوتنەکەم درۆیەك بکەم، بۆ ئەوەش پرسم بە چەند کەسێك کردو وتم چی بڵێم باشە، دواتر کە وتیان پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە، ئەو بیرە پووچەم نەما و زانیم بە درۆ رزگارم نابێت، بۆ بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشت، عادەتی وابوو کە دەهاتەوە خێرا دەچوو بۆ مزگەوت و دوو رکات نوێژی دەکرد و دواتر لەگەڵ خەڵکی دادەنیشت، ئەوەبوو ئەو کەسانەی دواکەوتبوون و ژمارەیان هەشتاو ئەوەندە کەس دەبوو، دەهاتن بۆ لای و بیانوویان دەهێنایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) بە

رووکەش لێی قبووڵ دەکردن و بەیعەتی لێ وەردەگرتن و نزای لێخۆشبوونی بۆ دەکردن و نهێنی ناخیانی دەسپاردە دەست خوا، منیش چووم بۆ لای و سەلامم لێکرد، ئەویش بزەیەکی تووڕەیی کردو دواتر فەرمووی (وەرە)، منیش چووم تا لە خزمەتیدا دابنیشم، فەرمووی (بۆچی دواکەوتیت؟ مەگەر بارەکەتت نەفرۆشتبوو؟) وتم بەرێ وەڵا بەڵام بەخوا ئەگەر لای کەسێکی تری دنیایی بوومایە بە بیانوو خۆم رزگار دەکرد، بەڵام بەخوا دەزانم ئەمڕۆ درۆیەك بەرامبەرت بڵێم تا لێم رازی بیت، لەوانەیە خوا تووڕەییت بەسەرمدا دابارێنێ، ئەگەریش راستیەکەت پێ بڵێم، هیوام وایە خوا لێم خۆش بێت، نابەخوا هیچ بیانوویەکم نیە و هیچکات هێندەی ئەمجارەم بەهێز و ئامادە نەبووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەمە راستی وت، دەی هەستە تا خوا حوکمت لەبارەوە دەدات، منیش هەستام و کەسانێك لە بەنی سەلەمە هاتن بەدوامدا و وتیان تۆیش نەتتوانی وەك ئەو خەڵکە بیانوویەك لای پێغەمبەر (ﷺ) بهێنیتەوە، هێندە بەس بوو بۆ تاوانەکەت تا پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێخۆشبوونت بۆ بکات، هێندە هانیان دام خەریك بوو بگەڕێمەوەو خۆم بە درۆ بخەمەوە، دواتر پێم وتن کەسی تر وەك منی بەسەرهاتووە؟ وتیان دوو کەسی تر وەك تۆیان وت و پێغەمبەریش (ﷺ) هەمان شتی بەوان فەرموو، وتم ئەوانە کێن؟ وتیان مورارەی کوڕی رەبیع و هیلالی کوڕی ئومەییەی واقیفی، زانیم ئەوانە دوو پیاوی چاکن و بەشداری بەدر بوون و پێشەنگ و سەرمەشق بوون، بۆیە کە ناوی ئەوانیان برد چووووم، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) رێگری کرد لە موسڵمانان قسە

لەگەڵ ئەو سیانەماندا بکەن، ئیتر خەڵکی کەناریان دەگرت لێمان، وام بەسەرهات بێزار بووم لەوەی لەسەر زەویم، پەنجا شەو لەو بارەدا بووین، دوو هاوڕێکەی ترم لە ماڵەوە دانیشتن و دەگریان، بەڵام من تەمەنم کەمتر بوو و دەچووم بۆ نوێژ و لەگەڵ موسڵماناندا بەشداری نوێژم دەکرد و بە بازاڕدا دەگەڕام و کەسیش قسەی لەگەڵ نەدەکردم، دەچوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سەلامم لێدەکرد و لە دەروونی خۆمدا دەموت بڵێیت لێوی جووڵاندبێت، دواتر لە نزیکیەوە نوێژم دەکرد و بە تیلەی چاو سەیرم دەکرد، کە بەلای ئەودا دەمڕوانی پێغەمبەر (ﷺ) رووی وەردەچەرخاند، ئەو جەفاو وشکیەی خەڵك زۆر ماندووی کردم و چووم خۆم هەڵزنی بە دیواری باخەکەی ئەبووقەتادەی ئامۆزامدا کە خۆشەویستترین کەسم بوو، سەلامم لێکرد، بەخوا ئەویش وەڵامی نەدامەوە، وتم ئەی ئەبووقەتادە سوێندت دەدەم بەخوا پێت وایە خواو پێغەمبەری خوام خۆش بوێت؟ ئەویش بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدامەوە، دووبارە چوومەوە بۆ لای و سوێندم داو ئەویش وتی خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، ئیتر چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك، پشتم هەڵکرد و هەڵزنیمە سەر دیوارەکە، چوومە بازاڕ و پیاسەم دەکرد کە کابرایەکی نەبەطی (کە لە شامەوە هاتبوو تا خۆراك لە مەدینەدا بفرۆشێت) دەیوت کێ رێی ماڵی کەعبی کوڕی مالیکم نیشان دەدات، خەڵکیش بە پەنجە ئاماژەیان بۆ دەکرد، کابرا هات بۆ لام و نامەیەکی پاشای غەسسانی پێدام کە تیایدا نووسیبووی: بیستوومە هاوڕێکەت زبری و ساردی بەرامبەر نواندویت، خوا تۆی بۆ زەبوونی و

فەوتان دانەناوە، وەرە بۆ لای ئێمە پەناو دڵنەوا دەبین بۆت، کە نامەکەم خوێندەوە وتم ئەمەش نەگبەتیەکی تر، بردم خستمە ناو تەنوورەکەو سووتاندم، چل شەو لەو پەنجا شەوە تێپەڕ بووبوو کە نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لام و فەرمووی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانت پێ دەکات کەنار بگریت لە ژنەکەشت، وتم تەلاقی بدەم؟ وتی نا بەڵکو کەنار بگرە لێی و نزیکی مەبەرەوە، وایشی بە هەردوو هاوڕێکەی ترم فەرموو، منیش بە ژنەکەمم وت بڕۆرەوە بۆ لای کەسوکارت و لەوێ لەلایان بە تا خوا حوکم لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدات، ژنەکەی هیلالی کوڕی ئومەییە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیلال پیرێکی پەککەوتەیە و خزمەتکاری نیە، پێت ناخۆش نیە خزمەتی بکەم؟ فەرمووی نا بەڵام نزیکت نەبێتەوە، ژنەکەی وتی بەخوا لەو کاتەوە جووڵەیەکیشی نیەو بەردەوام دەگری، منداڵێکم وتی جا با تۆیش لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتت وەربگرتایە بۆ ژنەکەت، وتم بەخوا داوای مۆڵەت ناکەم بۆی، چووزانم پێغەمبەر (ﷺ) چۆن وەڵامم دەداتەوە، ئینجا خۆ من گەنجم، ئیتر دە شەوی ترم بەسەر برد تا پەنجا شەو تەواو بوو، کە نوێژی بەیانیم کرد، دانیشتبووم لە هەمان ئەو بارەی وا پێشتر دانیشتبووم و ئەو نارەحەتیەم تووش بوو، هاوارێکم بیست لە سەرە شاخی سەلعەوە بەوپەڕی دەنگی هاواری دەکرد ئەی کەعبی کوڕی مالیك موژدە بێت، منیش چووم بە سوجدەدا و زانیم دەرووم لێکراوەتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی نوێژی بەیانیدا تەوبەی خوای بۆ ڕاگەیاندین، خەڵکیش دەهاتن و

موژدەیان پێدەداین، پێش من دوو هاوڕێکەم بە دڵخۆشیەوە چوون، کەسێك بە ئەسپەوە بەرە لام دەهات و یەکێك لەسەر شاخەکەوە هاواری کرد، هاوارەکە لە ئەسپەکە خێراتر گەیشت، کە کەسەکە هات و موژدەکەی پێدام، جلەکەی بەرمم پێ بەخشی، بەخوا ئەو کاتە تەنها ئەوەم هەبوو، دوو جلی ترم بە ئیستیعارە هێنا و کردمە بەرم و چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خەڵکیش دەستە دەستە پێمدەگەیشتن و پیرۆزبایی تەوبەکەیان لێدەکردم، دەیانوت پیرۆزت بێت خوا تەوبەی وەرگرتیت، کە چوومە مزگەوت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوو و خەڵکی لەدەوری بوون، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا بە گورجی هات بەرەو رووم و تەوقەی لەگەڵ کردم و پیرۆزبایی لێکردم، بەخوا لەناو کۆچەراندا تەنها ئەو هات بۆ لام و ئەو هەڵوێستەشی لەبیر ناکەم، کە سەلامم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، دەموچاوی دەگەشایەوە لە خۆشیدا، فەرمووی (موژدەی خێرت لێ بێت لەو رۆژەی لەدایك بوویت تا ئێستات) وتم ئایا لە پێغەمبەری خواوەیە یان لە خوای گەورەوەیە؟ فەرمووی نا بەڵکو لە خواوەیە، پێغەمبەر (ﷺ) کە دڵخۆش بوایە دەگەشایەوە دەتوت مانگە، ئێمەش چاك ئەو بارەیمان دەناسیەوە، کە چوومە خزمەتی و دانیشتم، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەرامبەر تەوبەکەم چی سامانم هەیە دەیکەم بە خێر لەرێی خوادا، ئەویش فەرمووی هەندێ لە ماڵەکەت بهێڵەوە ئەوە باشترە بۆت، منیش وتم پشکەکەی خەیبەرم بەسە دەیهێڵمەوە، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوای گەورە بە راستگۆییەکەم رزگاری کردم، هەر لەبەر تەوبەکەم مەرج بێت تا ماوم تەنها راستی بڵێم، خوای گەورە

ئەم ئایەتانەی دابەزانە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی (لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٧﴾ وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوٓا۟ أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١١٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾).[1]

## 108

میقدادی کوڕی ئەسوەد دەڵێت جارێك من و دوو هاوڕێم لە تاو ماندوویی و برسێتی چاو و گوێمان لەدەست دابوو، چووین تا میوانی هاوەڵانێکی پێغەمبەر (ﷺ) بین، بەڵام کەس نەیبردینەوە، چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش ئێمەی بردەوە ماڵەوە، سێ بزنیان هەبوو فەرمووی ئەو شیرە لە نێوانماندا دابەش بکەن، هەرکاممان بەشی خۆی دەخوارد، بەشەکەی پێغەمبەریشمان (ﷺ) برد بۆی، چەند جار ئاوامان دەکرد، شەو دەهاتەوەو سەلامێکی دەکرد کە خەوتووی بێدار نەدەکردەوەو بێداریش دەیبیست، ئینجا دەچوویە مزگەوت و نوێژی دەکرد و دواتر دەهاتەوە شیرەکەی دەخواردەوە، شەوێك شەیتان

[1] - صحيح البخاري، الرقم 4165، صحيح مسلم، الرقم 5079، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15485.

هاتە بنکلێشەم و کە بەشەکەی خۆمم خواردەوە پێی دەوتم موحەممەد دەچێت بۆ لای پشتیوانان و ئەوانیش زۆر رێزی دەگرن و چی پێویست بێت پێی دەبەخشن، بۆیە چووم بەشەکەی پێغەمبەریشم(ﷺ) خواردەوە، جا کە شیرەکە گەیشتە ناو گەدەم و دڵنیا بوومەوە کە هیچ رێیەکی گەڕانەوەی نیە، پەشیمان بوومەوەو شەیتانیش رێی پەشیمانی دەخستە بەرم، پێی دەوتم ماڵوێران چیت کرد؟ شیرەکەی موحەممەدت خواردەوە؟ جا خۆ ئێستە دێتەوەو دەبینێت شیرەکەی نەماوە نزات لێ دەکات و دنیا و ئاخیرەتیشت دەفەوتێت، منیش بەرگێکم دەدا بەخۆمدا، کە بمدایە بەسەر سەرمدا قاچم دەردەکەوت و ئەگەر بمدایە بەسەر قاچمدا سەرم دەردەکەوت، خەویش لە چاوانم تۆرابوو، بەڵام دوو هاوڕێکەی ترم خەوتن و ئەوەی من کردم ئەوان نەیانکرد، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەو وەك جاران سەلامێکی نەرمی کرد، ئینجا چوویە مزگەوت و نوێژی کرد و دواتر هات تا شیرەکەی بخواتەوە، کەچی بینی نەماوە، سەری بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، وتم بەخوا ئێستا نزام لێ دەکات و ماڵ وێران دەبم، ئینجا فەرمووی (خوایە ئەوەی خواردنم پێ دەدات خواردنی پێ بدەیت، ئەوەی خواردنەوەم پێ دەدات خواردنەوەی نۆش بکەیت)، منیش توند بەرگەکەم دا بەسەر خۆمدا و چەقۆیەکم هەڵگرت و چووم بۆ لای بزنەکان تا بزانم کامیان قەڵەوترە سەری ببڕم بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینم هەر سێ بزنەکە گوانیان پڕە لە شیر، چووم قاپێکی ماڵی پێغەمبەرم(ﷺ) هێنا و پڕم کرد لە شیر، بردم بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەمشەو شیرەکەی خۆتان

خواردەوە؟)، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی بخۆرەوە، ئەویش شیرەکەی خواردەوە، دواتر هەندێکی هێشتەوەو دای بە من، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بخۆرەوە، ئەویش هەمدی لێی خواردەوەو هەندێکی مابوو دای بە من، کە زانیم پێغەمبەر (ﷺ) تێری خواردەوەو نزاکەی منی گرتەوە، ئەوەندە پێکەنیم تا کەوتمە سەر زەویەکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خەریکە داوێنت دەرکەوێت ئەی میقداد)، وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بارو مەسەلەکە ئاوەها بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە تەنها رەحمەتێ بوو لە خواوە، بۆچی پێت نەوتم تا دوو هاوڕێکەی تریشمان بێدار بکردایەتەوەو ئەوانیش لێیان بخواردایەتەوە).[1]

109

جوبەیری کوڕی نوفەیر دەڵێت رۆژێك لە خزمەت میقدادی کوڕی ئەسوەددا دانیشتبووین، کەسێك دای بەلایدا و وتی خۆزگە بەو دوو چاوە کە پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بینیوە، بەخوا ئێمەش حەزمان دەکرد ئەوەی تۆ بینیت ئێمەش بمانبینیایە و ئەوەی تۆ ئامادەی بوویت ئێمەش ئامادەی بووینایە، میقداد تووڕەیی گرتی، منیش سەرم سوڕما چونکە دەموت خۆ کابرا خراپی نەوت، دواتر میقداد تەماشای کرد و وتی کابرا بۆچی ئاوات بە ساتێ

1 - صحيح مسلم، الرقم 3924.

دەخوازێت کە خوا نەیویستووە ئەوی تێدا بێت، چووزانێت ئەگەر لەوێ بوایە چی دەکرد، بەخوا کەسانێك لە لای پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە بوون کە خوا لەسەر روو بەرەو دۆزەخی بردن لەبەرئەوەی نەهاتن بەدەم بانگەوازی پێغەمبەرەوە(ﷺ) و بڕوایان پێ نەکرد، بۆچی سوپاسی خوا ناکەن کە هەر بە لەدایك بوونتان پەروەردگاری خۆتان دەناسن و بڕواتان هێناوە بەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی، خوا لە بری ئێوە کەسانی تری خستە بەر تاقیکردنەوەو ئێوە رزگارتان بوو، بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) لە سەختترین حاڵدا نێردرا، بارێکی نەفامی کە پێیان وانەبوو ئەم دینەی ئێمە باشتر بێت لە بتپەرستی، پێغەمبەر (ﷺ) جیاکەرەوەیەکی هێنا کە حەق و ناحەقی جیادەکردەوە، باوك و کوڕی لەیەك دەکرد تا ئەوەی کەسی وا هەبوو وای دەبینی براکەی یان کوڕی یان باوکی بێباوەڕە، خوا دڵی بە ئیمان والآ کردبوو و دەیزانی ئەگەر مالۆیران بێت بەرەو دۆزەخ دەچێت، کەچی دڵی ئارامی نەدەگرت کاتێك دەیبینی ئازیزەکەی لە دۆزەخدایە، لەکاتێکدا ئەو ئازیزەی ئەو کەسەیە کە خوا باسی دەکات (الذين يقولون ربنا هب لنا من أزواجنا و ذرياتنا قرة أعين).[1]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6646، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23172، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17382، صححه شعيب الأرناؤوط.

110

عەبدوڵای کوڕی جەعفەر دەڵێت: ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای خۆیەوە لەسەر وڵاخەکەی سواری کردم، فەرموودەیەکی پێ فەرمووم کە بە هیچ کەسی ناڵێم، پێغەمبەر (ﷺ) کە بیویستایە بچێت دەست بە ئاو بگەیەنێت، حەزی دەکرد بچێتە پشت دیوارێکی بەرزەوە یان پشت کۆمەڵە دارخورمایەکی چڕوپڕەوە، جارێك چوویە ناو باخی کابرایەکی پشتیوانیەوە، بینی وشترێکی لێ بوو، وشترەکە کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی فرمێسك هات بە چاوانیدا، پێغەمبەر (ﷺ) چوو دەستی هێنا بە پشتە ملی وشترەکەدا و ئەویش بێدەنگ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خاوەنی ئەم وشترە کێیە؟) گەنجێکی پشتیوانی هات و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هی منە، ئەویش پێی فەرموو (أفلا تتقي الله في هذه البهيمة التي ملكك الله إياها؟، فإنه شكا إلي أنك تجيعه وتدئبه) (ئەرێ لەخوا ناترسیت لە ئاست ئەو ئاژەڵەدا کە خوا تۆی کردووە بە خاوەنی و داویەتیە دەستت؟ وا ئەو وشترە سکاڵای ئەوە دەکات برسی دەکەیت و زۆر ماندووی دەکەیت).[1]

1 - سنن أبي داود، الرقم 2199، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2421، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31117، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1679، صححه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2549.

111

عومەری کوڕی خەططاب کاتێك کەسێکی وەك ئەمیر بناردایە بۆ ناوچەیەك، نامەیەکی لەگەڵ دەنارد بۆ خەڵکەکەو دەیوت وا فلانە کەسم بۆ ناردوون و فەرمانی ئەوەو ئەوەم پێکردووە، جا ئێوەش گوێڕایەڵی بن، جا ئەوەبوو کە حوذەیفەی کوڕی یەمانی نارد بۆ مەدائین، نامەیەکی بۆ خەڵکەکە نووسی و وتی من فلانە کەسم بۆ ناردوون و ئێوەش گوێڕایەڵی بن، ئەوانیش وتیان ئەم پیاوە شانو شکۆ و ناوبانگێکی هەیە، سواری وڵاخەکانیان بوون تا بچن پێشوازی لیٚ بکەن، لە نیوەی رێدا پێی گەیشتن و ئەویش لەسەر وڵاخەکەی بوو و هەردوو قاچی لە لایەکەوە شۆڕ کردبوویەوە، ئەوانیش نەیانزانی ئەوە ئەمیرەیەکەو تێیانپەڕاند، کە گەیشتن بە خەڵکەکەی تر وتیان ئەریٚ ئەمیرەکە کوا؟ ئەوانیش وتیان ئەوەبوو کە ئێستا بینیتان، ئەوانیش خێرا رایانکرد بە شوێنیدا و خۆیان گەیاندەوە پێی، سەیریان کرد پارچەیەك نان و ئێسقانێکی پێیە کە کەمێك گۆشتی پێوە ماوەتەوە، خەریکە دەیخوات، چوون و سەلامیان لێکرد، ئەویش سەیری گەروەکەیانی کرد و پارچە نان و ئێسقانەکەی دایە دەستی، کە حوذەیفە سەرقاڵ بوو و هۆشی بە لای کابراوە نەما، پارچە نان و ئێسقانەکەی فڕێدا.[1]

1 - صفة الصفوة، ج1، ص 233-234.

112

ئەحمەدی کوڕی حوسەین دەڵێت: هەتیوێك هەبوو دە هەزار دینار میراتی بۆ بەجێما، جا ئەبووعەبدوڵای کوڕی ئەبووموسای هاشمی راسپێردرا تا ئاگای لەو پارەیە بێت، ماوەیەك هەژاری و کەمدەستیەك روویکردە ئەبووعەبدوڵا و ئەو پارەی لایبوو خەرجی کرد و وتی دواتر دەیدەمەوە، پاش سالآنێ کوڕەکە گەورە بوو، ئیتر کاتی ئەوە بوو پارەکە بدرێتەوە دەستی خۆی، ئەبووعەبدوڵا دەڵێت: دنیام لێ هاتەوە یەك و حاڵم شێوا، نەمدەزانی چی بکەم، سواری وڵاخەکەم بووم و رووەو کەرخ چووم، هێندەم بینی خۆم لەبەردەگاری مزگەوتەکەی دەعلەجدا بینیەوە، چوومە ژوورەوەو لە پشتیەوە نوێژی بەیانیم کرد، دوای ئەوەی سوننەتەکانی کرد، ئینجا هات و بەخێرهاتنی کردم، هەستاین و چووینە ماڵەکەی خۆی، هەریسەیەکمان بۆ هێنرا و منیش کەمێکم خوارد و ئیتر دەستم کێشایەوە، ئەویش وتی دەبینم دەروونت ئارام نیە و حاڵت باش نیە، منیش جوان مەسەلەکەم بۆ باسکرد، ئەویش وتی: نانەکەت بخۆ و خەمت نەبێت، پێویستیەکەت دابین دەکرێت، کە لە نان خواردنەکە لێبووینەوە، داوای کرد کێشانە و زێڕی بۆ بهێنن، دە هەزار دیناری بۆ کێشام، منیش لە خۆشیدا خەریك بوو باڵم دەگرت، زێڕەکەم بارکرد و جوان پێچامەوە، دواتر چووم و بە بەرچاوی قازیەوە پارەکەم تەسلیم کردەوە، زۆر وەسف و سەنام کرا، جا کە گەڕامەوە ماڵەوە، ئەمیرێ کە کوڕێکی خەلیفە بوو بانگی کردم، وتی زۆر دڵم چووەتە سەر مامەڵەت و

پێم خۆشە ئاگات لە ماڵ و سامانم بێت، منیش رازی بووم، ماوەی ساڵێك سەرپەرشتیم کرد و قازانجێکی زۆرم دەستکەوت، لە ماوەی سێ ساڵدا سی هەزار دینارم دەستکەوت، چووم پارەکەم برد بۆ دەعلەج، ئەویش وتی سوبحانەڵا، سوێند بەخوا نیەتم نەبووە لێت وەرگرمەوە، خەرجی بکە بۆ منداڵان، منیش وتم ئەی شێخ لە بنەڕەتدا ئەم سامانەت لە کوێ بوو تا بتوانیت دە هەزار دینار بە من ببەخشیت؟ وتی، من گەورە بووم و قورئانم لەبەرکرد، گەڕام بە دوای وەرگرتنی فەرموودەدا، ئەوەبوو بازرگانێکی دەریاییم تووش بوو، وتی تۆ دەعلەجی؟ وتم بەڵێ، وتی حەز دەکەم بە موزارەبە ئەم سامانەم تەسلیمی تۆ بکەم، ملیۆنێ درهەمی خستە بەردەستم و وتی دەستت تیایدا والا بێت و لە کوێدا بینیت پێویستیەك دابین دەکرێت بۆی بەکاربهێنە، چەند ساڵ هەر وا بوو و پارەکە زیادی دەکرد، ئینجا کابرا وتی من زۆر لەناو دەریادا سەفەر دەکەم، ئەگەر لەناوچووم، ئەو سامانەم بۆ تۆ بەڵام بەو مەرجەی هەندێکی لێ بکەیت بە خێر و مزگەوتی پێ دروست بکەیت، جا منیش لەو کاتەوە خەریکی ئەوەم و خوای گەورە ئەم سامانەی وا خستووەتەبەردەستم، بەڵام تا لە ژیاندا ماوم ئەم بەسەرهاتەم لای کەس باس مەکە.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج16، ص 34.

113

کابرایەکی بۆنفرۆش هەبوو کە بەوە ناسرابوو خواناس و روو لە سوننەتە، قەرزی شەش سەد دیناری هاتە سەر و ناچار بوو دووکانەکەی داخست و کاسپیەکەی نەما و چوویەوەماڵەوە، خووی دابوویە نوێژکردن و نزا و پاڕانەوە، چەندین شەوی وا بردەسەر، شەوێ لە شەوان لە خەویدا پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی، پێی فەرموو: برۆ بۆ لای عەلی کوڕی عیسای وەزیر، پێم وتووە چوارسەد دینارت پێ بدات، کە رۆژ بوویەوە کابرا چوویە بەردەرگای وەزیر، بەڵام کەس نەیناسی، ئەویش دانیشت بەو هیوایەی یەکێ مۆڵەتی بدات بچێت بۆ لای وەزیر، زۆر دانیشت تا بێتاقەت بوو و ویستی بڕوات، دواجار بە یەکێ لە پەردەدارەکانی وت بە وەزیر بڵێ من پیاوێکم پێغەمبەری خوام (ﷺ) لە خەودا بینیوەو حەز دەکەم خەوەکە بۆ وەزیر بگێڕمەوە، پەردەدارەکە پێی وت تۆ خەوبینەکەیت؟ وەزیر چەندین کەسی ناردووە تا تۆ بدۆزنەوە، ئینجا پەردەدار چوویە ژوورەوە بۆ لای وەزیر و هەواڵی پێدا، ئەویش وتی خێرا بیهێنەژوورەوە بۆ لام، چوویە ژوورەوەو وەزیر پێشوازی لێکرد و پرسیاری ناو و حاڵ و ژیانی لێکرد، ئەویش وەڵامی دایەوە، وەزیر پێی وت من خەوم بینی بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) و فەرمانی پێکردم چوارسەد دینارت پێ بدەم، بەیانی لە خەو هەستام نەمدەزانی لە کێ هەواڵت وەرگرم، نەمدەناسیت و نەمدەزانی لە کوێیت، تا ئێستا چەندین کەسم ناردووە بە شوێنتدا، خوا پاداشتت بداتەوە کە خۆت هاتیت بۆ لام، ئینجا وەزیر فەرمانی کرد هەزار دیناری بۆ بهێنن، وتی ئەوە چوارسەد دیناری بۆ فەرمانەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و شەش سەد

دیناریشی دیاری منە بۆ تۆ. کابراش وتی بەخوا لەوە زیاترم ناوێت کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم، هیوام وایە خێر و بەرەکەتی تێدا بێت، دواتر چوارسەد دیناری لێ وەرگرت، وەزیر وتی ئەوە راستگۆیی و بڕوا و متمانەبوونە بە خوا، کابرا بە چوارسەد دینارەکەوە چوو، پارەکەی بردەوە بۆ خاوەن قەرزەکان و ئەوانیش وتیان سێ ساڵ لێت دەوەستین، بەو پارەیە دوکانەکەت بکەرەوەو درێژە بە کاسپیەکەت بدە، ئەویش رازی نەبوو، دواجار رێککەوتن سێ یەکی قەرزەکەیان وەربگرنەوە، کابرا بە دووسەد دینارەکەی تر دووکانەکەی کردەوەو ساڵی نەخایاند هەزار دینار قازانجی کرد.[1]

114

جەریری کوڕی عەبدوڵا دەڵێت: رۆژێکی گەرم بوو، چووم بۆ ناوچەی صیفاح، دەبینم کەسێك لە قرچەی نیوەڕۆدا راکشاوەو خەوتووە، چووبوویە ژێر سێبەری درەختێك، شتێکی کەم خواردنی پێ بوو، توێشووەکەشی لەژێر سەریدا دانابوو، عەبایەکیشی بە خۆیەوە پێچابوو، کە ئێمە چووین بۆ لای و دابەزین، راچڵەکی، سەیرمان کرد سەلمانی فارسیە، منیش پێم وت: خۆ نەماننناسیتەوە، ئەویش وتی ئەی جەریر لە دنیادا خاکی بە، هەرکەس لەبەر خوا خاکی بێت، خوا لە رۆژی دواییدا بەرزی دەکاتەوە، هەرکەس لە دنیادا خۆ بە گەورە بزانێ، خوا لە رۆژی دواییدا نزمی دەکاتەوە.[2]

1 - البداية والنهاية، ج11، ص 246.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 548.

115

عیمرانی کوڕی عەبدوڵا دەڵێت: بەیانییەك عوثمانی کوڕی عەففان بۆ نوێژ چوو بەرەو مزگەوت، لەبەردەرگا قەرەباڵغی لەدەور کرا، ئەویش وتی سەیر کەن، کە سەیریان کرد کابرایەك بوو بە خەنجەرێ یان شمشێرێکەوە هات، ئیمامی عوثمان پێی وت ئەوە چییە؟ کابراش وتی ویستم تۆی پێ بکوژم، ئەویش وتی سوبحانەڵا، ماڵوێران لەسەر چی ئەمکوژیت؟ وتی: ئاخۆ کاربەدەستەکەی تۆ لە یەمەن ستەمی لێکردووم، ئەویش وتی ئەی نەدەکرا لەسەر ئەو ستەمە سکاڵای خۆت بەرز بکەیتەوە بۆ لام، ئینجا ئەوکات ئەگەر مافم بۆ وەرنەگرتیتەوەو بەرامبەر بە کاربەدەستەکەم نەوەستامەوە لەسەر مافەکەت، ئەوکات هەوڵی کوشتنم بدەیت؟ ئینجا بەوانەی دەوروبەری وت: ئێوە راتان چیە لەسەری؟ ئەوانیش وتیان: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمە دوژمنێکەو خوا خستوویەتیە بەردەستت، ئەویش وتی بەڵکو ئەمە بەندەیەکە نیەتی هەبووە تاوانێ بکات و خوا رێی نەداوە بەرامبەرم هیچ بکات، ئادەی کەسێکم بۆ بێنە کەفالەتت بکات کە تا کاتێ من بەرپرسی موسڵمانانم نەیەیتەوە ناو مەدینە، ئەویش چوو کەسێکی هێنا و کەفیلی کرد، عوثمانیش رێی دا بڕوات بێ ئەوەی هیچ سزایەکی بدات.[1]

1 - تاريخ المدينة المنورة، ج2، ص 206.

116

مالیکی داری دەڵێت: ڕۆژێك عومەری کوڕی خەططاب چوارسەد دیناری خستە کیسێکەوەو بە یەکێك لە بەردەستەکان وت: ئەمە ببە بۆ عوبەیدەی کوڕی جەڕاح و دواتر ماوەیەك لەوێ بمێنەرەوە بزانە چی پێ دەکات، بەردەستەکەش ڕۆیشت و پێی وت ئەمیری باوەڕداران ئەمەی بۆ ناردویت تا بۆ هەندێ پێویستی خۆت بەکاری بهێنیت، ئەویش نزای خێری بۆ کرد، ئینجا کەنیزەیەکی بانگ کرد و پێی وت ئەم حەوتە ببە بۆ فلانەکەس، ئەو پێنجەش ببە بۆ فلانە کەس و ئەوەش بۆ فلانی، ئیتر هەرهەمووی بەخشیەوە، بەردەستەکە گەڕایەوەو مەسەلەکەی بۆ خەلیفە گێڕایەوە، ئینجا خەلیفە کیسێکی ئاوایشی ئامادە کرد و فەرمانی پێکرد بیبات بۆ موعاذی کوڕی جەبەل و چاوەڕێی ئەویش بکات بزانێت ئەو چی پێ دەکات، بەردەستەکە ڕۆیشت و هەمان شتی بەویش وت، ئەویش نزای بۆ خەلیفە کرد، ئینجا کەنیزەیەکی لەلابوو بانگی کرد و پێی وت ئەوەندەی ببە بۆ ماڵی فلانەکەس، ئەوەندەشی ببە بۆ ئەو ماڵە، وا خەریك بوو دابەشی دەکرد کە ژنەکەی هات و وتی دەی بە خوا ئێمەش هەژارین، هیچ نەبێ وەك هەژارێ بەشی ئێمەش بدە، کەچی تەنها دوو دیناری تێدا مابوو، دوو دینارەکەی دا بە ژنەکەی، بەردەستەکە ڕۆیشتەوە بۆ لای خەلیفە و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، خەلیفەش کە بەخشندەیی هەردووکیانی بیست، وتی: ئەوانە برای یەکن.[1]

1 - صفة الصفوة، ج1، ص 186.

117

ئەبوو موسلیمی خەولانی ژیانێکی سادەی هەبوو، ڕۆژانە کە لە مزگەوتەوە دەڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، کە دەگەیشتە بەدەرگاری ماڵ، بە دەنگی بەرز (الله أكبر) ێکی دەوت، ژنەکەشی بە هەمان شێوە وەڵامی دەدایەوە، کە پێی دەخستە ناو ماڵەکەی هەمدی بە دەنگی بەرز (الله أكبر) ێکی دەوت، ژنەکەشی بە هەمان شێوە وەڵامی دەدایەوە، شەوێك ئەبوومسلیم چوویەوە بەرەو ماڵ، کە گەیشتە بەردەرگا بە دەنگی بەرز (الله أكبر) ێکی کرد، کەچی ژنەکەی وەڵامی نەدایەوە، ئینجا کە پێی خستە ناو ماڵەکە بە دەنگی بەرز (الله أكبر) ێکی کرد، کەچی هەر وەڵامی نەدرایەوە، جاران کە دەچوویەوە ماڵەوە، ژنەکەی دەچوو نەعلەکانی بۆ دەخستە ئەولاوەو پێشوازی دەکرد و خواردنی بۆ دادەنا، کەچی ئەمجار ژنەکەی نەهات بەدەمیەوەو چراش لە ماڵەکەیدا دانەگیرسابوو، دەبینێت لە کونجێکی ژوورەکەدا ژنەکەی بە کزی و بێتاقەتیەوە دانیشتووە، بە ئەبوومسلیمی وت: پیاوەکە، خۆ تۆ لە شان و شکۆدا وەك موعاویە وایت، کەچی ئێمە خزمەتکارێکمان نیە خزمەتمان بکات، بۆچی پێی ناڵێیت خزمەتکارێمان پێ بدات؟ ئەبوومسلیمیش بەو هەڵوێستەی ژنەکەی بێتاقەت بوو و نزایەکی کرد و وتی: خوایە هەرکەسێ بیرکردنەوەی ئەم ژنەی منی تێکداوە کوێری کەیت، کەمێ پێش ئەوە ئافرەتێ هاتبوو بۆ لای ژنەکەی و پێی وتبوو: خۆ مێردەکەت هێندەی موعاویە شان و شکۆی هەیە، بۆچی پێی ناڵێیت داوا لە موعاویە بکات خزمەتکارێکی بۆ دابنێ و بڕێ بەخششی بکات، جا ئەو ژنە لە ماڵەوە دانیشتبوو لە کتوپڕدا بینایی لەدەستدا، خێرا بە دەنگی بەرز

وتی: ئەرێ بۆچی چراکەتان کوژاندەوە؟ ئەوانیش وتیان چرامان نەکوژاندوەتەوە، خێرا ژنەکە هەستی کرد بە تاوانەکەی و بە گریان و چاوی پڕ فرمێسکەوە چوو بۆ لای ئەبوموسلیم و داوای لێکرد نزای بۆ بکات تا خوای گەورە بینایی بۆ بگێڕێتەوە، ئەبوموسلیمیش دڵی بۆی سووتا و نزای بۆ کرد و خوای گەورە بینایی بۆ گێڕایەوە.[1]

## 118

جارێك موحەممەدی کوڕی یووسف حەوت سەد دیناری نارد بۆ طاووس، جا بەو کابرای وت کە بڕیار بوو پارەکەی بۆ ببات، ئەگەر بتوانیت کارێ بکەیت پارەکەت لێ وەربگرێت ئەوە ئەمیر جلێکی جوانت پێ دەبەخشێ و چاکەی زۆرت لەگەڵ دەکات، کابراش ڕۆیشت و پارەکەی بۆ برد و وتی ئەی ئەبووعەبدوڕەحمان ئەم پارەیە لەلایەن ئەمیرەوە بۆ تۆ نێردراوە، ئەویش وتی هیچ پێویستیم پێی نیە، کابرا هەرچی ڕێگەیەك بە باشی زانی و بە خەیاڵیدا هات گرتیەبەر تا ئەو پارەیەی لێ وەربگرێت، کەچی طاووس لێی وەرنەگرت، دواجار کابرا پارەکەی فڕێ دایە سووچێکی ماڵەکە و گەڕایەوە بۆ لای ئەمیر و وتی لێی وەرگرتم، ماوەیەکی زۆری نەبرد بڕێ قسە و ڕەخنەی طاووس گەیشتەوە بەرگوێی ئەمیر، بۆیە پەیامی نارد و وتی پێی بڵێن ئەو پارەی پێماندابوو با بۆمان بهێنێتەوە، نێردراو چوو و پێی وت، ئەویش وتی خۆ من

1 - حلية الاولياء، ج2، ص 129-130.

هیچ پارەیەکم وەرنەگرتووە، ئەوانیش زانییان راست دەکات و هیچی وەرنەگرتووە، بۆیە ناردیان بە شوێن ئەو کەسەی پارەکەی بۆ بردبوو و وتیان طاووس وای وتووە، ئەی پارەکە کوا؟ کابراش چوو بۆ ماڵی طاووس، وتی ئەی ئەبووعەبدوڕەحمان پارەکە کە بۆم هێنایت بمدەرەوە، ئەویش وتی ئەرێ من هیچم لێ وەرگرتیت؟ کابرا وتی نا، ئینجا کابرا چوو بۆ ئەو شوێنەی پارەکەی تێدا فڕێ دابوو، دەبینێت پارەکە لە شوێنی خۆیدایە و دەستی لێ نەدراوەو جاڵجاڵۆکە هێلانەی لەسەر کردووە، پارەکەی هەڵگرتەوەو بردیەوە بۆیان.[1]

## 119

جارێك کابرایەك هات بۆ لای ئەبووجەعفەری مەنصوور و باسی ئەوەی بۆ کرد کە جارێك چووە بۆ کاری بازرگانی و پارەیەکی چاکی دەستکەوتووەو کە هاتوەتەوە پارەکەی داوە بە ژنەکەی، دواتر کە داوای پارەکەی لێکردووەتەوە، ژنەکەی پێی وتووە پارەکە دزراوە، کەچی هیچ نیشانەو ئەگەرێکی دزی بە ماڵەکەوە دیار نەبوو، ئەبووجەعفەریش بە کابرای وت: لە کەیەوە ئەو ژنەت بەهاوسەرگرتووە؟ وتی ماوەیساڵێکە، ئەبووجەعفەر وتی کە بەهاوسەرت گرت کچ بوو یان بێوەژن بوو؟ وتی بەڵکو بێوەژن بوو، ئەویش وتی لە پیاوەکەی پێشووی منداڵی هەیە؟ کابرا وتی نا، ئەبووجەعفەریش جوان لە مەسەلەکە تێگەیشت، ئینجا داوای کرد بۆنێکی تایبەتی بۆ بهێنن کە لە بازاڕدا ئەو بۆنە

---

1 - البداية والنهاية، ج9، ص 265.

دەست نەدەکەوت، بۆنەکەی دا بە کابرا و پێی وت ئەم بۆنە بەکاربهێنە ئیتر خەمت نامێنێ، جا کە کابرا لای ئەبووجەعفەر ڕۆیشت، ئەبووجەعفەر بە چوار کەسی جێ متمانەی خۆی وت با هەرکامتان لەبەردەم دەرگایەکی شارەکە بێت و هەرکام لە ئێوە ئەم بۆنەی کرد خێرا ئەو کەسەم بۆ بهێنن، کابرا چوویەوە ماڵەوەو بۆنەکەی دایە دەست ژنەکەی، ژنەکەشی کە بۆنی کرد و بینی چەندە بۆنی خۆشە، خێرا ناردی بۆ پیاوێ کە دڵی لای بوو و خۆشی دەویست، پێشتریش پارەکەی بەو دابوو، کابراش بۆنەکەی لە خۆی دا و چوویە دەرەوە، کەسە جێ متمانەکانی ئەبووجەعفەر کابرایان گرت و بردیان بۆ لای، ئەویش لێی پرسی ئەو بۆنەت لە کوێ بوو؟ کابرا لەوچەلەوچی بوو، ئەبووجەعفەریش دایە دەست شورتە و پێی وت ئەگەر ئەو پارەیەی بۆ هێنان وازی لێبهێنن، ئەگەرنا هەزار قامچی لێ بدەن، کابرایان برد و جلەکەیان لابرد تا قامچی لێ بدەن، خێرا هاواری کرد و وتی پارەکە دێنم، چوو پارەکەی هێنا، ئەبووجەعفەریش کابرای خاوەن پارەکەی بانگ کرد و پێی وت: ئەگەر پارەکەت بۆ بگێڕمەوە ڕێ دەدەیت بڕیار لەسەر ژنەکەت بدەم؟ کابرا وتی بەڵێ، ئەبووجەعفەر وتی ئەوە پارەکەت، وا بڕیاریشم دا ژنەکەت لێ تەڵاق بدەم.[1]

1 - الطرق الحكمية، ص 39.

120

زەیدی کوڕی وەهب دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا سوپایەك رووەو ناوچەی شاخ کەوتنەڕێ، رێیان کەوتە لای رووبارێك کە پردی لەسەر نەبوو تا بتوانن بپەڕنەوە، ئەمیری سوپاکە بە یەکێك لەوانەی دەوری وت: دابەزەو رێیەکمان بۆ پەیدا بکە تا لەم رووبارە بپەڕینەوە، دەبوو کابرا بچێتە ناو رووبارەکەوە، رۆژێکی زۆر ساردیش بوو، کابرا بە ئەمیرەکەی وت ئەترسم بچمە ناو ئاوەکەوە بمرم، بەڵام ئەمیرەکە زۆری لێکرد کە هەر دەبێت بچێت، ئەویش وتی ئەی هاوار عومەر، ئەی هاوار عومەر، هێندەی نەبرد کابرا مرد، کاتێك عومەر ئەمەی بیست لە ناو بازاڕی مەدینەدا بوو، وتی بەڵێ بیستم، بەڵێ بیستم، ئینجا ناردی بە شوێن ئەمیری ئەو سوپایەدا و لە ئەمیرایەتی لایبرد و پێی وت: ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە ببێتە باو تۆڵەم لێدەکردیتەوە، ئیتر هەرگیز هیچ ئیشێ لای من ناگریتە دەست.[1]

1 - تاريخ المدينة لابن شبة، ج3، ص 813.

121

جارێ هەندێ لە جوولەکەکانی ناو دەسەڵاتی ئیسلامی هەستان بەڵێننامەیەکی ساختەیان دروست کرد، بە پێی ئەو بەڵێننامەیە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردووە سەرانە لەسەر خەڵکی خەیبەر نەمێنێ، تیایدا هەندێ لە هاوەڵان شایەت بوون، نووسینەکە بە دەستنووسی عەلی نووسراوە، جا کاتێك نامەکە برا بۆ رەئیسوروئەسا، ئەویش بۆ دڵنیابوونەوەو یەکلاکردنەوەی بەڵێننامەکەی نارد بۆ خەطیب کە یەکێك بوو لە زانا گەورەکان، ئەویش بە وردی لێی راما و دواتر وتی ئەم نامەیە ساختەیە، پێی وترا چۆن شتی وا دەڵێت؟ وتی: لەم نامەدا وا هاتووە کە موعاویە شایەتی ئەم نووسینە بووە، بەڵام موعاویە لەساڵی فەتحی مەککەدا موسڵمان بووە و فەتحی خەیبەریش لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بووە، هەروەها وا هاتووە کە سەعدی کوڕی موعاذ شایەتی ئەم نووسینە بووە، بەڵام سەعد لە رووداوی بەنی قورەیضەدا وەفاتی کرد کە دوو ساڵ پێش فەتحی خەیبەر روویدا، بەوجۆرە فێڵی جوولەکەکانی ئاشکرا کرد و دەستخۆشی لێکرا.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج18، ص 280.

122

ئەبووئومامەی باهیلی کەسێکی زۆر بەخشندە بوو، زۆرجار پارەیەکی زۆری لەبەردەستدا دەبوو، کەچی خۆی شتێکی زۆر سادەی دەخوارد و پارەکەی دادەنا بۆ خێر و هەر کەسێ داوای لێبکردایە هاوکاری دەکرد، ڕۆژێك هیچ خواردنێ لە ماڵی ئەبووئومامەدا نەما و تەنها سێ دیناریشی پێ بوو، کەسێ هات و داوای هاوکاری لێکرد و ئەویش دینارێکی پێ بەخشی، هێندەی نەبرد هەژارێکی تر هات و داوای هاوکاری لێکرد، دینارێکیشی دا بەو، مایەوە سەر دیناریێ، هەژارێکی تریش هات و دینارەکەی تری برد، مەولاکەی ئەبووئومامە دەڵێت منیش توورە بووم و وتم خۆ هیچمان بۆ نەمایەوە، ئینجا ئەبووئومامە چوو لەسەر جێگەکەی راکشا، منیش دەرگام لەسەر داخست تا ئەو کاتەی بانگی نیوەڕۆی فەرموو، هاتم و بەخەبەرم کردەوە بۆ نوێژ، دڵم بۆی سووتا کە بینیم وا برسیە، بەڕۆژووش بوو، بۆیە چووم بەشی نانی ئێوارە قەرزم کرد و خوانێکم ئامادە کرد و سفرەم راخست و چووم بەرەو لای جێگەکەی تا هەڵیتەکێنم، دەبینم برێ زێڕی لەژێردایە، کە ژماردم دەبینم سێ سەد دینارە، هەر لە شوێنی خۆی جێمهێشت تا هاتەوە، کە هاتەوەو بینی چ خوانێکم بۆ ئامادە کردووە سوپاسی خوای کرد و زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و وتی ئەمە لە زۆر شتی تر باشترە، وتم خوا لێت خۆش بێت ئەوەی هەتبوو پێم زانی، ئینجا

زێڕەکەم بۆ هێنا و نیشانم دا، ئەویش واقی وڕ ما و وتی ماڵوێران ئەمە چیە؟ وتم نازانم چیە چاوم کەوتە سەری و بینیم.[1]

## 123

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا سریەیەك بە پیادە کەوتنەڕێ، یەکێك لە ئەندامانی سریەکە تەواو ماندوو بوو و توانای نەما بڕوات، داوای کرد لە ڕێی بوەستن، بەڵام ئەو کەسەی لەگەڵی بوو لە ڕێی نەوەستا و جێیهێشت، ئەویش هاواری کرد هاوار بۆ عومەر، دواتر کە عومەر ئەوەی بیستەوە نامەی نووسی بۆ ئەبوومووسای ئەشعەری و پێی وت: ئەو کابرایەم بۆ بنێرە کە جێیهێشتبوو، ئەویش کابرای نارد، عومەریش کەوتە لێدانی و دەیوت بەڵێ وا جوابم دایتەوە، بە کابرای وت هۆ لەناوبەر، کابرا پێت ئەڵێت چاوەڕێم بکە و تۆیش دەستی لێ بەردەدەیت و ناچاری دەکەیت هاوار بۆ لای من بکات؟ ئەویش کەوتە بیانوو بۆ هێنانەوەی، عومەریش وتی: سوێند بەخوا باشی حاڵو باڵی موسڵمانێ لام زۆر خۆشەویستترە لە لەناوچوونی ئەوەندەو ئەوەندە بێباوەڕ، ئینجا خەلیفە نامەی بۆ ئەبوومووسا نووسی و پێی وت: وریابە ئەرك و کاروباری ئێمە نەسپێری بەم کابرا لەناوبەرە.[2]

---

1 - صفة الصفوة، ج1، ص 288.

2 - تاريخ المدينة لابن شبة، ج3، ص 812.

124

ئەبولعەبباسی بەکری دەڵێت: هاودەم بە چوار کەس سەفەرێکم کرد، ئەوانیش بریتی بوون لە موحەممەدی کوڕی جەریر و موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی خوزەیمە و موحەممەدی کوڕی نەصری مروزی و موحەممەدی کوڕی هاروونی رەویانی، جا چی خواردنیان پێ بوو هەمووی تەواو بوو و هیچیان پێ نەما بۆ خواردن، برسێتیش تەواو زۆری بۆ هێنان، شەوێ لە ماڵێ کۆبوونەوەو پاش مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە رێککەوتن لەنێوان خۆیاندا تیروپشك بکەن و هەرکەس دەرچوو ئەو کەسە بچێت داوای خواردن بکات بۆ خۆی و هاوڕێکانیشی، دەستیان پێکرد و تیروپشکیان کرد و ناوی موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەرچوو، ئەویش بە هاوڕێکانی وت دەرفەتم بدەن با دەستنوێژێ بگرم و دوو رکات نوێژ بکەم، دەستی کرد بە نوێژەکەی، دەبینن نێردراوێکی والی میصر تەقەی دا لە دەرگا، دەرگایان کردەوەو ئەویش لەسەر وڵاخەکەی دابەزی، وتی کامتان موحەممەدی کوڕی نەصرە؟ وتیان ئائەوەیە، کیسەیەکی دەرکرد کە پەنجا دیناری تێدا بوو و پێی دا، دواتر وتی ئەی کامتان موحەممەدی کوڕی جەریرە؟ وتیان ئائەوەیە، کیسەیەکی پەنجا دیناریشی دایە دەست ئەو، ئینجا وتی کامتان موحەممەدی کوڕی هاروونە؟ وتیان ئائەوەیە، پەنجا دیناریشی دا بەو، دواتر وتی ئەی کامتان موحەممەدی کوڕی ئیسحاقە؟ وتیان ئائەوەیە خەریکە نوێژ دەکات، ئەویش چاوەڕێی کرد تا نوێژەکەی تەواو کرد، کە لە نوێژەکەی بوویەوە کیسێکی پەنجا دیناریشی دایە دەست ئەو، ئینجا وتی دوێنێ ئەمیر خەریك بوو سەرخەوێکی دەشکاند کە خەوی بینی

سوارچاکێ دەیوت: سوپاسگوزارەکان لە برساندا پەکیان کەوتووە، جا ئەو چەند کیسە پارەیان بۆ بنێرە، ئینجا پێی وتن: سوێندتان ئەدەم ئەگەر پارەکەتان تەواو بوو هەمدی پێم بڵێن با هاوکاریتان بکەم.[1]

125

عەبدوڵای کوڕی ئەحمەد دەڵێت: لە خزمەت باوکمدا بووم، حاڵی باش نەبوو، کەوتە گیانەڵا و خەریك بوو گیانی دەدا، عارەقەیەکی زۆری دەکرد و دواتر چاوەکانی دەکردەوەو ئاوا دەستی دەجووڵاند و دەیوت هێشتا نا، هێشتا نا، جارێك و دوان ئەمەی دووبارە کردەوە، لە جاری سێهەمدا پێم وت باوکە گیان ئەوە لەو کاتەدا ئەو هەموو عەرەقەت دەکرد کە ئیتر دەمانوت وا تەواو بوو، قسەیەکت ئەکرد مەبەستت چی بوو، دەتوت هێشتا نا، هێشتا نا، ئەویش وتی رۆڵە گیان نازانیت چیم وت، ئەوە ئیبلیسی نەفرینلێکراو لەپاڵما راوەستابوو و قەپی کردبوو بە سەرەپەنجەی خۆیدا و دەیوت ئەی ئەحمەد پێم هەڵخەڵەتێ و شوێنم کەوە، منیش دەموت هێشتا نا، هێشتا نا هەتا دەمرم.[2]

1 - تاريخ بغداد، ج2، ص 548.

2 - صفة الصفوة، ج1 ص 488

126

موحەممەدی کوڕی عومەر دەڵێت: گوێم لە مالیك بوو دەیوت: کاتێك ئەبووجەعفەری مەنصوور هات بۆ حەج، ناردی بە شوێنمدا، منیش چووم بۆ لای و چاوم پێی کەوت و قسەم لەگەڵ کرد، بڕێ پرسیاری لێکردم و منیش وەڵامم دایەوە، دواتر پێی وتم نیەتم هەیە ئەو نووسینانەت (واتە کتێبی الموطأ) بدەمە دەستیان نوسخەی لێ بگرنەوەو دواتر فەرمان بکەم لە هەموو شوێنەکان ئیش بەو کتێبە بکەن و وازبێنن لە هەرچی زانستی داهێنراوی تر هەیە، چونکە من پێم وایە ئەصلی زانست بریتیە لە ریوایەت و زانستی خەڵکی مەدینە، منیش وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران، شتی وا مەکە، چونکە ئەو خەڵکە بڕێ وتە و رای جیاوازیان پێ گەیشتووەو بڕێ فەرموودەیان بیستووە و بڕێ ریوایەتیان گێڕاوەتەوە، هەر قەومێ سەرەتا چی پێگەیشتووە دەستیان پێوەگرتووە و لەسەری راهاتون، جا بتەوێ قەناعەت بەو خەڵکە بکەیت وازبێنن لەوەی بڕوایان پێیەتی، زۆر سەختە، واز لەو خەڵکە بێنە با لەسەر چی دەڕۆن هەروا بن، خەڵکی هەر ناوچەیەك چییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە با هەر وا بن، ئەبووجەعفەریش وتی: بەخوا ئەگەر هاوڕام بوویتایە فەرمانم دەکرد وا بکرێت.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج8، ص 79.

127

جارێك عومەری کوڕی خەططاب دەمەو نیوەڕۆ لەژێر سێبەری درەختێکدا ڕاکشابوو، ئافرەتێکی دەشتەکی هات بۆ لای و پێی وت: من ئافرەتێکی هەژارم و بڕێ منداڵم هەیە، ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەططاب موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ناردووە تا زەکات کۆبکاتەوە، کەچی هیچی لەو زەکاتە بە ئێمە نەدا، ڕەحمەتی خوات لێ بێت بەڵکو تۆ قسەیەکمان بۆ بکەیت، عومەریش خێرا هاواری کرد لە یەرفەئی بەردەستی و پێی وت موحەممەدی کوڕی مەسلەمەم بۆ بانگ بکە، ژنەکە وتی وا بۆ من باشترە خۆت لەگەڵم بێیت بۆ لای، ئەویش وتی پشتیوان بە خوا کارەکە ئاسان دەبێت، ئینجا یەرفەئی بەردەست چوو بۆ لای، موحەممەدی بانگ کرد و ئەویش هات و وتی سەلامت لێ بێت ئەی ئەمیری باوەڕداران، ژنەکە کە ئەوەی بیست شەرم دایگرت، عومەر وتی: باشە ئەگەر خوا سەبارەت بەم ژنە پرسیاری لێکردیت چی دەڵێیت؟ خێرا فرمێسك بە چاوانی موحەممەددا هاتەخوارێ، ئینجا عومەر وتی: خوای گەورە پێغەمبەری خۆی نارد بۆ ئێمەو ئێمەش بڕوامان پێ هێنا و شوێنی کەوتین، ئەویش فەرمانی خوای بەجێگەیاند، صەدەقەی دانا بۆ کەسانی شیاوی خۆی لە هەژاران، تا مردنیش لەسەر ئەو ڕێڕەوە چوو، دواتر ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە و ئەویش تا مردن سوننەتی پێغەمبەری خوای بەجێگەیاند، ئینجا خوا خیلافەتی بە من بەخشی، جا من نیەتم وابووە چاکترینەکانتان هەڵبژێرم، کە تۆم ناردەوە صەدەقەی ئەم ساڵە و ساڵێکی پێشوویشی پێ بدە، ناشزانم لەوانەیە نەتنێرمەوە، دواتر وشترێکی داوا کرد و کۆڵی وشترەکە گەنم و زەیتی دا بە

ژنەکەو وتی ئەمە بگرە تا لە خەیبەر دێیتەوە لامان، ژنەکەش رۆیشت و دواتر چوو بۆ خەیبەر بۆ لای خەلیفە، ئەویش داوای دوو وشتری تری کرد و وتی ئەو دوانەش ببە تا موحەممەدی کوڕی مەسلەمە دێت بۆ لاتان، فەرمانم پێکردووە مافی ئەمساڵ و ساڵێکی پێشووتریشت پێ بدات.[1]

## 128

ئەبیلوەقت عەبدولئەووەل دەڵێت: هاودەم بە باوکم لە ناوچەی هەراتەوە بۆ وەرگرتنی فەرمووده چووین بۆ لای داوودی لە بووشەنج، هێشتا تەمەنم کەمتر لە دە ساڵان بوو، باوکم دوو بەردی دەخستە هەردوو دەستم و دەیوت ئەو دوو بەردە هەڵگرە، منیش لە ترسی باکم بەردەکانم لە دەستمدا دەهێشتەوە، کە دەچووم بە رێدا باوکم لێم رادەما، ئەگەر هەستی بکردایە ماندوو بوم، دەیوت یەکێك لە بەردەکان فڕێ بدە، منیش بەردەکەم فڕێ دەدا و تۆزێ بارم سووك دەبوو، هەمدی دەکەوتمەڕێ تا جارێکی تر ماندوێتی زۆری بۆ دەهێنام، پێی دەوتم چیە ماندوو بوویت؟ منیش لە ترساندا دەموت نا، ئەیوت ئەی بۆچی دوادەکەویت؟ منیش ناچار پێم هەڵدەگرت و دەکەوتمە پێشی، بەڵام زۆری نەدەخایاند بەرگەم نەدەگرت و ماندوێتی زۆری بۆ دەهێنام، بەردەکەی تریشم دادەنا، هەمدی دەکەوتمەڕێ تا ماندوو دەبووم، ئەوکات هەڵی دەگرتم و بە کۆڵ دەیبردم، کە دەگەیشتین بە جەماعەتێ جووتیار یان کەسانی تر، دەیانوت:

1 - كتاب الاموال لابن سلام الهروي، ص 712.

ئەی ئەبووعیسا، ئەو منداڵە بدەرە لای ئێمە با لەگەڵ خۆمان سەری بخەین و تۆیش سواری وڵاخێکی ئێمە ببە تا بتانگەیەنینە بووشەنج، ئەویش دەیوت: پەنا دەگرم بە خوا بۆ گەڕان بە دوای فەرموودەی پێغەمبەردا (ﷺ) سواری وڵاخ بین، بەڵکو بە پیادە دەچین، ئەگەر منداڵەکەم توانای نەما، دەیخەمە سەر سەرم، هەر وەکوو رێز و گەورەیی نواندێ بۆ فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) و هیوای دەستخستنی پاداشت ئەوە ئەکەم.[1]

## 129

لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی و لە کاتی دەسەڵاتداری خەلیفە مەهدیدا، جارێك کابرایەك هات بەرەو لای کۆشکی مەهدی و نامەیەکی مۆرکراوی پێ بوو و دەیوت ئەوە نامەی ئەمیری باوەڕدارانە بۆ من، ئەو کابرای پێی دەوترێ رەبیعی حاجیب کوا؟ رەبیعیش نامەکەی لێ وەرگرت و بردی بۆ خەلیفە و کابرای دەشتەکی لەبەردەگا وەستاند، نامەکەی کردەوەو بینی پارچە پێستەیەکە کە نووسراوێکی کاڵی لەسەر نووسراوەو کابرای دەشتەکیش دەیوت ئەوە دەستنووسی خەلیفەیە، مەهدی کە نامەکەی بینی، زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: کابرای دەشتەکی راست دەکات، ئەوە دەستنووسی منە، رۆژێ بۆ راو چوومە دەرەوەو سوپاکەم لێ ون بوو، شەو داهات و ئەو نزای پەناگرتنەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی خوێندم، لە دوورەوە ئاگرێکم بینی، چووم بەرەو

1 - سير أعلام النبلاء، ج20، ص 308.

لای ئاگرەکە، دەبینم ئەم پیرەپیاوەو ژنەکەی لای ئاگرەکەن، سەلامم لێکردن و ئەوانیش وەڵامیان دامەوەو ئەم کابرایە جێی بۆ راخستم و بڕێ شیری پێ دام، شیری هێندەی ئەوە خۆشم نەنۆشیوە، لەسەر ئەو عەبایەم خەوتنێ خەوتم کە هەرگیز خەوی وام نەکردووە، ئینجا هەستا ئاژەڵێکی هەبوو بۆی سەربڕیم، گوێم لێبوو ژنەکەی وتی دەستکەوت و هۆی بژێوی منداڵەکانتت سەربڕی؟ خۆت و ماڵ و مناڵی خۆتت لەناوبرد، کە هەستامەوە بە کابرام وت ئەرێ شتێکت نیە نووسراوێکی لەسەر بنووسم بۆت، ئەویش ئەم پارچە پێستەی بۆ هێنام و منیش پێنج سەد هەزارم بۆ نووسی، سەرەتا مەبەستم بوو پەنجا هەزار بنووسم، بەخوا هەمووی پێدەدەم ئەگەر دیناری پارەشم لە بەیتولمالدا نەهێشتبێتەوە، ئینجا فەرمانی کرد پێنج سەد هەزار هێنرا بۆ کابرا و ئەویش پارەکەی برد و هەر لەو شوێنەی خۆی لەسەر رێی حاجیان لەلای ئەنبارەوە مایەوە، میوانداری خەڵکی دەکرد، ئیتر ماڵەکەی ناسرابوو بە ماڵی میواندۆستی ئەمیری باوەڕداران مەهدی.[1]

1 - البداية والنهاية، ج10، ص 165.

130

بەرزەی کچی رافیع دەڵێت: کاتێك خەلیفە عومەر بەخششی بڕیەوە بۆ خەڵکی، پشکی زەینەبی کچی جەحشی نارد، جا کە بۆی هێنرا، وتی خوا لە عومەر خۆش بێت، خوشکەکانی ترم زیاتر شیاون بەمە تا من، چونکە وایزانی ناردوویەتی تا سەرپەرشتی دابەشکردنی بکات، ئەوانیش وتیان ئەوە هەمووی بۆ تۆیە، ئەویش وتی سوبحانەڵلا، ئینجا جلێکی دا بەسەریدا و وتی داپپۆشن، ئینجا بە منی وت ئادەی مشتێکی لێ ببە بۆ ماڵی فڵانە کەس و مشتێ بۆ فلانە ماڵ، ئاوا کەوتە دابەشکردنی هەتا تۆزێکی لێ مایەوە، منیش پێم وت خوا لێت خۆش بێت ئەی دایکی باوەڕداران، بەخوا ئێمەش مافمان هەیە لەمەدا، ئەویش وتی دەی ئەوەی ماوەتەوە بۆ ئێوە، کە سەیرمان کرد دەبینین هەشتا و پێنج درهەمە، دواتر دایکی باوەڕداران زەینەب دەستی بەرزکردەوە و وتی خوایە ئەمساڵی لێ دەرچێت ساڵێکی تر نەگەمە ئەوەی بەخششی عومەرم بۆ بێت، ئەوەبوو نەگەیشتە ساڵی داهاتوو وەفاتی کرد.[1]

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص 301.

131

سەعیدی ئومەوی دەڵێت: موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان جلێکی سەوزی لەسەر شان بوو و هاتە ژوورەوە بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب، کاتێ عومەر بینی بەو بەرگەوە هاتە ژوورەوە، بە گۆچانەکەی دەستی کەوتە لێدانی موعاویە، موعاویەش دەیوت: ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆ خاتری خوا لێم مەدە، ئینجا عومەر گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و دانیشت، دواتر خەڵکەکە پێیان وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆچی لێتدا؟ بۆ کەسی تری وات لەبەردەست هەیە؟ ئەویش وتی بەخوا جگە لە خێر هیچی ترم لێ نەدیوە، جگە لە خێر و چاکە هیچی ترم لە بارەوە نەبیستووە، جا خۆ ئەگەر جگە لە خێر شتی ترم لێ ببیستایە شتی ترتان لێ دەبینیم بەرامبەری، بەڵام کە بینیم –ئینجا بە دەستی ئاماژەی کرد بۆ موعاویە– حەزم کرد کەمێ لەو کەشخەییەی کەمبکەمەوە.[1]

132

زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: جارێك لەگەڵ عومەری کوری خەططاب دەرچووین بۆ چواردەوری مەدینە تا چاوێ بگێڕین، هێندەمان بینی ئاگرێك هەیە، عومەر وتی ئەی ئەسلەم وادەزانم ئەوانە کاروانێ بن و شەویان بەسەردا هاتبێ و سەرما گلی دابنەوە، وەرە با بچین بۆ لایان، پێمان هەڵگرت و بە پەلە خۆمان گەیاندە ئەوێ، دەبینین ئافرەتێکە دوو منداڵی

1 - البداية والنهاية ج8ـ ص 134.

پێیە و مەنجەڵێکیشی خستۆتە سەر ئاگر و منداڵەکانیشی دەکرووزانەوە، عومەر سەلامی لێکردن و وتی سەلام لە جەماعەتی لای رۆشناییەکە، حەزی نەکرد بڵێت جەماعەتی لای ئاگرەکە، ژنەکەش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، عومەر وتی رێ هەیە نزیك ببمەوە؟ ژنەکە وتی بەڵێ خێرت پێ بێت، عومەر نزیك بوویەوەو هەواڵی پرسین، ئەویش وتی شەو و سەرمامان بەسەردا هاتووە، وتی ئەی ئە ومنداڵانە بۆ وا دەکەن؟ وتی برسێتی، عومەر وتی ئەی ئەو مەنجەڵە چی تێدایە؟ ژنەکە وتی ئاوی تیایە، دەمەوێت بەوە بێدەنگیان بکەم تا خەویان لێدەکەوێ، خوا لەنێوان ئێمەو عومەردا بێت، ئەویش وتی رەحمەتی خوات لێ بێت عومەر چووزانێت ئێوە لە چ حاڵێکدان، ژنەکە وتی ئیش‌و کاروبارمان دەگرێتەدەست و لێشمان بێئاگایە؟! ئەسلەم دەڵێت عومەر لایکردەوە بە لای مندا و وتی ئادەی با بچین، پێمان هەڵگرت و بەپەلە خۆمان گەیاندە کۆگای گەنمەکە، کۆڵێکی جیاکردەوەو دای بە من و وتی بیدە بەسەر شانمدا، منیش وتم جا من لەبری جەنابت هەڵیدەگرم، وتی تۆ بیدە بەسەر شانمدا، منیش هەر لێم دووبارە دەکردەوە، دواجار پێی وتم رۆژی قیامەت کۆڵی تاوانم هەڵدەگریت هەی بێ دایك کەویت؟! منیش کۆڵەکەم دا بەسەر شانیدا و کەوتەڕێ و منیش بەدوایدا هەناسەبڕکێم بوو، خۆمان گەیاندە لای ژنەکە و کۆڵەکەی دانا و دەستی کرد بە ئامادەکاری، فووی دەکرد بەژێر مەنجەڵەکەدا، ریشیشی زۆر بوو، دەمبینی دووکەڵەکە بە بەینی ریشیدا دەڕۆیشت، خوانەکەی ئامادە کرد و دواتر وتی شتێکم بدەرێ، قاپێکی هێنا و خواردنەکەی کردە ناوی

و بە ژنەکەی وت ئادەی تێریان بکە، وازی نەهێنا هەتا تێر بوون، ئینجا چی مابوویەوە لای جێیهێشت و پێکەوە ڕۆیشتین، ژنەکەش دەیوت خوا پاداشتت بداتەوە، تۆ زۆر لە ئەمیری باوەڕداران شیاوتریت بە دەسەڵات، ئەویش دەیوت قسەی خێر بکە، کە هاتی بۆ لای ئەمیری باوەڕداران پشتیوان بە خوا لەویٚ دەمبینی، ئینجا کەناری گرت و چاوەڕێی کرد هەتا منداڵەکان کەوتنە گەمەو پێکەنین و دواتر خەوتن، ئینجا عومەر هەستا و سوپاسی خوای کرد و ڕوویکردە من و وتی ئەی ئەسلەم برسێتی خەوی لیٚ زڕاندبوون و دەیگریاندن، حەزم کرد نەڕۆم هەتا بەم چەشنە دەیانبینم.[1]

## 133

شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەڵێت: هەژاری و برسێتی تەواو زۆری بۆ هێنام، تا ئاستیٚ چەند ڕۆژیٚ بیٚ نان و خواردن مامەوە، وام لێهات دەچووم لەسەر شەخەڵ و زبڵدانەکان بۆ خواردن دەگەڕام، ڕۆژێك ڕووەو کەناراو چووم، دەبینم هەژاران پێش من کەوتون، ئیتر تەواو لاواز و بێتوانا بووم و خۆم پیٚ ڕانەدەگیرا، چوومە مزگەوتێکەوەو دانیشتم، خەریك بوو دەکەوتمە گیانەڵا، گەنجێکی عەجەمی هاتە ژوورەوەو نان و گۆشتی برژاوی پیٚ بوو و دانیشت و دەستی کرد بە خواردنی، هەرکە پاروویەکی هەڵدەگرت من لەملاوە خەریك بوو دەمی بۆ بکەمەوە، ئەویش لایکردەوەو منی بینی لە چ حاڵێکدام، پێی وتم ناوی

1 - تاريخ الطبري، ج2، ص 567-568.

خوای لێ بێنەو فەرموو، منیش رازی نەبووم، بەڵام ئەو سوێندی دام، منیش تۆزێکم خوارد و کەمە کەمە لێم دەخوارد، ئەویش پرسیاری لێ دەکردم: ئیشت چیە؟ لە کوێوە هاتویت؟ منیش وتم لە گەیلانەوە هاتووم، وتی خۆ منیش لە گەیلانەوە هاتوم، ئەرێ گەنجێکی گەیلانی هەیە ناوی عەبدولقادرە پێم دەناسێنیت؟ ئەو کوڕە ناسراوە بە نەوەی ئەبووعەبدوڵای صەومەعی زاهید، منیش وتم جا خۆ ئەوە منم، کە ئەوەم وت تەواو شڵەژا و رەنگی گۆڕا و وتی بەخوا براکەم کە گەیشتمە بەغداد بەشێ لە خەرجیم مابوو، زۆر پرسیاری تۆم کرد کەچی کەس رێی نیشان نەدام تا هەموو خەرجیەکەم تەواو بوو، دوای ئەوە سێ رۆژ تەنها پارەکەی تۆ هەبوو بۆ خەرجی و بژێویم، ئەمە کە رۆژی چوارەمە، وتم وا من سێ رۆژم تەواو کرد و مردووشم بۆ حەڵاڵە، بۆیە بەشی ئەم نان و گۆشتە پارەم لەوەی تۆ وەرگرت، جا بێخەم بیخۆ چونکە ئەمە هی خۆتە و منیش ئێستا میوانی تۆم، وتم ئەمە چۆن؟ وتی دایکت هەشت دیناری بە مندا بۆ تۆ ناردووەو بەخوا تا ئەمرۆ دەستم لێ نەدابوو، منیش بێخەمم کرد و بڕێکیم دا بەو.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج20، ص 445.

134

جارێك عومەری کوڕی خەططاب چوویە بەردەرگای ماڵی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و تەقەی دا لە دەرگا، ژنەکەی هات و دەرگاکەی کردەوەو دواتر بە عومەری وت مەیەرە ژوورەوە تا من دەچمەوە ژوور و لە شوێنی خۆم دادەنیشم، ئەویش چاوەڕێی کرد تا ژنەکەی عەبدوڕەحمان چوویەوە ژوورەوەو دانیشت و دواتر وتی وەرە ژوورەوە، عومەریش چوویە ژوورەوە، ئینجا وتی ئەرێ هیچ خواردنێ هەیە؟ ژنەکەش بڕێ خواردنی هێنا، عومەر دەستی کرد بە خواردنی و عەبدوڕەحمانیش خەریکی نوێژکردن بوو، عومەر وتی کابرا نوێژەکەت درێژ مەکەرەوە، عەبدوڕەحمانیش سەلامی دایەوەو دواتر بەرەو لای هات و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران چی بووە لەم کاتەدا هاتویت؟ ئەویش وتی دەستەیەك لەو لایەی بازاڕەوە بوون و منیش ترسام دزەکانی مەدینە هێرشیان ببەنەسەر، جا وەرە با پاسەوانییان بکەین، هەردووکیان چوونە بازاڕەکە و لە سووچێکەوە کەوتنە دەمەتەقێ، چرایەکیان بینی، عومەر وتی مەگەر ڕێگریم نەکردووە کە دوای خەوتن چرا ئیش نەکات (چونکە چەند ماڵێك بەو هۆیەوە سووتابوون) هەردووکیان چوون بەرەو لای چراکە، دەبینن خەڵکێکن خەریکن مەی دەخۆنەوە، عومەر وتی بڕۆ، کابرام ناسیەوە، بۆ بەیانی ناردی بە شوێن کابرادا و وتی هۆ فلانە کەس دوێنێ شەو تۆ و هاوڕێکەت خەریکی خواردنەوە بوون، ئەویش وتی تۆ چووزانیت ئەی ئەمیری باوەڕداران؟ عومەریش وتی خۆم بینیم، ئەویش وتی مەگەر خوا ڕێگری لێنەکردویت لە جاسووسی کردن؟ عومەر

کە ئەوەی لێ بیست خۆی بە هەڵە زانی و چاوپۆشی لە کابرا کرد و سزای نەدا.[1]

## 135

ئیبن هوبەیرە یەکێك بوو لە وەزیرەکانی دەوڵەتی عەبباسی سەردەمی دەسەڵاتی سەلجووقی کە کەسێکی زۆر زیرەك و بەتوانا بوو، باسی سەردەمی هەژاری خۆی دەکرد و دەیوت: جار هەبوو نانێ چیە نەمبوو بیخۆم، هەروەها دەیوت هەرگیز سەرمایەم نەدەگەیشتە ئەوەی زەکات بدەم، ئیبنولجەوزی دەڵێت زۆر شەرمم لێدەکرد و سوودی زۆرم لەو وەرگرت، هەموو رۆژێکی هەینی لە ماڵی خۆیدا کۆڕێکی بۆ ساز دەدام و مۆڵەتیشی دەدا هەموان ئامادەی بن، یەکێك لە هەژاران لای ئەو دەیخوێند و ئەویش پێی سەرسام بوو و بە ژنەکەی وت ئەمەوێ کچەکەمی بدەمێ، دایکی کچەکە رازی نەبوو، ئەو کوڕە هەموو رۆژێ دوای عەسر وانەی فەرموودەی لا دەخوێند، رۆژێ فیقهزانێکی مالیکی هات، منیش باسی مەسەلەیەکم کرد، رایەکی پێچەوانەی هەموانی هەبوو و لەسەریشی سوور بوو، وەزیر وتی ئەرێ تۆ کەریت؟ نابینیت هەموان پێچەوانەی تۆ دەڵێن؟ بۆ بەیانیەکەی بە خەڵکەکەی وت دوێنی من ستەمم لەو پیاوە کرد و شتی نەشیاوم پێ وت، با چیم پێ وت پێم بڵێتەوە، منیش یەکێکم وەك ئێوە، ئامادەبوانی مەجلیسەکە پرمەی گریان دایگرتن، فیقهزانەکە پۆزشی هێنایەوە،

1 - تاريخ الطبري، ج2، ص 567.

ئەویش وتی من شیاوی پۆزش هێنانەوەم، بەردەوام دەیوت تۆڵە بکەرەوە، هێندە لەسەری چوو کە یووسفی دیمەشقی وتی ئەگەر بە تۆڵە رازی نابێ دەی فیدیەکەی بدە، وەزیریش وتی دەی با بڕیارەکەی ئەو بێت، فیقهزانەکە وتی بەخششی تۆ بەسەرمەوە زۆرە، ئیتر چ حوکمێکم بۆ بمێنێتەوە؟ ئەویش وتی هەر دەبێت رازی بیت، فیقهزانەکە وتی مادەم وایە سەد دینار قەرزارم ئەوەم بۆ بدەرەوە، وەزیر دووسەد دیناری پێدا.[1]

## 136

جارێك عوبەیدوڵا گەورەو پیاوماقووڵانی خەڵکی عێراقی کۆکردەوە و هەموویانی برد بۆ شام تا سەردانی موعاویە بکەن، ئەحنەفیش لەنێو ئەو خەڵکەدا بوو کە دەستنیشان کرابوون، جا کاتێ گەیشتنە ئەوێ، عوبەیدوڵا چوو بۆ لای موعاویە و هەواڵی پێدا کە سەرکردەکانی عێراق هاتون بۆ سەردانی، ئەویش وتی بەپێی پلەو کەسایەتییان یەك یەك بیانکەرە ژوورەوە، ئەویش چوو یەك یەك هەموویانی کردە ژوورەوەو کۆتا کەس ئەحنەفی کردە ژوورەوە، موعاویە کە ئەحنەف بینی و دەیزانی چ پلە و پایە و کەسایەتیەکی هەیە، رێزێکی زۆری لێنا، پێی وت ئەی ئەبووبەحر وەرە لێم نزیك بەرەوە، لەلای خۆیەوە داینیشاند و بە گەرمی هەواڵی پرسی و وازی هێنا لەو خەڵکەی تر، ئینجا خەڵکی عێراق کەوتنە چاکە باسکردنی عوبەیدوڵا و پیاهەڵدانی،

1 - سير أعلام النبلاء، ج20، ص 429.

ئەحنەفیش بێدەنگ بوو، موعاویە پێی وت ئەی ئەبووبەحر بۆچی بێدەنگیت؟ ئەویش وتی ئەگەر قسە بکەم هاوڕای ئەوان نابم و پێچەوانەی ئەوان دەدوێم، موعاویە وتی دەی هەمووتان شایەت بن ئەوە عوبەیدوڵلام لە پۆستەکەی لابرد، هەستن و بزانن کێ بە باش دەزانن بیکەم بە ئەمیرتان، دوای سێ ڕۆژی تر وەرنەوە بۆ لام، ئەوانیش کە چوونە دەرەوە هەر تاقمەو یان هەر کەسەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو شوێنەکەی عوبەیدوڵلا بگرێتەوە و بە نهێنی هەوڵیان دەدا خۆیان لە کەسە نزیکەکانی موعاویە نزیك بکەنەوە بەڵکو موعاویە بیانکات بە ئەمیر، دوای سێ ڕۆژەکە هاتنەوەو ئەحنەفیش لەگەڵیان بوو، موعاویەش بەپێی پلەوپایەیان داینیشاندن، وەك جاری پێشوویش ئەحنەفی لەلای خۆیەوە دانیشاند و ماوەیەك قسەی لەگەڵ کرد، دواتر وتی: ئەرێ چیتان کرد؟ هەر تاقمەو کەسێکیان دیاری کردبوو، زۆر قسەیان لەسەر کرد و ڕێکنەدەکەوتن، ئەحنەفیش بێدەنگ بوو، ئەو سێ ڕۆژەش لەگەڵ هیچ کام لەو جەماعەتە قسە و ڕێککەوتنی نەبوو، موعاویە وتی ئەی ئەبووبەحر بۆچی بێدەنگیت؟! ئەویش وتی ئەگەر کەسێك لە خزمانی خۆت دابنێیت کەسێکت دەست ناکەوێت بگاتەوە بە عوبەیدوڵلادا، ئەگەریش کەسی تر دادەنێیت ئەوەیان بە دەست خۆتە، لەوانەشدا کە لێرەدا ئامادەن و لە کۆڕی یەکەمدا زۆر دەیاندا بە شانو باڵی عوبەیدوڵلادا لێرەدا هیچ ناوی نابەن و کەسیان داوا ناکەن ئەو دابنێیتەوە. موعاویە کە ئەو قسەی ئەحنەفی بیست، بەو جەماعەتەی وت: دەی شایەت بن وا عوبەیدولام خستەوە شوێنەکەی خۆی، ئیتر هەموویان لەوە پەشیمان بوون کە

چۆن هەوڵیان نەدا ناوی عوبەیدوڵا بەرن، موعاویەش زانی پیاهەڵدانیان بۆ عوبەیدوڵا لەبەرئەوە نەبووە کە خۆشیان بوێت و لێی رازی بن، دواتر کە هەموان چوونە دەرەوە، موعاویە بە تەنها لەگەڵ عوبەیدوڵا دانیشت و پێی وت چۆن پیاوی ئاوا گەورەت لەبیرکردووە –واتە ئەحنەف– کە توانی بەو بێدەنگیەی هەم لەسەر دەسەڵات لاتبەرێت و هەم داتبنێتەوە، ئەوانەش کە هێنابوونت و پشتت پێ بەستبوون سوودیان نەبوو بۆت و کاتێك ئیشی خۆتت سپارد بەوان فریات نەکەوتن، بۆیە کەسی وەك ئەحنەف هی ئەوەیە پیاو بیکات بە پشت و پشتیوانی خۆی، جا کاتێ گەڕانەوە بۆ عێراق، عوبەیدوڵا ئەحنەفی کردە پشت و پشتیوان و نهێنی پارێزی خۆی.[1]

## 137

جارێك عەبدوڵای کوڕی موبارەك هاودەم بە ژمارەیەك لە کەسوکار و هاوڕێ و نزیکانی، خۆی ئامادە کرد تا بچێت بۆ حەج، لە شاری (مەرو) ەوە خۆیان ئامادە کرد و بارگە و بنەیان پێچایەوە، بڕێ باڵندەشیان پێ بوو، بڕێك پارەشی لەگەڵ خۆی برد و کەسێکی راسپارد بۆ سەرپەرشتی ئەو پارەیە، لە نیوەی رێدا باڵندەیەکیان تۆپی و عەبدوڵاش بە یەکێك لە نەفەرەکانی وت فڕێی دەرە ئەو زبڵدانە، عەبدوڵا خۆی لە دوای کاروانەکەوە بوو، ئافرەتێك هات و باڵندە تۆپیوەکەی هەڵگرت، عەبدوڵاش کە لە دوای کاروانەکەوە دەهات، ئەوەی بینی و

1 - وفيات الأعيان، ج2، ص 503-504.

سەری سوڕما، ئەبێ ئافرەتێك ئیشی چی بێ بە باڵندەیەکی تۆپیو، بینی ئافرەتەکە چوویە ناو خانوویەکی بچووکەوە کە لە نزیك زبڵدانەکەوە بوو، عەبدوڵایش چوو تەقەی دا لە دەرگا و پاش سەلام کردن، لە ئافرەتەکەی پرسی ئەو باڵندە تۆپیوەت بۆ چیە؟ ئەویش وتی من و برایەکم لێرەدا دەژین، باوکێکمان هەبوو کە پارە و سامانی هەبوو، ستەمی لێکرا و کوژرا، ئێمەش لێرە ماوینەتەوەو هەژارین، چەند رۆژێکە برسێتی زۆری بۆ هێناوین و هیچ نیە بیخۆین تا ئاستێ هێندە زۆرمان بۆ هاتووە گۆشتی مردارەوەبوومان بۆ حەڵاڵە، خێرا عەبدوڵا فەرمانی کرد بە وەکیلەکەی بێت، پێی وت چەندە پارەت پێیە؟ ئەویش وتی هەزار دینار، عەبدوڵا وتی بیست دیناری لێ جیابکەرەوە تا بتوانین پێی بچینەوە بۆ مەرو، ئەوەکەی تری بدە بەم کوڕ و کچە هەژارە، ئەم ئیشەم لەم حەجەی ئەمساڵمان پێ باشترە، ئینجا نەچوو بۆ حەجەکەی و گەڕایەوە بۆ مەڕو.[1]

## 138

ئەبووسولەیمانی دارانی دەڵێت: چوومە ناو کۆڕی کەسێکەوە کە چیرۆك و ئامۆژگاری پێشکەش دەکرد، قسەکەی زۆر کاری کردە سەر دەروونم، جا کە ویستم هەستمەوەو بڕۆم، دەبینم قسەکانی کاریگەرییان لە دەروونمدا نەماوە، نەمتوانی بچم و هەمدی دانیشتمەوەو گوێم لێگرت و هەمدی قسەکانی کاریان کردە سەر دەروونم، ئینجا هەستامەوەو وتم ئەمجارە تەواوە، کەوتمەڕێ،

1 - البدايةو النهاية. ج 10 ص 178.

دوورنەکەوتبوومەوە کە کاریگەری قسەکانی لە دەروونمدا نەما، بڕیارم دا بگەڕێمەوەو بۆ جاری سێهەم چووم گوێم لێگرت، ئەمجاریش قسەکانی زۆر کاریگەرییان هەبوو لەسەر دەروونم، هەستامەوەو تا گەیشتمەوە ماڵەوە هەر قسەکانی کاریگەرییان لەسەر دەروونم مابوو، چوومە ژوورەوەو چی ئامێری گاڵتەو گەپ و لادان هەبوو هەموویانم شکاند و ڕێی ڕاستم گرتەبەر.[1]

## 139

عەبدوڵای کوڕی دینار دەڵێت: شەوێك لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی عومەردا چووم بەرەو مەککە، لە نیوەی ڕێدا لە شوێنێ لاماندا، لە سەروو شاخێکەوە شوانێك بە مەڕو ماڵاتەوە بەرەو لای ئێمە دابەزی، ئیبن عومەر پرسیاری لێکرد و وتی ئەریْ شوانەیی دەکەیت؟ ئەویش وتی بەڵێ: ئیبن عومەریش ویستی تاقی بکاتەوەو بزانێت ئاستی دەستپاکیەکەی چەندێکە، پێی وت دەی یەکێك لەو مەڕانەم پێ بفرۆشە، شوانەکەش وتی من مەملووکم و ئەمانە هی خۆم نین، ئیبن عومەر پێی وت: جا کە ڕۆیشتیتەوەو هەواڵی ئەو مەڕەی لێ پرسیت پێی بڵێ گورگ خواردی، شوانەکەش پێی وت: ئەی خوا لەکوێیە؟ ئیبن عومەر زۆر کاریگەر بوو بەو قسەی شوانەکەو زوو زوو دەیوتەوە: ئەی خوا لە کوێیە؟ ئەی خوا لە کوێیە؟ دوای ئەوە چوو بۆ لای گەورەی ئەو شوانە و بڕیاری دا لە

---

1 - الرسالة القشيرية، ج1ص209.

کۆیلایەتی رزگاری بکات، شوانەکەی کڕی و ئازادی کرد، جگە لەوەش مەڕو ماڵاتەکەی بۆ کڕی و هەمووی پێ بەخشی.[1]

## 140

جارێك خەلیفە موعتەضید بۆ سەفەرێکی کەوتەڕێ و لە نیوەی رێدا دای بە ناو گوندێکدا، دای بە لای کێڵگەیەکی ترۆزیدا، خاوەنی ترۆزیەکە کە خەلیفەی بینی هاواری کرد و داوای کرد گوێی لێ بگرێت، ئەویش وتی ئادەی بیهێنن بزانم چی دەڵێت، کە هێنایان خەلیفە گوێی لێگرت، کابرای جوتیار وتی هەندێ لە ئەندامانی سوپاکەت هاتن و ترۆزیەکەی منیان برد، خەلیفەش وتی دەیانناسیتەوە؟ جووتیارەکە وتی بەڵێ، ئەویش یەك یەك هەموو ئەوانەی چواردەوری نیشان دا، ئەویش سیان لەوانی ناسیەوە، خەلیفە فەرمانی کرد هەرسێیان بەند بکرێن، بۆ بەیانیەکەی خەڵکی کە چوونە دەرەوە دەبینن سێ کەس لەسەر رێگەکە لە خاچ دراون، خەڵکی ئەوەیان زۆر لا سەخت بوو و رەخنەیان لە خەلیفە دەگرت و دەیانوت: تۆ سەیر کە، لەسەر ترۆزیەك سێ کەسی لە خاچ دا، جا دوای ئەوە کەسە نزیکەکەی خەلیفە کە هات بۆ لای، جۆرێك لە نائارامی هەبوو، خەلیفە زانی قسەیەکی پێیە و دەیەوێت بیکات، بۆیە پێی وت: دەزانم قسەیەکت پێیە، بیکە، ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەگەر قسە بکەم بێخەم بم و ترسم نەبێت لەناوم بەریت؟ خەلیفە وتی بەڵێ بێخەم بە، وتی: دەی خەڵکی رەخنە و گلەییان زۆرە لەسەر ئەو خوێن رشتنەت کە ئاوا پەلەت تیا

1 - سیر أعلام النبلاء، ج3، ص 216.

کرد، ئەویش وتی: بەخوا لەو کاتەوەی بوم بە خەلیفە هیچ خوێنێکی حەرامم نەڕشتووە، ئەویش وتی ئەی بۆچی ئەو سیٚ کەسەت لەسەر ترۆزیەك کوشت؟ خەلیفە وتی ئەو سیانە ئەوانە نەبوون کە ترۆزییان دزیبوو، بەڵکو ئەوانە چەتە و رێگر بوون و دەستیان گرتبوو بەسەر ماڵی خەڵکدا، بۆیە کوشتنیان واجب بوو، منیش ئەوانەم لە بەندیخانە هێنایە دەرەوەو کوشتنم، وایشم نیشانی خەڵکدا کە ئەوانە ترۆزی دزەکان بون، مەبەستیشم ئەوە بوو ترس بخەمە نێو سوپاکەمەوە تا نەکەونە خراپە کاری و دەستدرێژی نەکەنە سەر خەڵك و دەست بگرنەوە لە ئازاردانی خەڵك، ئینجا فەرمانی کرد ئەو سیٚ کەسەی ترۆزیەکەیان بردبوو ئازاد کران، بەڵام پێش ئازادکردنیان تەوبەی پیٚ دادان.[1]

## 141

ئیبن طاهیر کە یەکێکە لە زانا گەورەکان دەڵێت: ماوەیەك لە تنیس مامەوە بۆ وەرگرتنی زانست و دواجار هەژاری زۆری بۆ هێنام و تەنها درهەمێکم پیٚ مابوو، جا پێویستیەکی زۆرم هەبوو بە مەرەکەب و کاغەز، لەولاشەوە زۆر برسیم بوو، نەمدەزانی بۆ کامیان خەرجی بکەم، سیٚ رۆژ بەو دوودڵیە مامەوەو نانیٚ نەبوو بیخۆم، بەرەبەیانی رۆژی چوارەم زۆرم بۆ هاتبوو: لە دەروونی خۆمدا وتم ئەگەر ئەمرۆ کاغەزیشم هەبێت، خۆ لە برساندا ناتوانم هیچ بنووسم، درهەمەکەم خستبوویە دەمم، چووم تا نانی پیٚ بکرم، کەچی درهەمەکە پەڕیە

1 - البداية والنهاية، ج11، ص 99.

قورگم و قووتم دا، تەواو پێکەنین گرتمی، لەو کاتەدا هاوڕێکەم پێم گەیشت، وتی ئەوە بە چی پێئەکەنیت؟ منیش وتم خێرە، ئەویش زۆری لێکردم و هەر وتی دەبێت پێم بڵێیت، منیش پێم نەوت، دواجار سوێندی تەڵاقی بەکارهێنا و وتی تەڵاقم کەوتبێت ئەبێت پێم بڵێیت، منیش مەسەلەکەم بۆ باس کرد، ئەویش بردمیەوە بۆ ماڵی خۆیان و خواردنێکی ئامادە کرد، دواتر کە چووین بۆ نوێژی نیوەڕۆ، یەکێ لە وەکیلەکانی بەرپرسی تنیسی بینی، کابرا سەبارەت بە من پرسیاری کرد و وتی ئەوە کێیە؟ ئەویش وتی ئەوە ئیبن طاهیرە، کابراش وتی خۆ بەرپرسەکەم ماوەی مانگێکە فەرمانی پێکردوم هەموو ڕۆژی دە درهەمی پێ بدەم، کەچی من بیرم نەبووە، جا ڕۆیشت و سێ سەد درهەمی بۆ هێنام.[1]

## 142

جارێك لە بەحرەینەوە بڕێ بۆنی خۆشی میسك و عەنبەر نێردرا بۆ مەدینە بۆ خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب، عومەریش ویستی دابەشی بکات بەسەر موسڵماناندا، خەمی ئەوەی بوو کێی دەست بکەوێت بەوپەڕی دادپەروەری دابەشی بکات، وتی: ئای خۆزگە ئافرەتێکم دەست دەکەوت لە کێشانەو پێوانەدا زۆر چاك بوایە و ئەم بۆنەی بۆ کێشانە دەکردم تا دابەشی بکەم بەسەر موسڵماناندا، ژنەکەشی کە ناوی عاتیکەی کچی زەید بوو، وتی من زۆر چاکم لە کێشانەو پێوانەدا، ڕێ بدە من ئەوەت بۆ بکەم، خەلیفە عومەر وتی نابێت،

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج19، ص 367.

عاتیکە وتی بۆچی نابێت؟ ئەویش وتی: دەترسم دەست بکەیت بە کێشانە و دابەشکردنی و پەنجەکانت بۆنەکەیان بەرکەوێت و دواتر گەردنی خۆتی پێ بسڕیت، بەوە شتێ زیاتر لە بەشی موسڵمانانت بەرکەوێت.[1]

143

ئەبووحاتەم دەڵێت: لە ساڵی دووسەد و چواردەی کۆچیدا ماوەی هەشت مانگ لە بەصرە مامەوە، مەبەستم بوو ماوەی ساڵێك لەوێ بمێنمەوە، بەلام هیچ خەرجیم نەما و ناچار بووم یەك یەك جلەکانم بفرۆشم، ئەوەشم خەرج کرد و ئیتر هیچ خەرجیەکم بۆ نەمایەوە، لەگەڵ هاوڕێیەکمدا دەچوومە خزمەت زانایان و تا دەمەو ئێوارە گوێم لێ دەگرتن و دواتر لە هاوڕێکەم جیا دەبوومەوەو دەگەڕامەوە بۆ ماڵێکی چۆڵ، لە برساندا هیچ نەبوو بیخۆم ناچار بووم ئاو بخۆمەوە، بۆ بەیانیەکەی هاودەم بە هاوڕێکەم چوومە خزمەت زانایان بۆ وەرگرتنی فەرموودە، برسێتی تەواو زۆری بۆ هێنابووم، هاوڕێکەم رۆیشت و منیش بە برسێتی گەڕامەوە، بۆ رۆژی دواتر پێی وتم وەرە با بچین بۆ لای زانایان، منیش وتم راستیەکەی من تەواو لاوازم و ناتوانم بێم، وتی لاوازیەکەت چیە؟ وتم لێت ناشارمەوە، دوو رۆژە هیچم نەخواردووە، وتی جا وەرە من

1 - الزهد لأحمد بن حنبل، الرقم 623.

دینارێکم پێ ماوە، نیوەی دەدەم بە تۆ و نیوەکەی تری بۆ دادەنێین بۆ کرێ، ئینجا پێکەوە بەصرەمان جێهێشت و نیو دینارەکەم لێ وەرگرت.[1]

144

زوهری دەڵێت: خەڵکی مەدینە تووشی برسێتی و هەژاریەکی سەخت بوون، منیش روومکردە شاری دیمەشق، ماڵ و منداڵێکی زۆرم هەبوو، چوومە مزگەوتی دیمەشق و لە گەورەترین بازنەی ناو مزگەوتەکەدا دانیشتم، دەبینم پیاوێك لای ئەمیری باوەڕداران عەبدولمەلیکەوە هات و وتی ئەمیری باوەڕداران مەسەلەیەکی هاتۆتە بەردەم، مەسەلەکەش ئەوەبوو کە شتێکی لە سەعیدی کوڕی موسەییەب بیستبوو، منیش وتم من فەرموودەم لە سەعیدی کوڕی موسەییەب لە عومەری کوڕی خەتتابەوە بیستووە، ئەویش وتی وەرە لەگەڵم، لەگەڵی چووم بۆ لای عەبدولمەلیك، هەواڵی منی پرسی خەڵکی کوێم و کێم، منیش خۆم ناساند، ئینجا باسی حاڵی هەژاری خۆم و ماڵ و منداڵی خۆمم بۆ کرد، لێی پرسیم ئەرێ قورئانت لەبەرە؟ وتم بەڵێ هاوکات فەرزەکان و سونەنەکانیشم لەبەرە، سەبارەت بە هەموو ئەوانە پرسیاری لێکردم و منیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانیم دایەوە، ئەویش قەرزەکەی دامەوەو فەرمانی کرد

1 - الجرح و التعديل لابن أبي حاتم، ج1، ص 364.

خەڵات بکرێم، ئینجا پێی وتم: بە دوای زانستدا بگەڕێ، زۆر لەسەر ئەوە هانی دام، منیش گەڕامەوە مەدینە و کەوتمە وەرگرتنی زانست.[1]

145

ئیبن طاهیر دەڵێت: رۆژێك لە خزمەت ئەبووئیسحاقدا خەریکی خوێندن بووم، کابرایەکی خەڵکی شارەکەی خۆم هات بۆ لام و بە چپە قسەیەکی بۆ کردم و پێی وتم براکەت لە شامەوە گەیشتووە، ئاخۆ ئەو کاتە تورکەکان چووبوونە بەیتولمەقدیسەوەو لەوێ کوشتاری خەڵکیان کردبوو، منیش هەرچەندە پێی شڵەژام، بەڵام بڕیارم دا درێژە بدەم بە خوێندنەکەم، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا خەریك بوو دێڕەکانم تێکەڵ دەکردن و نەمدەتوانی بیخوێنمەوە، ئەبووئیسحاق پێی وتم ئەرێ ئەوە چیتە؟ منیش وتم خێر دەبێت، وتی هەر دەبێت پێم بڵێیت چی بووە، وتم کە کەسێکی شارەکەم هاتووەو هەواڵی براکەمی بۆ هێناوم، ئەویش وتی ئەی لە کەیەوە براکەتت نەدیوە؟ وتم ئەوە بۆ چەند ساڵ ئەچێت نەمدیوە، ئەبووئیسحاق وتی ئەی بۆچی ناچیت بۆ لای؟ وتم نا، دەمەوێت ئەم خوێندنە تەواو بکەم ئینجا، ئەویش وتی ئای فەرموودەناسان چەندە بە گوڕ و تینن بۆ وەرگرتنی زانست.[2]

1 - البداية والنهاية، ج9، ص 373.

2 - سير أعلام النبلاء، ج19، ص 367.

146

هیشامی کوڕی عەممار دەڵێت باوکم خانوویەکی هەبوو فرۆشتی بە بیست دینار و ئامادەکاری بۆ کردم بۆ حەج تا بچم حەج بکەم، منیش کە گەیشتمە مەدینە، چوومە کۆڕی زانستی مالیکەوە، بڕێ پرسیارم هەبوون ویستم لێی بپرسم تا وەڵامم بداتەوە، کە چووم دەتوت پاشایە و دانیشتووەو بڕێ لەو لاوە وەستابوون و خەڵکیش پرسیاریان لێدەکرد و ئەویش وەڵامی دەدانەوە، جا کە کۆڕەکە تەواو بوو، یەکێك پێی وتم سەبارەت بەو شتانەی دەتویست بپرسیت پرسیاری لێ بکە، منیش پێم وت ئەی ئەبووعەبدوڵا، چی دەڵێت سەبارەت بە فلانە شت و فلانە مەسەلە؟ ئەویش وتی چۆن تووشمان بووە بە تووشی منالانەوە، بە یەکێکی وتی ئادەی بیهێنە، لاملی گرتم و بردمی، ئینجا وێنەی دارکاریەك کە مامۆستا بەکاری دێنێ حەڤدە داری لێدام، منیش دەستم کرد بە گریان، پێی وتم بۆچی دەگریت؟ ئەو دارکاریە ئازاری دایت؟ وتم باوکم خانوویەکی خۆی بۆ فرۆشتم و منی نارد تا بێمە خزمەت جەنابت و فەرموودەت لێ وەرگرم، کەچی تۆیش لێم دەدەیت؟ مالیکیش وتی دەی ئادەی بنووسە، ئینجا حەڤدە فەرموودەی بۆ گێڕامەوەو حەڤدە فەرموودەم لێ وەرگرت، دوای ئەوە سەبارەت بەو مەسەلانەی دەمویست پرسیاری لێ بکەم، هەموو پرسیارەکانم کرد و ئەویش وەڵامی دامەوە.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج11، ص 429.

147

هاشیمی کوڕی بەشیر کە یەکێك بوو لە زاناکان، باوکێکی هەبوو کە هێندەی بیر و خەیاڵی لای ئیش و کار بوو، هێندە خەمی نەبوو کوڕەکەی بە دوای زانستدا بگەڕێت، جا کاتێك هاشیم بە دوای زانستدا دەگەڕا و هەوڵی زانستی دەدا، باوکی رێی پێ نەدەدا و دەیوت دەبێت هاوکاری من بکەیت بۆ ئیش کردن، بەڵام نەیدەزانی زانست چ گەورەییەکی بە کوڕەکەی بەخشیوە، ویستی خوا وابوو جارێك هاشم نەخۆش کەوت و لە جێگەدا کەوت، ئەبووەیبە کە قاضی واسیط بوو هاودەم بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە هات بۆ سەردانی هاشیم، بەشیری باوکی هیشام کە بینی چ کەسێکی خاوەن پۆست و پێگەی کۆمەڵایەتی هاتووە بۆ لای کوڕەکەی، زۆر بەوە دڵخۆش بوو و بە هاشیمی وت: کوڕە شیرینەکەم بار و حاڵی تۆ گەیشتووەتە ئەوەی قاضی بە هۆی تۆوە هاتووە بۆ ماڵی من؟ ئیتر لەمڕۆ بە دواوە هیچ رێگریەکت لێ ناکەم بچیت بۆ وەرگرتنی زانست.[1]

---

1 - البداية والنهاية، ج10، ص 198.

148

ئەبوویووسف کە قاضی قوضات بوو، بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کاتێك باوکم وەفاتی کرد، هێشتا منداڵێ بووم، دایکم دەستی گرتم و بردمی بۆ لای کابرایەکی قەصصار (ئیشی شۆردن و ئامادەکردنی جل بوو)، منیش رۆژانە دەمدا بە لای ئەڵقەی وانەوتنەوەی ئەبووحەنیفەدا و تیایدا دادەنیشتم، دایکیشم دەکەوتە شوێنم و دەهات دەستی دەگرتم و دەیبردم بۆ لای کابرا، منیش رێك دوای ئەوە کابرام جێدەهێشت و دەچووم بۆ لای ئەبووحەنیفە، پاش چەند جارێ کە دایکم زانی چار نەماوە، چوو بۆ لای ئەبووحەنیفە و پێی وت: ئەمە منداڵێکی هەتیوەو هیچی نیە سووکە نانێ نەبێ، تۆ خووی کوڕەکەمت شڕ کردووە، ئەبووحەنیفەش پێی وت هۆ رەعنا بێدەنگ بە، ئەو ئێستا کە خەریکی فێربوونی زانستە رۆژێ دێ حەڵوای فالووزەج بە رۆنی فستقەوە لە سینی نەخشێنراو بە بەردی فەیرووزەجدا دەخوات، دایکیشم پێی وت بەخوا تۆ پیربوویت و خەڵەفاویت، ساڵان هات و رۆیشت تا ئەم پۆستەم وەرگرت، رۆژێ لای هاروونەرەشید بووم کە شتێ لە سینی نەخشێنراو بە بەردی فەیرووزەجدا هێنرا، هاروونەرەشید وتی لەمە بخۆ، هەموو کاتێ ئەمەمان بۆ ئامادە ناکرێ، وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە چیە؟ وتی ئەوە حەڵوای فالووزەجە، منیش زەردەخەنەیەکم کرد، وتی بۆچی پێکەنیت؟ وتم هیچ نیە خوا بتهێڵێتەوە ئەی ئەمیری باوەڕداران، وتی هەر دەبێت پێم بڵێیت، منیش بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، هاروونەرەشید کە بەسەرهاتەکەی بیست وتی زانست لە دنیا و قیامەتدا سوود و سەربەرزی دەبەخشێت، ئینجا وتی

رەحمەتی خوا لە ئەبووحەنیفە ئەوەی بە چاوی سەر نەدەبینرا ئەو بە چاوی عەقڵ دەیبینی.[1]

149

لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلجووقیەکاندا کاتێ قوتلمش لە گوێڕایەڵی سوڵتان ئەلب ئەرسەلان دەرچوو و یاخی بوو، ویستی دەسەڵاتەکەی ئەلب ئەرسەلان لەناوبەرێ، زۆریش بەهێز بوو، هێندە دەسەڵاتی زۆر بوو کە سوڵتان ترسی هەبوو لە ئاستیدا تووشی شکست بێت، تووشی رارایی و ترسێك بوو، خێرا وەزیرە بەهێزەکەی دەوڵەتی سەلجووقی کە نیزامولمولك بوو، دڵنەوایی سوڵتانی دایەوەو پێی وت: ئەی پاشا هیچ ترست نەبێت، چونکە من ماوەیەکە سوپایەکم بۆ دروست کردویت کە بەرامبەر بە هەر سوپایەك بوەستنەوە تووشی شکستی دەکەن با ئەو سوپایە هەرچەندەش بەهێز بێت، سوڵتانیش سەری سوڕما چۆن تا ئێستا بەو سوپایەی نەزانیوە، پێی وت ئەو سوپایە کامەن؟ وەزیر وتی ئەوانە سەربازانێکن کە نزات بۆ دەکەن و بە نزاکردن لە نوێژەکانیان و لە کاتی چۆڵەوانیدا سەرت دەخەن، ئەوانە زانایان و هەژارە بۆ خوا صوڵحاوەکانن، ئینجا سوڵتان ئەلب ئەرسەلان ئارامی بۆ هات و ترسی نەما و

1 - البداية والنهاية، ج10، ص 194.

دڵی ئۆقرەی گرت، جا کاتێك لەگەڵ قوتلمش بەرنگاری یەك بوونەوە، زۆر بە ئاسانی سەرکەوت بەسەریدا و خودی قوتلمشیش لە جەنگەکەدا کوژرا.[1]

## 150

ئەبوویووسف یەعقووب کە یەکێکە لە زاناکانی ناو مێژووی ئیسلامی، بەسەرهاتێکی خۆی باس دەکات و دەڵێت: شەوێك لەبەر رۆشنایی چرا خەریکی نووسینەوە بووم، شەوێ لە شەوەکان وەك هەموو جارێ خەریکی نووسینەوە بووم کە شتێك کەوتە سەر چاوم و ئیتر توانای بینینم نەما، دەستم کرد بە گریان کە چۆن بیناییم لەدەستدا و ئیتر بەو هۆیەوە ناتوانم فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بنووسمەوە، جا بیریشم دەکەوتەوە لە چ حاڵێکی غەریبی و دووریدام، ئەمانە تەواو بێتاقەیتان کردم، دواجار خەو زۆری بۆ هێنام و خەوم لێکەوت، لە خەوەکەمدا گەیشتم بە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێی فەرمووم: ئەوە چیتە؟ منیش سکاڵای حاڵی خۆمم لا کرد کە لە چ غەریبیەکدام و چۆن بێبەشیش بووم لە نووسینەوەی فەرموودەکان، ئەویش فەرمووی (لێم نزیك بەرەوە) لێی نزیك بوومەوە، دەستی خستە سەر چاوم و دەتوت شتێ لە قورئانیش دەخوێنێ، دوای ئەوە بەخەبەرهاتمەوە، دەبینم بیناییم بۆ گەڕاوەتەوە، ئیتر دانیشتم و کەوتمە تەسبیحاتی خوا.[2]

---

[1] - البداية والنهاية، ج 12، ص 90.

2 - البداية والنهاية، ج11، ص 69.

151

عەبدوڵای کوڕی موبارەك هەرکات بیویستایە بچێت بۆ حەجی ماڵی خوا، بە هاوڕێ و دۆستەکانی دەوت کامتان ئەمساڵ نیەتی حەجی هەیە با لەگەڵ من بێت و خەرجیەکەی بداتە دەست من با من سەرپەرشتی بکەم بۆی، بەوجۆرە پارەی سەفەری حەجەکەی لە هەموویان وەردەگرت، لەسەر هەر کیسەیەکیش ناوی خاوەنەکەی دەنووسی و دواتر هەمووی دەخستە سندووقێکەوە، دواتر بەوپەڕی سەخاوەتەوە خەرجی دەکێشان و رەفتاری جوانی لەگەڵ دەنواندن و کارئاسانی بۆ دەکردن، دواتر کە حەجەکەیان تەواو دەکرد، پێی دەوتن: ئەرێ ماڵو منالّتان داوای هیچ شتێکیان لێ کردوون بە دیاری بۆیان ببەنەوە؟ ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوەو دەیانوت فلانە شت و ئەمە و ئەوەیان داواکردووە، ئەویش دەچوو هەمووی بۆ دەکڕین، چی دیاری ناو مەککە و مەدینەش هەبوو هەمووی بۆ دەکڕین، ئینجا کە دەگەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان، پێش ئەوەی بگەنەوە ماڵەوە، عەبدوڵا کەسی رادەسپارد تا هەموو ئەو ماڵانە جوان خاوێن بکرێنەوەو برازێنرێنەوە، دوای ئەوە دەگەیشتنەوە ناو شارەکە خوانێکی ئامادە دەکرد و خواردن و جلوبەرگی دەدا بە هەموویان، ئینجا سندووقەکەی دەهێنا و داوای دەکرد هەرکەسەو ئەو کیسە هەڵگرێتەوە کە ناوی خۆی لەسەرە بێ ئەوەی هیچی لێ خەرج کرابێت، ئەوانیش کیسی خۆیان هەڵدەگرتەوەو بە سوپاس و دڵخۆشیەوە دەگەڕانەوە ناو ماڵەکانیان.[1]

---

1 - البدايةو النهاية. ج 10 ص 178.

152

جارێك عەبدوڕەحمانی کوڕی ضەححاك داوای فاطیمەی کچی حوسەینی کرد، بەڵام فاطیمە رازی نەبوو شووی پێ بکات، عەبدوڕەحمانیش زۆر سوور بوو لەسەرئەوەی کە هەر دەبێت بەهاوسەری بگرێت، بۆیە زۆری لێدەکرد و تەنانەت هەڕەشەشی لێدەکرد، فاطیمەش هەواڵی نارد بۆ یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك و سکاڵای حاڵی خۆی لەلا کرد، خێرا یەزید هەواڵی نارد بۆ عەبدولواحیدی کوڕی عەبدوڵا کە بەرپرسی طائیف بوو و بەرپرسیارێتی مەدینەشی پێ سپارد و فەرمانی کرد هێندە کوتەکی عەبدوڕەحمان بکات هەتا ئەمیری باوەڕداران لە دیمەشقەوە گوێی لە هاوار و ناڵەی بێت، هەروەها چل هەزار دیناریشی لێ وەربگرێت، عەبدوڕەحمان کە ئەمەی بیست، خێرا سوار بوو و رووەو دیمەشق کەوتەڕێ، داوای پەنای لە مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك کرد، ئەویش چوو بۆ لای یەزیدی برای و پێی وت داواکاریەکم هەیە، یەزید وتی هەرچیت بوێ بۆت دەکەم تەنها پەیوەندی نەبێت بە عەبدوڕەحمانەوە، مەسلەمە وتی بەرێ وەڵا پەیوەندی بەوەوە هەیە، یەزید وتی بەخوا لێی خۆش نابم و داواکاریەکەت قبووڵ ناکەم، بۆیە گێڕایەوە بۆ مەدینە و دایە دەست عەبدولواحیدەوە، ئەویش پارەکەی لێسەند و کەوتە لێدانی، وای لێکرد لە ناو مەدینەدا داوای هاوکاری و نانەسکێی لە خەڵك دەکرد.[1]

1 - البداية والنهاية، ج9، ص 256.

153

جارێك كابرایەكی ناسراو لەگەڵ هیشامی كوڕی عەبدولمەلیكدا دەمەقاڵەیەكی بوو، لە گەرمەی دەمەقاڵەكەدا هیشام قسەیەكی ناشیرینی بە كابرا وت، ئەویش وتی: تۆ خەلیفەی خوایت لەسەر زەویدا و قسەی ناشیرینیش بە من دەڵێیت؟! هیشام كە قسەی كابرای بیست شەرم دایگرت و زۆر تەریق بوویەوە، بە كابرای وت تۆڵەی خۆتم لێ بكەرەوە، یان هەمان قسەم پێ بڵێرەوە، یان شتێكی هاوشان بە جنێوەكەی خۆمم پێ بڵێرەوە، كابراش وتی جا ئەگەر وا بكەم ئیتر منیش گەمژەیەكم وەكو تۆ، هیشام وتی دەی لەبری ئەوە قەرەبووم لێ وەربگرە، كابرا وتی رازی نابم، هیشام وتی دەی باشە لەبەر خاتری خوا وازی لێ بهێنە و گەردنم ئازاد بكە، كابرا وتی ئەوە لەبەر خوا و دواتر لەبەر خۆشت گەردنم ئازاد كردیت، ئەوكات هیشام وتی: سوێند بە خوا جارێكی تر شتی وا ناكەم.[1]

1 - البدايةو النهاية. ج 9 ص 383-384.

154

خەلیفە مەئموون دوو کوڕی هەبوو کە دەیویست ە خزمەت مامۆستایاندا زانست وەربگرن، بۆیە فرائی راسپاردبوو تا بە جوانی نەحو فێری ئەو دوو کوڕەی بکات، رۆژێك فرا ء ویستی بۆ ئیشێکی خۆی هەستێتەوەو بڕوات، هەریەك لە دوو کوڕەکەی مەئموون هەڵمەتیان برد تا نەعلەکانی بۆ دابنێن، بەڵام هیچکام رازی نەبوون وازی لێ بهێنن بۆ ئەوی تریان، دواجار لەسەر ئەوە رێککەوتن هەرکامیان تاکێکی نەعلەکەی بۆ دابنێت، جا مەئموون بۆ هەموو ئیش و کارێ هەواڵگرێکی دانابوو، ئەوەبوو لە رێی هەواڵگرەکەیەوە ئەم بەسەرهاتەی بیستەوە، ناردی بە شوێن فرائدا، هەرکە هاتە ژوورەوە مەئموون پێی وت شکۆمەندترین کەس کێیە؟ ئەویش وتی کێ هەیە شکۆمەندتر لە ئەمیری باوەڕداران؟! مەئموون وتی بەڵکو هەیە، ئەو کەسەی کاتێ هەڵدەسێ بڕوات لەلایەن کوڕانی ئەمیری باوەڕدارانەوە پێشبڕکێ بکرێت تا نەعلی بۆ دابنرێت تا ئەوەی رێکبکەون هەرکامیان تاکەنەعلێکی بۆ دابنێت، ئەویش کە زانی مەئموون ئەمەی بیستۆتەوە وتی ئەی ئەمیری باوەرداران، من ویستم رێگرییان لێ بکەم، بەڵام ترسام ببمە بەربەست لە رێزداریەك کە هەنگاویان بۆ نا، یان لەسەر شەرەفمەندیەك کە هەیانبوو دەروونیان بشکێنم.[1]

1 - تاريخ بغداد، ج16، ص 224.

155

سولەیمانی کوڕی حەرب زانایەکی سەردەمی عەبباسیەکان بوو، خوێندکارێکی زۆری هەبوو، خەلیفە مەئموون لەلای کۆشکەکەیدا دەرفەتی دابوو تا لەوێدا وانە بڵێتەوە، بەرزاییەکی شێوە مینبەری بۆ دروستکرابوو، جارێك سولەیمان سەرکەوت تا وانەکەی بڵێتەوە، ژمارەیەکی زۆر سەرکردەش ئامادە بوون و جلی رەشیان لەبەرکردبوو، چونکە جلی رەش هێمای عەبباسیەکان بوو، مەئموونیش لەسەر کۆشکەکەی خۆی بوو و دەرگای کۆشك کرابویەوەو پەردەیەکی تەنك دانرابوو و مەئموون لە پشت ئەو پەردەوە تەماشای دەکرد و گێڕانەوەکەی سولەیمانی دەنووسیەوە. یەکەم پرسیار کە لە سولەیمان کرا سەبارەت بە فەرموودەکەی حەوشەبی کوڕی عەقیل بوو، ئەویش وەڵامی دایەوەو فەرموودەکەی بۆ گێڕانەوەو وتی: حەوشەبی کوڕی عەقیل بۆی گێڕاینەوە، خەڵکەکە وتیان دەنگت نابیستین، هەتا دە جار هەر دووبارەی دەکردەوە، خەڵکەکە هێندە زۆر بوون هەر دەیانوت دەنگت نابیستین، ناچار سێ کەس دانران تا لەنێو خەڵکەکەوە ئەو شتە دووبارە بکەنەوە کە سولەیمان دەیڵێتەوە، واتە کە سولەیمان فەرموودەکەی گێڕایەوە کەسی یەکەم بیڵێتەوە تا کەسی دووەمی ناو خەڵکەکەش دووبارەی بکاتەوە بۆ ئەوانەی ناوەڕاست و کەسی سێیەمیش کە لە دواوە بوو لەوی ببیستێت و دووبارەی بکاتەوە بۆ ئەوانەی دواوە، هێشتا خەڵکەکە دەیانوت نایبیستین با هاروون بێت، چونکە هاروون دەنگێکی بەرزی هەبوو، کە ئەو هات هەموو خەڵکەکە بێدەنگ بوون و

سیٚ کەسەکەی تریش دانیشتن و هاروون بۆی دەوتنەوە، ئیتر چی پرسیاریٚ لە سولەیمان بکرایە سەبارەت بە فەرموودەیەك، بە لەبەر دەیگێڕایەوە.[1]

156

عەبدوڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت: گوێم لە باوکم بوو کە ڕەحمەتی دەنارد بۆ ئەبولهەیثەم و دەیوت خوای گەورە لێی خۆش بێت، خوا ڕەحمی پیٚ بکات، ئاوا هەموو جار نزای بۆ دەکرد و بە چاکە باسی دەکرد، جاریٚ خۆم پیٚ نەگیرا و وتم ئەریٚ باوکە گیان ئەبولهەیثەم کێیە؟ ئەویش وتی: ئەو کاتەی منیان برد تا قامچیم لیٚ بدەن، دەبینم گەنجیٚ لە پشتەوە کراسەکەم ڕادەکێشیٚ و پێم دەڵێت دەمناسی؟ منیش وتم نا، ناتناسم، ئەویش وتی من ئەبولهەیثەمی دزم، تا ئێستا چەند جار لێم دراوەو بە هەموو جارەکانەوە هەژدە هەزار قامچیم لیٚ دراوە، هەموو جارێکیش لەسەر گوێڕایەڵی شەیتان لێمدراوە، جا تۆ ئێستا لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە و لەبەر دینەکەت لێت دەدرێت، بۆیە خۆڕاگر بە، ئەو قسە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم، لە بەرامبەر ئەو هەژدە هەزار قامچییەی ئەو من تەنها هەژدە قامچیم لێدرا، خێرا خزمەتکارەکە هات و وتی ئەمیری باوەڕداران لێی خۆشبووە.[2]

1 - سير أعلام النبلاء، ج10، ص 331-332.

2 - صفة الصفوة، ج1، ص 485.

157

ڕۆژێك وەزیر یەحیای کوڕی هوبەیرە کۆڕێکی تایبەت بە فەرموودەی ئامادە کردبوو، چونکە زۆر تامەزرۆی فەرموودە بوو، ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان و زانایان تیایدا ئامادە بوون، ئیبن شافیعیش لە کۆڕەکەدا خەریکی خوێندنەوەی فەرموودە بوو، کتوپڕ لە پشت دەرگاکەی پشتی وەزیرەوە هاوار و قیژەیەکی زۆر پەیدا بوو، مەجلیسەکە تەواو شڵەژا و هەموان ڕاپەڕین، وەزیریش لە شوێنی خۆیدا هیچ خۆی تێکنەدا و گوێی لە ئیبن شافیع بوو تا هەموو فەرموودەکەی بە سەنەد و مەتنەوە خوێندەوە، دواتر وەزیر بە ئامادەبوانی وت لەسەرخۆ بن و مەشڵەژێن، ئینجا چوویە ئەودیو و هێندەی پێ نەچوو هاتەوە و هەمدی دانیشتەوەو وتی ئادەی فەرموودە بخوێنەرەوە، هەموان نزایان بۆ کرد و ئینجا وتیان ئەو قیژ و قاوە ئێمەی ترساند و دوودڵی کردوین، ئەگەر وەزیر پێی باشە با هۆکارەکەیمان پێ بڵێت، ئەویش وتی پەلە مەکەن هەتا مەجلیسەکە کۆتایی پێ بێت، ئینجا پێتان دەڵێم، ئیبن شافیع دەستی کردەوە بە خوێندنەوەی فەرموودەو مەجلیسەکە بەردەوام بوو تا خۆرئاوابوون، هەموان بیرو خەیاڵیان لای ئەوە بوو بزانن چی بووە، بۆیە هەمدی لێیان دووبارە کردەوە چی بووە، ئەویش کە زانی ئیتر مەجلیسەکە تەواو بووە، وتی: کوڕێکی بچووکم هەبوو، کاتێ گوێتان لەو قیژ و قاوە بوو لەو کاتەدا کوڕەکەم مردبوو، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەم لەسەر واجبە و دەبوو نەهێڵم قیژوقاو هەبێ، ئەو کەمەش هەڵنەدەسام

تا مەجلیسی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) جێبهێڵم، هەموان کە ئەمەیان بیست تەواو سەرسام بوون بە خۆڕاگری وەزیر.[1]

158

جارێك کابرایەك هات بۆ لای ئەمیری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبووطالیب، وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران پێویستیەکم هەیە، پێش ئەوەی بیگەیەنمە لای تۆ لای خوا داوام کردووە، جا ئەگەر تۆ بۆت جێبەجێ کردم، ئەوە سوپاسی خوا دەکەم و دەستخۆشیش لە تۆ ئەکەم، ئەگەریش بۆت جێبەجێ نەکردم ئەوە هەر سوپاسی خوا دەکەم و پۆزشت بۆ دێنمەوە، عەلی وتی پێویستیەکەت لەسەر زەوی بنووسە بۆم، نامەوێت زەلیلی داواکردن لە نێوچاوانتدا بەدی بکەم، ئەویش لەسەر زەویەکە نووسی: موحتاجم، خەلیفە وتی: ئادەی جلوبەرگم بۆ بهێنن، خێرا جلیان بۆ هێنا و دایان بە کابرا و ئەویش لەبەری کرد و بە شیعرێك دەستخۆشی لێکرد، ئینجا ئەمیری باوەڕداران عەلی وتی ئادەی دینارم بۆ بهێنن، سەد دیناری بۆ هێنرا و هەمووی دا بە کابرا، ئەصبەغ کە لەوێ بوو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران هەم جل و هەم سەد دیناریشی پێ دەدەیت؟ ئەویش وتی بەڵێ، گوێم لێبووە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (أنزلوا الناس منازلهم) (هەرکەس لە ئاستی خۆیدا لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەن) ئەم پیاوەش لای من ئەم پلەو پایەی هەیە.[2]

1 - ذيل طبقات الحنابلة، ج3، ص 263.

2 - البداية والنهاية، ج8، ص9.

## 159

جارێك یەكێك لە كەسە خەواریجیەكان بەدیل گیرا، ئەم كەسە دژ بە دەوڵەتی عەبباسی چەكی هەڵگرتبوو و لە كاتی جەنگدا بەدیل گیرا، هێنرایە بەردەم خەلیفە ئەبووجەعفەری مەنصوور، كابرای خەواریج سوپاكەشی تێكشكابوو، كە هێنایان بڕیار وابوو لەبەردەم خەلیفەدا بدرێت لە گەردنی، ئەبووجەعفەر زۆر لەدەستی تووڕە بوو و وتی هۆ كوڕی ژنە هینەكە (واتە جنێوێكی پێ دا) كەسی وەكوو تۆ ئەیەوێت سوپا بشكێنێ؟!! كابرای خەواریجیش وەڵامی دایەوەو پێی وت:ماڵوێران جنێو بە حەیا و ئابڕووم مەڵێ، دوێنێ شمشێر لەنێوان من و تۆدا بوو (واتە جەنگی چەكداریمان دەكرد) ئەمڕۆیش تۆ خەریكیت جنێوم پێ ئەدەیت، بۆ ترست نیە لەم كاتەدا كە هیچ هیوایەكی ژیانم نەماوە وەڵامت بدەمەوەو منیش جنێوت پێ بدەم و تا ماویت لە دڵت دەرنەچێت؟ مەنصوور كە ئەوەی بیست شەرم دایگرت و كابرای ئازاد كرد.[1]

## 160

ئەمیر عەبدوڕەحمانی كوڕی حەكەمی ئومەوی كە لە ئەندەلوس دەسەڵاتداری دەوڵەتی ئومەوی بوو، كەنیزەیەكی هەبوو كە زۆر زۆر خۆشی دەویست، جارێك لە مانگی ڕەمەزان و لە كاتی ڕۆژووگرتندا دڵی چوویە سەری و سەرجێی لەگەڵ كرد، دواتر زانی تاوانی كردووەو زۆر زۆر پەشیمان بوویەوە، بۆیە بانگهێشتی فیقهناسانی كرد و هەموویانی كۆكردەوە، سەبارەت بە

---

1 - تاريخ الطبري، ج4، ص 521.

تەوبەکردنی لەو کارەی و کەفارەتەکەی پرسیاری لە هەموان کرد، یەحیای کوڕی یەحیا کە یەکێك بوو لە فیقهناسە دیارەکان، وتی کەفارەتەکەی ئەوەیە دوو مانگ بەسەر یەکەوە بەڕۆژوو بیت، کە یەحیا ئەو فەتوایەی دا، هەموو فیقهناسەکانی تر لەبەر ڕێز و گەورەیی یەحیا بێدەنگ بوون و هیچیان نەوت، لەکاتێکدا دەکرا لەبری ئەو دوو مانگ بەڕۆژووبوونەش فەتوای ئەوە بدەن کۆیلە ئازاد بکات یان خواردنی هەژاران بدات، دواتر کە هاتنە دەرەوە، لەنێو خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ و بە یەحیایان وت: بۆچی بە مەزهەبی مالیك فەتوات بۆ نەدا کە بەو پێیە بە ئارەزووی خۆی دەیتوانی یان ڕۆژووەکە بگرێت، یان نانی هەژاران بدات، یان کۆیلە ئازاد بکات، یەحیاش وتی ئەگەر ئەو دەرگایەمان بۆ والا بکردایە، بۆ ئەو ئاسان بوو بە پارە کۆیلە ئازاد بکات و نانی هەژاران بدات و ئیتر ئەو تاوانەی لەلا ئاسان دەبوو، بۆیە من تەنها ڕۆژووەکەم لەسەر واجب کرد بۆ ئەوەی زۆر لەسەری سەخت بێت هەتا جارێکی تر نەچێتەوە سەر شتی وا.[1]

1 - وفيات الأعيان، ج6، ص 145.

161

ئەبوویووسفی دادوەری دادوەران دەیوت: لەو کاتەوەی ئەم ئیشەم گرتوەتەدەست هیوام وایە خوای گەورە سەبارەت بە هیچ ستەمێك لێم نەپرسێتەوە و نەمدابێت بە لای هیچ کەسدا، تەنها رۆژێ نەبێت، ئەویش ئەوە بوو کابرایەك هات بۆ لام و وتی باخێکم هەیە و ئێستا لای ئەمیری باوەڕدارانە، منیش چووم بۆ لای ئەمیری باوەڕداران و مەسەلەکەم بۆ باسکرد، ئەویش وتی ئەو باخە مەهدی بۆی کڕیوم، منیش وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەگەر رێ بدەیت با کابرا بێت و گوێی لە سکاڵاکەی بگرم، ئەویش رازی بو، کابراش هات و وتی ئەو باخە هی منە، منیش وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەی جەنابت چی دەڵێیت؟ وتی ئەوە باخی منە، بە کابرام وت گوێت لە وەڵامەکە بوو؟ کابرا وتی دەبێت سوێند بخوات، وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا سوێند دەخۆیت؟ وتی نا، منیش وتم تا سێ جار داوات لێ ئەکەم سوێند بخۆیت، ئەگەر سوێند بخۆیت باشە، ئەگەرنا لە دژت بڕیار دەدەم و باخەکە بۆ کابرا دەبێت، سێ جار پێشنیاری سوێندم بۆ کرد و ئەویش رازی نەبوو سوێند بخوات، منیش حوکمم دا و وتم باخەکە هی کابرایە، خۆ لەو کاتەدا حەزم دەکرد کابرا لەگەڵ خەلیفەدا نەوەستێنم، بەڵام ناچار بووم، ئینجا کەسێکم نارد تا باخەکە تەسلیمی کابرا بکەنەوە.[1]

1 - البداية والنهاية، ج10، ص195.

162

ئیبنولجەوزی دەڵێت: جارێك لەلای وەزیر ئیبن هوبەیرە دانیشتبووین، کتێبی الافصاحی بۆ دەخوێندینەوە، لەو کاتەدا کابرایەك هات و کەسێکیشی لەگەڵ بوو، دەیوت ئەم کەسە براکەی منی کوشتووە، عەونەدین پێی وت ئەرێ براکەیت کوشتووە؟ ئەویش وتی بەڵێ، دەمەقاڵەیەك کەوتە نێوانمانەوەو منیش کوشتم، کەسەکەی تر وتی: وا بینیت دانی نا بە تاوانەکەیدا، دەی بیدەرە دەستمان با بیبەین بیکوژین، عەونەدین (ئیبن هوبەیرە) وتی ئازادی بکەن و مەیکوژن، وتیان چۆن وا دەبێت لەکاتێکدا برای ئێمەی کوشتووە؟! ئەویش وتی ئەی ئەیفرۆشن بە من؟ (واتە خوێن باییەکەی بدەم) ئەوەبوو شەش سەد دیناری پێدان و پارەکەی دایە دەستیان و ئەوانیش چوون، ئینجا بە بکوژەکەی وت لامان دانیشە، ئەویش دانیشت، وەزیر پەنجا دیناری پێدا، بە وەزیرمان وت ئەرێ تۆ چاکەی زۆرت لەگەڵ ئەو کابرا نواند، مەسەلە چی بوو؟ ئەویش وتی: ئێوە دەزانن من هیچ بە چاوی راستم نابینم؟ وتمان نا پەنا بە خوا، وتی بەرێ وەڵا، دەزانن هۆکارەکەی چیە؟ وتمان نا، وتی ئەم کابرایەی کە لە کوشتن رزگارم کرد جارێك هات بۆ لام و منیش کتێبێکی فیقهیم پێ بوو دەمخوێندەوە، سەبەتەیەك میوەی پێ بوو، بە منی وت ئەو سەبەتەیە هەڵگرە، منیش پێم وت سەرقاڵی خوێندنەوەم، بە کەسێکی تر بڵێ، ئەویش لایکردەوەو بۆگزێکی لێدام

و چاوی والێکردم، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا نەمدیوەتەوە. بۆیە وەزیر ویستی بەو هەڵوێستی چاکە نواندنە وەڵامی خراپەکەی بداتەوە.[1]

## 163

هیشامی کوڕی عوروە دەڵێت: جارێك باوکم چوو بۆ لای وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك، قاچی تووشی نەخۆشیەکی سەخت بووبوو، وەلید پێی وت ئەی ئەبووعەبدوڵا پێم باشە قاچت ببڕمەوە، ئەویش ڕازی بوو، هەرچەندە بەڕۆژوویش بوو، قاچی بڕایەوە، هەر لەو ڕۆژەدا کوڕێکی گەورەی چووبوویە ناو پەچەی ئاژەڵەوەو وڵاخەکەی شێلابووی و کوشتبووی، جا باوکم هیچ ئاگای لەوە نەبوو و نەیبستبوو تا هاتەوە مەدینە، کاتێك هاتەوە مەدینە و هەواڵی پێدرا کوڕەکەی چی بەسەرهاتووە، وتی: خوایە من چوار پەلم هەبوو، پەلێکت لێ سەندمەوەو سێ پەلت بۆ هێشتمەوە، سوپاس و ستایش بۆ تۆ، خوایە چوار کوڕیشم هەبوو، کوڕێکت لێ سەندمەوەو سێ کوڕت بۆ هێشتمەوە، دەی سوپاس و ستایش بۆ تۆ.[2]

1 - ذيل طبقات الحنابلة، ج2، ص 127.

2 - حلية الأولياء، ج2، ص 179.

164

عەلی کوڕی عاصم دەڵێت: جارێك من و هوشەیم پێکەوە لە واسیتەوە چووینە دەرەوە تا بچین بۆ دیداری مەنصوور، چەند فەرسەخێ دوورکەوتینەوە، ئەبووموعاویەم بینی، وتم ئەبووموعاویە بۆ کوێ دەچیت؟ وتی قەرزێکم لەسەرە دەچم هەوڵێکی بۆ بدەم، وتم بگەڕێرەوە لەگەڵ من، چوارهەزارم هەیە، دوو هەزاری دەدەم بە تۆ، ئەوەبوو گێڕامەوەو دوو هەزارم پێدا، دواتر دەرچووم، هوشەیم بەیانی زوو چوویە کووفە و منیش دەمەو ئێوارە چوومە دەرەوە، ئەو ڕۆیشت و چل فەرموودەی لە مەنصوور بیست، منیش بۆ بەیانیەکەی چوومە بەردەرگای ماڵی مەنصوور، کەچی دەبینم مردووە، دانیشتم و دەستم کرد بە گریان، پیاوێ لەوێدا بوو وتی کوڕە گەنجەکە بۆچی ئەگریت؟ وتم هاتوم تا فەرموودە لەم زانایە وەربگرم کەچی وا دەبینم مردووە، ئەویش وتی سەبارەت بە فڵانە مەسەلە فەرموودەیەکت بۆ بگێڕمەوە؟ وتم بەڵێ، وتی دەی بنووسە، دەستی کرد بە گێڕانەوەی فەرموودە، ماوەی یەك مانگ فەرموودەم لێ وەرگرت، ئینجا پێم وت ئەرێ تۆ کێیت؟ وتی من حوصەینی کوڕی عەبدوڕەحمانم، تەنها بەربەستێ لەبەردەممدا بوو بگەم بە ئیبن عەبباس نۆ درهەم بوو، عیکریمە فەرموودەی لێوە دەبیست و دواتر دەهاتەوەو دەیگێڕایەوە بۆ من.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج9، ص 253.

165

ئەحمەدی کوڕی سەلمان دەڵێت: تووشی نەبوونیەك بووم و ناچار بووم بچم بۆ لای ئیبراهیمی حەربی و باسی حاڵی نەبوونی خۆمی بۆ بکەم، ئەویش وتی دڵت بۆ خۆت دانەمێنێ و ترست نەبێت، خوا دەروو دەکاتەوە، من جارێ تووشی نەبوونیەك بووم کە تەنانەت خواردنی ماڵ و مناڵیشم نەما، ژنەکەم پێی وتم باشە وا من و تۆ بەرگە دەگرین، ئەی چی بکەین بەم دوو مناڵە؟ دەی بڕۆ هەندێ لە کتێبەکانت بفرۆشە یان بیاندە بە رەهن، منیش ویستم وا بکەم، بە ژنەکەمم وت بە قەرز شتێکیان بۆ بهێنەو تەنها شەو و رۆژێ دەرفەتم بدە، لە ماڵەکەمدا ژوورێکم هەبوو بۆ کتێبەکانم کە تیایدا سەرقاڵی نووسین دەبووم، ئەو شەوە لەوێ بووم یەکێ هات تەقەی دا لە دەرگا، وتم کێیە؟ ئەویش وتی پیاوێکی دراوسێتانم، وتم فەرموو وەرە ژوورەوە، وتی چراکە بکوژێنەرەوە با بێمە ژوورەوە، منیش شتێکم دا بەسەر چراکەدا و وتم وەرە ژوورەوە، هاتە ژوورەوەو لە سووچێکی ژوورەکەوە شتێکی بۆ جێهێشتم و رۆیشت، پەردەی سەر چراکەم لابرد، دەبینم پەڕۆیەکی بە بەهایە و هەمە چەشنە خواردنی تیایە، کاغەزێکیشی تیایە کە پێنج سەد درهەمی تێدایە، ژنەکەمم بانگ کرد و وتم مناڵەکان لە خەو هەستێنە با بخۆن، بۆ بەیانیەکەی قەرزێکمان لەسەر بوو رۆیشتم دامەوە، جا کاتی هاتنی حاجیان بوو لە خوراسانەوە، ئەو شەوە تا بەیانی لەبەر دەرگای ماڵی خۆمان دانیشتم، دەبینم کەسێ دوو وشتری پێیە کە دوو بار وەرەقەیان لەسەرە و پرسیاری ماڵی ئیبراهیمی حەربی دەکات، هات بۆ لام و لە منی پرسی، منیش وتم خۆمم، هەردوو بارەکەی داگرت و وتی ئەو دوو

بارە پیاوێکی خەڵکی خوراسان بۆی ناردویت، وتم کێ بوو؟ وتی سوێندی داوم ناوی نەبەم.[1]

166

عیسای کوڕی مووسا دەڵێت، باوکم بەسەرهاتی باپیرەمی بۆ دەگێڕامەوەو دەیوت: جارێك لە حەزرەمەوتەوە حەوت سەد هەزاری بۆ هات، ئەو شەوە خەوی لێنەدەکەوت و هەر دەهات و دەچوو، ژنەکەی پێی وت ئەرێ ئەوە چیتە؟ ئەویش وتی هەموو ئەمشەو بیرم کردۆتەوەو دەموت کەسێك شەوێ ئەم هەموو پارەیە لەماڵیدا بێت دەبێت چ گومانێ ببات بە پەروەردگاری؟ ژنەکەشی وتی: ئەی ئەو هەموو ئازیز و خۆشەویستەت چین؟ کە رۆژ بوویەوە، هەر هەمووی دابەش بکە، ئەویش بە ژنەکەی وت: رەحمەتی خوات لێ بێت، تۆ ئافرەتێکی باش و رێدروستیت و باوکیشت هەر وا بووە، کە رۆژ بوویەوە، کەوتە دابەشکردنی سامانەکەی بە نێو کۆچەران و پشتیواناندا، قاپێ لەو پارەشی نارد بۆ عەلی کوڕی ئەبوطالیب، ژنەکەی پێی وت: ئەی ئەبوومحەممەد! ئەی ئێمە لەم پارە و سامانەدا پشکمان بەرناکەوێت؟ ئەویش وتی ئەی لە بەیانیەوە لە کوێیت؟! دەی وەرە چی ماوەتەوە بۆ تۆ، کیسەیەك مابوویەوە کە هەزار درهەمی تێدا بوو.[2]

1 - تاريخ بغداد، ج6، ص 522.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 30-31.

167

کابرایەکی قورئان خوێن هەبوو کە زۆر جار دەچوویە کۆڕی سەعیدی کوڕی عاص، جا ئەو کابرایە تووشی هەژاری و نەبوونیەکی زۆر بوو، جا ژنەکەی پێی وت: ئەم ئەمیرەی ئێمە بە بەخشندەیی ناسراوە، بۆچی باسی وەزعی خۆتی بۆ ناکەیت بەڵکو یارمەتیەکت بدات؟ ئەویش وتی ماڵوێران، رووتاشراوم مەکە (شەرمەزارم مەکە)، ژنەکەی زۆر لەسەری رۆیشت و هەوڵی دا قەناعەتی پێ بکات، دواجار کابرا رازی بوو و چوو بۆ لای سەعید، کە مەجلیسەکە چۆڵ بوو و خەڵکەکە رۆیشتن، کابرا لە شوێنی خۆیدا مایەوە، سەعید پێی وت وادەزانم ئیشێکت هەیە بۆیە نەڕۆیشتوویت، کابراش بێدەنگ بوو، سەعید بە بەردەستەکانی وت: بڕۆن، ئەوانیش رۆیشتن، دواتر بە کابرای وت تەنها من و تۆ ماوینەتەوە، چی ئیشێکت هەیە بیڵێ، کابرا هەر بێدەنگ بوو، سەعید چراکەی کوژاندەوەو دواتر پێی وت رەحمەتی خوات لێ بێت خۆ دەموچاویشم نابینیت، پێویستیەکەت چیە بیڵێ، ئەویش وتی خوا باری ئەمیر چاك بکات، تووشی نەبوونیەکی سەخت بووین و حەزم کرد بۆت باس بکەم، بەڵام رووم نەبوو، ئەویش پێی وت: بەیانی زوو برۆ بۆ لای فڵانە کەسی وەکیلم، بۆ بەیانی کابرا چوو بۆ لای وەکیلەکە، ئەویش پێی وت ئەمیر فەرمانی داوە چیت پێیە بارێکی تەواوی پێ ببەیت، وتی هیچم پێ نیە تا باری پێ بەرمەوە، دواتر کابرا چوویەوە بۆ لای ژنەکەی، زۆر سەرکۆنەی ژنەکەی کرد و وتی ناچارت کردم واش بکەم، ژنەکەش وتی جا چەندی پێدەدایت بتهێنایە بەسمان بوو، کابرا چوویەوە بۆ لای وەکیل، ئەویش وتی لای ئەمیر باسی تۆم کردووە و ئەویش

ئەم سێ وڵاخەی ناردووە تا باری پێ ببەیتەوە، کابرا ڕۆیشت، کە گەیشتەوە ماڵەوە دەبینێت هەریەك لەو وڵاخانە دە هەزار درهەمی لەگەڵە، ئینجا بەو بەردەستانەی وت کە هێنابوویان: چیتان پێیە داینێن و بڕۆن، ئەوانیش وتیان ئەمیر ئێمەی داوە بە تۆ تا خزمەتت بکەین، بەو جۆرە کابرا تەواو حاڵی باش بوو و لە هەژاری ڕزگاری بوو.[1]

## 168

ئەبووعەبدوڵای واقیدی دەڵێت: جارێك تووشی نەبوونیەکی سەخت بووم، من خۆم هاودەمی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکیم دەکرد، جەژن هات و کەنیزەیەك هات و وتی وا جەژن دێت و هیچ خەرجیەکمان نیە، منیش چووم بۆ لای هاوڕێیەکی بازرگانم و پێم وت پێویستیم بە بڕێ قەرزە، ئەویش کیسەیەکی مۆرکراوی بۆ هێنام کە هەزار و دووسەد درهەمی تێدا بوو، منیش هەڵمگرت و چوومەوە بۆ ماڵەوە، هەرکە گەیشتمەوە ماڵەوە هاوڕێیەکی هاشمیم هات و وتی پارەکەم دواکەوتووەو پێویستیم بە قەرزە، منیش چووم بۆ لای ژنەکەم و پێم وت ئەو هاوڕێ هاشمیەم هاتووە بۆ قەرز، ئەویش وتی نیەتت هەیە چی بکەیت؟ وتم دەمەوێت پارەکەی لەگەڵ بکەم بە دوو بەشەوە، ژنەکەم وتی هیچت نەکردووە، تەنها چویت بۆ لای کابرایەکی دووکاندار هەزار و دووسەد درهەمی پێداویت، ئێستا کەسێ لە خزمانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووەو دەتەوێت نیوەی

1 - البداية والنهاية، ج8، ص 93.

ئەوەی پێ بدەیت کە کابرای دووکاندار پێی داویت؟ ئەوە هیچ نیە، برۆ هەمووی بدە بەو، منیش چووم و هەموویم پێدا، هاوڕێ بازرگانەکەم کە قەرزەکەی پێدابووم چووبوو بۆ لای هاوڕێ هاشمیەکەم و داوای قەرزی لێکردبوو، ئەویش کیسەکەی منی پێدابوو، ئەویش کە مۆرەکەی بینی ناسیەوەو زانی ئەوەیە کە خۆی دای بەلای منەوە، هات بۆ لای من و مەسەلەکەی بۆ باسکردم، دوای ئەوە نێردراوی یەحیای کوڕی خالید هات بۆ لام و دەیوت نێردراوی من نەهاتووە بۆ لات، چونکە زۆر سەرقاڵی ئیشوکاری ئەمیری باوەڕداران بووم، منیش مەسەلەی کیسە پارەکەم بۆ باسکرد، ئەویش بە بەردەستێکی وت ئادەی ئەو پارەیە بهێنە، دە هەزار دینار بوو، وتی دوو هەزاری بۆ خۆت و دوو هەزاری بۆ هاوڕێکەت و دوو هەزاری بۆ هاشمیەکە، چوار هەزاریشی بۆ هاوسەرەکەت، چونکە لە هەمووتان بەخشندەتر بووە.[1]

---

1 - تاريخ بغداد، ج4، ص 20.

169

یەحیای کوڕی عەبدولوەهاب دەڵێت: هاودەم بە عوبەیدوڵای مامم لە ڕێی نەیسابووردا بووین، کە گەیشتینە ناوچەی بیئر مەجەننە، مامی وتی: جارێکیان من لێرەدا بووم، پیاوێکم تووش بوو، پێی وتم: من و باوکم پێکەوە لە خوراسانەوە دەهاتین، کە گەیشتینە ئێرە چل بار و کۆڵمان لێرە بینی، وامانزانی جلوبەرگی دووراوە، دەبینین لەولاوە خەیمەیەك هەیە پیاوێکی تێدایە، کە سەیرمان کرد باوکی تۆ بوو، یەکێکمان سەبارەت بەو کۆڵ و بارە پرسیاری لێکرد و وتی ئەرێ ئەوە چیە؟ ئەویش وتی ئەوە شمەکێکە کە خەڵکی ئەم سەردەمە زۆر کەم حەزی پێدەکەن و گرنگی پێ نادەن، ئەوە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوان (ﷺ).[1]

170

ڕۆژێك پێش بانگی نیوەڕۆ خەلیفە موعتەضید و هەندێ لە خزمەتکارەکانی لە دەوری بوون، بە شڵەژاوی لە خەو راپەڕی و هاواری کرد و ئێمەش خێرا چووین بۆ لای، وتی ئادەی خێرا بڕۆن بۆ لای دیجلە و یەکەم کەشتی بەتاڵتان بینی خاوەنەکەی بهێنن بۆم و کەشتیەکەش راگرن، ئەوانیش خێرا چوون و فەرمانەکەیان بەجێگەیاند، کە کابرای کەشتیەوان خەلیفەی بینی خەریك بوو شەق ببات، خەلیفە هاوارێکی توندی بەسەردا کرد کەشتیەوانەکە خەریك بوو ڕۆحی دەرچێ، خەلیفە پێی وت هەی نەفرەت لێکراو، بە ڕاست و بێ درۆ

1 - سير أعلام النبلاء، ج17، ص 37.

بەسەرهاتی خۆت و ئەو ئافرەتەم بۆ بگێڕەوە کە ئەمڕۆ کوشتت، ئەگەرنا دەدەم لە گەردنت، کابرا تەواو شڵەژا و دواتر وتی بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران، من ئەمڕۆ بەری بەیان لە ئیشی خۆمدا بووم کە ئافرەتێ هات تا ئێستا شتی وام نەدیبوو، جلێکی زۆر کەشخەو رازاوەو گەوهەر و مرواریەکی زۆری پێ بوو، چاوم چوویە سەری و زۆرم بۆ هێنا، دەمیم گرت و خنکاندم و چی پێ بوو هەموویم برد، ترسام بیهێنمەوە ماڵەوە دەستەکەم ئاشکرا بێت، بۆیە ویستم بیبەم بۆ واسیت، ئەوەبوو ئەمانەم تووش بوو و منیان گرت، خەلیفە وتی جلوبەرگەکەی کوا؟ ئەویش وتی لەناو کەشتیەکەدایە، خەلیفە فەرمانی کرد جلوبەرگ و شمەکی ئافرەتەکە بهێنن، خەلیفە فەرمانی کرد لە هەمان ئەو شوێنەی ئافرەتەکەی خنکاندبوو، کەشتیەوانەکە بخنکێنن، فەرمانی کرد هاوار بکرێ کەسوکاری ئافرەتەکە بێن تا پارە و شمەکی ئافرەتەکە ببەنەوە، سێ رۆژ لە بازاڕی بەغدادا هاوار کرا، دوای سێ رۆژ کەسوکارەکەی هاتن و شمەکەکەیان بردەوە، خزمەتکارەکەی خەلیفە پێی وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمەت لە کوێ زانی؟ ئەویش وتی: لەو کاتەدا خەوم بینی پیاوێکی سەرو ریش و جلوبەرگ سپی هات و هاواری دەکرد ئەی ئەحمەد، ئەی ئەحمەد، یەکەم کەشتیەوان کە ئێستا دێت بیگرە و سەبارەت بەو ئافرەتەی ئەمڕۆ کوشتی و شمەکەکەی برد ناچاری بکە راستیەکەی بڵێ و حەددیشی لەسەر جێبەجێ بکە و تۆڵەی لێ وەربگرە.[1]

1 - البداية والنهاية، ج11، ص 100-101.

171

سوهەیلی کوڕی عەلی دەڵێت: من زۆر جار دەچووم بۆ لای خەیری کوڕی نوعەیم و لەلای دادەنیشتم، خەیر سەرقاڵی کڕین و فرۆشی زەیت بوو، جا خۆم بۆ نەگیرا و وتم باشە تەنانەت تۆش کەوتیتە ئەوەی کڕین و فرۆش بکەیت و کاتی خۆت بەمەوە سەرف بکەیت؟ ئەویش نەرم نەرمێ دای بەسەر شانمدا و وتی پەلە مەکە با بەهۆی سکی خەڵکی ترەوە برسیت بێت ئینجا دەزانیت بۆچی، منیش لە دڵی خۆمدا وتم یانی چی بە هۆی سکی کەسی ترەوە برسیم بێت، پیاو برسی بێت سکی بەتاڵە، بەڵام سکی خەڵکی تر یانی چی؟ لەوە تێنەگەیشتم هەتا ژنم هێنا و خوا منداڵی پێدام، ئینجا لە قسەکەی تێگەیشتم کە برسێتی سکی ئەوان منی برسی دەکرد.[1]

172

جارێك مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك چوو بۆ سەردانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، ئاخۆ عومەر نەخۆش کەوتبوو و لەناو جێگەدا بوو، کە بینی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە چ حاڵێکدایە و چی جلوبەرگێکی لەبەردایە، بە فاتیمەی خوشکی عومەری وت وادەزانم پێویست بکات ئەو جلوبەرگەی ئەمیری باوەڕداران بگۆڕن، فاتیمەش بێدەنگ بوو، کەمێکی نەبرد مەسلەمە هەمان شتی وتەوە بە فاتیمە، ئەویش ناچار بوو وەڵامی بداتەوە، نەوەك مەسلەمە وابزانێت

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج 8 ص 17.

ڕێز بۆ قسەکەی دانانێت، پێی وت: بەخوا ئەمیری باوەڕداران تەنها ئەم جلەی هەیە و بەس.[1]

173

سوفیانی ثەوری دەڵێت: جارێك چووم بۆ لای جەعفەری کوڕی موحەممەد، دەبینم جلێکی زۆر جوانی لەبەرە، سەرسام بووم بە جوانی و کەشخەیی جلەکەی، ئەویش کە بینی وا وردبوومەتەوە، وتی ئەی ثەوری ئەوە چیە؟ بۆ وا بۆمان دەڕوانیت، لەوانەیە سەرت سوڕمابێت لەم جلەی لەبەرمایە، منیش وتم ئەی نەوەی پێغەمبەری خوا ئەم جلە نە هی تۆ و نە هی باوباپیرانیشت نەبووە، ئەویش وتی ئەو سەردەمە سەردەمی نەبوونی بوو، ئێستاش سەردەمێکی ترە، ئینجا جلەکەی ژێر ئەو جلە کەشخەی نیشاندام، جلێکی زبر و کورت و ناتەواو بوو، پاشان پێی وتم ثەوری ئەم جلەیمان لەبەر خوا پۆشیوەو ئەم کەشخەشمان لەبەر ئێوە پۆشیوە، جا ئەوەی لەبەر خوا پۆشیومانە شاردوومانەتەوەو ئەوەی لەبەر ئێوە پۆشیومانە خستوومانەتەڕوو.[2]

1 - إصلاح المال لابن أبي الدنيا، ص 113.

2 - حلية الأولياء، ج3، ص 193.

174

ئیبن ئەبی حازم دەڵێت: کاتێك صەفوانی کوڕی سولەیم نەخۆش کەوت و سەرەمەرگی هات، براکانی هاتن بۆ لای و لەلای دانیشتن، ئەویش هەر ئەمدیو و ئەودیوی ئەکرد، ئەوانیش بینییان هێندە نائارامە، پێیان وت وادیارە پێویستیەکت هەیە و نایلێیت، صەفوانیش وتی بەڵێ، بەڵام رووی نەبوو پێیان بڵێ، کچەکەی وتی بەڵێ پێویستیەکی نیە، تەنها ئەوە نەبێت پێی خۆشە ئێوە هەستن و جێی بهێڵن بۆ ئەوەی دەست بکات بە نوێژکردن، ئەوانیش بێدڵییان نەکرد و هەستان و رۆیشتن، صەفوان بە هەر جۆرێ بێت خۆی هەستاندەوەو رۆیشت بۆ مزگەوتەکەی و دەستی کرد بە نوێژکردن، هێندەی نەبرد کەوتە سەرزەوی، کچەکەی قیژاندی، خەڵکەکە هاتنەوە ژوورەوە، هەڵیانگرت دەبینن مردووە.[1]

175

مەئموون دەڵێت: هیچ کەسێکم نەیدوە هێندەی فەضلی کوڕی یەحیا لەگەڵ باوکیدا چاکە بکات، تەنانەت چاکەی گەیشتبوویە ئاستێ کاتێ هەردووکیان پێکەوە لە بەندیخانەدا بوون، باوکی بە ئاوی گەرم نەبوایە دەستنوێژی نەدەگرت، بەڵام پاسەوانانی بەندیخانەکە رێییان پێ نەدەدان ئاگر بکەنەوە، شەوێکی زۆر سارد بوو، یەحیا چویە سەر جێگەکەی و خەوت، فەضلیش بۆ ئەوەی ئاوی گەرم ئامادە بکات بۆ دەستنوێژی باوکی بۆ نوێژی بەیانی، هەستا دەفرێکی هێنا و پڕی کرد لە ئاو، دوای ئەوە نزیکی کردەوە لە چراکە و هەتا

---

1 - المحتضرين لابن أبي الدنيا، ص 169.

بەری بەیان دەستی راگرت تا ئەو ئاوە گەرم بوو بۆ ئەوەی باوکی بەو ئاوە گەرمە دەستنوێژەکەی بگرێت.[1]

176

ئەبووعەبدولاّ کە بانگبێژی مزگەوتی بەنی جراد بوو دەڵێت: گەنجێ هەبوو دراوسێم بوو، هەرکات دەچووم بانگ بدەم خێرا دەهات لەگەڵم و لێم جیا نەئەبوویەوە، کە نوێژم دەکرد ئەویش نوێژی دەکرد، دواتر نەعلەکانی دەکردەوە پێ و دەرۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، هیوایەتم ئەوەبوو رۆژێ قسەیەکم لەگەڵ بکات یان بڵێت پێویستیەکم هەیە تا بۆی جێبەجێ بکەم، ئەوەبوو رۆژێك هات و وتی ئەی ئەبووعەبدولاّ پەڕاوێکی قورئانت لایە دەیدەیت بە لامەوە تا قورئانی تێدا بخوێنم، منیش قورئانەکەم بۆ هێنا، کە قورئانەکەی بینی جوان گوشی بە سنگیەوە، ئینجا وتی ئەمڕۆ هەم من و هەم تۆیش شتێکمان ئەبێت بە شتێ، دوای ئەوە رۆیشت، ئەو رۆژە بۆی گەڕام کەچی نەمبینی وەك جاران بێتەدەرەوە، چاوەڕێم کرد تا ئێوارە، کەچی هەر دیار نەبوو، نوێژی عیشاش هەر نەهات، گومانی خراپم بۆ هات، بۆیە دوای نوێژی عیشا چووم بۆ ئەو ماڵەی کە تیایدا دەژیا، چووم دەبینم مەسینەیەك و سەتڵێ لەولاوەن و پەردەیەك بە دەرگاکەوەیەتی، پاڵم نا بە دەرگاکەوە، چوومە ژوورەوە دەبینم مردووەو قورئانەکەش لە کۆشیدایە، قورئانەکەم هەڵگرت و داوام لە خەڵکێ کرد هاوکاریم

1 - عيون الاخبار لابن قتيبة الدينوري، ج3، ص 112.

بکەن تا خستمانە سەر جێگەکەی، ئەو شەوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە بە کێ بڵێم تا کفنی بۆ ئامادە بکات، چووم بانگی بەیانیم دا، چوومە ناو مزگەوت تا نوێژ بکەم، دەبینم لە رووی قیبلەوە رووناکیەك هەیە و کفنێك پێچراوەتەوە، هەڵمگرت و سوپاسی خوام کرد و بردمەوەماڵەوەو دوایی هاتم نوێژەکەمم کرد، کە سەلامم دایەوە دەبینم لە لای راستمەوە ثابتی بەنانی و لە چەپمەوە مالیکی کوڕی دینار و حەبیبی فارسی و صالحی مررین، وتم براکانم بەم بەیانیە چۆن هاتون بۆ ئێرە؟! ئەوانیش وتیان ئەمشەو کەس لەم نزیکانەی تۆ مردووە؟ وتم بەڵێ گەنجێ مردووە کە لەگەڵ من نوێژەکانی دەکرد، وتیان ئادەی نیشانمان بدە، نیشانم دان، مالیك پەردەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد و شوێن سوجدەی نێو چاوانی ماچ کرد، دواتر دەستیان کرد بە شۆردنی، هەرکامیان کفنێکیان پێ بوو، هەرکامیان دەیوت من کفنی ئەکەم، زۆر مشتومڕیان لەسەر کرد، منیش پێم وتن ئەمشەو زۆر بیرم لێکردەوە چۆن کفنی بکەم تا چوومە مزگەوت و دەستنوێژم گرت و چووم نوێژ بکەم، دەبینم کفنێ پێچراوەتەوەو نەمزانی کێ دایناوە، ئەوانیش وتیان دەی با لەوەدا کفن بکرێ، کفنمان کرد و بردمان تا ئەسپەردەی بکەین، دەبینین هێندە خەڵك هاتون دەرفەتی ئێمە نەما.[1]

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج7، ص 149.

177

ئەبووجەعفەری توستوری دەڵێت: لە خزمەت ئەبووزورعەدا بووین کاتێ لە سەرەمەرگدا بوو، ئەبووحاتەم و موحەممەدی کوڕی موسلیم و مونذیری کوڕی شاذان و دەستەیەك لە زانایان لە خزمەتیدا بوون، شەرمیان دەکرد تەلقینی ئەبووزورعە دابدەن، نەیاندەزانی چی بکەن، بۆیە بیریان لەوە کردەوە فەرموودەی تەلقین بڵێنەوە بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن فەرموودەی بۆ دەڵێنەوە، هاوکات تەلقینیشی پێ دابدەن، موحەممەدی کوڕی موسلیم لەبری ئەوانی تر ناوی خوای لێهێنا و دەستی کرد بە وتنی سەنەدەکە، تەنها دوو ئەڵقەی سەنەدەکەی وت، ئەوانی تر بێدەنگ بوون، ئەبووزورعە خۆی دەستی پێکرد و سەنەدەکەی تەواو کرد تا گەیشتە موعاذی کوڕی جەبەل، وتی لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەرکەس کۆتا وتەی لا اله الا الله بێت) نەیتوانی فەرموودەکە تەواو بکات و بە وتنی (لا اله الا الله) گیانی دەرچوو.[1]

178

عامیری کوڕی عەبدوڵا تووشی نەخۆشیەك بوو و نەخۆشیەکە زۆری بۆ هێنا و لە جێگەدا خستی، گوێی لە بانگ بوو، ماڵی لە مزگەوتەوە نزیك بوو، خۆی پێ نەگیرا و ویستی بچێت بۆ نوێژ، دەوروبەرەکەی رێیان پێ نەدا و

[1] - صفة الصفوة، ج2، ص 291.

وتیان تۆ نەخۆشیت، ئەویش وتی دەستم بگرن و بمبەن، زۆر هەوڵیان دا قەناعەتی پێ بکەن نەچێت، وتی گوێم لە بانگخوازی خوا بێت و نەچم بە دەمیەوە؟! ئەوانیش قەناعەتیان کرد و دەستیان گرت و بردیانە مزگەوتەوە، دەستی کرد بە نوێژی ئێوارەو لەگەڵ ئیمامدا رکاتێ نوێژی کرد و لە رکاتی دووەمدا وەفاتی کرد.[1]

179

لە کاتی فیتنەو ئاڵۆزیەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا، موصعەبی کوڕی زوبەیر کە سەرکردەی سەربازی دەوڵەتەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیری برای بوو، کابرایەکی گرت و بڕیاری دا بدرێت لە گەردنی، ئەویش وتی خوا باری ئەمیر چاك بکات چەند ناشیرینە رۆژی دوایی من بهێنن و هەڵبواسرێم بە چاکەکانتەوە و بەری رووناکی ناوچاوت بگرم، ئینجا لەوێ بڵێم خوایە پرسیار لە موصعەب بکە لەسەر چی منی کوشت؟ موصعەب کە ئەمەی بیست، پێی کاریگەر بوو و فەرمانی دا ئازاد بکرێت و لێی خۆش بوو، کابرا بەوەوە نەوەستا، وتی خوا بارو حاڵی ئەمیر چاك بکات، ئەگەر پێت باش بێت شتێکیشم پێ ببەخشیت تا حاڵی ژیانم باش بێت، ئەویش سەد هەزاری پێ بەخشی، کابرا وتی دەی ئەی ئەمیر هەم خوا و هەم تۆیش بە شایەت دەگرم پەنجا هەزاری

1 - صفة الصفوة، ج1، ص 374.

دادەنێم بۆ ئیبن قەیس، موصعەبیش پێ وت ئەو بۆچی؟ کابرا وتی چونکە لەو شیعرەیدا وەسفی تری کردووەو سەبارەت بە تۆ وتوویەتی:

إنما مصعب شهاب من الله تجلت عن وجهه الظلماء.[1]

180

ئیبراهیمی کوڕی ئەبی عەلبە دەڵێت: هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك دەڵێت: ئەی ئیبراهیم ئێمە بە بچووکی و گەورەییش تۆمان ناسیوەو لە ژیان و ڕەفتارت ڕازین، پێم خۆشە لەگەڵ خۆم و کەسە تایبەتەکانم تێکەڵت بکەم و لە ئیش‌و کارمدا هاوبەشیت پێ بکەم، دەتکەمە بەرپرسی خەراجی میصر، ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران سەبارەت بەو گومانە باشەی هەتبووە بەرامبەر بە من خوا پاداشتت بداتەوە، سەبارەت بەوەش کە من بکەیتە بەرپرسی خەراج ئەوە من توانای شتی وام نیە، هیشام بە وەڵامەکەی ڕازی نەبوو و تووڕە بوو و دەموچاوی گۆڕا و پێی وت بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی بێت، هەر دەبێت ئەو ئەرکە وەربگریت، منیش وەستام تا تووڕەییەکەی دامرکایەوە، ئینجا وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران قسە بکەم؟ وتی بەڵێ، وتم خوای گەورە لە کتێبەکەیدا باسی ئەمانەتی قورئانی کردووە کە پێشنیاری کردووە بۆ زەوی و ئاسمانەکان و ئەوان ڕازی نەبون وەریبگرن و خوای گەورەش زۆری لێنەکردوون، جا حەق

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج6، ص 116.

نیە تۆیش زۆر لە من بکەیت و لێم تووڕە بیت، ئەویش دەستی کرد بە پێکەنین و وتی ئەی ئیبراهیم ئەگەر رازی نەبیت نەرمی دەنوێنین بەرامبەرت و لێت دەبوورین و لێیشت رازین.[1]

## 181

جارێك سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك ناردی بە شوێن ئەبووحازمدا، ئەویش هات بۆ لای، سولەیمان پێی وت ئەی ئەبووحازم ئەوە بۆچی ئێمە رقمان لە مردنە؟ وتی چونکە ئێوە ئاخیرەتی خۆتان وێران کردووەو دنیاتان ئاوەدان کردووەتەوە، بۆیە رقتان لەوەیە لە بنیادەوە بەرەو وێرانە بچن، ئەویش وتی راست دەکەیت، بەردەوام ئاوا سولەیمان پرسیاری لێدەکرد و ئەویش بێ هیچ خاترگرتنێ وەڵامی دەدایەوە، کابرایەك لەوێ بوو بەو وەڵامانە قەڵس بوو و وتی ئەی شەیخ خراپ قسە دەکەیت، ئەویش وتی خوای گەورە بە واجبی داناوە لەسەر زانایان بە جوانی شتەکان روون بکەنەوە بۆ خەڵك و نەیشارنەوە، سولەیمان وتی ئەی حازم لەگەڵ ئێمە بە هەم تۆ سوودمان لێ وەردەگریت و هەم ئێمە سوودت لێ وەردەگرین، ئەبووحازم وتی پەنا دەگرم بە خوا لە شتی وا، سولەیمان وتی دەی وتەیەکی پەسەندم پێ ببەخشە، ئەبووحازم وتی: لەخوا بترسەو مەهێڵە لە شوێنێ بتبینێت کە نافەرمانی خوا بکەیت یان لەو شوێنە نەتبینێت کە فەرمانی کردووە لەوێ بیت، دواتر داوای نزای خێری

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج8، ص 156.

لێکرد، ئەویش وتی خوایە ئەگەر سولەیمان دۆستی تۆیە ڕێی بۆ ئاسان بکە بەرەو خێر، ئەگەریش دوژمنتە پەلی بکێشە بەرەو خێر، سولەیمان بە بەردەستێکی وت ئادەی سەد دینار بێنە، کە هێنای دای بە ئەبووحازم، ئەویش وتی پێویستم پێی نیە، دەترسم لەبەر ئەم قسانەم ئەمەم پێ ببەخشیت.[1]

## 182

سەووار دەڵێت: ڕۆژێك لەلای مەهدی ڕۆیشتمەدەر و بەرەوماڵەوە چووم، خواردنم بۆ دانرا و دڵم نەیبرد، چووم تا کەمێك بنووم، کەچی خەویشم لێ نەکەوت، هەرچیەکم ئەکرد خۆم پێ ڕانەئەگیرا، ئیتر لە ماڵەوە چوومە دەرەوەو سوار وڵاخەکەم بووم، کەمێك ڕۆیشتم، پیاوێکم پێگەیشت هەزار درهەمی پێ بوو، وتم ئەمەت لە کوێ بوو؟ وتی لە پاشای نوێوە وەرمگرت، داوام کرد لەگەڵ خۆم بێت و بە شەقامەکانی بەغدادا دەڕۆیشتین، کاتی نوێژی عەسر هات و لە مزگەوتی ناو کۆڵانێکدا بووین، دابەزیم تا نوێژ بکەم، دوای نوێژەکە پیاوێکی نابینا کراسەکەی گرتم و وتی: پێویستیم پێتە، وتم پێویستیت چیە؟ وتی من کەسێکی نابینام، بەلام بە بۆنکردنی بۆنەکەت زانیم کەسێکی دەوڵەمەند دیاریت، بۆیە حەزم کرد پێویستی خۆم لای تۆ باس بکەم، وتم ئادەی بیڵێ، ئەویش وتی ئەم کۆشکەی بەرامبەر مزگەوتە هی باوکم بوو و ئەویش چوو بۆ خوراسان و فرۆشتی و منی لەگەڵ خۆی برد، ئەوکات منداڵ بووم، لەوێ جیابووینەوەو من لەوێ تووشی نابینایی بووم، باوکم لەوێ مرد و ئێمەش گەڕاینەوە بەغداد، هاتم بۆ لای خاوەنی

1 - صفة الصفوة، ج1، ص 387.

ئەم کۆشکەو داوای شتێکم لێکرد تا بچم بۆ لای سەووار، چونکە هاوڕێی باوکم بوو، وتم بەڵکو ئەو بەخشندەیی بنوێنێ، منیش بە کابرام وت بۆچی باوکت کێ بوو؟ نابیناکەش ناوی کەسێکی برد کە نزیکترین هاوڕێم بوو، پێم وت من سەوواری هاوڕێکەی باوکتم، خوا بە هۆی تۆوە ئاوا ئەمڕۆ نان و خەو و ئیسراحەتی لێ بڕیم تا بێم تۆ ببینم، بە وەکیلەکەمم وت دوو هەزار درهەمی پێ بدات، پاشان وتم بەیانیش وەرە بۆ ماڵمان کە لە فلانە شوێنە، دوای ئەوە چوومەوە بۆ کۆشکی خیلافەت و وتم ئەمشەو مەهدی شتی لەمە سەیرتری نەبیستووە، بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش زۆر سەرسام بوو و فەرمانی کرد دوو هەزار دینار بدرێت بەو نابینایە، هەروەها بە منی وت ئەرێ قەرزت لەسەرە؟ وتم بەڵێ، وتی چەندە؟ وتم پەنجا هەزار دینار، مەهدی لێی بێدەنگ بوو و ماوەیەك قسەی لەگەڵ کردم، کە ویستم هەستم و چوومەوە ماڵەوە دەبینم پێش خۆم پەنجا هەزار دیناری خۆم و دوو هەزار دیناری نابیناکەشی ناردووە، ئەورۆژە چاوەڕێم کرد نابیناکە بێت کەچی نەهات، شەو گەڕامەوە بۆ لای مەهدی، وتی زۆر بیرم کردەوەو وتم ئەگەر قەرزەکەت بدەیتەوە خۆ هیچت بۆ نامێنێتەوە، بۆیە فەرمانم کرد پەنجا هەزار دیناری ترت پێ بدرێت، بۆ رۆژی سێهەم نابیناکە هات بۆ لام، منیش وتم خوا بەهۆی تۆوە رۆزیەکی زۆری دام، دوو هەزار دینارەکەی خەلیفەم پێدا و دوو هەزار دیناری خۆیشمم پێدا.[1]

---

1 - البداية والنهاية، ج10، ص 165.

183

جوعەیفی سەمەرقەندی دەڵێت جارێك لە دەرچوونێکدا لەگەڵ موعتەچیدی گەورەمدا بووم، ئەوەبوو لە سەربازگەکە جیابووینەوەو تەنها ئەو دوانەمان ماینەوە، لەو دەمەشدا شێرێ هاتە سەر رێمان و بەرەو روومان هات، موعتەچید وتی ئەی جوعەیف ئەمڕۆ خێرێکت ئەبێت و دەچیت بۆ ئەو شێرە؟ منیش وتم نەبەخوا، وتی تەنانەت ناتوانیت ئەسپەکەم بگریت و خۆم بچم بۆی؟ وتم با، ئەمەیان ئەکەم، لە ئەسپەکەی دابەزی و چوو بەرەو رووی شێرەکە، شێرەکە هەڵیکوتایە سەری و ئەویش بە شمشێرەکەی دای لە دەستی شێرەکە، کە شێرەکە بریندار بوو خەریکی دەستی بوو، بۆ جاری دووەم بە شمشێر لێیدا و شێرەکەی کوشت و دواتر گەڕایەوە بۆ لای من و هیچ سەرکۆنەیەکیشی نەکردم، هاتینەوەو گەیشتینەوە بە سەربازگەکە، کەچی رۆژێ لە رۆژان نەمبینی باسی ئەو رووداوە بکات، نەمدەزانی سەرسامی کام لەو سیانەی بم، دلێری و ئازایەتیەکەی، یان شانازی نەکردنی بە ئازایەتیەکەی و باسنەکردنی، یان لێبوردەیی و نەرمونیانیەکەی کە هیچ سەرکۆنەیەکی منی نەکرد.[1]

---

1 - البداية والنهاية، ج11، ص 101

184

ئەصمەعی دەڵێت: عەطائی کوڕی ئەبی رەباح چوو بۆ لای عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان، عەبدولمەلیك دانیشتبوو و چواردەوریشی پیاوماقووڵانی هەموو هۆز و تیرەکانی لێ بوو، ئەمەش لە سەفەرێکی حەجی عەبدولمەلیکدا بوو کە هاتبوویە مەککە، خەلیفە کە عەطائی بینی خێرا لەبەری هەستا و لەلای خۆی داینیشاند و دواتر خۆی چوو لەبەردەمیدا دانیشت و وتی ئەی ئەبوومحەممەد چی ئیشێکت هەیە پێم بڵێ، ئەویش وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران سەبارەت بە حەرەمی خوا و پێغەمبەرەکەی لەخوا بترسە و نۆژەنی بکەرەوە، هەروەها سەبارەت بە منداڵانی کۆچەران و پشتیوانان لەخوا بترسە، چونکە تۆ بەهۆی ئەوانەوە لەو شوێنەدا دانیشتویت، سەبارەت بە سەنگەرنشینانیش لەخوا بترسە، چونکە ئەوانە قەڵغان و پارێزەری موسڵمانانن، ئاگات لە کاروباری موسڵمانان بێت، چونکە تۆ بە تەنها بەرپرسی لێیان، سەبارەت بەوانەی لەبەردەرگاتن لەخوا بترسەو لێیان بێئاگا مەبە و دەرگایان بە روودا دامەخە، ئەویش وتی باشە وادەکەم، ئینجا هەستا و رۆیشت، عەبدولمەلیك گرتی و وتی ئەی ئەبوومحەممەد پێویستی خەڵکی ترت لێ داوا کردین و بەجێمان هێنا، ئەی پێویستی خۆت چیە؟ ئەویش وتی من پێویستیم بە هیچ دروستکراوێکی خوا نیە، ئینجا رۆیشت.[1]

---

1 - إحياء علوم الدين، ج2، ص345.

185

جارێك وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك بە پەردەدارەكەی وت لەبەر دەرگا راوەستەو هەركەس هات بۆ لات بیهێنە ژورەوە بۆ لام تا فەرموودەم بۆ بگێڕێتەوە، پەردەدارەكەش راوەستا و ماوەیەكی پێ چوو عەطائی كوڕی ئەبی رەباح هات، كابرا نەیزانی ئەوە عەطائە، پێی وت ئەی شەیخ وەرە ژوورەوە بۆ لای ئەمیری باوەڕداران چونكە خۆی فەرمانی كردووە، عەطائیش كە چوویە ژوورەوە دەبینێت عومەری كوڕی عەبدولعەزیزی لایە، كە لە وەلید نزیك بوویەوەو سەلامی لێكرد و وتی سەلامت لیٚ بێت ئەی وەلید، ئەویش تووڕە بوو لە پەردەدارەكەی و پێی وت: ماڵوێران، فەرمانم پێكردیت كەسێكم بۆ بێنیت فەرموودەم بۆ بگێڕێتەوە، كەچی كەسێكت بۆ هێناوم رازی نیە بە ناویٚ ناوم بهێنیٚ كە خوا رازی بووە ناوم بێت، ئەویش وتی تەنها ئەو بەوێدا تێپەڕ بوو، پاشان وەلید بە عەطائی وت دانیشە، عەطاء دەستی كرد بە قسەكردن و وتی پێمان گەیشتووە كە لە دۆزەخدا دۆڵێك هەیە پێی دەوترێت هبهب خوای گەورە ئامادەی كردووە بۆ هەر پێشەوایەك كە لە دەسەڵاتەكەیدا ستەم بكات. وەلید كە ئەوەی بیست لە هۆش خۆی چوو، عومەری كوڕی عەبدولعەزیز پێی وت خۆ ئەمیری باوەڕدارانت كوشت، عەطائیش نوقرچێكی گرت لە باڵی عومەر و پێی وت ئەی عومەر مەسەلەكە زۆر زۆر جدیە، ئینجا هەستا و رۆیشت.[1]

---

1 - إحياء علوم الدين، ج2، ص345.

186

لە ساڵی 833 کۆچیدا شاهروخی کوڕی تەیموور نامەیەکی نارد بۆ سەرکردەی مەملووکیەکان سوڵتان ئەشرەف برسبای، یەکێك لە داواکاریەکانی ئەوەبوو کتێبی فتح الباری بشرح صحیح البخاری بۆ بنێرێ کە ئیبن حەجەر نووسیبووی، ئیبن حەجەریش سێ بەرگی ئەو کتێبەی بۆ نارد چونکە هێشتا هەمووی تەواو نەبووبوو، دواتر لە ساڵی 839 هەمان داوای ناردەوەو ئەویش دووبارە بڕێ بەرگی تری بۆ نارد چونکە هەمووی تەواو نەبووبوو، دواتر لە سەردەمی تاهیر جومقدا نوسخەیەکی تەواو ئامادەکرا و نێردرا بۆی، چونکە نووسینی ئەو کتێبەی لە ساڵی 817 دەست پێکرد و لە ساڵی 842 دا تەواوی کرد، واتە نزیکەی بیست و پێنج ساڵ سەرقاڵ بوو بە نووسینی ئەو کتێبەوە، کاتێکیش نووسینەکەی بە تەواوەتی کۆتایی هات ئاهەنگێکی گەورە بۆ ئەو نووسینەی گێڕدرا و پارەیەکی زۆر بەخشرایەوەو شیعری تێدا خوێنرایەوە، خودی ئیبن حەجەریش شیعری خوێندەوە.[1]

1 - الشوكاني: البدر الطالع، ج1، ص88 -89.

187

هێشتا ئیبن تەیمیە تەمەنی منداڵی تێنەپەڕاندبوو کە ڕۆژێك باوکی بڕیاریدا منداڵەکانی بباتەدەرەوە بۆ گەڕان، بە ئەحمەدی وت لەگەڵ براکانت وەرە با کەمێك بحەسێیتەوە، بەڵام تەیمیە حەزی نەکردو هەرچەندە باوکی پێی وت، ئەحمەد داوایکرد نەچێت و بمێنێتەوەو وتی وام پێخۆشە ڕێم پێبدەیت نەیەم، باوکیشی ڕازیبوو و منداڵەکانی تری برد، کاتێك ئێوارە گەڕانەوە باوکی جۆرە لۆمەیەکی کرد کە چ سودێکت بینی نەهاتی، ئەحمەد وتی ئەمڕۆ ئەم کتێبەم لەبەرکردووە، باوکی بڕوای نەبوو توانیبێتی شتی وا بکات، بۆیە کتێبەکەی لێوەرگرت و لێی پرسیەوە، ئەحمەد هەمووی بە لەبەرکردنەوە بۆ خوێندەوە، باوکیشی لەترسی ناحەزان وتی: کوڕی شیرینم بە کەس مەڵێ شتی واتکردووە.[1]

188

موزەنی دەڵێت: جارێك لەلای شافیعی بووین، پیاوێ هات جلی خوری لەبەرکردبوو، گۆچانێکی بە دەستەوە بوو، شافیعی هەستا و کابراش سەلامی کرد و دانیشت، شافیعی بە شانو شکۆیەکەوە تەماشای دەکرد، کابرا وتی پرسیارێ بکەم؟ شافیعی وتی فەرموو، کابرا وتی: بەڵگە لە دینی خوادا چیە؟ شافیعی وتی کتێبی خوا، واتە قورئان، وتی چی تر؟ وتی سوننەتی پێغەمبەری

1- 1 ابن ناصرالدين: الرد الوافر على من زعم أن ابن تيمية شيخ الاسلام كافر، ط1، دار الكتب العلمية، (بيروت:2005م)، ص
.511-510

خوا، کابرا وتی ئەی چی تر؟ شافیعی وتی: یەکدەنگی ئوممەت، کابرا وتی لەکوێوە ئەم قسەت کرد؟ واتە بەڵگەت چیە بۆ ئەوە، شافیعی ماوەیەك بیری کردەوەو وەڵامی پێ نەبوو، کابرا وتی سێ رۆژ مۆڵەتت دەدەم، ئەگەر لە قورئانەوە بەڵگەیەکت بۆ ئەو قسەت دەستکەوت باشە، ئەگەرنا تەوبە بکە، شافیعی تەواو شڵەژا و رەنگی گۆڕا، رۆیشت و تا سێ رۆژ نەهاتەوە، لە رۆژی سێهەمدا لەنێوان نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا هاتەوە، کابراش هات و سەلامی کرد و دانیشت و وتی کوا وەڵامەکەم، شافیعیش وتی بەڵێ باسی کراوە، خوا دەفەرموێت (وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُوْلَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سبِيْلِ المُؤْمِنِيْنَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى...) کابراش وتی راست دەکەیت، ئینجا رۆیشت، شافیعی دواتر وتی ئەو سێ شەو و رۆژە بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی قورئان بووم تا پەیم برد بەم ئایەتە.[1]

189

جارێك هەندێ لە بەرپرسانی خەزێنەی ناو دەوڵەتی عوسمانی تووشی هەڵەیەك بوون، سوڵتان سەلیم خانیش پێی زانین، سوڵتان خۆی کەسێکی زۆر تووڕە بوو و کە هەڵدەچوو بڕیاری زۆر توندی دەدا، فەرمانی کرد هەرهەموویان بکوژرێن، ژمارەشیان سەد و پەنجا کەس بوو، یەکێك لە زانا گەورەکانیش کە مەولا عەلائەدین بوو، خێرا چوو بۆ دیوان، هەموان سەریان سوڕما کە عەلائەدین

1 - سير أعلام النبلاء، ج10، ص 84.

بۆچی هاتووە؟ لێیان پرسی خێرە هاتویت؟ ئەویش وتی ئەمەوێ سوڵتان ببینم، هەواڵیان دا بە سوڵتان و ئەویش وتی بڵێن با بێتە ژوورەوە، عەلائەدین چوویە ژوورەوەو سەلامی کرد و دانیشت، ئینجا وتی ئەرکی فەتوادەرانە ئاخیرەتی سوڵتان بپارێزن، جا بیستوومە فەرمانت کردووە بە کوشتنی سەد و پەنجا کەسی ناو دیوان کە کوشتنیان لە رووی شەرعەوە دروست نیە، سوڵتان تووڕە بوو و وتی دەست مەخەرە ئیشوکاری سەڵتەنەتەوەو ئەوە ئیشی تۆ نیە، مەولا وتی بەڵکو لەبەر ئاخیرەتی خۆت ئەم کارە دەکەم و ئەمە ئیشی منە، ئەگەر لێیان خۆش بیت ئەوە رزگارت دەبێت، ئەگەرنا سزایەکی سەختت تووش دەبێت، وتەکانی مەولا عەلائەدین کاریان کردە سەر سوڵتان و تووڕەییەکەی نەهێشت و لە هەموویان خۆش بوو، دواتر زانا و سوڵتان کەوتنە قسەکردن، ئینجا مەولا داوای لە سوڵتان کرد ئەوانە بنێرێتەوە سەر پۆستەکەی خۆیان، ئەویش بە گوێی کرد.[1]

---

1 - الكواكب السائرة لنجم الدين محمد الغزي، ج1، ص 269.

190

جارێك حەججاج بڕیاری دا ئیبراهیمی نەخەعی بەند بکرێت، دەستەیەکی نارد بۆ گرتنی، جا بەرپرسی دەستەکە کە ڕۆیشت بۆ گرتنی، رێی کەوتە ئیبراهیمی تەیمی و هەواڵی ئیبراهیمی نەخەعی لێ پرسی تا بزانێت لە کوێیە و بڕوات بیگرێت، نەیشیدەزانی ئەمەی پرسیاری لێ دەکات کێیە، ئیبراهیمی تەیمی کە زانی مەبەستی ئەم کابرا گرتنی ئیبراهیمی نەخەعیە، بڕیاریدا قوربانی بە خۆی بدات و بەربگرێت بە گرتنی ئەو پیاوە، بە کابرای وت بەڵێ من ئیبراهیمم، ئەویش گرتی و بردی بۆ بەندیخانە، بەندیخانەیەکی زۆر ناخۆش و پڕ ئازار، هێندە شوێنەکەی خراپ بوو کاتێ دایکی هات بۆ بینینی، کوڕەکەی خۆی نەناسیەوە، کە ئیبراهیم دەستی کرد بە قسە کردن، ئەوکات دایکی دڵنیابوویەوە ئەوە کوڕەکەی خۆیەتی، ناڕەحەتی کاری کردە سەر جەستەی و لە بەندیخانەدا مرد، شەوەکەی حەججاج خەوی بینی کەسێ پێی وت ئەمشەو لەم شارەدا پیاوێکی بەهەشتی وەفاتی کرد، بۆ بەیانی حەججاج وتی ئەرێ ئەمشەو لە واسیط کەس مردووە؟ وتیان بەڵێ، ئیبراهیمی تەیمی لە بەندیخانەدا مرد، شەیتان بیرکردنەوەی حەججاجی گۆڕی و وتی هیچ نیە خەوەکەم بێ مانا بووەو لە شەیتانەوە بووە.[1]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 285.

191

جارێك ئەبوومواویەی فەرموودەناس بانگ كرا بۆ لای خەلیفە هاروونەرەشید بۆ ئەوەی فەرموودەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەبوومواویەش هات بۆ لای، دەستی كرد بە فەرموودە گێڕانەوە، هەرچی جارێ بیوتایە پێغەمبەر (ﷺ) خێرا هاروونەڕەشید دەیوت (صلی اللە و سلم علی سَیدي)، ئەگەر فەرموودەكە ئامۆژگاریەكی تێدا بوایە، هاروونە رەشید دەستی دەكرد بە گریانێكی بە كوڵ، ئەبوومواویە دەڵێت رۆژێ كە لەلای بووم، دوای گێڕانەوەی فەرموودەكان دەستمان كرد بە نان خواردن، دوای ئەوە هەستام دەستم بشۆم، كەسێك ئاوی دەكرد بە دەستمدا و منیش نەمدەزانی كێیە، هاروونەرەشید وتی ئەی ئەبوومواویە دەزانیت كێیە ئاو دەكات بە دەستتدا؟ وتم نا، وتی ئەمیری باوەڕدارانە، منیش نزای خێرم بۆ كرد، ئەویش وتی مەبەستم لەم كارەم بەرزراگرتنی زانست بوو.[1]

1 - البداية والنهاية، ج10، ص 233.

192

جارێك کابرایەکی شامی هات بۆ بازاڕ و ویستی جلێ بکڕێت، ڕێی کەوتە لای یونسی کوڕی عوبەید، پێی وت ئەرێ فلانە جۆری جلتان لا هەیە بە چوارسەد؟ یوونسیش وتی بەڵێ لامانە بە دووسەد دینار، لەو کاتەی کڕین و فرۆشدا بانگی فەرموو، یوونس چوو بۆ نوێژەکەی و کابراش دڵی چوویە سەر جلەکە، خوشکەزاکەی یوونس لە دووکانەکەدا بوو، بە چوارسەد جلەکەی پێ فرۆشت، یوونس کە هاتەوە بە خوشکەزاکەی وت ئەرێ ئەو درهەمانە چین؟ ئەویش وتی بەهای ئەو جلەیە فرۆشتم، خێرا یوونس کابرای شامی دۆزیەوەو پێی وت ئەی بەندەی خوا خۆ من پێم وتیت بە دووسەد درهەمە، ئەگەر ئەتەوێت جلەکە ببە و دووسەد درهەمیشی ببەرەوە، ئەگەرنا وازی لێ بهێنەو جلەکە دابنێرەوە، کابراش وتی ئەوە تۆ کێیت؟ یوونس وتی یەکێکم لە موسڵمانان، کابرا وتی سوێندت ئەدەم بەخوا تۆ کێیت و ناوت چیە؟ یوونسیش وەڵامی دایەوەو وتی یوونسی کوڕی عوبەیدم، کابرا وتی دەی بەخوا ئێمە کە لە گەرمەی جەنگدا لەگەڵ دوژمندا ڕووبەڕوو دەبینەوەو تەواو زۆرمان بۆ دێت، نزا دەکەیت و دەڵێین: خوایە ئەی پەروەردگاری یوونس ڕزگارمان بکە، یوونسیش سەری سوڕما لەو قسە و چەند جارێ سوبحانەڵای کرد.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج6، ص 289.

193

عەلی کوڕی ئەبی فەزارە دەڵێت: دایکم لە پێ کەوتبوو و ماوەی نزیکەی بیست ساڵ نەیئەتوانی هەستێتەوە سەر پێ، ڕۆژێك دایکم پێی وتم کوڕی شیرینم بڕۆ بۆ لای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و داوای لێ بکە نزایەکم بۆ بکات، منیش چووم بۆ لای، تەقەم دا لە دەرگا، وتی کێیە؟ وتم کەسێکم دایکم ناتوانێت هەستێتەوە سەر پێ و منی ناردووە داوات لێ بکەم نزای بۆ بکەیت، ئەحمەدیش کە ئەو قسەی بیست تەواو تووڕە بوو و بە تووڕەییەوە وتی: ئێمە خۆمان زۆر موحتاجترین بەوەی ئێوە نزامان بۆ بکەن، چونکە پێی ناخۆش بوو وا سەیر بکرێت کە نزای گیرایە، منیش بڕیارم دا بڕۆم، پیرەژنێ هاتە دەرەوەو وتی ئێستا کە من جێمهێشت نزای بۆ دایکت ئەکرد، چوومەوە بۆ ماڵەوەو تەقەم دا لە دەرگا، دایکم خۆی هەستایەوەو دەرگاکەی بۆ کردمەوە.[1]

194

موحەممەدی کوڕی ئەبی حاتەم دەڵێت: ڕۆژێك ڕۆیشتین بۆ تیرهاوێژی، لەوێ دەستمان کرد بە تیرهاوێژی، ویستی خوا وابوو ئەبووعەبدوڵا تیرێکی هاویشت و تیرەکە بەر گوریسی ئەو پردە کەوت کە لەسەر ڕووباری وەرردە بوو، پەتەکەی کرد بە دوو بەشەوە، ئەبووعەبدوڵا کە ئەوەی بینی لەسەر وڵاخەکەی دابەزی و تیرەکەی لە گوریسەکە هێنایە دەرەوەو وازی هێنا لە

1 - سير أعلام النبلاء، ج11، ص 211-212.

تیرهاوێژی و بە ئێمەی وت بگەڕێنەوە، لەگەڵی گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، پێی وتم ئەی ئەبووجەعفەر ئیشێکم پێتە بەڵکو بۆم بکەیت، وتم فەرمانت بەجێیە، وتی ئیشێکی زۆر گرنگە، هاوکات لەگەڵ قسەکەدا هەناسەی قووڵی هەڵئەکێشا، بە چەند کەسێکی تری وت لەگەڵ ئەبووجەعفەر بڕۆن و هاوکاری بکەن، منیش وتم ئیشەکەت چی بوو؟ پێی وتم بەڵێن دەدەیت بۆم جێبەجێ بکەیت؟ وتم بەڵێ، بەسەر سەر و بەسەر چاو، ئەویش وتی دەبێت بچیت بۆ لای خاوەنی ئەو پردەو پێی بڵێیت ئێمە گوریسەکەی تۆمان خراپ کردووە، پێمان خۆشە مۆڵەت بدەیت لەبری ئەو پردە پردێکی ترت بۆ دروست بکەین و تۆیش گەردنمان ئازاد بکەیت، خاوەنی پردەکەش حەمیدی فیربەری بوو، کە چووین بۆ لای، پێی وتین سەلامم بگەیەنە ئەبووعەبدوڵا و پێی بڵێ گەردنت ئازاد بێت، هەروەها پێی بڵێ هەموو ماڵ و سامانم بە فیدات بێت، ئەگەر بڵێم خۆیشم بە فیدات بم درۆ دەکەم، منیش چوومەوەو هەواڵەکەم بۆ بردەوە، کە وەڵامەکەی بیست، دەموچاوی گەشایەوەو خۆشحاڵیەکی زۆری نیشان دا، ئەو ڕۆژە نزیکەی پێنج سەد فەرموودەی بۆ خەڵکی گێڕایەوەو نزیکەی سێ سەد درهەمیشی کرد بە خێر.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج12، ص 443- 444.

195

ساڵێك هاروونەڕەشید حەجی کرد، لە ڕێدا چوو بۆ کووفە، هەموو خەڵك ئامادە بوون تەنها عەبدوڵای کوڕی ئیدریس و عیسای کوڕی یوونس نەبێت، هاروونەڕەشید ئەمین و مەئموونی کوڕی نارد بە شوێن ئەو دوانەدا، عەبدوڵای کوڕی ئیدریسیش ئەمین و مەئموونی دانیشاند و دەستی کرد بە گێڕانەوەی فەرمووودە بۆیان و سەد فەرمووودەی بۆ گێڕانەوە، مەئموون وتی: مامە گیان مۆڵەت دەدەیت بە لەبەر بۆت دووبارە بکەمەوە؟ ئەویش وتی ئادەی، مەئموون دەستی پێکرد و هەمووی وتەوە، عەبدوڵا سەرسام بوو بە توانای لەبەرکردنی مەئموون، ئینجا ئەمین و مەئموون ڕۆیشتن بۆ لای عیسا، ئەویش فەرمووودەی گێڕایەوە بۆیان، مەئموون بڕی دە هەزار درهەمی دانا بۆ عیسا، کەچی ڕازی نەبوو وەریبگرێت و پێی وت لەسەر فەرمووودەی پێغەمبەر (ﷺ) تەنانەت قومە ئاوێکیش قبووڵ ناکەم.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج10، ص 276.

196

ئیبراهیمی مەهدی دەڵێت: رۆژێك لەلای رەشید بووم، بانگی چێشت لێنەرەکەی کرد و پێی وت: ئەرێ لە خواردنەکاندا گۆشتی وشتر هەیە؟ وتی بەڵێ، بە چەندین جۆر هەیە، ئەویش وتی دەی لەگەڵ خواردنەکە بیهێنە، کاتێ هێنرایە بەردەمی، پاروویەکی ئامادە کرد تا بیخوات، کە خستیە دەمی، جەعفەری بەرمەکی پێکەنی، هاروونەڕەشید تیکەکەی دانایەوەو سەیرێکی جەعفەری کرد و وتی بە چی پێئەکەنیت؟ ئەویش وتی هیچ نیە ئەی ئەمیری باوەڕداران، قسەیەکی نێوان خۆم و کەنیزەکەمم بیرکەوتەوە، هاروون وتی سوێندت ئەدەم پێم بڵێ، جەعفەر وتی با ئەو پاروەە بخۆیت، هاروون پاروەکەی دانا و وتی سوێند بە خوا دەبێت پێم بڵێیت، ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران پێت وایە ئەم گۆشتی حوشترە کە بۆت هێنرا چەند کەوتبێت؟ وتی چوار درهەم، جەعفەر وتی بەڵکو چوارسەد هەزار درهەم کەوتووە، هاروون وتی چۆن؟ جەعفەر وتی ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر رۆژێك داوای گۆشتی حوشترت کرد لە چێشت لێنەرەکە، کەچی ئەو رۆژە لای نەبوو، لەو رۆژەوە تا ئێستا رۆژانە ئەو گۆشتە دەکڕدرێت تا جەنابت داوای بکەیت کەچی هەر داوات نەکرد تا ئەمڕۆ، لەو کاتەوە تا ئێستا چوارسەد هەزار درهەم کەوتووە، جا بەوە پێکەنیم ئەو هەمووەی تێچووە کەچی تەنها ئەو پاروەت بەرکەوت و ئەو پاروە بۆ ئەمیری باوەڕداران چوارسەد هەزار درهەم کەوت، هاروونەڕەشید دەستی کرد بە گریان و زۆر خەفەتی پێ خوارد، سەرکۆنەی خۆی دەکرد، کاتی نوێژ هات و چوو بۆ نوێژی نیوەڕۆ و بەرنوێژی کرد و

هاتەوە، هەمدی خەفەت دایگرت و دەستی کرد بە گریان، نوێژی عەسریشی کرد، هاتەوەو هەر لە دڵی دەرنەچووبوو، فەرمانی کرد دوو ملیۆن درهەم ببەخشرێتەوە بەسەر هەژارانی حەرەمی مەککە و مەدینەدا، دوو ملیۆن درهەمیش لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای بەغداد ببەخشرێتەوە، ملیۆنێکیش بەسەر هەژارانی کووفە و بەصرەدا، نوێژی ئێوارەشی کرد، ئینجا چوو بۆ لای ئەبوویووسفی دادوەر، ئەبوویووسف وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران چیە ئەمڕۆ هەر ئەگریایت؟ ئەویش مەسەلەکەی بۆ باسکرد و وتی لەپێناو ئارەزوویەکی مندا چەندە خەرج کراوە؟ ئەبوویووسف بە جەعفەری وت ئەو گۆشتی وشترە خراپ دەبوو یان خەڵکی دەیانخوارد؟ ئەویش وتی بەڵکو خەڵکی دەیخوارد، ئەبوویووسف بە هاروونەرەشیدی وت دەی ئەی ئەمیری باوەڕداران موژدەت لێ بێت، لەسەر ئەو پارەی خەرج کراوەو موسڵمانان ئەو رۆژانە ئەو گۆشتەیان خواردووە خێرت بۆ نووسراوە، خوای گەورە کارئاسانیشی بۆ کردیت بۆ بەخشین، هەروەها هەر لەم رۆژەدا ترسی خوات پێ بەخشرا.[1]

---

1 - البداية والنهاية، ج10، ص 234-235.

## 197

ئەبووعەبدوڵای سەعدی هەندێ جار بۆ هەندێ لە ئیشوکاری دەچوو بۆ شوێنێ لە شاخی صالحیە، جارێ چاوی کەوت بە گۆزەیەك کە پڕ بوو لە دینار، هاوسەرەکەشی لە هەڵکەندنی چاڵەکەدا یارمەتی ئەدا، بڕیاری دا دەستکاری ئەو پارەیە نەکات و گۆزەکەی بردەوە هەمان شوێنی خۆی و چاڵەکەی پڕکردەوەو بە هاوسەرەکەی وت ئەمە فیتنەو تاقیکردنەوەیە، لەوانەیە کەسانێکی شیاو بەو پارەیە هەبن کە ئێمە نەیانناسین، بەڵێنیشی لە ژنەکەی وەرگرت بەسەرهات و شوێنی ئەو پارەیە بە هیچ کەس نەڵێت، ژنەکەشی هەروەك خۆی خواناس و روو لەخوا بوو، هەرچەندە ئەو ژن و مێردە زۆریش هەژار بوون و زۆر پێویستیان بە پارەکە هەبوو، بەڵام وەرعیان کرد و بەکاریان نەهێنا.[1]

## 198

جارێك کەسێك بڕێ شمەك و کاڵای ناردبوو بۆ موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل، هەندێ لە بازرگانەکان هاتن بۆ لای و داوایان لێکرد ئەو کاڵاو شمەکەیان پێ بفرۆشێت بە پێنج هەزار درهەم قازانج، ئەویش وتی جارێ ئەمشەو بڕۆن بزانم چی ئەبێت، بۆ بەیانی چەند بازرگانێکی تر هاتن بۆ لای و داوایان کرد بە دە هەزار درهەم قازانج ئەو کاڵا و شمەکەیان پێ بفرۆشێت، ئیمامی بوخاری وتی نابێت، چونکە من دوێنێ نیەتم هێناوە کاڵا و شمەکەکە

1 - ذيل طبقات الحنابلة، ج4، ص 226.

بدەم بەو کەسانەی تر کە هاتبوون و نامەوێت نیەتەکەم بشکێنم، لەپێناو نیەتەکەیدا پێنج هەزار درهەمی زیاتری وازلێهێنا.[1]

199

عەونەدین ئیبن هوبەیرەی وەزیر دەڵێت: جارێك لەگەڵ چەند پیاوێکی ناوداری ناو یەکێك لە گوندەکان مامەڵەیەکم هەبوو، چوومە شوێنی مەوعیدەکەمان کەچی نەمبینی لەوێ بن، لەوێ دانیشتم و چاوەڕێم کردن تا شەو داهات، سەرکەوتم تا لە شوێنێ بخەوم، دەبینم لەولاوە خەڵکێ خەریکی قسەی هیچ و نابەجێن، وتم ئەرێ ئەمانە کێن؟ وتیان ئەمانە بە ڕۆژ خەریکی ئەوەن مەی ئامادە دەکەن و بە شەویش خەریکی قسەی نابەجێ و مەجلیس گەرم کردنن، منیش وتم سوێند بە خوا لێرە نامێنمەوە، وترا بۆچی؟ وتم ئەترسم سزایەك دابەزێتە خوار بۆیان و منیش لەو بەینەدا پێوە ببم، خۆ ئەگەر سزاکە لەبەرچاو نەبێت و لەناویان نەبات، ئەوە لەناوبردنێکی مەعنەوییان تووش دەبێت و دڵیان رەق دەبێت و یادی خوا لەدەست دەدەن و لەبری یادی خوا خوو دەدەنە گوێگرتن لەو قسە نابەجێیانە.[2]

1 - تاريخ بغداد، ج2، ص 322.
2 - ذيل طبقات الحنابلة، ج2، ص 136.

## 200

طوفەیلی کوڕی ئوبەی کوڕی کەعب دەڵێت: ڕۆژانە بەیانی زوو لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی عومەر دەچووم بۆ بازاڕ، جا ئیبن عومەر لە بازاڕدا نەدەوەستا، دەیدا بە لای هەر دووکاندارێك و خاوەن پیشەیەكدا سەلامی لێدەكرد، تەنانەت كە هەژارێكیشی دەبینی سەلامی لێدەكرد، منیش پێم وت باشە خۆ تۆ هیچ ناكڕیت و هیچ ئیشێكیش ناكەیت لە بازاڕدا و هەواڵی نرخی هیچ شتێكتیش ناپرسیت و لە هیچ مەجلیسێكیشدا دانانیشیت، هیچ نەبێت وەرە لە لایەكەوە دابنیشین كەمێك قسە بكەین، ئیتر بۆچی دێیت بۆ بازاڕ؟! ئەویش پێی وتم ئەی ئەبووبەطن (قەڵەو) ئێمە بەیانیان دێینە بازاڕ لەپێناو سەلامكردندا، بۆیە بە هەر كەسێك گەیشتیت سەلامی لێ بكە.[1]

## 201

موحەممەدی كوڕی یەحیای كەرمانی دەڵێت: ڕۆژێك لەلای ئەبووعەلی كوڕی شاذان بووم، گەنجێ هاتە ژوورەوەو سەلامی كرد، دواتر وتی كامتان ئەبووعەلی كوڕی شاذانە؟ ئێمەش پێمان نیشاندا، گەنجەكە وتی: ئەی مامۆستا من خەوم بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بینی و پێی فەرمووم پرسیاری ئەبووعەلی كوڕی شاذان بكە و ئەگەر چوویت بۆ لای سەلامی منی پێ بگەیەنە، ئینجا گەنجەكە ڕۆیشت، ئەبووعەلی دەستی كرد بە گریان و دواتر وتی: هیچ كارێ شك نابەم بە

1 - حلية الأولياء، ج1، ص 310.

هۆیەوە شیاوی ئەمە بوویم، تەنها ئەوە نەبێت بۆ خوێندنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر خۆڕاگر بوم و زۆر صەلەواتم داوە لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و هەرکات ناوی هاتبێت صەلەواتم لەسە داوە، دوو سێ مانگی بەسەردا تێپەڕ نەبوو ئەبووعەلی وەفاتی کرد.[1]

202

بیشری حافی کە یەکێکە لە پیاوە خواناسەکان، سەرەتا زۆر کەسێکی خواناس نەبوو، جارێك سەیری کرد لە توونی حەمامێکدا پارچەیەك فڕێ دراوە کە ناوی خوای لەسەرە، زۆر ئەوەی لەلا سەخت بوو و پارچەکەی هەڵگرتەوەو بەرزی کردەوەو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوەو وتی: گەورەکەم، ناوی تۆ ئاوا لێرەدا فڕێ بدرێ و شتی بەرکەوێ و پیس بێ؟! خێرا روویکردە بازاڕ و چوو بۆ لای بۆنفرۆشێك و بۆنێکی خۆشی بە درهەمێ کڕی و ئەو پارچەی ژەنیە ناو بۆنەکەو جاون بۆنخۆشی کرد، دواتر پارچەکەی برد لە شوێنێ داینا کە کەس دەستی پێی نەگات، ئیتر ئەوە بوو بە هۆی خێر و بەرەکەت بۆی و خوا دڵی زیندوو راگرت و رێی راستی نیشان دا و بوو بەو زاهید و خواناسەی کە لە مێژوودا باسی هاتووە.[2]

1 - سير أعلام النبلاء، ج17، ص 418.
2 - البداية والنهاية، ج10، ص327.

203

جارێك عەضدودەولە ئەبووبەكری باقەلانی بە نامەیەكەوە نارد بۆ لای پاشای رۆم، ئەبووبەكریش كەوتەڕێ، كە گەیشتە ئەوێ سەیری كرد تەنها لە دەرگایەكەوە دەبێت بچیتەژوورەوە بۆ لای كە دەبێت بچەمیتەوە، باقەلانیش لە مەبەستی پاشا تێگەیشت و زانی مەبەستی ئەو لەوەدایە هەركەس دێتە ژوورەوە بۆ لای وەك كڕنووش بۆ بردن بچێتە ژوورەوە، بۆیە پشتی كردە پاشا و بە پشتا چوویە ژوورەوە، ئینجا لایكردەوە بەولادا و سەلامی كرد، پاشا زانی ئەم كەسە زۆر زیرەكەو چەندە وردەو زانستێكی زۆری پێیە، ڕێزێكی زۆری گرت، ئینجا بڕێ ئامێری مۆسیقایان هێنا بۆ ئەوەی كار بكاتە سەری، ئەویش قاچی خۆی بریندار كرد و خوێنێكی زۆری لێ رۆیشت، بۆ ئەوەی سەرقاڵ بێت بە قاچیەوە، پاشا سەرسام بوو بەو كارەی، ئینجا هەندێ لە قەشەكان هاتن و كەوتنە پرسیاركردن لێی، ئەویش وەڵامی دروستی دەدانەوە.[1]

204

عەبدولقادری گەیلانی كاتێك ویستی بچێت بۆ بەغداد، چوو راوێژی كرد بە دایكی، دایكیشی دەستی كرد بە گریانو خەفەت دایگرت، چونكە كوڕەكەی لێی دوردەكەوتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەپێناو وەرگرتنی زانستدا بوو، مۆڵەتی دا بە كوڕەكەی تا بڕوات.دایكی هەشتا دیناری هەبوو، ئەوە هەموو داهاتێكیماڵیان بوو، هەمووی دا بە عەبدولقادری كوڕی تا لەگەڵ خۆی بیبات و بەشی خەرجی

1 - البداية والنهاية، ج11، ص 403.

ماوەیەکی بکات، بەلام عەبدولقادر تەنها نیوەی ئەو پارەی برد و ئەوی تری جێهێشت، ئەو کاتەی عەبدولقادر لەگەڵ کاروانەکەدا کەوتەڕێ، دایکی بانگی کرد و کۆتا ئامۆژگاری خۆی بۆ کرد و وتی: رۆڵە گیان وریابە هەرگیز درۆ نەکەیت، چونکە کەسی باوەڕدار درۆ ناکات، کوڕە شیرینەکەم هەمیشە راستگۆ بە چونکە من وا پەروەردەم کردویت و هیوام وایە هەمیشە راستگۆ بیت.

لە نیوەی رێدا کۆمەڵێکی چەتە و رێگر هاتنە رێی کاروانەکەو کەوتنە بردنی شمەکی خەڵکەکە، کاتێك دزەکان بۆ کەلوپەل و پارەی خەڵکەکە دەگەڕان، یەکێك لە دزەکان بە عەبدولقادری وت ئەرێ تۆ هیچ پارەت پێیە؟ عەبدولقادر وتی بەڵی، چل دینارم پێیە، دزەکە بڕوای نەکرد، چونکە هەموان دەیانویست شتەکانی خۆیان بشارنەوە، کەچی ئەم گەنجە شتەکەی خۆی نەدەشاردەوە، بۆیە دووبارە پرسیاری لێکرد، ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی بەڵێ چل دینارم پێیە، دزەکە سەری سوڕما و عەبدولقادری برد بۆ لای گەورەو سەرکردەکەیان و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، سەرکردەی دزەکان بە عەبدولقادری وت بۆچی راستیت وت و پارەکەی خۆتت ئاشکرا کرد؟ ئەویش وتی ئاخۆ دایکم ئامۆژگاری کردوم هەرگیز درۆ نەکەم چونکە کەسی بڕوادار هەرگیز درۆ ناکات، سەرکردەکە زۆر سەرسام بوو و دەستی کرد بە گریان، وتی رۆڵە گیان تۆ تەنها لەبەر ئامۆژگاریەکی دایکت درۆ ناکەیت، کەچی ئێمە چەند ساڵە فەرمانی خوامان پشتگوێ خستووە و دزی دەکەین، دەی تۆ شاهید بە وا من تەوبەم کرد و واز

دێنم لە دزی و خراپە، ئینجا هاوڕێ دزەکانی تریشی تەوبەیان کرد و هەرچییان بردبوو هەموویان گێڕایەوە.[1]

205

باوکی عەبدولّای کوڕی موبارەك سەرەتا خزمەتکارێ بوو، خزمەتکاری کابرایەکی بازرگان بوو، ئەم خزمەتکارە هەژارە کەسێکی زۆر خواناس بوو و پەرستشی زۆر زۆر بوو، جا کابرای دەوڵەمەند باخێکی هەبوو کە موبارەك سەرپەرشتی دەکرد، جارێك کابرا هات و داوای هەنارێکی شیرینی کرد تا موبارەك بۆی لێبکاتەوە، ئەویش چوو هەنارێکی بۆ هێنا، کەچی هەنارەکە ترش بوو، کابرا تووڕە بوو و وتی من داوای هەناری شیرین دەکەم و تۆیش هەناری ترشم بۆ دێنیت؟ موبارەك دوو جاری تر هەناری بۆ هێنا هەر ترش بوو، کابرا وتی یانی تۆ هەناری ترش و شیرینی ئەم باخە ناناسیتەوە؟ ئەویش وتی نا، کابرا وتی بۆچی؟ موبارەك وتی من تا ئێستا هیچم لە هەناری ئەم باخە نەخواردووە تا بزانم کامیان شیرین و کامیان ترشە، کابرا وتی ئەی بۆچی نەتخواردووە؟ ئەویش وتی ئاخۆ تۆ مۆڵەتت پێ نەداوم لێی بخۆم، کابرای خاوەن باخ بە رەوشت بەرزی و پاکی موبارەك سەرسام بوو، جا کچێکی هەبوو کە داواکاری زۆر زۆر بوو، کابرا بە موبارەکی وت بۆچی ئەم کچەم بە هاوسەر

1 - عبدالرحمن الصفوري: نزهة المجالس و منتخب النفائس، ج1، ص 145.

ناگریت؟ موبارەکیش بە هاوسەری گرت، دواتر لە ساڵی سەد و هەژدەی کۆچیدا خوای گەورە منداڵێکی پێ بەخشین بە ناوی عەبدوڵا.[1]

206

پرسیار کرا لە ئەبووعوثمان ئەرێ چ کارێکت زۆر هیوات پێ هەیە؟ ئەویش وتی: تازە پێگەیشتبووم، کەسوکارم دەیانویست ژن بهێنم و منیش رازی نەبووم، جارێ ئافرەتێ هات بۆ لام و پێی وتم هێندە خۆشەویستی تۆ چووەتە دڵمەوە کە خەو و خۆراکی لێ حەرام کردووم، سوێندت ئەدەم بەو خوایەی دڵەکان ئەگۆڕێت و تەوەسولت پێ دەکەم بێیت و بە هاوسەرم بگریت، منیش وتم باشە باوکت ماوە؟ وتی بەڵێ، خێرا چووم و بەهاوسەرم گرت، جا شەوی گواستنەوە کە بینیم، دەبینم زۆر زۆر ناشیرینە، وتم خوایە سوپاس بۆ تۆ لەسەر ئەو قەدەرەی بۆت نووسیوم، کەسوکارەکەم کە ئەوەیان زانی کەوتنە سەرکۆنەکردنم بۆچی بەهاوسەرم گرتووە، بەڵام من هەر چاکەی زیاترم لەگەڵ دەکرد و رێزگرتنم بۆی زیاتر دەبوو کەمتر نەدەبوو، تەنانەت هەندێ جار بە هۆی ئەوەوە لە برێ مەجلیس دوادەکەوتم و ئیشەکانم دەفەوتان، هەندێ جار ئەتوت لەسەر پشکۆ دانیشتوم، بەڵام نەمدەهێشت هاوسەرەکەم هیچ هەستی

1 - وفيات الأعيان، ج3، ص 32.

پێ بکات، ماوەی پانزە ساڵ ئاوا ژیام، جا هیچ شتێ نیە هێندەی ئەوە چاوەڕێی پاداشت بم لەسەری کە هەوڵم دا دڵی ئەو هاوسەرەم راگرم.[1]

## 207

عەبباسی کینانی دەڵێت: رۆژێك لەگەڵ شێخ عیمادەدینی مەقدیسیدا دەرۆیشتین بۆ خوانێك کە بانگهێشت کرابووین، لە نیوەی رێدا پیاوێکی نابینامان بینی کە سواڵی دەکرد، داوای کرد عیمادەدین هاوکاری بکات و نەیشیناسی، عیمادەدین بە کابرای وت وەرە لەگەڵ ئێمە، کابرا کە بینی وا خوڵك ئەکرێت و لەگەڵ ئێمە دێت، شەرم دایگرت و زۆر تەریق بوویەوە، چونکە تەنها ئەویش سواڵی دەکرد لەنێوماندا، هەموان پێکەوە بەڕێکەوتین، جا کە چووینە ئەوێ بۆ ماڵەکە، شێخ عیمادەدین هەوڵی دا شتێك بکات شەرم و تەریقی ئەو سواڵکەرە نەهێڵێت، لای سواڵکەرەکە دانیشت و وەك ئەو خۆی نیشاندا و وتی فڵانەکەس ئێمە هەموومان سواڵکەرین، بەردەوام هەموومانی بە سواڵکەر ناوئەبرد تا کابرا ئەو تەریقیەی نەما.[2]

1 - البداية والنهاية، ج11، ص 129-130.

2 - ذيل طبقات الحنابلة، ج3، ص 205.

208

جارێك کابرایەکی بازرگان هات بۆ لای ئیبن تەیمیەو سکاڵای حاڵی خۆی لەلا کرد کە سەرکردە قوطلوبەگ شتێکی ئەمی لەلایە و بە هیچ جۆرێ نایداتەوە، تکای لە ئیبن تەیمیە کرد هەرچۆنێك بێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، شەیخولئیسلامیش بڕیاری دا خۆی بچێت بۆ لای قوطلوبەگ، هاودەم بە خاوەن مافەکە چوو بۆ لای و داوای لێکرد مافی کابرا بداتەوە، ئەویش ویستی هەم سووکایەتیەك بکات بە ئیبن تەیمیەو هەم وای لێ بکات پەشیمان بێت لە هاتنەکەی، پێی وت ئەگەر ئەمیرت لەبەردەگای ماڵی زانادا بینی ئەوە هەم ئەمیرەکە چاکەو هەم زاناکەش، ئەگەریش زانات بینی لەبەردەرگای ئەمیردا، ئەوە هەم ئەمیرەکە خراپە و هەم زاناکەش زانایەکی خراپە، ئیبن تەیمیەش پێی وت وانیە، فیرعەون لە تۆ بێزراو و ناجۆرتر بوو و مووساش لە من زۆر باشتر بوو، مووسا هەموو رۆژێ دەچوو بۆ بەردەرگای فیرعەون و فەرمانی پێدەکرد ئیمان بهێنێت، منیش فەرمانت پێ دەکەم مافی ئەم کابرایە بدەیتەوە، قوطلوبەگیش هیچی بۆ نەمایەوەو بە گوێی ئیبن تەیمیەی کرد و مافی کابرای دایەوە.[1]

1 - الدرر الكامنة، ج4، ص 296.

209

عوبەیدوڵای قەواریری دەڵێت: بە بەردەوامی نوێژی عیشام بە جەماعەت دەکرد و نەمدەهێشت هیچ کات نوێژی جەماعەتم بفەوتێت، جارێك وا رێککەوت میوانێکم هات و سەرقاڵ بووم بە میوانەکەوە، دوایی بە پەلە کەوتمەڕێ تا فریای جەماعەت بکەوم، کەچی کە گەیشتمە ئەوێ دەبینم خەڵکی نوێژیان کردووە، لە دەروونی خۆمدا وتم پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی نوێژی جەماعەت فەزڵی زیاترە لە بیست و یەك یان بیست و پێنج یان بیست و حەوت نوێژی کەسێ بە تەنها بیکات، خێرا چوومەوە بۆ ماڵەوە، بیست و حەوت جار نوێژی عیشام کرد، دواتر راکشام و خەوم لێکەوت، خەوم بینی لەگەڵ برێ سوارەدا بووم، ئەسپەکانی ئەوان پێش ئەسپەکەی من کەوتبوون، هەرچەندە غارم دەدا تا پێیان بگەمەوە کەچی پێیان نەئەگەیشتمەوە، کۆتا سواریان لایەکی کردەوە بە لامدا و پێی وتم: خۆت ماندوو مەکە، ناگەیتەوە پێمان، منیش وتم بۆچی؟ ئەویش وتی چونکە ئێمە نوێژی عیشامان بە جەماعەت کردووە.[1]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج11، ص 444.

## 210

جارێك كابرایەك لە بەنی عەبەس داوای لە سەلمانی فارسی كرد دەرفەتی بدات هاودەمی بكات بۆ ئەوەی زانستی لێوە فێر بێت، ئەویش دەرفەتی پێدا، هەرچی ئەكرد نەیئەتوانی شتێ بكات چاكتر لە سەلمانی فارسی، ئەگەر هەویری بشێلایە، سەلمان دەهات و نانی دەكرد، ئەگەر كابرا ئالفی بۆ ئاژەڵەكان ئامادە بكردایە، سەلمان دەچوو ئاوی دەدان، دواجار گەیشتنە لای رووباری دیجلە، سەمان بە كابرای وت دابەزەو بخۆرەوە، ئەویش دابەزی و ئاوی خواردەوە، سەلمان وتی زیاتر، كابراش زیاتری خواردەوە، ئینجا سەلمان پێی وت بەو ئاو خواردنەوەت چەندت لە ئاوی ئەو رووبارە كەمكردەوە؟ كابراش وتی بڕوا ناكەم هیچم لێ كەم كردبێتەوە، سەلمانی فارسی وتی: دەی زانستیش وایە، لێی وەردەگریت و كەم ناكات، بۆیە ئەوەی لە زانستدا سوودت پێدەگەیەنێت ئەوە وەربگرە.[1]

## 211

موحەممەدی كوڕی قاسم دەڵێت: زیاد لە بیست ساڵ هاوەڵی موحەممەدی كوڕی ئەسلەم بووم، زۆر چاوم لەسەری بوو، كەچی نەمبینی جارێ چوون جاران نوێژی سوننەت بكات، تەنها لە رۆژی هەینیدا نەبێت كە دوو ركات نوێژی سوننەتی دەكرد، ئەوەش نەبوو سوننەتەكان نەكات، بەڵكو هەوڵی دەدا كەس

1 - صفة الصفوة، ج1، ص 207.

نەیبینێت کاتێ نوێژی سوننەت دەکات، جارێ گوێم لێی بوو دەیوت: سوێند بە خوا ئەگەر بمتوانیایە لە کاتی نوێژی سوننەتدا وا بیکەم دوو فریشتەکەش نەمبینن وامدەکرد، تەنها لە ترسی رووپامابییش ئەوەم دەکرد، جار هەبوو دەچوویە ژوورەوەو دەرگای دادەخست و کەس نەیدەزانی چی ئەکات، هەتا جارێ گوێم لە کوڕێکی بچووکی بوو باسی ئەوەی دەکرد باوکی لە ژوورەوە دەگری، دایکی گلەیی زۆری لێی هەبوو، منیش وتم بۆچی؟ ئەویش وتی: ئەبولحەسەن دەچێتە ئەو ماڵەو دەست دەکات بە قورئان خوێندن و ئەگری، ئەو منداڵەش دەیبیستێ و دێت دەیگێڕێتەوە، کاتێکیش دەیەوێت بێتە دەرەوە، دەموچاوی ئەشوات و کل ئەکات بۆ ئەوەی شوێنەواری گریانەکەی پێوە دیار نەبێت، کە خێر دەکات و شتێ دەنێرێت بۆ هەژارێ، بە کابرا دەڵێت سوێندت ئەدەم نەڵێیت هی کێیە و با کەس نەزانێت هی منە.[1]

## 212

جارێك سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك چوو بۆ حەج، داوای کرد کەسێکی فیقهناسی بۆ بهێنن هەتا سەبارەت بە هەندێ رێوڕەسمی پەرستش پرسیاری لێ بکات، پەردەدارەکەشی چوویە دەرەوەو بۆ کەسێ بگەڕێ، لەو کاتەدا طاووسی یەمانی بەو ناوەدا تێپەڕ بوو، خەڵکەکە وتیان ئەوە طاووسی یەمانیە، پەردەدارەکە وتی وەرە و وەڵامی ئەمیری باوەڕداران بدەرەوە، ئەویش وتی واز

1 - سير أعلام النبلاء، ج12، ص 200-201.

لە من بێنە و برۆ بۆ لای کەسێکی تر، بەڵام پەردەدارەکە وازی لێ نەهێنا و بردی بۆ لای سولەیمان، طاووس دەڵێت: کە چوومە بەردەمی لە دەروونی خۆمدا وتم خوای گەورە لەسەر ئەم شوێن و هەڵوێستە لێم دەپرسێتەوە، ئینجا وتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران بەردێ لە کەنار چاڵێکی ناو دۆزەخدا هەبوو، بەردرایەوە ناوی و حەفتا پاییز ئینجا کەوتە بنەکەی، دەزانیت خوا ئەو چاڵەی بۆ کێ ئامادە کردووە؟ وتی نا، ماڵوێران خوا بۆ کێی ئامادە کردووە؟ وتم: بۆ هەر کەسێ خوا بەشە دەسەڵاتی پێ دابێت کەچی ستەمی پێ بکات، سولەیمانیش زۆر پێی بێتاقەت و خەمبار بوو و بۆی داچوو.[1]

## 213

جارێك موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل (ئیمامی بوخاری) بانگهێشت کرا بۆ باخی یەکێك لە هاوڕێکانی، ئەویش ڕۆیشت و بەشداری کرد، جا کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات و ئیمامی بوخاری بەرنوێژی کرد بۆ خەڵکەکە، دوای ئەوە هەستا و نوێژی سوننەتی کرد، نوێژەکەی زۆر درێژ کردەوە، دواتر کە لە نوێژەکەی بوویەوە، چمکی جلەکەی بەرزکردەوەو دواتر بە یەکێ لەوانەی دەوری وت ئەرێ بزانە لە ژێر جلەکەمەوە هیچ دەبینی؟ ئەویش کە سەیری کرد دەبینێت زەردەواڵەیەکەو لە شانزە یان حەڤدە شوێنەوە پێوەی داوە، شوێنەکەی تەواو ئاوسا بوو، یەکێك لەوانەی لەوێ ئامادە بوو پێی وت: باشە بۆچی کە یەکەمجار

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج5، ص 42.

پێوەی دایت نوێژەکەت نەبڕی؟ ئەویش وتی: ئاخۆ لە سوورەتێکدا بووم حەزم کرد تەواوی بکەم.[1]

## 214

ئیبن ئەبی وداعە دەڵێت: من زۆر جار دەچوومە مەجلیسی سەعیدی کوڕی موسەیب، جا چەند رۆژێ ئامادە نەبووم و ئەویش هەواڵی منی پرسیبوو، کە چووم بۆ لای، وتی ئەرێ لە کوێ بوویت؟ وتم هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کرد و سەرقاڵی ئەوە بووم، وتی دەی با پێت بوتینایە ئامادەی نوێژلەسەرکردن و سەرقەبرانی بووینایە، دوای کەمێك وتی ئەی ئافرەتی ترت دیاری کردووە؟ منیش وتم: رەحمەتی خوات لێ بێت، کێ کچ بە من ئەدات لە کاتێکدا تەنها دوو سێ درهەمم هەیە؟! سەعید وتی من، وتم جا شتی وا دەکەیت؟ وتی بەڵێ، ئەوەبوو لەسەر دوو یان سێ درهەم کچەکەی خۆی لێ مارە کردم، لە خۆشیدا نەمدەزانی چی بکەم، گەڕامەوە ماڵەوەو دواتر بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم و چی نەکەم، نوێژی ئێوارەم کرد و هەمدی رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، هەر خۆم بووم و بە رۆژووش بووم، نانم هێنا تا بەربانگ بکەمەوە، نانەکەشم تەنها زەیت و نان بوو، تەقە درا لە دەرگا، وتم کێیە؟ وتی سەعیدم، بیرم کردەوە چ سەعیدێ بێ، هەرچی سەعید ناو هەیە هات بە خەیاڵمدا تەنها سەعیدی کوڕی موسەیب نەبێت، چونکە چل ساڵی رێك تەنها لەنێوان ماڵی خۆی و مزگەوتدا بینرابوو، چوومەدەرەوە دەبینم سەعیدە، سەرم سوڕما و وتم ئەی ئەبوومحەممەد با بتناردایە بە شوێنما من

1- تأريخ بغداد، ج2، ص 322.

دەهاتم بۆ لات، ئەویش وتی نا، دەبێت ئێمە بێین بۆ لات، تۆ پیاوێکی تەنها و رەبەنیت، ئینجا کە ژنت مارە کردووە پێم باش نەبوو ئەمشەو خۆت تەنها بیت، ئەوە ژنەکەت، دەبینم کچەکەی لە پشتیەوەیەتی، دەستی گرت و هێنای تا ئەودیو دەرگا و خۆی چوویەوە ئەودیو، کچەکە لە شەرمدا کەوتە سەر زەوی، منیش دەرگاکەم توند پێوەدا بۆ ئەوەی باوکی نەیبینێت وا کەوتووە، دوایی دەبینم دراوسێکان هاتن بۆ لام و وتیان چی بووە؟ منیش بۆم باسکردن چی روویداوە، دایکم هەواڵەکەی بیست و هات و وتی چاوم بە چاوت نەکەوێ ئەگەر دەستی لێ بدەیت هەتا سێ رۆژ خەریکی نەبم و خزمەتی نەکەم، منیش سێ رۆژ وەستام و دوای ئەوە چووم بۆ لای، دەبینم یەکێك لە هەرە جوانترینی ئافرەتەکانە و لە هەموان جوانتر قورئانی لەبەرکردووە و زۆر زۆر شارەزایە بە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و زۆر بە چاکی مافی پیاو دەزانێ، ماوەی یەك مانگ نەچووم بۆ لای سەعیدی کوڕی موسەیب، دواتر چووم بۆ لای دەبینم خەریکی وانەوتنەوەیە، سەلامم کرد و ئەویش وەڵامی دامەوەو هیچی لەگەڵ نەوتم تا مەجلیسەکە تەواو بوو، دواتر کە تەنها خۆم و خۆی ماینەوە پێی وتم هەواڵی ئەو کەسە چۆنە کە لاتە؟ وتم زۆر زۆر باشە ئەی ئەبوومحەممەد، بەوجۆرەیە کە دۆست حەزی پێیە و دوژمن پێی ناخۆشە، ئینجا رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، دەبینم بیست هەزار درهەمیشی بۆ ناردووم.[1]

1 - سير أعلام النبلاء، ج4، ص 233-234.

215

فەرەجی کوڕی فضالە کە لە سەردەمی خیلافەتی هاروونەرەشیددا بەرپرسی بەیتولمال بوو لە بەغداد، لە سەردەمی ئەبووجەعفەری مەنصووردا رۆژێ ئامادەی مەجلیسی خەلیفە بوو لە کۆشکدا، کە خەلیفە هاتە ژوورەوە هەموان لەبەری هەستان تەنها ئەو نەبێت، ئەبووجەعفەر بەو هەڵوێستەی بێتاقەت بوو و تووڕەیی دایگرت و پێی وت باشە هەموان هەستان بۆچی تۆ هەڵنەسایت و خۆت جیا کردەوە؟ ئەویش وتی: ترسم هەبوو لە رۆژی دواییدا خوای گەورە لەسەر ئەمە هەم لە من بپرسێتەوەو هەم لە تۆش بپرسێتەوەو بفەرموێت بۆچی بەوە رازی بوویت لەبەرت هەستن، لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) حەزی نەکردووە خەڵك لەبەری هەستێ، مەنصوور سەرسام بوو بە هەڵوێستەکەی و خۆی پێ نەگیرا و دایە پرمەی گریان، ئینجا فەرەجی لە خۆی نزیك کردەوەو چی پێویستیەکی هەبوو هەمووی بۆ جێبەجێ کرد.[1]

1 - البداية و النهاية، ج10، ص 183.

## 216

جارێك كابرایەك هات بۆ لای یوونسی كوڕی عوبەید و سكاڵای نەبوونی و هەژاری خۆی كرد و زۆر خەفەتی پێ دەخوارد، یوونس پێی وت باشە ئامادەیت بیناییت لەدەست بدەیت و سەد هەزارت پێ بدرێت؟ كابرا وتی نا، وتی ئەی ئامادەیت بیستنت لەدەست بدەیت و سەد هەزارت پێ بدرێت؟ كابرا وتی نا، وتی ئەی ئامادەیت زمانت لەدەست بدەیت و سەد هەزارت پێ بدرێت؟ كابرا وتی نا، یوونس وتی ئەی ئامادەیت عەقڵت لەدەست بدەیت و سەد هەزارت پێ بدرێت؟ كابرا وتی نا، یوونس چەندین شتی تری بۆ ژمارد، ئینجا بە كابرای وت دەبینم سەدان هەزارت هەیە، كەچی هێشتا سكاڵای حاڵی نەبوونی دەكەیت؟![1]

## 217

حامیدی ئەسوەد دەڵێت: لەگەڵ ئیبراهیمی خەواص لە سەفەرێكدا بووم، شەومان بەسەردا هات و لە لایەك لاماندا، ئاژەڵی دڕندە گەمارۆیان داین، ترس دایگرتم و خۆم بۆ رانەگیرا و سەر درەختێ كەوتم، ئینجا بیری ئیبراهیمم كەوتەوەو سەیرم كرد لەسەر پشت راكشاوە، ئاژەڵە دڕندەكان دەورەیان دابوو و هەر لە سەریەوە هەتا نووكەپێی دەیانلێسایەوە، كەچی هیچ خۆی تێكنەئەدا، سەرم سوڕما لە چاونەترسیەكەی، رۆژ بوویەوەو چووینە شوێنێكی تر و لە مزگەوتێ ماینەوە، بینیم مێشوولەیەك نیشت بە دەموچاویەوەو قەپی لێگرت،

1 - سير أعلام النبلاء، ج6، ص 292.

ئیبراهیم ئاخێکی کرد، سەرم سوڕما لەو هەڵوێستەی دوێنێ شەوی و ئەم هەڵوێستەی ئێستای، پێم وت ئەی ئەبووئیسحاق ئەمەت لە چی و ئەوەی دوێنێ شەوت لە چی؟ ئەویش وتی: ئاخۆ ئەوەی شەو لەگەڵ خوادا بووم (یادی خوام ئەکرد)، بەڵام ئەمەیان حاڵی ئاسایی خۆم بوو.[1]

## 218

جارێك فەضلی کوڕی ڕەبیع لای هاروونەڕەشید بوو، وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران وەك خۆت فەرمانت دابوو ئیبن سماکم بۆ هێناویت، ئەویش وتی ئادەی بیکەرە ژوورەوە، ئیبن سماك هاتە ژوورەوە، هاروونەڕەشید وتی ئامۆژگاریم بکە، ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران لەو خوایە بترسە کە تاك و تەنهایەو هیچ هاوەڵێکی نیە، چاك بزانە سبەی دەچیتەوە بەردەستی خوا و تەنها دوو ڕێگەت لەبەرە و ڕێی سێیەمت بۆ نیە، یان بەهەشت، یان دۆزەخ، هاروونەرەشیدیش دەستی کرد بە گریان، هێندە گریا تا ریشی تەڕ بوو، فەضل روویکرد ئیبن سماك و پێی وت سوبحانەڵا بۆ کەس رووی هەیە گومان بەوە ببات کە ئەمیری باوەڕداران پشت بە خوا بەرەو بەهەشت دەچێت، چونکە فەرمانی خوا بەجێدەگەیەنێ و لەناو بەندەکانی خواشدا دادپەرەوەو چاکەشی زۆرە، ئیبن سماك هیچ گرنگی نەدا بە قسەکەی و هەر لایشی نەکردەوە بە لایدا، ئینجا سەیری هاروونەرەشیدی کرد و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران سوێند بە

1 - صفة الصفوة، ج2، ص 298.

خوا ئائەمە (واتە فەضل) لەو رۆژەدا نە لەلاتەو نە لەگەڵتە، جا لە خوا بترسەو چاك بڕوانە خۆت، هارون هێندە گریا هەتا هەموان هەستیان بۆی بزوا، فەضلیش ورتەی لێ بڕا و تا مەجلیسەکە تەواو بوو یەك قسەی تری نەکرد.[1]

## 219

طاووس دەڵێت: جارێك لە مەککە بووم کە حەججاج ناردی بە شوێنمدا، منیش چووم بۆ لای، کە گەیشتمە ئەوێ، لە پاڵ خۆیدا داینیشاندم و شوێنی گونجاوی بۆ دانام، لەو کاتەدا گوێی لە کەسێك بوو بە دەوری کەعبەدا تەواف دەکرد و تەلبیەی دەکرد، حەججاج وتی ئادەی ئەو کەسەم بۆ بانگ بکەن، کابرا هات، حەججاج وتی ئەرێ تۆ لە کامانەیت؟ مەبەستی ئەوە بوو خەڵکی کوێیت؟ کابرا وتی لە موسڵمانانم، حەججاج وتی پرسیاری موسڵمانێتیم لێ نەکردیت، کابرا وتی ئەی پرسیاری چیت کرد؟ حەججاج وتی خەڵکی کوێیت؟ کابرا وتی خەڵکی یەمەنم، حەججاج وتی موحەممەدی کوڕی یووسف چۆن کەسێکە؟ موحەممەد برای حەججاج بوو، ئەویش وەسفی کرد کە جلوبەرگی جوان و ئەسپ و سوار و دیکۆرێکی چاکی هەیە، حەججاج وتی لەو بارەوە پرسیارم لێ نەکردیت، کابرا وتی ئەی سەبارەت بە چی؟ وتی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکدا، کابرا وتی زۆر ستەمکار و خراپەو فەرمانی بەندە جێبەجێ دەکات و لە فەرمانی خوا دەردەچێت، حەججاج وتی باشە خۆ تۆ

1 - تاريخ الطبري، ج5، ص 22.

ئەزانیت ئەو چی منە، ئیتر بۆچی ئاوا باست کرد؟ کابرا وتی بۆ پێت وایە پلەو پایەی ئەو لای تۆ گرنگترە لە پلەوپایەی من لای خوا، جا وا من هاتوم بۆ ماڵەکەی خوا و بڕوام بە پێغەمبەرەکەی هەیە، ئیتر ترسی چیم هەبێ، حەججاج بە وەڵامەکەی تاسا و هیچی نەوت، کابراش بێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرێت هەستا و ڕۆیشت.[1]

## 220

ئیبن طاووس دەڵێت: من هەموو جارێ کە لەگەڵ باوکم قسەم ئەکرد، ئەموت باوکە گیان حەق وایە ئیتر دژی دەسەڵات هەستیت و چۆکی پێ دابدەیت، ئیتر ئەم وەزعە قبووڵ نەکەیت، ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو تا جارێ ڕۆیشتین بۆ حەج، لە نیوەی ڕێدا لە یەکێ لە گوندەکاندا لاماندا و کاربەدەستێکی موحەممەدی کوڕی یووسف یان ئەییووبی کوڕی یەحیا لەوێ بەرپرس بوو کە پێی دەوترا ئیبن نەجیح، یەکێك بوو لە خراپترین و پیسترینی کاربەدەستەکانیان، لە مزگەوتدا نوێژی بەیانیمان کرد، ئیبن نەجیح هەواڵی بیستبوو کە طاووسی باوکم لەوێیە، هات و لەبەردەم باوکمدا دانیشت و سەلامی لێکرد، باوکیشم وەڵامی نەدایەوە، ئیبن نەجیح قسەی لەگەڵ باوکم دەکرد و باوکیشم ڕووی وەردەچەرخاند، ئیبن نەجیح ئینجا هەستا و چوو لەو لاوە لە بەرامبەری دانیشت، باوکم هەمتر ڕووی لێ وەرچەرخاند، منیش کە بینیم

---

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج7، ص 116.

وەزعەکە چۆنە، هەستام و دەستیم گرت و پێم وت ئەوە ئەبووعەبدوڕەحمان نەیناسیت، ئەویش وتی با چاك منی ناسی، بەڵکو ناسینەکەی وایکرد ئاوام لەگەڵ بکات، ئینجا کە رۆیشتینەوە باوکم سەیرێکی کردم و پێی وتم هەی گەمژە، خۆ تۆ پێشتر بانگەشەی ئەوەت دەکرد شمشێریان لە دژ هەڵگریت، کەچی نەتتوانی لە بەردەمیاندا تەنها زمانت بگریتەوە.[1]

221

لە سەردەمی هاروونەڕەشیددا رۆمەکان بڕێ ئافرەتی موسڵمانیان بەدیل گرتبوون، ئەو هەواڵە گەیشتەوە شاری رەققە و هاروونەرەشیدیش لەوێ بوو، جا بە مەنصووری کوڕی عەممار وترا: خۆزگە لە خزمەت ئەمیری باوەڕداراندا مەجلیسێکت ساز دەدا و تیایدا خەڵکت هاندەدا بۆ جیهاد، ئەویش بە پێشنیارەکە رازی بوو و کەوتە باسکردنی فەزڵ و گەورەیی جیهاد، لەو سەروبەندەدا پارچەیەك فڕێ درایە بەردەم مەنصوور، سەیر کرا نامەیەکی تێدایە و پرچی براوی ئافرەتی پێوەیە، لە نامەکەدا نووسرابوو: من ئافرەتێکم و بیستوومە کە رۆمەکان چی دەکەن بە ئافرەتە موسڵمانەکان و هاندانەکەی تۆیشم بیست کە خەڵکت گەرم دەکرد بۆ جیهاد، بە بەهاترین شتی جەستەی خۆم ئەم دوو پرچەم بوون هەردووکیانم پێچایەوە بەم پارچەوە و سوێندت دەدەم بە خوا بۆ قەیدی ئەسپێکی رێی جیهاد بەکاریان بهێنیت لە رێی خوادا،

1 - حلية الاولياء، ج 4، ص 16.

بەڵکو خوای گەورە بە هۆی ئەمەوە رەحمێکم پێ بکات، مەنصوور دەستی کرد بە گریان و خەڵکەکەش هەموو گریان، ئینجا هاروونەرەشید فەرمانی کرد جاڕی دەرچوون بۆ جیهاد بدرێت و خۆی سەرکردایەتی هێرشەکەی کرد و شکستێکی گەورەی تووشی رۆمەکان کرد.[1]

## 222

عوثمانی کوڕی عەطائی خوراسانی دەڵێت: هاودەم بە باوکم کەوتینەڕێ تا بچین بۆ لای هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك، کە نزیك بوینەوە، پیاوێکی رەش پێستمان بینی کە جلێکی ناشیرین و شڕۆڵ و دیمەنێکی زۆر هەژارانەو نالەباری هەبوو، پێڵاوەکانی لە تەختە بوون، پێکەنیم و بە باوکم وت ئەم دەشتەکیە کێیە؟ ئەویش وتی بێدەنگ بە، ئەوە گەورەی فیقهزانانی حیجازە، ئەوە عەطائی کوڕی ئەبی رباحە، کە نزیك بوویەوە هەردووکیان دابەزین و دەستیان کردە ملی یەك و هەواڵی یەکتریان پرسی، دواتر پێکەوە چوون تا گەیشتنە بەردەرگای هیشام، چوونە ژوورەوەو دوای ماوەیەك هاتنە دەرەوە، کە هاتنەوە، بە باوکم وت پێم بڵێ چیتان کرد: ئەویش وتی کاتێ بە هیشام وتر عەطائی کوڕی رباح لەبەردەرگایە، خێرا وتی بیکەنە ژوورەوە، بەخوا منیش لەبەر ئەو کرامە ژوورەوە، هیشام کە ئەوی بینی وتی مەرحەبا مەرحەبا، وەرە ئێرە، هێندە نزیکی کردەوە لە خۆی تا ئەژنۆیان نووسا بە یەکەوە، خەڵکانێ

---

1 - صفة الصفوة، ج2، ص 363.

لەویێ بوون قسەیان دەکرد، هەموویان بێدەنگ بوون، هیشام وتی ئەی ئەبوومحەممەد پێویستیت چیە؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران خەڵکی مەککەو مەدینە ئەهلی خوان و دراوسێی پێغەمبەری خوان، با بەخشش و رۆزییان لەنێویاندا دابەش بکرێ، ئەویش وتی بەڵێ، بە کەسێکی وت ئادەی دوو بەخشش و رۆزی و مووچەی یەك ساڵ بنووسە بۆ خەڵکی مەدینە و مەککە، ئینجا وتی پێویستیەکی ترت نیە؟ وتی با ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئینجا داوای مافی خەڵکی حیجاز و نەجد و سەنگەرنشینانی سەر سنوورەکانی کرد، دوای ئەوەش داوای مافی ئەهلی زیممەی کرد، هیشامیش لە هەموویاندا بە گوێی دەکرد، پاشان هیشام وتی ئەی ئەبوومحەممەد پێویستیەکی ترت نیە؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران سەبارەت بە خۆت لە خوا بترسە، چونکە بە تەنها دروست کراویت و بە تەنهاش دەمریت و بە تەنهاش زیندوو دەکرێیتەوەو بە تەنهاش لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکرێت، سوێند بە خوا ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانبینیت هیچیان لەگەڵت نابن، هیشام دەستی کرد بە گریان و عەطائیش هەستا و رۆیشت، کە گەیشتە بەردەرگا کەسێك کیسەیەکی هێنا و وتی ئەمیری باوەڕداران فەرمانی کردووە ئەمە بدرێت بە جەنابتان، ئەویش وتی من لەسەر ئەمە چاوەڕێی پاداشتی ئێوە نەبووم و پاداشتم تەنها لای خوایە، ئینجا هاتە دەرەوە، سوێند بە خوا لای هیشام قومە ئاوێکیش چیە نەیخواردەوە.[1]

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج7، ص 167-168.

## 223

مەیموونی کوڕی میهران دەڵێت: رۆژێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەناو دەستەو تاقمێ خەڵکدا بوو، دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنیان و وتەیەکی زۆر جوانی پێشکەش دەکرد، قسەکانی کاریگەریەکی زۆریان هەبوو لەسەر خەڵکەکە، یەکێك لەوانەی ئامادەی مەجلیسەکە بوو هەنیسکی ئەدا و فرمێسك بە چاوانیەوە بوو، ئەمیری باوەڕداران کە بینی کابرا دەگری، دەستی لە قسەکردن هەڵگرت، منیش پێم وت ئەی ئەمیری باوەڕداران درێژە بە ئامۆژگاریەکانت بدە، ئەویش وتی وازم لێ بێنە، قسەکردن فیتنەی تیایە و کردار لەپێشترە بۆ باوەڕدار.[1]

## 224

مەنصووری کوڕی عەممار دەڵێت: کاتێك چووم بۆ میصر و خەڵکی لە نەبوونی و وشکەساڵیدا بوون، دوای نوێژی هەینی خەڵکی بە نزا و پاڕانەوەو گریانەوە دەنگیان بەرزبوویەوە، منیش گوڕ و تین گرتمی و چوومە بەرزاییەکی مزگەوتەکەو وتم: هۆ خەڵکینە بە بەخشین خۆتان لە خوا نزیك بکەنەوە، چونکە ڕێیەکی باشتر لەوە بۆ نزیکبوونەوە نیە، ئینجا جلەکەی خۆمم هەڵدا و دامنا بۆ بەخشین، پاشان وتم: خوایە ئەوە جلەکەمەو ئەوە هەموو توانامەو لەوە زیاترم لەدەست نایە، خەڵکەکەش کە ئەوەیان بینی دەستیان کرد بە بەخشین،

1 - الإخلاص والنية لابن أبي الدنيا، ص 69.

هێندەی نەبرد باران دایکرد، ئینجا کە نوێژی عەسر کرا، وتم ئەی خەڵکی میصر، من کەسێکی بێگانەم و هەژارانی میصر ناناسم، فیقهناسەکانتان لە کوێن؟ ئەوەبوو لەیثی کوڕی سەعد و ئیبن لهیعەیان پێ نیشان دام، ئەوانیش وتیان دەستکاری مەکەن تا بەیانی، منیش ڕۆیشتم بۆ ئەسکەندەریەو ماوەی دوو مانگم پێ چوو، لەوێ کەسێ منی بینی و وتی ئەرێ تۆ بوویت هاتیتە میصر؟ وتم بەڵێ، وتی تۆ بوویت ڕۆژی هەینی قسەکانت کرد؟ وتم بەڵێ، وتی دەی بوویت بە فیتنە بۆ خەڵکی میصر، وتم چۆن؟ وتی خەڵکی دەڵێن ئەوە خضر بووەو نزای کردووەو نزاکەی گیرا بووە، منیش وتم من ئەو نیم بەڵکو بەندەیەکی تاوانبارم، خێرا چوومەوە بەرەو میصر، گەیشتمەوە بە لەیث، کە منی بینی وتی تۆ بوویت ڕۆژی هەینی قسەت ئەکرد؟ وتم بەڵێ، وتی دەکرێت لێرە لەناوماندا بمێنیتەوە؟ وتم ئاخۆ چۆن بمێنمەوە لە کاتێکدا تەنها ئەم جلانەی بەرم هەیە و هیچی تر، ئەویش وتی پانزە فەدانم بۆ تۆ داناوە، ئینجا چووم بۆ لای ئیبن لهیعە، ئەویش هەمان شتی پێ وتم و پێنج فەدانی بۆ دانابووم، بۆیە لەوێ مامەوە.[1]

---

1 - تاريخ بغداد، ج15، ص 80.

225

کاتێك وەلید هات، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمانی کرد بە بیست کەس لە قورەیشیەکان تا بچن بۆ پێشوازی لێکردنی، ئەوانیش چوون و لە ناوچەی سوەیدا پێی گەیشتن، کە وەلید هاتە مەدینە چوو بۆ مزگەوت و سەیری بنیادی مزگەوتەکەی دەکرد، خەڵکی هەموویان چوونە دەرەوە، تەنها کەسێك مایەوەو نەچوویە دەرەوە، ئەویش سەعیدی کوڕی موسەیب بوو، کەس نەیدەوێرا بیکاتە دەرەوە، پاسەوانەکان هەموان شەرمیان دەکرد بیکەنە دەرەوە، یەکێك پێی وت: خۆزگە دەکرا هەستیت، ئەویش وتی بەخوا هەڵناسم تا کاتی خۆی نەیەت، پێی وترا ئەی بۆچی ناچیت سەلامێ بکەیت لە ئەمیری باوەڕداران؟ وتی نەبەخوا هەڵناسم بچم بۆ لای، عومەر دەڵێت: منیش دەچووم وەلیدم دەبرد بۆ هەموو شوێنەکانی مزگەوت و هیوام وابوو سەعیدی کوڕی موسەیب نەبینێت، کەچی دواجار بینی، وتی ئەوە کێیە دانیشتووە؟ ئەوە سەعیدی کوڕی موسەیب نیە؟! عومەریش وتی با، ئینجا کەوتە وەسفکردنی سەعید بۆ وەلید، پاشان پێی وت ئەگەر بیزانیبا تۆ کێیت بە دڵنیاییەوە هەڵدەسا و دەهات تا سەلامت لێ بکات، وەلید بە ناو مزگەوتی مەدینەدا گەڕا تا لەپاڵ سەعیددا وەستا و پێی وت ئەی شەیخ حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟ ئەویش بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجووڵێت وتی سوپاس بۆ خوا باشم، ئەی ئەمیری باوەڕداران چۆنە؟ وەلید وتی سوپاس بۆ خوا باشم، ئینجا وەلید ڕۆیشت و بە عومەری دەوت: ئائەمە ماوەو

دەستمایەی خەڵکە، ئائەمە ماوەو دەستمایەی خەڵکە، عومەریش دەیوت بەڵێ وایە ئەی ئەمیری باوەڕداران.[1]

226

جارێك یەكێك لە خواناسەكان بە ناوی سەهلی كوڕی عەبدوڵا هات بۆ لای ئەبووداوود، داوای مۆڵەتی كرد و ئەو كەسەی دەرگاكەی كردەوە وتی ئەی ئەبووداوود وا سەهل هاتووە بۆ لات، ئەویش چوو بە دەمیەوەو پێشوازیەكی گەرمی كرد و داینیشاند، دوایی سەهل وتی ئەی ئەبوداوود داواكاریەكم لێت هەیە، ئەویش وتی چیە؟ سەهل وتی دەبێت بەڵێنم پێ بدەیت ئەگەر توانیت بیكەیت، وتی باشە، سەهل وتی ئەو زمانەت كە فەرموودەی پێغەمبەری خوات (ﷺ) پێ گێڕاوەتەوە بیهێنە با ماچی بكەم، ئەبووداوودیش تازە بەڵێنی دابوو، بۆیە زمانی هێنایە دەرەوەو سەهلیش ماچی كرد.[2]

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج6، ص 300-301.

2 - وفيات الأعيان، ج2، ص 404-405.

227

شوجاع دەڵێت: ڕۆژێك مەلیك كامیل پێی وتم پیاوێكی فیقهناس لێرەیە دەڵێن بێباوەڕە، منیش وتم نایناسم، وتی با دەیناسیت، ئەو فەرموودەناسیشە، وتم لەوانەیە زانای فەرموودەناس عەبدولغەنی بڵێیت؟! وتی بەڵێ خۆیەتی، وتم ئەی مەلیك زانایان دوو تاقمن، یان هەوڵی ئاخیرەت ئەدەن یان هەوڵی دنیا ئەدەن، جا تۆ دنیات لەبەردەستە، ئایا ئەم پیاوە كە هاتووە بۆ لات، داوای هیچی دنیایی لێ كردوویت؟ وتی نا، وتم دەی ئەی مەلیك، سوێند بێت بە خوا ئەوانەی پێی دەڵێن كافر حەسوودی پێ دەبەن، لەم وڵاتەدا لە تۆ پایەبەرزتر هەیە؟ وتی نا، وتم دەی زانای لەو پیاوەش پایەبەرزتر نیە، وەك چۆن تۆ لێرە لەناو خەڵكدا پایەبەرزیت، ئەویش وتی خوا پاداشتت بداتەوە كە وا جوان مەسەلەكەت تێگەیاندم، جا دوای ماوەیەكی تر ناردی بە شوێنمدا و چووم دەبینم خەڵكێ لەلای مەلیك كامیلن و ئیبن حمویهیش لەوێیە، مەلیك پێی وتین سەبارەت بە زانای فەرموودەناس عەبدولغەنی كۆبووینەتەوە، منیش وتم ئەی مەلیك ئەم خەڵكە حەسوودی پێ دەبەن، ئینجا بە ئیبن حمویهم وت ئایا هیچ وتەیەكت لە عەبدولغەنی بیستووە كە لە ئیسلام دەری بكات؟ وتی نە بەخوا، تەنها جوانیم لێ دیوە، ئینجا چەند كەسێكی تریش لەوێ كەوتنە وەسف و پیاهەڵدانی عەبدولغەنی، ئەوەبوو دوای مشتومڕێك مەلیك كامیل عەبدولغەنی ئازاد كرد.[1]

---

1 - ذيل طبقات الحنابلة، ج3، ص 38-40.

228

جارێك سوپایەكی موسڵمانان گەمارۆی قەڵایەكی دوژمنیان دا و هەرچەندە هەوڵیان دەدا قەڵاكەیان بۆ نەدەگیرا، زۆر بە دەست دوژمنەوە ماندوو بوون، هەموان هیوایان وابوو دەروازەیەك هەبێت تا بتوانن دزە بكەنە ناو قەڵاكەوە، یەكێك لە موسڵمانان بە تەنها بڕیاری دا ئاواتی موسڵمانان بێنێتەدی و توونێلێكی لێدا و توانی بچێتە ناو قەڵاكەوە، بەوە موسڵمانان سەركەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام كەس نەیدەزانی كێ خاوەنی ئەو توونێلە بوو، مەسلەمەی سەركردەی موسڵمانان ویستی هەرچۆنێكی كردبێت ئەو كەسە بدۆزێتەوەو خەڵاتێكی باشی بكات، لەناو سوپادا جاڕ درا كێ ئەو توونێلەی لێداوە با بێت بۆ لای ئەمیر، بەڵام كەس نەهات، بەڵام مەسلەمە ئەوەی لە دڵ دەرنەئەچوو، بۆیە ئەمجار چوویە ناو سوپا و وتی لەبەر خاتری ئەو خوایە داوام لەو كەسەیە ئەو توونێلەی لێداوە بێت بۆ لام، سەربازەكەش كە ئەوەی بیست بڕیاری دا بچێت بۆ لای، درەنگانێكی شەو بە دەموچاوی داپۆشراوەوە چوو بۆ لای ئەمیر، بەڵام داوای لێكرد مەرجێكی هەیە جێبەجێی بكات، ئەویش ئەوەیە ئەگەر خۆی ئاشكرا كرد جارێكی تر بە دوایدا نەگەڕێت و ئاشكرای نەكات، مەسلەمەش بەڵێنی پێدا، سەربازەكەش خۆی لای ئەمیر ئاشكرا كرد و ئەویش بەڵێنی خۆی بردە سەر و كەسەكەی ئاشكرا نەكرد، ئیتر ناوی ئەو سەربازە بە نهێنی مایەوە

تا لای خوا پاداشتی خۆی وەربگرێت، جا مەسلەمە لە کاتی نزاکانیدا دەیوت: خوایە لەگەڵ خاوەنی تووتێلەکە حەشرم بکەیت.[1]

229

فەضلی کوڕی مووسا دەڵێت: فوضەیلی کوڕی عیاض سەرەتا کەسێکی نالەبار و چەتە و ڕێگر بوو، لەنێوان ئەبیوەرد و سەرخەسدا خۆی حەشار دەدا و ڕێی بە خەڵکی دەگرت، جا لەو سەروبەندەدا شەیدای کچێ بوو، بیرو خەیاڵی لای ئەو کچە بوو، زۆر جار دەچوو لەسەر دیوارەوە سەیری ئەو کچەی دەکرد، شەوێ کە خۆی هەڵزنیبوو بە دیواردا تا سەیری ئەو کچە بکات، گوێی لە کەسێ بوو قورئانی دەخوێند و ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە (ألم يأن لذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكرالله) ئایەتەکەو خوێندنەوەکەی کاری کردە سەر دەروونی فوضەیل و خێرا وتی: با ئەی پەروەردگارم ئێستا کاتی هاتووە، ئینجا گەڕایەوە، ڕێی کەوتە خەڵکێ، یەکێکیان وتی با درێژە بە ڕێگەکەمان بدەین، یەکێکی تریان وتی نا، دەوەستین تا ڕۆژ دەبێتەوە، چونکە فوضەیل لەو سەرە ڕێیە وەستاوەو ڕێمان پێ دەگرێت، فوضەیل کە ئەوەی بیست لە خۆی راما و وتی من شەوان لە تاواندا بەسەر دەبەم و خەڵکێکی موسڵمانیش ئاوا لێم دەترسن، وا دەزانم خوای گەورە بۆیە منی هێنایە لای ئەم جەماعەتە هەتا راچڵەکێم،

---

1 - فصل الخطاب في الزهد والرقائق والآداب، ج2، ص 53.

خوایە وا تەوبەم کرد و دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ و بەم تەوبەوە دەچمە بەیتولحەرام.[1]

230

بیشری حافی کە یەکێکە لە کەسە خواناسەکانی ناو مێژووی ئیسلامی، سەرەتا ژیانێکی تاوانبارانە دەژیا و گوێی نەدەدا بە حەرامەکان، یەکێ لە شەوەکان لە ماڵەوە هاودەم بە ژمارەیەك لە هاوڕێکانی سەرقاڵی خواردنەوەو بەزم و گۆرانی بوون، پیاوچاکێ دای بە لای ماڵەکەیدا، کە گوێی لە بەزمەکەیان بوو، تەقەی دا لە دەرگا، ئافرەتێ دەرگاکەی کردەوە، کابرا وتی ئەرێ خاوەنی ئەم ماڵە کەسێکی ئازادە یان کۆیلەیە؟ ئافرەتەکە وتی بەڵکو کەسێکی ئازادە، ئەویش وتی راست دەکەیت، ئەگەر کۆیلە بوایە ئەدەبی بەندایەتی بەکاردەهێنا و وازی دەهێنا لەو بەزم و گۆرانیە، لە گەرمەی ئەم قسانەدا بیشر گوێی لە قسەکانیان بوو، خێرا بە پێی پێخاوس و بێ خۆ ئامادەکردن خۆی گەیاندە بەردەرگاکە، بەڵام کابرا چووبوو، بیشر بە کەنیزەکەی وت ئەرێ ئەوە کێ بوو لەبەردەرگا قسەی لەگەڵ دەکردیت، ئەویش هەموو مەسەلەکەی بۆ باسکرد، بیشر وتی ئەی نازانیت لە کوێوە رۆیشت؟ ئەویش وتی لەوێوە رۆیشت، بیشر هەر بەو دیمەنەوە بە هەناسەبڕکێوە خۆی گەیاندە کابرای پیاوچاك و پێی وت گەورەم تۆ بوویت هاتیتە بەردەرگا و لەگەڵ ئەو ئافرەتە قسەت کرد؟ وتی

1 - سير أعلام النبلاء، ج8، ص 423.

بەڵێ، بیشر وتی دەی قسەکانتم بۆ دووبارە بکەرەوە، ئەویش قسەکانی بۆ دووبارە کردەوە، بیشر پەشیمانی دایگرت و هەر لەوێدا چوو بە سوجدەدا و وتی بەڵکو بەندەم، جا دوای ئەوەش هەر بە پێ خاوسی دەگەڕا، دەیانوت بۆچی نەعلێ ناکەیتە پێت؟ ئەویش دەیوت چونکە بەو پێ خاوسیەوە خوای گەورە ئیصلاحی حاڵی کردم، بۆیە تا مردن وازی لێ ناهێنم.[1]

## 231

عەبدەی کوڕی سولەیمان دەڵێت: لە سریەیەکدا لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی موبارەك بووین، لە جەنگی دژ بە ڕۆمەکاندا بووین، ڕۆژێك لەگەڵ دوژمندا بەریەك کەوتین و جەنگێکی سەختمان تووش بوو، جا کە هەردوو سوپا بەیەك گەیشتن، کابرایەکی ناو سوپای ڕۆمەکان هاتە مەیدان و داوای جەنگی ڕووبەڕووی کرد، یەکێك لە موسڵمانان ڕۆیشتە بەرامبەری و لەگەڵی جەنگا، بەڵام کابرای دوژمن زۆر بەهێز بوو و توانی بیکوژێت، ئینجا وتی ئەرێ کەسی تر هەیە بێتە پێشەوە؟ کەسێکی تر بۆی چوویە پێشەوەو ئەویش دەرەقەتی نەهات و کابرا ئەمیشی کوشت، ئینجا وتی ئادەی بزانم کەسی تر ماوە ئامادەیی هەبێت بەرامبەرم بوەستێتەوە؟ کەسێکی تر ڕۆیشتە مەیدانەکەو ماوەیەك جەنگی دەستەو یەخە جەنگان و دواجار موسڵمانەکە توانی کابرای ڕۆمی بکوژێت، خەڵکی لە خۆشیدا دەورەیان دا و قەرەباڵغیان لە دەور کرد،

1 - كتاب التوابين، ج1، ص 211.

بەڵام کابرای موسڵمان دەموچاوی خۆی هەڵپێچابوو هەتا کەس نەیناسێت، منیش پەڕۆکەی سەر دەموچاویم راکێشا و دەموچاوی دەرکەوت، دەبینین عەبدوڵای کوڕی موبارەکە، بەڵام ئەو زۆر پێی ناخۆش بوو کە لای خەڵکەکە دەرکەوت و حەزی ئەکرد کەس پێی نەزانێت و تەنها خوا بزانێت ئەو بووە، پێی وتم ئەی ئەبووعەمر تۆ بۆ حەیامان دەبەیت و بەزمی وامان پێدەکەیت؟![1]

## 232

مەحموودی کوڕی سەلامەی حەرانی کە یەکێك بوو لە بازرگانە گەورەکانی ئەصبەهان چەندین جار باسی زانای فەرموودەناس عەبدولغەنی دەکرد و دەیوت: ئەو زانا پایەبەرزە دەهاتە ئەصفەهان و لای من دەمایەوە، شەوانە زۆر کەم دەخەوت، بەڵکو زۆربەی شەوەکەی بە نوێژ و قورئان خوێندن و گریان بەسەر دەبرد، جاری وا هەبوو گریان و شەونوێژەکەی خەوی لە چاوانی ئێمەش دەتۆراند و تا بەری بەیان خەومان لێ نەئەکەوت، جا جارێك زانای پایەبەرز کە چوویە ئەصفەهان، چوو بۆ ماڵێ، کەسێکی تریش لەوێ میوان بوو، پاش قسەکردن و دەمەتەقێی نێوانیان بۆی دەرکەوت کە کابرا خۆرپەرستەو بڕوای بە ئیسلام نیە، عەبدولغەنی دەڵێت کە بەوەم زانی دڵم زۆر تەنگ بوو، ئارامم لێ بڕا، دواتر شەو هەستام بۆ شەونوێژ، کابرای خۆرپەرستیش نەخەوتبوو و گوێی لە من گرتبوو، جا کە رۆژ بوویەوە من رۆیشتم، دواى چەند رۆژێك کابرای

1 - تاريخ بغداد، ج11، ص 400. سير أعلام النبلاء، ج7، ص 374.

خاوەن ماڵ هات بۆ لام، وتی دەزانیت ئەو کابرا خۆرپەرستەی ئەو شەوە لەوێ بوو دەیەوێت موسڵمان بێت؟ منیش چووم بۆ لای و لەوێ کابرا موسڵمان بوو، ئینجا وتی ئەو شەوە کە گوێم لێبوو قورئانت دەخوێند ئیسلام چوویە ناو دڵمەوەو لەو کاتەوە حەزم بەوەیە موسڵمان بم.[1]

## 233

عەبدوڵای کوڕی موحەممەد دەڵێت: جارێك بۆ سەنگەرنشینی رووەو کەناری دەریا چووم، جا کە گەیشتمە کەناراوەکە، دەبینم لە خەیمەیەکدا کابرایەکی لێیە کە هەردوو دەست و هەردوو قاچی لەدەست داوەو بیستن و بیناییشی پەکیان کەوتووەو گوێی زۆر گران بووبوو و چاکیش نەیدەبینی، تەنها زمانی مابوو بلێی سەلامەتە، دەبینم خەریکە نزا دەکات و دەڵێت: خوایە توانام پێ ببەخشی سوپاست بکەم، سوپاسێ بتوانم پێی سوپاسگوزاری ئەو بەخششانەت بم کە پێت بەخشیوم و لە زۆر دروستکراوی تر فەزڵی زیاترت پێ بەخشیوم، منیش وتم بەخوا ئەبێت بچم بۆ لای ئەم کابرایەو لێی بپرسم بزانم ئەم قسەی لە چیە؟ چووم و سەلامم لێکرد و وتم من گوێم لە نزاکەت بوو، جا توخوا چ فەزڵێ هەیە خوا لەو خەڵکە زیاتر بە تۆی بەخشیبێ لەکاتێکدا خۆیشت دەبینیت لە چ حاڵێکدایت؟! ئەویش وتی خۆ دەبینیت خوا چی پێکردوم، بەخوا ئەگەر لەو ئاسمانەوە ئاگریشم بۆ بنێرێ و بمسووتێنێ و فەرمان بکات شاخەکان پلچ و

---

1 - ذيل طبقات الحنابلة، ج3، ص 15-16.

پانم بکەنەوە و فەرمان بکات دەریا بمخنکێنێ و بفەرموێت بە زەوی قووتم بدات، تەنها سوپاسی خوا دەکەم و ناشگەمە ئەوەی وەك خۆی سوپاسی خوام کردبێت لەسەر زمانێ کە پێی بەخشیوم، بەڵام ئەی بەندەی خوا چاك بزانە ئێستا کە هیچم پێ ناکرێت، کوڕێکی بچووکم هەبوو لە کاتی نوێژەکانمدا یارمەتی دەدام، کە برسی بوومایە نانی پێدەدام، تینوو بوومایە ئاوی بۆ دەهێنام، سێ ڕۆژە ئەو کوڕەشم دیار نەماوەو بۆی دەگەڕێم، بەڵکو بتوانیت هەواڵێکیم بۆ وەربگریت، عەبدوڵا دەڵێت: منیش چووم بە دوای ئەو منداڵەدا بگەڕێم، کەمێ چوومە ئەولاتر دەبینم منداڵێ لەناو ئەو لمەدا کەوتووەو ئاژەڵی دڕندە کوشتوویانەو گۆشتەکەیان خواردووە، گەڕامەوە بۆ لای کابرا، بە بینینی بەسەرهاتی پێغەمبەر ئەیووبم بیرهاتەوە، سەلامم لێکرد و ئەویش وەڵامی دامەوە، وتی تۆ پیاوەکەی کەمێك لەمەوبەر نەبوویت؟ وتم با، وتی چیت کرد بۆ داواکاریەکەم؟ منیش وتم باشە تۆ لای خوا ڕێزدارتریت یان ئەیووب؟ وتی بەڵکو پێغەمبەر ئەیووب، وتم ئەی باشە ئەزانیت خوای گەورە چی پێ کرد؟ لە ماڵ و سامان و منداڵیشیدا تووشی بەڵای نەکرد؟ وتی با، وتم ئەی ئەو چی کرد؟ وتی خۆڕاگر بوو و سوپاسی خوای دەکرد، وتم بەوەشەوە خوای گەورە وای لێکرد خزم و کەسانی لە دەوری دووردەکەوتنەوە، وتی بەڵێ وایە، وتم ئەی ئەو چی کرد؟ وتی خۆڕاگر بوو و سوپاسی خوای دەکرد، جوان هەموویم بۆ باسکرد، ئەویش وتی ڕەحمەتی خوات لێ بێت قسەکەت کورت بکەرەوەو چیت هەیە بیڵێ، وتم باشە، ئەو منداڵەی منت نارد بە دوایدا ئا لەولاوە لەناو ئەو

لمەدا کەوتووەو ئاژەڵی دڕندە خواردوویانە، خوا پاداشتت چەند بەرامبەر بکات و صەبرت پێ ببەخشێت، ئەویش وتی سوپاس بۆ خوا کە لە نەوەکانمدا کەسێکی پێ نەبەخشیم نافەرمانی خوا بکات و بە دۆزەخ سزای بدات، ئینجا یەك دوو هەنیسکی هەڵکێشا و مرد، منیش وتم باشە جێی بهێڵم گورگ دەیخوات، لێرەش بمێنمەوە ناتوانم هیچی بۆ بکەم، پێچامەوەو لای سەریەوە دانیشتم و دەستم کرد بە گریان، لەو سەروبەندەدا چوار کەس هاتن بۆ لام و وتیان ئەی بەندەی خوا چیتە؟ چی بووە؟ منیش بە وردی بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش وتیان دەی دەرفەت بدە دەموچاوی ببینین، کە سەیریان کرد کەوتنە ماچکردنی دەست و دەموچاوی و وەسفیان دەکرد، وتم رەحمەتی خواتان لێ بێت بۆ ئەمە کێیە؟ وتیان ئەوە ئەبووقیلابەی جرمی هاوەڵی ئیبن عەبباسە، ئەمە زۆر خواو پێغەمبەری خوای خۆشدەویست، ئینجا شۆردمان و کفنمان کرد و نوێژمان لەسەر کرد و ئەسپەردەمان کرد و خەڵکەکە چوونەوە، منیش چووم بۆ سەنگەرنشینیەکەم، شەو خەوم لێکەوت، بینیم لە باخچەیەکی بەهەشتدایە و جلی بەهەشتی لەبەرە و بەردەوام ئەو ئایەتەی دەوتەوە (سلام علیکم بما صبرتم فنعم عقبی الدار) منیش وتم ئەرێ تۆ هاوڕێکەی دوێنێم نەبوویت؟ وتی با، وتم ئەمەت لە کوێ بوو؟ وتی خوا بڕێ پلەی داناوە کە تەنها بە خۆڕاگری لە کاتی ناڕەحەتیدا و سوپاسگوزاری لە کاتی خۆشی و لە خواترسان لە ئاشکرا و پەنهاندا ئادەمیزاد پێی دەگات.[1]

1 - الثقات لابن حبان، ج5، ص 3-5.

234

نیظامولمولك باسی سەردەمانێکی ژیانی خۆی دەکرد و دەیوت: ماوەیەك خزمەتی یەکێك لە پاشاکانم ئەکرد، ڕۆژێك کەسێ هات بۆ لام و پێی وتم: ئەرێ بە تەمایت هەتا کەی خزمەتی کەسێ بکەیت کە سبەی سەگەکان دەیخۆن؟ بڕۆ خزمەتی کەسێك بکە کە خزمەتەکەت سوودی هەبێت بۆت، ئیتر بەسە خزمەتکردنی کەسێ کە سبەی سەگەکان ئەیخۆن، منیش سەرم سوڕما لەم قسەی کابرا، پاشایەك و سەگ بیخوات؟ هەرچیم ئەکرد نەمئەتوانی لەو قسەی تێبگەم، جا وا هاتە پێشەوە ئەو شەوە ئەو سەرکردەیە دەستی کرد بە مەی خواردنەوەو سەرخۆش بوو، تاریکیەکی عەجیب دنیای داگرتبوو، بەو سەرخۆشیەوە چوویە دەرەوە، هەر ئەم سەرکردەیە خۆی بڕێك سەگی هاری هەبوون کە هەرکەسێ نەناسراو بوایە هەڵمەتیان بۆ ئەبرد، ویستی خوا وابوو ئەو شەوە خاوەنەکەی خۆیان نەناسیەوەو پەلاماریان دا و پارچە پارچەیان کرد، کەسیش پێی نەزانیبوو تا بچێت بە هانایەوە، بەیانی کە ڕۆژ بوویەوەو بینیم چی بەسەرهاتووە، خێرا قسەکەی ئەو پیاوەم بیرکەوتەوەو ئینجا لێی تێگەیشتم.[1]

1 - البداية و النهاية، ج12، ص 140.

235

ڕۆژێك موحەممەدی کوڕی زیدان چوو بۆ لای یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی و سەیری کرد زۆر خەمبارەو دۆش داماوە، سەری سوڕما، بنەماڵەی بەرمەکیەکان پلەو پایەیان لەناو دەسەڵاتدا بەرز بوو و لە هەرچی ناز و بەخششی دنیایی هەیە بەهرەمەند بوون، پێی وت خوا چاکت بۆ بکات، زۆر قووڵ بۆی داچویت، مەسەلەکە چیە؟ ئەوە کوڕێکت بەرپرسی خوراسانەو جەعفەر بەرپرسی عێراقەو موحەممەد بەرپرسی یەمەنەو مووساش بەرپرسی ناوچەی جیباله و خۆیشت ئەو دەسەڵاتەت هەیە کە دەیزانیت، ئەویش وتی ماڵوێران، بیرکردنەوەکەی من هەر بۆ ئەمەیە، دەبینم لەو هەموو خۆشیەداین، ئاخۆ کاتی خۆی بەرمەکی باپیرەم لە نەوبەهار بوو، ساڵانە دەچوو بۆ لای هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك و ژیانێکی زۆر خۆشی هەبوو، دیهقانێ هەبوو هەرچی بڕۆیشتایەو بهاتایەتەوە سەری لێ دەدا، جارێ باوکم پێی وت خۆ تۆ لە ژیانێکی زۆر خۆشدایت و وا منداڵت زۆر و سامانت بێ ئەندازە، ناوبانگێکی چاکت هەیە، ئەویش وتی جا سوودی چیە؟ ئەگەر دایکی منداڵەکانم دەبینی لە چ حاڵێکدایە؟ شەو و ڕۆژ هەر خەریکی گریانە، ناشزانم لەبەر چیە و پێیشم ناڵێت، ئەویش وتی مۆڵەتم دەدەیت من قسەی لەگەڵ بکەم؟ وتی بەڵێ، باپیرەم قسەی لەگەڵ کرد و پێی وت لە چ خۆشگوزەرانیەکدایت، ئیتر بۆچی وا دەکەیت بە خۆت و پیاوەکەشت بێتاقەت کردووە؟ ژنەکەش وتی خۆ پیاوەکەم زۆر لێی پرسیوم و تا ئێستا پێم نەوتووە، ئێمە زۆر دەوڵەمەندین و هیچ ناڕەحەتیەکمان تووش نایەت، ترسم لەو ڕۆژەیە بەڵا و ناڕەحەتیەکان ڕوومان تێئەکەن، بۆ ئەوە

دەگریم، ئەویش پێی وت باشە هێشتا نەهاتووە بۆچی ئەگریت؟ کە هاتە پێشەوە ئەوکات بگری، ژنەکەش وتی توانای خۆگرتنم نیە، ئەوەبوو دوای ماوەیەك هێرشیان کرایە سەر و دیهقانەکە و کوڕەکەشی کوژرا و سامانەکەیان برا و چی باخ و بێستانیشیان هەبوو هەموویان کاول کرد، جا منیش ترسی ئەوەم هەیە هەمان بەسەرهات تووشی ئێمەش بێت، موحەممەدی کوڕی زیدان دەڵێت هێندەی نەبرد بەڵا و نەگبەتی بەرمەکیەکانی گرتەوەو لەناوبران.[1]

## 236

موبارەکی کوڕی سەعید دەڵێت: جارێك کابرایەك هات بۆ لای سوفیانی ثەوری و کیسێ یان دوو کیس پارەی بۆ هێنا، ئاخۆ باوکی ئەو پیاوە کاتی خۆی هاوڕێیەکی زۆر نزیکی سوفیان بوو و خۆشەویستیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو، ئەویش حەزی کرد وەك وەفایەك بۆ هاوڕێیەتی باوکی، ئەو خەڵاتە بدات بە سوفیان، بە سوفیانی وت ئەرێ سەبارەت بە باوکم هیچ قسەیەکت نیە؟ سوفیانیش زۆر وەسفی باوکی کرد و زیکری خێری کرد و ڕەحمەتی بۆ دەنارد، پیاوەکەش وتی ئەی ئەبووعەبدوڵا خۆ تۆ ئەزانیت چۆن ئەم پارەم دەستکەوتووەو بێخەمیت لە حەڵاڵیەکەی، جا پێم خۆشە ئەمەم لێ وەربگریت و بۆ خەرجی ماڵ و منداڵت بەکاری بهێنیت، سوفیانیش قبووڵی کرد، دوای کەمێك کابرا هەستا و ویستی بڕوات، سوفیان پێی وتم: ئەی موبارەك هەستەو خۆت

---

1 - الإعتبار و أعقاب السرور لابن أبي الدنيا، ص 50.

بگەیەنەرەوە بە کابرا و ئەم پارەی بدەرەوە دەست، منیش رۆیشتم و خێرا پارەکەم دایەوە بە کابرا، ئەویش وتی برازاگیان پێم خۆشە ئەو پارەیە قبووڵ بکەیت، خۆ من لێم وەرگرتیت بەڵام حەز ئەکەم وەریبگریتەوە، ئینجا بە سوفیانی وت ئەریٚ دڵت هیچ گومانێکی تیایە سەبارەت بە پارەکە؟ وتی نا، بەڵام حەز ئەکەم وەریبگریتەوە، زۆر لەسەری چوون تا دواجار کابرا پارەکەی وەرگرتەوە، ئینجا کە کابرا رۆیشتە دەرەوە، چوومەوە بۆ لای سوفیان و خۆم پیٚ نەگیرا و لەبەردەمیدا دانیشتم و وتم ماڵ کاول ئەوە تۆ چ دڵێکت هەیە؟ دڵت بووە بە بەرد؟ خۆ تۆ ماڵ و منداڵت هەیە، بۆ رەحمێکت بۆ من نەجووڵا، بۆ رەحمێکت نەبوو بۆ براکانت، با بیرێکت لای منداڵەکانمان بوایە، ئیتر زۆر قسەم کرد، ئەویش وتی: ئەی موبارەك تۆ بە ئیسراحەت و بێخەم بیخۆیت و لە رۆژی دواییشدا من لەسەری موحاسەبە بکرێم؟ هەرگیز شتی وا نابێت.[1]

1 - تاريخ بغداد، ج10، ص 219.

237

جارێك عەلی كوڕی عەبدوڵای نەیسابووری بانگهێشت كرا بۆ لای سوڵتان مەحموود كوڕی سوبوكتكین بۆ ئەوەی ئامۆژگاری سوڵتان بكات، ئەویش ڕۆیشت، كە گەیشتە بەردەرگا و مۆڵەت درا بچێتە ژوورەوە، خۆی كرد بە ژووردا و بێ ئەوەی سوڵتان مۆڵەتی بدات دابنیشێت عەلی نەیسابووری دانیشت، ئینجا دەستی كرد بە قسەكردن و ویستی ئامۆژگاری سوڵتان بكات، سوڵتان تووڕەیی دایگرت و فەرمانی كرد بە یەكێك لە بەردەستەكان زللەیەكی لێدا، هەندێ لە ئامادەبوان دەیانزانی ئەوە چ زانایەكی گەورەو ناسراوەو بە سوڵتانیان وت دەزانیت ئەوە كێیە؟ ئینجا كەوتنە وەسفكردنی، كە سوڵتان پلەو پایەو گەورەیی ئەو زانایەی بۆ دەركەوت، كەوتە پۆزش بۆ هێنانەوەی و فەرمانی كرد پارەیەكی زۆری پێ بدرێت، بەڵام ئەو قبووڵی نەكرد، ئینجا سوڵتان وتی ببوورە ئاخۆ دەسەڵات برێ ڕێوڕەسم و تایبەتمەندی خۆی هەن دەبێت ڕەچاو بكرێن، منیش بینیم جەنابتان ئەو سنوورەتان بەزاند، بۆیە بمبوورن و گەردنم ئازاد بكەن، ئەویش وتی خوا لەنێوانماندا بێت، ئاخۆ بە لای خۆیەوە تۆ منت بانگ كرد تا ئامۆژگاریت بكەم و فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بدەم بە گوێتدا و خشووعت بێنمە پێش چاو، نەوەك بۆ پەیڕەوكردنی یاسا و ڕێساكانی دەسەڵات و سەرۆكایەتی، سوڵتان هێندەی ت پەشیمانی دایگرت و زۆر تەریق بوویەوەو چوو بەرەو لای عەلی نەیسابووری و لە ئامێزی گرت.[1]

1- سیر أعلام النبلاء، ج18، ص 173-174.

238

زانای فەرمووودەناس موحەممەدی کوڕی عیسا کە ناسراوە بە ئیمامی ترمیذی دەڵێت: لە ڕێی مەککەدا بووم و دوو بەشی فەرمووودەکانی مامۆستایەکمم لەبەردەست بوو، جا ئەو مامۆستایە دای بە لاماندا و منیش هەواڵی ئەوم لە خەڵك دەپرسی، وتیان ئەوە خۆیەتی، چووم بۆ لای، واشمزانی دوو بەشی فەرمووودەکانم پێیە، کەچی دوو بەشی ترم پێ بوو و ئەوانە نەبوون کە لەو زانایە گێردرابوونەوە، کە چوومە خزمەتی و پرسیارم لێکرد، ئەویش وەڵامی دامەوەو ئەو فەرمووودانەی دەگێڕانەوە، سەیری دوو بەشەکەم کرد کەچی دەبینم ئەوانەم پێ نیە و لاپەڕەکان سپین، ئیتر مامۆستا فەرمووودەکانی دەگێڕایەوە، کە پەڕەکانی بە دەستمەوە بینی، وتی ئەرێ شەرم ناکەیت؟ وتم نا، ئینجا بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد و وتم ئێستا هەموو فەرمووودەکانتم لەبەرکرد، هەموویم بۆ وتەوە، ئەویش بڕوای پێ نەکردم و وتی پێشتر لەبەرت کردوون ئینجا هاتوویت بۆ لام، منیش وتم دەی فەرمووودەی ترم بۆ بگێڕەوەو تاقیم بکەرەوە، چل فەرمووودەی تری بۆ گێڕامەوەو منیش هەر بەو یەکجارە لەبەرم کردن و هەموویم بۆ وتەوە بێ ئەوەی یەك پیت هەڵە بکەم، ئینجا کە بینی ڕاست دەکەم پێی وتم کەسی وەك تۆم نەدیوە.[1]

1 - فضائل الكتاب الجامع، ص 32.

239

جارێك سوفیانی ثەوری لە مەككە رۆیشت بۆ لای كابرایەكی صەیرەفی هەتا بڕێ دینار بگۆڕێتەوە بە درهەم، لەوێ دینارێكی دا بە كابرا، جا دینارێكی تریشی پێ بوو و ئەو دینارەشی لە دەست كەوتە خوارەوە، داوای دینارەكەی كردەوەو وتی دینارێكی دەگۆڕمەوەو ئەوی تر لە دەستم كەوت، كابراش وتی دەی دینارەكەی خۆت هەڵگرەوە، سوفیان وتی ئاخۆ نازانم كامەیان دینارەكەی خۆمە، كابرا وتی باشە ئەوەیان هەڵگرە كە بە دیوی ناقصەكەیان كەوتووە، سوفیان وتی جا كێ ئەڵێت دینارەكەی خۆم ئەوەیان نیە كە بە دیوی زائیدەكەیا كەوتووە، ئەوكات ئەوەی خۆم هەڵنەگرمەوەو گوناهبار ببم، باشترە خۆم تووشی ئەوە نەكەم، بۆ ئەوەی ترسی نەبێت تووشی حەرام دەبێت وازی لە دینارەكەی خۆیشی هێنا و هیچكامیانی هەڵنەگرتەوەو هەردووكیانی جێهێشت بۆ كابرای صەیرەفی و رۆیشت.[1]

240

ئەبولحەسەنی بەصری دەڵێت: كابرایەك بۆی گێڕامەوەو دەیوت: خزمەتی وەزیر ئیبنولفوڕاتم ئەكرد، ئەوەبوو بەند كرا و پێنج سەد دیناریشی لای من بوو، هەرچۆنێك بێت پاسەوانی بەندیخانەم رازیكرد و چووم بۆ لای، ئەویش كە منی بینی سەری سوڕما، وتی هیچ ئیشێكت هەیە؟ منیش پارەكەم دەركرد و

1- وفيات الأعيان، ج2، ص 387.

وتم ئەمە بەکاربێنە، ئەویش لێی وەرگرتم و دواتر دایەوە دەستم و وتی با ئەمانەت بێت لای تۆ، منیش گەڕامەوە، دوای ماوەیەك ئیبنولفوڕات ئازاد کرا و گەڕایەوە شوێن و پۆستی خۆی، چووم بۆ لای و ئەویش سەرێکی لەقاند و چاك سەیری نەکردم و لایکرد بەولاوە، رۆژان هات و چوو و منیش پارەکەم خەرج کرد و حاڵیشم زۆر خراپ بوو، ئینجا وەزیر پێی وتم لە هیندەوە برێ کەشتی دێن، برۆ و حەقی بەیتولمالیان لێ وەربگرە و ئەو رەسمیاتەی ئێمەش کە هەیە وەریبگرە، منیش وامکرد و دواتر گەڕامەوە بەغداد، وەزیر وتی ئەوەی بەیتولمال تەسلیم بکەو ئەوەی تریش ببەرەوە ماڵەوە، وتم ئاخۆ بیست و پێنج هەزار دینارە، ماوەیەکی زۆری پێ چوو، دوای ئەوە کە منی بینی، بێتاقەتیەکی لێ بەدیکردم، وتی ئەوە چیە وا رەنگت گۆڕاوەو رەنگو بۆت باش ناڵێت؟! منیش بۆم باسکرد وەزعم بە چی گەیشتووەو چ نەبوونیەکم تووش بووە، وتی ماڵوێران بەو ماوە کەمە بیست و پێنج هەزار دینارت خەرج کرد؟ وتم کوا پارەی وام هەبووە؟ وەزیر وتی هەی نەزان، من نەموت باری بکە بۆ ماڵی خۆت و هەڵیگرە، نەتبینی من پشتم تێکردیت؟ ئەوە لە شەرمی تۆدا بوو، رەوشت بەرزی و کرداری جوانی تۆم هاتەوە یاد کاتێ من لە بەندیخانە بووم چیت بۆ کردم، برۆرەوە ماڵەوەو بە دڵی خۆت لێی خەرج بکە و هەوڵ ئەدەم جگە لەوەش شتێکی ترت بۆ جۆر بکەم.[1]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج11، ص 291.

241

جارێك ئیمامی قورطوبی کە یەکێکە لە موفەسیرە گەورەکان هاودەم بە شەهابەدینی قەرافی لە سەفەرێکدا پێکەوە بوون دەچوون بۆ فەییووم، کە چوونە ئەوێ بە دوای شوێنێکدا دەگەڕان تا تیایدا بمێننەوە، شوێنێکیان پێ نیشان درا، کە چوون بۆ ئەوێ، یەکێك پێی وتن گەورەکانم مەچن بۆ ئەوێ، ئەو شوێنە پڕە لە جنۆکە، ئەوەبوو چوون بۆ نوێژ بۆ ئەوەی تا دێنەوە لەو شوێنە جێیان بۆ راخرێت، دواتر کە گەڕانەوە گوێیان لە باعەی گیسکێ بوو، چەند جار دووبارە بوویەوە، قەرافی تەواو شڵەژا و ترس دایگرت، دەرگا کرایەوەو سەری گیسکێ هاتە دەرەوە، قورطوبی خێرا هەردوو شاخی گرت و پەنای دەگرت بە خوا و قورئانی دەخوێندەوە، ئینجا مێرمنداڵێك هاتەدەرەوەو پەت و چەقۆیەکی پێ بوو، وتی گەورەم بەری دە، چوو و سەری بڕی، وتی کە ئێوە هاتن بۆ ئێرە ئەم گیسکەم کڕی بۆ ئەوەی سەری ببڕم و پێکەوە بیخۆین، لێرە دامنا هەتا ئێوە بێنەوە.[1]

1 - الوافي بالوفيات، ج2، ص 87.

242

کۆڕ و مەجلیسی نیظامولمولك هەمیشە پڕ بوو لە زانایان و فیقهناسان، زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ ئەوان بەسەر دەبرد، جا پێیان دەوت باشە بۆچی ئەو هەموو کاتەی خۆت بەوانەوە بەسەر دەبەیت، لە زۆر ئیشی گرنگت دەکەن، ئەویش دەیوت ئەگەر بیانخەمە سەر سەرم هێشتا کەمە، جا هەندێ جار ئەبولقاسمی قوشەیری و ئەبولمەعالی جوەینی دەهاتن بۆ لای، لەگەڵ خۆی دایدەنیشاندن و ڕێزێکی زۆری دەگرتن، بەڵام کە ئەبووعەلی فارەمدی دەهات، دەیبردە شوێنەکەی خۆی و خۆی لەبەردەمیدا دادەنیشت وەك چۆن قوتابی لەبەردەم مامۆستاکەیدا دادەنیشێت، دواجار دەوروبەرەکەی خۆیان پێ ڕانەگیرا و جارێك پێیان وت: ئەرێ ئەو دوو زانایە دێن لەپاڵ خۆت دایاندەنیشێنیت، کەچی ئەبووعەلی دەخەیتە شوێنەکەی خۆت، ئەو زێدە ڕێژگرتنەت لە چیە؟ ئەویش وتی: ئاخۆ ئەو دوانە کە دێن بۆ لام زۆر ڕێزم دەگرن و چاکەکانم باس دەکەن و هەندێ وەسفم دەکەن کە دەزانم من لەو ئاستەدا نیم، بەڵام کە ئەبووعەلی دێت بۆ لام، کەموکورتیەکانم باس دەکات و هەر ستەم و لادانێکم هەبووبێت پێم دەڵێت، منیش بەوە ئەشکێمەوەو بەخۆمدا ئەچمەوەو زۆر شت هەن کە پێویستە وازیان لێ بهێنم دەستیان لێ هەڵئەگرم.[1]

1 - البداية والنهاية، ج12، ص 140.

243

زیادی کوڕی عوبەیدوڵا ڕۆژێك عوبەیدوڵای کوڕی عومەری بانگ کرد و پێی وت ئەریٚ پێت چۆنە ئەبووبەکری برام بکەم بە دادوەر و بەشی دادگا بدەمە دەست ئەو؟ عوبەیدوڵاش وتی زۆر باشە وای لیٚ بکە، زیادیش تەواو دڵنیابوویەوەو ناردی بە شوێن ئەبووبەکردا، کە ئەبووبەکر هات بۆ لای و زیاد مەسەلەکەی بۆ باسکرد، ڕازی نەبوو ئەو پۆستە وەربگرێت، ئینجا زیاد ناردی بە شوێند عوبەیدوڵای کوڕی عومەردا بەڵکو بێت و هەرچۆنێکی کردبێت قەناعەت بە ئەبووبەکر بکات تا ئەو پۆستە وەربگرێت، ئەبووبەکر بە عوبەیدوڵای وت سوێندت ئەدەم بە خوا پێت باشە من ئەو پۆستە وەربگرم؟ عوبەیدوڵاش وتی نە بەخوای گەورە، زیاد واقی وڕما و تاسا، وتی سوبحانەڵا، خۆ من پێشتر ڕاوێژم پیٚ کردیت و تۆیش وتت ئەو زۆر باشە بۆ ئەو پۆستە، کەچی ئێستا دەبینم پێی دەڵێیت ناوەڵا مەیکە، ئەویش وتی ئەی ئەمیر تۆ ڕاوێژت پیٚ کردم و منیش ئیجتیهادی خۆم کرد و ڕا و ئامۆژگاری خۆمم بۆ جەنابتان خستەڕو، ئێستاش ئەو ڕاوێژم پیٚ دەکات و ڕا و ئامۆژگاری خۆمی پیٚ دەڵێم.[1]

---

1 - عيون الأخبار، ج1، ص 84.

244

موحەممەدی کوڕی فەضل دەڵێت: کاتی خۆی کارمەندی بەردەستی سەرکردەیەك بووم بە ناوی عەجیف، جارێك لەسەر ئیشێك لێم تووڕە بوو و سوێندی خوارد دەبێت بمکوژێت، خێرا بانگی کرد شمشێر بەدەستێ هات و گەردنم ئامادە کرا بۆ لێدان، تەواو ترس و بیم دایگرتم و لە پێ کەوتم، نووسەرەکەی بەردەستی کە سەیری کردم، بەزەیی پیامدا هاتەوە، ئینجا وتی خوا ئەمیر پایەدار بکات، جەنابتان ئێستا زۆر سەرقاڵن بەم بینایەوەو کوشتن و لێدانی ئەمە لەدەستمان دەرناچێ، بۆچی فەرمان ناکەیت بەند بکرێت، ئەگەر دواتریش هەر ویستت بیکوژیت ئەوە لەبەردەستماندایە، ئەگەریش راو بۆچوونت گۆڕا ئەمە شتێکی ترە، ئەویش رازی بوو، بەند کرام، چەند رۆژێکی نەخایاند موعتەصەم عەجیفی کوشت و نووسەرەکەی عەجیف کە ئەوەی بیست خێرا رزگاری کردم، ئینجا چووم بۆ شاری سوڕرە مەن رەئا (سامەرا) و چووم بۆ لای بەرپرسی دیوان و ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو بە ئازادبوونم و ئیشێکی بۆ دۆزیمەوە، چوومە ماڵێك، دەبینم تەوالێتەکەی پاك و خاوێن نیە، چوومە دەرەوەو لەسەر تەپۆڵکەیەك میزم کرد، خاوەن ماڵەکە هاتە دەرەوەو وتی دەزانیت میز بەسەر چیدا ئەکەیت؟ وتم تەپۆڵکەیەکەو هیچی تر، وتی ئەوە یەکێکە لە سەرکردەکان بە ناوی عەجیف، سوڵتان لێی تووڕە بوو و کوشتی و لەوێدا خرایە ژێر خاك، وا ئێستا تۆ میزی بەسەردا ئەکەیت.[1]

---

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج11، ص 85.

245

ساڵێك حەججاجی کوڕی یووسف حەجی کرد، دواتر لە رێی نێوان مەککەو مەدینەدا بوو، خواردنی بۆ هێنرا، جا خوانی هەمیشە قەرەباڵغ بوو، بە پەردەدارەکەی وت بزانە کێ دێت نانێکم لەگەڵ بخوات، خولکی ئەو خەڵکە بکە، ئەویش رۆیشت، بینی کەسێکی دەشتەکی لەولاوە خەوتووە، قاچێکی لێدا و لەخەو بێداری کردەوە، پێی وت هەستە وەرە بە دەم داوای ئەمیرەوە، ئەویش هەستا و چوو بۆ لای حەججاج، بینی سفرە و خوان ئامادەیە، حەججاج پێی وت دەستت بشۆ و وەرە نانم لەگەڵ بخۆ، ئەویش وتی کەسی لە تۆ چاکتر بانگهێشتی کردووم، حەججاج وتی کێیە؟ کابرا وتی خوای گەورە بانگهێشتی کردووم بۆ رۆژوو و منیش چووم بەدەم داواکەیەوە، حەججاج وتی ئا لەم گەرما سەختەدا؟ وتی بەڵێ، رۆژوو دەگرم بۆ رۆژێ رۆژ لە ئەمڕۆ گەرمترە، حەججاج وتی دەی ئەمڕۆ رۆژووەکەت بشکێنەو سبەی بەڕۆژوو بە، ئەویش وتی ئەگەر زامنی ئەوە دەکەیت تا بەیانی بمێنمەوە و نەمرم باشە، حەججاج وتی شتی وام پێ ناکرێت، کابرا وتی جا چۆن داوا ئەکەیت لەبەر ئێستا واز لەو رۆژووە بهێنم بۆ کاتێکی درەنگتر کە هیچ دەسەڵاتێکت نیە بمگەیەنیتە ئەو کاتە؟ حەججاج وتی ئاخۆ خواردنەکە زۆر خۆشە، ئەویش وتی نە تۆ و نە چێشت لێنەرەکەت خۆشتان نەکردووە، بەڵکو عافیەت و لەشساغی تامی پێداوە.[1]

---

1 - البداية والنهاية، ج9، ص 122.

246

جارێك نێردراوی ناوچەیەك هات بۆ لای عومەری كوڕی عەبدولعەزیز، درەنگانێكی شەو بوو، تەقەی دا لە دەرگا، دەرگاوانەكە چوو بۆ لای، ئەویش وتی بە ئەمیری باوەڕداران بڵێ نێردراوی فلآنە ناوچە هاتووە، دەرگاوانەكە چوویە ژوورەوەو بە عومەری وت، خەلیفە دەیویست بخەوێت، خێرا هەستایەوەو پێی وت بیكەرە ژوورەوە، نێردراوەكە هاتە ژوورەوە، عومەر داوای كرد مۆمێكی گەورە هەڵكرا، نێردراوەكە دانیشت و خەلیفەش سەبارەت بە خەڵكی ئەو ناوچە و حاڵی موسڵمانان و بەرپرسەكەیان و نرخی شمەك و حاڵی نەوەی كۆچەران و پشتیوانان و زۆر شتی تر پرسیاری لێكرد، كابراش جوان وەڵامی هەموو پرسیارەكانی دایەوە، دواتر كابرا ویستی هەواڵی خەلیفە بپرسێت، وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران خۆت چۆنیت؟ جەستە و تەندروستیت، ماڵ و منداڵ و دەوروبەرەكەت چۆنن؟ خێرا عومەر مۆمەكەی كوژاندەوەو بە بەردەستەكەی وت ئادەی فتیلەیەك بێنە، ڕووناكیەكی كەمی هەبوو، ئینجا وتی ئادەی چ پرسیارێكت هەیە ئێستا بیكە، كابرا دوای ئەوەی پرسیارەكانی كرد، وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران سەرم سوڕما لەو هەڵوێستەت، بۆچی واتكرد؟ ئەویش وتی ئەو مۆمەی بینیت كوژاندمەوە ئەوە هی بەیتولمالی موسڵمانان بوو، تۆیش سەرەتا پرسیار و ئیشت پەیوەست بوو بەوان بۆیە ئیشم پێ كرد، كاتێ

سەبارەت بە خۆم و ماڵ و منداڵم پرسیارت کرد، ئیتر ئاگرەکەی موسڵمانانم کوژاندەوە و بەکارم نەهێنا.[1]

247

شەعبی دەڵێت: عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان وەك نێردراو منی نارد بۆ لای پاشای رۆم، کە چوومە ئەوێ، سەبارەت بە هەرچی پرسیاری بکردایە وەڵامم دەدایەوە، خۆی عادەت وابوو نێردراوی زۆر لای خۆی نەدەهێشتەوەو زوو دەیناردنەوە، بەڵام چەند رۆژێك منی هێشتەوە، ئیتر حەزم ئەکرد بچمەوە، کە ویستم بڕۆمەوە، پێی وتم: ئەرێ تۆ لە کەسوکاری خەلیفەیت؟ وت نا، بەڵکو عەرەبێکم، چپەیەکی کرد و پارچە نووسراوێکم پێ درا تا بیبەمەوەو پێی وتم ئەگەر نامەکانت گەیاندە دەست بەرپرسەکەت، ئەم پارچە نووسراوەشی پێ بدە، منیش کە رۆیشتمەوە بیرم چوو ئەو پارچە نووسراوەی پێ بدەم، خەریك بوو بچمە دەرەوە بیرم کەوتەوەو خێرا گەڕامەوەو نووسراوەکەم پێدا، ئینجا چومەوە دەردەوە، لەبەردەرگا بووم کە گەڕاندمیەوە، چوومەوە بەردەستی، پێی وتم دەزانیت چی تێدا نووسراوە؟ وتم نا، وتی بیخوێنەرەوە، دەبینم تیایدا نووسراوە: سەرم سوڕدەمێنێ لە قەومێ کەسی وایان تێدابێ کەچی کەسی تریان کردبێ بە خەلیفە، منیش پێم وت بەخوا بمزانیایە شتی وای تێدا نووسیوە نەمدەهێنا، ئەوە جەنابتانی نەدیوە بۆیە ئەم قسەی کردووە، ئەویش وتی دەزانیت بۆچی ئەوەی نووسیوە؟ وتم نا، وتی ئێرەیی بردووە کە کەسی

---

1 - عبد الله بن عبد الحكم: سيرة عمر بن عبد العزيز على ما رواه الإمام مالك بن أنس وأصحابه، ص 138.

وەك تۆم هەیە، ویستوویەتی بەو نووسینە من گەرم بكات تا بتكوژم، دواتر ئەم بەسەرهاتە گەیشتەوە بە پاشای رۆم، ئەویش وتی بەڵێ، هەمان مەبەستم هەبوو لەو نووسینە.[1]

248

یەزیدی كوڕی ئەصەم دەڵێت: كەسێكی زۆر بەهێز و بەتوانا هەبوو زۆر جار دەهات بۆ سەردانی ئەمیری باوەڕداران عومەری كوڕی خەططاب، كابرا خەڵكی شام بوو، جارێك عومەر بەدوایدا گەڕا و نەیبینی، عومەر هەواڵی پرسی، پێی وترا: بەردەوام خەریكی خواردنەوەیە، خووی گرتووە بە مەینۆشیەوە، خێرا عومەر نووسەرەكەی بانگ كرد و پێی وت بنووسە: لە عومەری كوڕی خەططابەوە بۆ فلانەكەس، سەلامت لێ بێت، سوپاسی خوایەك دەكەم كە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو، خوایەك لە تاوانەكان دەبوورێت و تەوبە قبووڵ دەكات و سزای زۆر سەختە و خێرو بێرێكی زۆری لایە و هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو و گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە (غَافِرَ الذَّنْبِ، وَقَابِلَ التَّوْبِ، شَدِيدَ الْعِقَابِ، ذِي الطَّوْلِ، لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ إِلَيْهِ الْمَصِيرُ) ئینجا دەستی كرد بە نزاكردن و ئەوانەی دەوریشی ئامینیان بۆ كرد، جا كە نامەكە برا بۆ كابرا، دەستی كرد بە خوێندنەوەی، لەگەڵ بەش بەشی خوێندنەوەكەدا هەڵوێستی دەگۆڕا، بۆ (غافر الذنب) وتی پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم لێم خۆش بێت، بۆ (قابل التوب شديد العقاب) وتی خوای گەورە هۆشیاری كردوومەتەوە لە سزای خۆی، بۆ (ذي

---

1 - وفيات الأعيان، ج3، ص 13.

الطول) وتی واتە خێرو بێرێکی زۆر، بۆ (لا اله الا هو اليه المصير) یش بەردەوام دەیوتەوە، ئینجا دەستی کرد بە گریان و وازی هێنا لە مەی خواردنەوە، کە عومەر بیستی کابرا وازی هێناوە، بەوانەی دەوری وت ئاوا بکەن، ئەگەر برایەکتان بینی نوشستیەکی هەبوو بەری پێ بگرن و بیوەستێنن و داوا لە خوا بکەن لێی خۆش بێت و مەبنە پاڵپشتی شەیتان دژی براکەتان.[1]

249

ئەبوو قلابە دەڵێت: ئەبوودەردا دای بە لای کابرایەکدا کە تووشی تاوانێك بووبوو، خەڵکی زۆر تووڕە بوون لەو تاوانەی کە بەردەوام دەیکرد و وازی لێ نەدەهێنا، کەوتبوونە قسە پێ وتنی، ئەبوودەردائیش هەڵوێستی ئەو خەڵکەی پێ ناخۆش بوو، ویستی تێیان بگەیەنێت توندی و زبریی هەڵەکان راست ناکەنەوە، بەڵکو دەبێت نەبیتە پشت بۆ شەیتان، بەو خەڵکەی وت ئەرێ ئەگەر ئێستا ئەو کابراتان ببینیایە لەناو چاڵە قووڵێکدا بوایە، ئایا دەستیتان نەئەگرت و نەتانئەهێنایە دەرەوە؟ هەموویان وتیان با، وتی: دەی قسە مەڵێن بە براکەتان و سوپاسی خوا بکەن کە ئێوەی پاراستووە، ئەوانیش وتیان باشە یانی تۆ رقت نیە لەم کابرایە کە ئاوا ئەو تاوانە ئەکات؟ وتی نا، تەنها رقم لەو ئیشەیەتی، ئەگەر هاتو وازی هێنا لەو تاوانەی ئەو برامە.[2]

1 - حلية الاولياء، ج4، ص 97.

2 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 6394.

250

ثابتی بونانی دەڵێت: صیلەی کوڕی ئەشیەم زۆرجار دەچوو بۆ جەببانە و لەوێ پەرستشی دەکرد، جا لەسەر ڕێگەکەی دەیدا بە لای بڕێ گەنجدا، ئەم گەنجانە ڕۆژانە سەرقاڵی گاڵتە و گەپ و رابواردن بوون، ئیشیان نەبوو ئەوە نەبێت، ئەمیش دڵی بۆیان ئەسووتا، بەڵام حەزی نەئەکرد قسەیەك بکات تووڕەیان بکات و هێندەی تر بدەنە لاساری، ویستی بە حیکمەت و دانایی تێیان بگەیەنێت ئەو کارەی دەیکەن هەڵەیە، هەموو ڕۆژێ کە ئەگەیشتە لایان ئەیوت: ئەرێ گەنجینە، پێم بڵێن جەماعەتێ هەبن بیانەوێ بچن بۆ سەفەر، کەچی بە ڕۆژ لە ڕێ لابدەن و بە شەویش بخەون، دەبێت کەی بگەنە جێ؟ ئەوانیش لە مەبەستەکەی تێنەئەگەیشتن، ڕۆژان دەهات و ڕۆژان دەچوو بەردەوام ئەم قسەی دووبارە ئەکردەوە، هەتا ڕۆژێ کە ئەم قسەی کرد و ڕۆیشت، یەکێ لە گەنجەکان وتی: هاوڕێیان مەبەستی ئەم پیاوە جگە لە ئێمە هیچی تر نیە، ئەوە ئێمەین بە ڕۆژ سەرقاڵی رابواردن و گاڵتەو گەپین و بە شەویش ئەخەوین، خێرا ئەوانی جێهێشت و خۆی گەیاند بە صیلە و لەگەڵی چوو بۆ پەرستش، ئیتر ڕۆژانە چاوەڕێی صیلەی ئەکرد و ئەچوو بۆ پەرستش هەتا مرد ئەوە ئیشی بوو.[1]

1 - حلية الأولياء، ج2، ص 238.

# بەرهەمەکانی نووسەر

## نووسینەکان

1. ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ). (نۆ بەرگە). (ئامادەیە بۆ چاپ).
2. ژیانی پێغەمبەر ﷺبۆ منداڵان. (چاپکراوە).
3. ژیانی خەلیفەکانی پێغەمبەرﷺ بۆ منداڵان. (چاپکراوە).
4. هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بۆ منداڵان.(چاپکراوە).
5. ژیانی هەڵکەوتەکانی ئیسلام بۆ منداڵان(چاپکراوە).
6. لە مێژووی ئیسلامیەوە. (ئەم بەرهەمەی بەردەستە).
7. ئیبن تەیمیە (ڕەچەڵەکو ڕۆڵی لە مێژووی ئیسلامیدا). (چاپکراوە).
8. پێناسی هاوەڵان(رضي الله عنهم).(چاپکراوە).
9. ڕوانینێك بۆ مێژووی ئیسلامی(چاپکراوە).

## وەرگێڕانەکان

10. چەند وانەیەك لە مێژووی ئیسلامی: شێخ محمد خضری بك (چاپکراوە).
11. پوختەی مێژووی ئیسلامی: د.محمد سهیل طقوش (چاپکراوە).
12. دەوڵەتی ئومەوی: پرۆفیسۆر دکتۆر عبدالشافی محمد عبداللطیف (چاپکراوە).
13. مێژووی دەوڵەتی عەبباسی: د.محمد سهیل طقوش. (چاپکراوە).
14. دەوڵەتی سەلجووقیەکان: د.علی محمد الصلابی، وەرگێڕان بەهاوکاری شاهۆ عومەر عارف ( چاپکراوە).

15. مەغۆل لە مێژوودا: د.فۆاد عبدالمعطی الصیاد(چاپکراوە).

16. مێژووی ئەییووبی‌و مەملووکیەکان: د. أحمد مختار العبادی (چاپکراوە).

17. دەوڵەتی عوسمانی: د.علی محمد الصلابی وەرگێرانی بە هاوکاری أحمد عبدالرحمان أحمد (چاپکراوە).

18. پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی، نووسینی: د.رحیم کاظم محمد الهاشمی و أ. عواطف محمد العربی شنقارو.

19. جەنگە گەورەکان‌و فتوحاتە ئیسلامیەکان: محمد سعید مرسی (ئامادەیە بۆ چاپ).

20. سەرچاوەکانی ئیمامی تەبەری (نامیلکە) نووسینی:د.محمد أمحزون، لە ماڵپەری ئەیووبی بڵاوکراوەتەوە.

21. پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، محمود شاکر، بە هاوکاری مامۆستا مووسا. (چاپکراوە).

22. پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: پرۆفیسۆر دکتۆر جڤری برۆن. (چاپکراوە).

23. مێژووی نوێی ئەورووپا: چەند نووسەرێك، وەرگێڕان بە هاوکاری فارووق محمد محمدأمین (ئامادەیە بۆ چاپ).

24. فیکری رۆژئاوا، ئەنوەرلجوندی.(چاپکراوە).

25. بەراوردی ئایینەکان، نووسینی أنور الجندی. (چاپکراوە).

26. ئیسلام‌و بانگەوازە رووخێنەرەکان، نووسینی: أنور الجندی (چاپکراوە).

27. پیلان دژی ئیسلام، نووسینی أنور الجندی (ئەم بەرهەمەی بەردەستە).

28. بەراوردێك لەنێوان غەزالیو ئیبن تەیمیەدا: د.محمد رشاد سالم ( ئامادەیە بۆ چاپ).

29. ژیانی هاوەڵان( سێ بەرگ)، نووسینی: محمد یوسف الکاندهلوی.(چاپکراوە).

30. رەوتە هەناردەکان، نووسینی: أنور الجندی.چاپکراوە.

31. بەگەورەدانانی خواو حوکمی ئەوەی قسەی پێ دەڵێت(نامیلکە)، نووسینی: د.عبدالعزیز الطریفی، لە ماڵپەری ئیسلام هاوس بڵاوکراوەتەوە.

32. بژاردەی نێوان ئیسلامو مەسیحیەت، نووسینی: أحمد دیدات. (لەژێر چاپدایە).

33. ئیسلام و رێبازە فەلسەفیەکان، نووسینی: د.مصطفی حلمی.

34. 150 بەسەرهات لە ژیانی ئەبووبەکری صدیق، أحمد عبدالعال الطهطاوی. (لەژێر چاپدایە).

35. 150 بەسەرهات لە ژیانی عومەری کوری خەتتاب، أحمد عبدالعال الطهطاوی. (لەژێر چاپدایە).

36. 150 بەسەرهات لە ژیانی عوسمانی کوڕی عەففان، أحمد عبدالعال الطهطاوی. (لەژێر چاپدایە).

37. 150 بەسەرهات لە ژیانی عەلی کوڕی ئەبووتالیب، أحمد عبدالعال الطهطاوی. (لەژێر چاپدایە).